# ماموٚستای کورد



ژماره ۳۰ و ۳۱ هاوین و پاییزی ۱۹۹۶

ISSN 1102-2000

# Mamostay Kurd



30 & 31
Summer and Autumn 1996

# مامۆستای کورد

ژمارە: ٣٠ و ٣١ هاوین و پاییزی ١٩٩٦

سەرنووسەر: فەرهاد شاکەلی

ناونیشان: Address

Mamosta-y Kurd
Box 615
191 26 Sollentuna, Sweden

ژمارەی حیسابی پۆست
Postgironummer/Postal Giro Number:
43 55 59 - 0

وێنەی سەر بەرگی یەکەم: دیمەنێکی لووتکەی باوەشاسوار، کفری، خوارووی کوردستان

وێنەی سەر بەرگی دووەم: مامۆستا عەلائەدین سەججادی

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| نامه | ٣ |
| له (کفری)یەوە بۆ کۆتاییەکان... لەتیف هەڵمەت | ٨ |
| دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی | ٢١ |
| نیگارکێشان خەونە (هونەرمەند ناسری قازیزاد)... ئەنوەری سوڵتانی | ٢٢ |
| شۆڕشی سابڵاخ... عەلائەدین سەججادی | ٣٤ |
| هەنگاوی هێمنی درەختێک... تووماس ترانسترویمەر... و. خەبات عارف | ٥٨ |
| ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی حیزب لەسەر هێمن... هێدی (جەعفەری حوسەینپوور) | ٦٤ |
| سیمیۆلۆژیای شانۆ و دراما... کییەر ئیسلام... ئەرسەلان دەروێش | ٦٧ |
| کوردستانی عیراق و کوردی عیراق... شاکر خەسباک... و. ئەمجەد شاکەلی | ٧١ |
| ئەز تەنیا هاودەنگی خۆمم... پاوڵ ڤان ئۆستایین... و. ئامانج شاکەلی | ٩٠ |
| وێنە بێتێکستەکانی مامۆستای کورد... گۆشان سەرکۆ | ٩٦ |
| محەمەدسەعید جاف | ٩٩ |
| سیاسەتی ڕەسمی لە تورکیا و... ئیسماعیل بێشکچی... و. هەڵۆ بەرزنجەیی | ١٠٠ |
| کتێبخانەی مامۆستای کورد | ١٠٦ |
| پێداچوونەوەی چەند کتێبێک... خالید نازدارزادە | ١١٢ |
| ئیسلامییەکان و کێشەی کورد... شێخ عومەر غەریب | ١٢٣ |
| تیۆری "لە ڕۆخەوە بۆ چەق" و مەسەلەی ڕزگاریی... محەمەد گۆمەیی | ١٣٦ |
| مردنی دێوەرەیەک... دانا ڕەئووف | ١٤٤ |
| بڵند حەیدەری | ١٤٨ |




# نامه

... ژیانی ئەم هەرێمە هەر تاڵە و هەر تاڵتریش ئەبێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بێ سەروبەرتر ئەبێت و زیندەگیی خەڵک هەردەم سەختتر ئەکەن. تاکوو شەڕی نێوخۆ بوو لۆمەی شەڕی براکوژی ئەکرا، بەڵام ئێستە شەڕ نییە و هیچیش لە وەزعەکە نەگۆڕا و ئەو دوو لایەنەیش هەر لەوە ناچێت هەوڵی ئاشتی و ئارامی بدەنەوە. وڵات بێخاوەن و خەڵکەکە سەرلێشێواون. بڕوا ئەکەیت خەڵک لێرەوە چوون بۆ بەغدا بەشدارییان کردووە لە هەڵبژاردنەوەی صەددامدا؟ کە ئەوەیش هێشتنەوەی (خط رجعة)یەکە و ئەوپەڕی بێئومێدییە بەم ئازادییە لە هەرێمی ... دا بەرپا کراوە. بە کورتی، خەڵک زۆر ڕەشبینە و تاقەتی هیچی نییە. شەعبی ئەم هەرێمە وەکوو مەنجەڵێکی بێسەرقاپە، کە کەس نازانێت ئەوەی تیایدایە ئەبێتە پارووی کێ و چۆن و کەی قووت ئەدرێت. پاشەڕۆژ زۆر تەم و تاریکە.

چاپەمەنیی تازە، کتێب نییە بەڵام ڕۆژنامەی لایەنەکان زۆر و بۆر پڕ بازاڕە، بەتایبەتی ڕۆژنامەی وڵات کە هەر ئەویش بوو بە هۆی ئەوەی جەندرمەی تورک وا بکەن و چاپەمەنی بۆ ئەودیو قەدەغە بکرێت. سەرەڕای کوێرەوەری و تاڵیی زرووفەکە، حەفتە، دە ڕۆژ جارێک کۆڕێک ساز ئەکرێت بۆ شیعر یان سیاسەت یان مەسەلەی دیکە. بەڵام لەوانە گرنگتر شانۆگەرییەکە کە لە ١٢/١٠/١٩٩٥وە تا ئێستە بەردەوام نمایش ئەکرێت، نووسین و دەرهێنانی عوسمان چێوارە، بە ناوی (ئەحەی کوڕنوو)، کە لەژێر پەردەی ڕەشوەخواردن و باجوەرگرتن و بەرەڵاییی سەردەمی عوسمانی و ئینگلیزدا ڕەخنە و توانج لەم سەردەمەی هەرێم ئەگرێت و تابلۆی خۆش و کۆمیدیی تیایە و بە گۆرانییەکانی سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی و دیلان و ڕەشۆڵ دەست پێ ئەکات.

... شەو نییە لەم شارەدا چەند کەس تیا نەچێت. هەر لەم شەوانەدا پیاوێک بە چەند سەر خێزانەوە گوللەباران کران و ئێوە خۆش؛ ئەمانە لە نەیارانی ئەودیو بوون، جگە لەوەش بەینە بەین مامۆستای زانکۆکان قت ئەکرێن، بێجگە لە خەڵکی دیکەی بێناو و نیشانیش ...

صادق فلامەرز

سلێمانی ٢٩-١٠-١٩٩٥

لە نامەکەتدا نووسیبووت دێمەوە، منیش زۆر تامەزرۆی دیدارتم، بەڵام ناتوانم بڵێم وەرەوە! لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئێرە لەبار نییە بۆ یەکێکی وەکوو تۆ؛ لەبەر ئەوەی کوردستانی ئازادکراو باشترین تاقیگەیە بۆ وڵاتانی دراوسێ، بۆ تاقیکردنەوەی مەرام و بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بەتایبەت ڕژێمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی.

سنوورەکان ئاوەڵان. لە هەموو سنوورەکانەوە

ڕۆژانە بە سەدان کەس خۆیان دەکەن بە ئەم دیودا. هەر نەفەرێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە بیهەوێ بێتە باشوور، لە لایەن ئەو حوکوومەتە ساوایەی بەناو هەرێمەوە، پارچەوەرەقەیەکی بۆ ئەکرێ، ئەویش بە ٢٥٠ دیناری ئێراقی، بۆ ئەوەی بە ئازادی بگەڕێ! ئیتر گرنگ نییە ئەو کەسە کێ بێ!

ئەوەی شارستانییەت بێ بە ڕوخساری ئەم وڵاتەوە نەماوە. تاڵان هەر بەردەوامە و بۆ زیاتر دارمانی باری ئابووری ئەم وڵاتە بەدبەختە، شتی بەکەڵهاتوو بەرەو ئێرانی کۆماری ئیسلامی ئاودیو دەکرێ. بۆ بەڵای خوا زووزووش لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانیانەوە جاڕی ئەوە دەدەن کە گەلی ئێراق بەدبەخت و هەژارن و گوایە کۆماری ئیسلامی بەزەیی پێماندا دێتەوە و، (فرمێسکی تیمساح ئاسامان بۆ دەڕێژێ!)

لە لایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی دەستێکی باڵای هەیە لە تێرۆرکردن و بۆمباردمانکردنی مەقەڕ و پایەگای ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا. ئێمە لەناو گێژاوی ئەم شانۆی ژیانەدا دێین و دەچین و تاڵاو دەچێژین. نازانم ئەو ئەکتەرانە کێن کوردیان خۆش دەوێ و دژی کوردن. لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا کوردستانی بەناو ئازادکراو، تازە بەتازە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی نەزانین و جاهێلیەت. دوو ساڵە ئێرە بۆتە مەیدانی مەراسیمی شیوەنی حەسەن و حوسەین، لە سەرەکیترین شوێنی شاردا، بە بەرچاوی خەڵکەوە. نۆکەرانی ڕژێمی ئیسلامی بۆ دابەزاندنی بەرنامە کۆنەپەرستانەکانی خۆیان، بەردەوام لە هەوڵدان بۆ ئاژاوە و فێڵ و تەڵەکە. گەورەترین دائیرەی ئیتلاعاتییان لە ژێر ناوی (مانگی سووری ئێرانی)دا دامەزراندووە.

لەلایەکی دیکەوە باری گوزەرانی خەڵکی زەحمەتکێش و هەژار و بەشمەینەت، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خراپتر و سەختتر دەبێ. کورد پەندێکی هەیە دەڵێ: (ساڵبەساڵ خۆزگەم بە پار). بە درێژی ئەو ڕۆژگارە ئاوات بە ساڵی رابردوو دەخوازین. بۆ نموونە ساڵی ٩٢ و ٩٣، دۆلار لە هەرە بەرزیدا بوو. هەرچەند کاریگەریی زۆری لەسەر خەڵک هەبوو، بەڵام کار هەبوو. ڕۆژبەڕۆژ ئازارە سەرەکییەکانمان لەبیر دەچێتەوە، لەبەرئەوەی ئازاری نوێمان دەخەنە سەر. لە سەرەتای مانگی ٢ی ٩٦ەوە بێکارییەکی زۆر تینی بۆ هێناوین و پارە نییە و دۆلار لەجاران زیاتر بەرز بۆتەوە. نرخی کاڵا هەتا دێ گرانتر و گرانتر دەبێ. بڕوام پێ بکە زۆر خانەوادە هەن کە نانی ژەمێکیان نییە بیخۆن. زۆر خانەوادەی دیکەش هەن کە تەنیا ئەوەیان ماوە بیفرۆشن کە دوای ئەوە ئیتر دەبێ پێخۆریان داخ و پەژارە بێت و پێخەفیان ئاسمان و ژێرەخەریان زەوی! تاقمێکیش کۆنەجاش و کۆنەشۆڕشگێڕ و بەناو سەرکردە و سەرتیپ و بەرپرس و بازرگان و دەسبڕ، لەسەر گەنجن و خەڵکێکی زۆر و زەبەنیش لەسەر ساجی عەلی.

ئافرەتێکی زۆر لەشی خۆیان دەفرۆشن لەبەر ئەوەی بێکەسن و باوک و دایکی پیر و منداڵی هەتیویان بەسەرەوەیە و بەناو خاوەن شەهیدن. تەواوی ئەم بەدبەختی و چارەڕەشییە خەڵک بە تاوانی ئەم دوو حیزبەی دەزانن. ئەگەر ئەوان بە جێگای شەڕ و خۆکوشتن لەبیری پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی ئەم خاکەدا بان، ئێستا بارودۆخ وا نەبوو. نازانم ئاخۆ شعووری ئەوەیان نییە کە داگیرکەرانی کوردستان و سیاسەتی دەرەوە حەز دەکەن هەر شەڕ بێ بۆ ئەوەی ئەم ئەزموونە لە دەست دەرچێ و ئەم حوکوومەتە برووخێ؟! بەداخەوە دەزانن بەڵام دیارە خێری تێدا هەیە بۆیان، بۆیە وا دەکەن.

بێبەهاترین شت لەم وڵاتە ئادەمیزادە. لەناو بازاڕەکاندا دوو شت زۆر بەرچاون: شێت و سواڵکەر!

چارەنووسی میللەتێک بەندە بە چۆڵکردنی هەولێر و داهاتی ئیبراهیم خەلیلەوە. ئایا لە دوای ڕاپەڕینەکەی ٥ی ٩١ەوە، ئەو داهاتە بۆ کێ سەرف کراوە؟ ئەو دوو حیزبە هیوایان لە دڵی ئەو خەڵکە هەژارە بڕیوە. خەڵک ئاوات بە دڕندەترین ڕژێم دەخوازێ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. دوای ئەو هەموو نەهامەتییەی کە تووشمان بووە، ئاواتمان نەمانی شەڕی ناوخۆیە کەچی ئەویش بێ سوودە و دیار نییە بەری بە کوێوە دەبێ. کێش دەوێرێ ئیعتراز بکا. ڕاستە چەوسانەوەی نەتەوایەتی نەماوە، بەڵام چەوسانەوەی چینایەتی بڕستی لێ بڕیوین. ئەمانە هەمووی لە ژێر دەسەڵاتی ئەمارەتی سۆراندا بەرچاو دەکەون. ئیتر لە ژێر دەسەڵاتی ئەمارەتی بادیناندا چۆن بێ بگرە خراپتر. من تکات لێ دەکەم هاتنەوە بۆ تۆ کارێکی باش نییە و دەبێ زۆر ئاگادار بی ...

سلێمانی کاروان. م ١٩٩٦/٦/١٥

سەربەرزی و سەرکەوتنی گشت لایێکتان بە ئاوات دەخوازم، هیوادارم سەرکەوتوو بن بۆ خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی. لە دوورەوە، لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە، دەستی ماندووتان دەگوشم و سپاستان دەکەم بۆ هەوڵ و تێکۆشانتان سەبارەت بە بووژاندنەوەی زمانە زێڕینەکەمان. بەڕاستی ئێمە چاوەڕوانی هیممەتی ئێوەی ئازیزین، ئومێدمان وایە کە ئێوەش نائومێدمان ناکەن بە نووسینی ئەم گۆڤارە جوانەی ئێمەی خەواڵوو لە خەوی بێخەبەری ڕادەپەڕێنن و هانمان دەدەن بەرەو تێکۆشان و خزمەتی زمان و نەتەوەکەمان.

سەردەشت ١٧ی ڕەزبەری ٢٦٩٥

محەمەد ساڵح نوادی

هیوادارم بەردەوام بن لەپێناو خزمەت کردن بە گۆڤارەکەمان، گۆڤاری سەرجەم نەتەوەکەمان، مامۆستای کورد، کە وەکوو چرای هیوای دڵی بەندکراوی ئێمەی لاوە لە کوردستانی ئێران.

بەڕاستی نازانم چە وشەیەک بخولقێنم سەبارەت بە خۆتان و گۆڤارە جوان و ڕازاوەکەتان، ئەوە بڕوای ئێمەی لاوە لە کوردستانی ئێران کە هێشتا لە گرۆگاڵی ئەلفوبێی کوردیداین و بە دارەدارەیش نەگەیشتووین.

مامۆستای کورد، بە دیتنت ئەگەشێمەوە
بە خوێندنەوەت ئەحەسێمەوە.

گوڵاڵە وەتەن دۆست
کوردستانی ئێران





## شیعرەکەی شەماڵ سائیب

لەم ژمارەیەی دوایی گۆڤارەکەت دا، هەگبەیەکی پڕ لە جنێو و قسەی ساردو سوکت دەرهەق بە شار و ئەهلی سلێمانی لەسەر یەکێ لە لاپەڕە ڕووزەردەکانی یەکالا کردۆتەوە، گوایا ئەمە بابەتی شیعری "هەجو"ە و خاوەنەکەی شەماڵ سائیبی هونەرمەندی خوالێخۆشبووە و، هەردوو بەڕێزان د. جەمال ڕەشید و کوردستان موکریانی بۆیان ناردوون تا بڵاوی بکەنەوە

ئەوەی پەیوەندی بە شەماڵ سائیب و ئەو دوو دکتۆرەوە هەیە، پێ ی دەچێ ئیدیعاکانت زۆر دوور بن لە واقیعەوە و ئەو کارە تەنها زادەی مێشکی نەخۆشی خۆت بێ. شەماڵ خۆی کوڕی سلێمانیەو ماقوڵ نیە سوکایەتی بە دایک و خوشک و برا و خێزانی خۆیی و شارێکەوە بکا کە ئەوو دەیەها هونەرمەندی تری ناوداری وەکو ئەو بە کوردستان بەخشیوە.

هەرچی پەیوەندی بە خۆت گۆڤارەکەتەوە هەیە لێ مان عەیانە کە بەرپرسیاری هەوەڵ ئاخر لەم کەم ڕەوشتیەی مامۆستای کورد تەنها سەرنووسەرەکەیەتی.

بنەماڵەی ئەو هونەرمەندەیش هەمدیسان مافی لێ پێچینەوەی قانونیان هەیە کە بیکەن بەرانبەرت، چوونکە من تأکیدم لە خێزانەکەی کرد کەوا ئەو بابەتە هی شەماڵە یان نەء، ئەوان زۆر بە توندی ئەوەیان ڕەت کردەوەو زۆر نیگەرانن بە ناو هێنانی ئەو هونەرمەندە لە بۆنە و جێگایەکی ئاوا نزمی وەکو "مامۆستای کورد"دا.

دەیەها ئەدیب و خاوەن قەڵەم ئێستا لە کوردستان نان نیە بیخۆن لە جیاتی ئەوان فەرهاد شاکەلی بۆتە سەرنووسەر و مامۆستای هەموو کورد. نەک هەر ئەوە بەڵکو مامۆستاکانی کوردستانیش سەرباری بێ موچەیی و سەختی ژیانیان ناویشیان لە سوید خراوەتە سەر بەرگی گۆڤارێکی بێ ڕەوشت !..

پارێزەر: خالد مەجید فەرەج
بەلژیک - هێرنت (لوێڤن)
٢٥-٣-٩٩٦

... شیعرەکەی شەماڵ صائیبی هونەرمەندم گەورە کردۆتەوە و لە ژوورەکەمدا هەڵمواسیوە. دوێنێ دوو هاوڕێی خۆشەویست میوانم بوون و هەردووکیشیان خەڵکی سلێمانی بوون. شیعرەکەیان خوێندەوە و قاقا پێکەنین. وتیان ئەشهەدو بیللا جوانی وتووە، دەستی خۆش بێ.

بەختیار
١٩٩٦-٤-٣٠

## ڕوونکردنەوەیەک

لە کۆتایی ساڵانی هەفتادا، هونەرمەند و شاعیری خوالێ خۆش بوو (شەماڵ صائب)مان لە زانکۆی سلەیمانی دا لە نێزیکەوە ناسی. خوا لێ خۆش بوو سەرباری ئەوەی لەو ماوەیەدا لە لایەن میریەوە لە سنووری شاری سلەیمانی دا دەست بەسەر، سەرگەردان و بێ ماڵ بوو، هەتا هەندێک جار لەبەر باری تایبەتی خۆی لە ئوتێلەکانی سلەیمانی دا جێگەی خەوتنی دەست نەدەکەوت و ... ئەم ژیانە نەسرەوتەی وای لێ کردبوو کە نەتوانێت وانەی مێژوو، کە تێیدا لە زانکۆدا پسپۆر بوو بە باشی بیڵێتەوە، بۆیە سەرکردایەتی زانکۆ کار و پیشەکەی بۆ بەشی چالاکیەکانی هونەری لە هەمان زانکۆدا گواستەوە. بەڵام هەر وەکو مامۆستایەکی بەشی کوردی دەژمێردرا.

وا دیارە ئەو بارە دەروونیە سەختەی، کە ئەوسا بەهەشتی شەماڵ پێیدا تێ دەپەڕی، ببوونە هەوێنی هۆنینەوەی ئەم چوار خشتەکیە و نووسینی دی لەم جۆرە و بەهەشتی ئەم چوار خشتەکیەی بە ناوی خواستەمەنی (فتاح نەبەز/ دایرەی کارەبای هەولێر) بڵاو دەکردەوە، هەرچەند داوامان لێ کرد کە هەولێری تێکەڵ بەم بارە دەروونیە تایبەتی یەی خۆی نەکات سوودی نەبوو، چونکە بەر لە ئێمەش هەر هەمان چوار خشتەکی یەکەی بە کەسانی دیش بەخشیبوو، لەوانەی کە خۆی ناوی دەهێنان و ئێمە لە بیرمان ماون بەڕێزان دوکتۆر نوری تاڵەبانی، کاک سەرچڵ وە یا چالاک تاڵەبانی، لە دوای ئێمەش دەبێت بە چەند کەسی دیشی بەخشیبێت، بە تایبەتی لەو کاتەدا کە لە هەولێردا دەژیا.

لە ساڵی ١٩٨٢دا، کە یەکێکمان لە دەزگەی ڕۆشنبیری کوردی دا دامەزراین و ئەویترمان لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارێکی ئەم دەزگەیە بووین، بەهەشتی شەماڵ ئەوەی بە هەل زانی کە ئەم چوار خشتەکیەی لە دەرفەتێکدا بە ناوە خواستەمەنی یەکەی بۆ بڵاویکەینەوە، ئێمەش بڵاومان نەکردەوە و بە (نظیرە خان ـ دایکی هەردوو کوڕەکەی شەماڵ)مان نەبەخشی کە لە ساڵی ١٩٩١دا دوو ناسیاوی خۆی بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمی بیری شەماڵ تەرخان کردبوو و پێوەندیشیان بە ئێمەوە کرد.

لە کۆتایی دا، ئەم پرسیارە لە بیرماندا دەخولێتەوە: ئەو شەماڵەی لە ساڵانی پەنجاوە بە هۆی ناوەڕۆکی گۆرانی یەکانیەوەی، کە خۆی دەیانیهۆنی یەوە مێشکمانی بە خۆشەویست ئاو داو وبە میهرەوانی ڕەنگ کرد و بە سۆز خەملاندی و فێری بەخشینی خۆشەویستی بە کورد و کوردستان کردین و بە سازە نەمرەکانی تازەترین بەرگی لەبەر هونەری گۆرانی کوردی کرد ..... بۆچ هەمان شەماڵ لە دوواساڵانی تەمەنی دا گەیشتە ڕادەی ئەوەی بەم جۆرە ووشە ڕووتانە ڕەخنە لە کۆمەڵگەی خۆی بگرێت!؟

دوکتۆران
جمال رشید احمد و کوردستان موکریانی
١٩٩٦-٦-١٥

## شێخ ڕەزا

لەبەر ئەوەی شاعیری مەزن شێخ ڕەزا گرنگییەکی تایبەتی هەیە و شیعرەکانیشی لەسەر لاپەڕەکانی مامۆستای کورد جێگای تایبەتی خۆیان هەیە بۆیە بە باشم زانی کە ئەم بەسەرهاتەی لە خوارەوە نووسیومە بنێرم بۆتان لەگەڵ دێرە شیعرێک کە گوایە هی شێخ







ڕەزایە. ئەمەشم لە زاری پیاوێکی تەوێڵەیی بیست بە ناوی (حاجی محەمەد) کە تەمەنی لە حەفتا ساڵ زیاترە. حاجی محەمەد خوێنەوارە و شەیدای شیعرەکانی شێخ ڕەزایە و زۆربەی شیعرە کوردی و فارسییەکانی شێخی لەبەرە. حاجی بەسەرهات و شیعرەکەی دەماودەم بیستووە و هەرچەندە دەربارەی ناوی دێکە و ناوی ئاغاکە و کاتی وتنی شیعرەکە هیچی نەدەزانی. بەسەرهاتەکەش بەم شێوەیەیە:

ئەڵێن شێخ ڕەزا دەمەو ئێوارانێک ڕێی دەکەوێتە یەکێ لە گوندەکانی ناوچەی هەورامان، لە دەوروبەری مەریوان. شێخ بە شێوەی خانووەکاندا بۆی دەردەکەوێت کە زۆربەی دانیشتووانی ئەم گوندە هەژارن. جا لەبەر ئەوەی نەبێتە ئەرک بەسەر ماڵە هەژارێکەوە و لەبەر حەوانەوەی خۆیشی بڕیار دەدات کە ماڵی ئاغای گوند بدۆزێتەوە و لەوێ میوان بێت. هەر بۆیە دەست بە گەڕان دەکات بە ناو دێدا تا ڕێی ئەکەوێتە بەردەم تەلارێکی خۆشی دوو قات، یەکسەر دەڵێت بە خوا ئەمە خۆیەتی و دەچێتە ژوورەوە و بەرەو دیواخان. سەیر دەکات ئاغا لای سەرەوەی دیواخان لەسەر دۆشەکێک دانیشتووە و کابرایەکیش لە تەنیشتیەوە، ئەوانی تریش بەپێی مەقام لە خوارترەوە. شێخ ڕەزاش بێ سێ و دوو سڵاوێک لە حازران دەکات و یەکسەر بۆ تەنیشتی ئاغا، بێ ئەوەی بیناسنەوە. زۆری پێ ناچێت سینی بە دەست خۆیان دەکەن بە دیواخاندا و خواردن دێنن. شێخ دێتە پێشەوە و لەگەڵ ئاغا و کابرای تەنیشتی و لەسەر سینییەکەی ئاغا دەست بە نان خواردن دەکات. پاش تێر خواردن و لابردنی سینییەکان کابرای پاڵ ئاغا ڕوو لە شێخ دەکا و پێی دەڵێت: ئەزانی دەروێش تۆ زۆر بێ شەرم بوویت؟ شێخ دەڵێت: بۆچی قوربان؟

کابرا دەڵێ: چونکە بێ ئەوەی فەرمووت لێ بکەن هەڵتکوتایە سەرەوە و لەپاڵ ئاغادا دانیشتیت، ئەبوایە لە خوارەوە دانیشتیتایە، جگە لەمەش بێ فەرموو هاتیتە سەر سینیی ئاغا و دەستت بە خوارد کرد. شێخیش پێی دەڵێ: کەواتە تۆش زۆر بێ شەرمیت چونکە لەپاڵ ئاغادا دانمیشتوویت و لە خوانەکەی ئەویشت خوارد، ئەی پێم ناڵێی تۆ چییت؟

ـ من شاعیری ئاغام.

ـ دەی منیش ماعیری ئاغام.

ـ ماعیر چییە؟

ـ ئەی شاعیر چییە؟

ـ شاعیر شیعر دەڵێت.

ـ ماعیریش میعر دەڵێت.

ـ میعر چییە؟

ـ ئەی شیعر چییە؟

ـ شیعر شیعرە.

ـ میعریش میعرە.

ـ ئا دەی میعرێکم بۆ بڵێ.

ـ نا، تۆ لە پێشدا شیعرێکم بۆ بڵێ تا منیش میعرێکت بۆ بڵێم.

ئەمجا کابرای شاعیر ئەم شیعرە دەڵێت:


چشم ما باز است و مژگان بال او
اغا هر جا میرود سایه در دنبال او

شێخ ڕەزاش دەڵێ گوێ بگرە ئەمەش میعری من:

کیر ما اسب است، موها یال او
کون شاعر میرود، خایه در دنبال او

ئیتر بۆیان دەردەکەوێت کە ئەمە شێخ ڕەزایە و ڕێزی لێ دەگرن و ئەو شەوە بە خۆشی بەسەر دەبەن.

ڕەئووف دەروێش فەرەج
سلێمانی ٢٠-٤-١٩٩٦



# لە (کفری)یەوە بۆ کۆتاییەکان

**لەتیف هەڵمەت**

لە ساڵی ١٩٦٤/١٩٦٥دا لە قوتابخانەی ناوەندیی کفری قوتابی بووم. هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ قوتابییەکی زیتەڵە و وریادا بووم بە هاوڕێ کە ئەویش برای بەڕێزم کاک ئەنوەر شێخ محەمەد شاکەلی بوو. منیش لەتیف شێخ مەحموود بەرزنجی بووم. ئەو یەکترناسینە بە لای منەوە یەکترناسینێکی مێژوویی بوو. هەردووکمان تینووی وشەی کوردی بووین و هەردووکمان ڕامان وا بوو کە دەبێ گۆڕانکارییەکی تەواو لە نەخشەی شیعری کوردیدا بەرپا بێ و هەردووکمان خۆمان بە لێهاتوو دەزانی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە... ئیتر لەو یەکترناسینەوە بووین بە دوو هاوڕێ و بووین بە دوو برای بەئەمەک و دڵسۆزی یەکتر و وشەی کوردیی پیرۆز و هەر کامێکمان کتێبێکی تازەمان دەست بکەوتایە هەردووکمان دەمانخوێندەوە و بیروڕای خۆمان لەسەر دەردەبڕی. جگە لەوەش هەر بابەتێکمان بنووسیبایە پێشانی یەکترمان دەدا و بیروڕای یەکترمان لە بارەیەوە وەردەگرت. کاک ئەنوەری هاوڕێم ماڵیان لە گوندی شاکەل بوو، لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروردا چاوی هەڵهێنابوو ... لە کفری لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی گوندنشینی ئەوسای خۆیدا هۆدەیەکیان بە کرێ گرتبوو. یەکێ لەو هاوڕێیانەی لەگەڵیدا بوون برای بەڕێزم کاک محەمەد حەمەساڵح بوو، کە ئێستا لە بواری کەلەپووردا نووسەرێکی ناسراوە.

من و شاکەلی لە هەموو هەلێکی کاتی دەوامی قوتابخانەدا زۆربەی باسوخواسەکانمان لەسەر شیعر و نەخشەدانان بوو بۆ نوێکردنەوە و گۆڕانکاری لە بواری شیعری کوردیدا. شایانی باسە دوای دەوامیش زۆربەی ڕۆژان یەکمان دەبینی و درێژەمان بە پرۆژە و نەخشەکانمان دەدا و زۆر شتمان دروست دەکرد و زۆر شتمان دەڕووخاند. کاک ئەنوەر گەلێ جار پێنجشەممان دوای دەوام بۆ شاکەل دەچووەوە و ئەو سەردەمانە پاسەکەی حاجی حەسەن باشترین ئامێری هاتوچۆ بوو لە نێوان شاری کفری و گوند و لادێکانی دەوروبەری ڕێگای کەلاردا و زۆر جار لەگەڵ ئەنوەری هاوڕێمدا بەو پاسە ئەچووین بۆ شاکەل و سەیدە و گەلێ جاریش هەر بەو پاسەدا نامە و کتێب و گۆڤار و سەرچاوەی وێژەییمان بۆ یەکتر ڕەوانە دەکرد، بەتایبەتی لە کاتی پشووی نیوەی ساڵ و هاویندا کە کاک ئەنوەر لە ماڵی خۆیان بوو لە شاکەل. پاسەکەی حاجی حەسەن هەر خۆی لە خۆیدا باسێکی دوورودرێژی تایبەتی دەوێ، بەڵام لێرەدا باسی ئەوە ناکەم و تەنها نوکتەیەکی ناو ئەو پاسە دەگێڕمەوە و بەس، ئەویش ئەوەیە جارێکیان ئەنوەر بۆ شاکەل دەچووەوە، زەلامێک لە پەنجەرەی پاسەکەوە چۆنی و چاکیی لەگەڵ زەلامێکی تردا کرد و پێی وت: "کەیوانووم لە ناو پاسەکەیایە، ناشارەزایە و بەڵەو نییە، ئاگاداری وە ... هەر وە بزانە کەیوانووی خۆتە". ئیتر ئەگەر حاجی حەسەن ماوە داوای تەمەندرێژیی بۆ دەکەم لە خوای مەزن و ئەگەر بەو دونیاش شاد بووە هیوادارم بەهەشتنشین بێ.

***

لە قوتابخانەی ناوەندیی کفریدا جگە لە من و ئەنوەر، کاک ئەمجەدی برای و کاک ئەحمەد شاکەلی و هەروەها خوالێخۆشبوو ئەنوەری شێخ ئەحمەدی شاکەلی، کە کوڕی شاعیر و سۆفیی ناسراوی گەرمیان شێخ ئەحمەدی شاکەلی بوو، لەگەڵماندا بوون ... ئەحمەدیش وەک من و ئەنوەر، ئاشقی شیعر بوو ... جارجاریش بیری ڕاگوزاری و چیرۆکی دەنووسی. ڕۆشنبیر و زیت و قسەزان بوو. یەکدوو ساڵێ لە خانەقین خوێندبووی، هاوڕێی جەلال زەنگابادی بوو. من لە ڕێگای ئەحمەد شاکەلییەوە کۆمەڵە هۆنراوەی "المسرح و المرایا"ی ئەدۆنیسم لە دەوروبەری ساڵی ١٩٦٧/١٩٦٨دا دەست کەوت و خوێندمەوە و کارێکی تەواوی لە ڕەوتی شیعریم کرد ... وابزانم کاک ئەحمەدیش ئەو دیوانەی لە شاعیر و ڕۆشنبیری ناسراو جەلال زەنگابادی وەرگرتبوو، کە پێکەوە لە خانەی مامۆستایانی کەرکووک لەو ساڵانەدا قوتابی بوون.

ساڵانی قوتابێتیمان لە ناوەندیی کفری، کاک ئەمجەد شاکەلی کە لە پێشدا باسم کرد زۆربەی کات لەگەڵماندا بوو، بەشداریی گەلێ مشتومڕی ئەدەبیی دەکرد لەگەڵماندا، بەڵام ئەو کەمتر دەینووسی و بابەتی شیعری نەدەنووسی. هەروەها کاک ئەنوەری شێخ ئەحمەدیش زۆر جار لەگەڵماندا بوو، ئەویش حەزی لە بەشداریکردنی وتووێژەکان دەکرد و جارجاریش دەینووسی و هەندێ جار بابەتی پەخشانئامێزی پێشان دەدام. جگە لەم ناوانە چەند برادەرێکی دیش لە ناوەندیی کفریدا هاوڕێمان بوون و هەندێ جار بەشداریی گفتوگۆ ئەدەبییەکانیان دەکردین. یەکێ لەو برادەرانە کاک عەلی عەبدوڵڵا بوو کە ئێستا لە بواری ڕامیاریدا کار دەکات (و ئەندامی پارلەمانی هەرێمی کوردستانە). بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم بە زۆری تەنها ئەنوەر شاکەلی و ئەحمەد شاکەلی و من، بەتەواوی سەرقاڵی کێشەی گۆڕانکاریی شیعر و تازەکردنەوە و بەرەوپێشەوەبردنی بووین و ئەو باسوخواسە بووبوو بە خەو و خەیاڵی شەووڕۆژمان.

دەبێ ئەوەشم لە بیر نەچێ کە خوالێخۆشبوو لەتیف حامید بەرزنجیی ئامۆزا و پوورزام، بە هۆی ئەوەوە کە خوالێخۆشبووی خوشکم شوکرییە شێخ مەحموود شێخ





دیمەنێکی لووتکەی باوەشاسوار لە کفری. (وێنەگر: فەتحوڵڵا عەبدوڵڵا، هاوینی ١٩٩٦)

محەمەد هاوسەری بوو، زۆربەی ڕۆژانی پشووی نیوەی ساڵ و هاوین بە ماڵ و منالەوە دەهاتن بۆ ماڵمان لە کفری و ئەویش ئەندامێکی کارامەی گرووپەکەمان بوو ... شایانی باسە لەتیف حامید ئەگەرچی لەدایکبووی شاری چەمچەماڵ بوو، بەلام بە هۆی ئەوەوە کە لە ساڵەکانی پەنجادا قوتابخانەی ناوەندی لە چەمچەماڵدا نەبوو، لە کفری لە ماڵی ئێمە قوتابخانەی ناوەندیی تەواو کردبوو، لەبەر ئەوە خۆی بە نیشتەجێیەکی شاری کفری دەزانی. کاک لەتیف حامید بە تەمەن لە هەموومان گەورەتر بوو، ئێمە قوتابیی ناوەندی و ئامادەیی بووین، ئەو مامۆستای وانەی عەرەبی بوو لە قوتابخانە ئامادەییەکاندا ... هەرچەند بۆ کفری ئەهات کۆڕەکەمان گەرمتر دەبوو، گەلێ ڕێنوێنیی دەکردین و پشتگیریی ڕا و بۆچوون و بەرهەمە سەرکەوتووەکانی دەکردین... بەڕاستی ڕێنیشاندەرێکی بێهاوتا بوو بۆ ئەوسای ئێمە کە لە سەرەتای تەمەن و تاقیکردنەوە ئەدەبییەکاندا بووین.

لە پۆلەکانی ناوەندیی کفریدا دوو مامۆستا زۆر سەرسامی بەهرە و توانای (ئینشا) نووسینم بوون و زۆر هانیان ئەدام لەو بارەیەوە. یەکێکیان مامۆستا عیززەددین عەلی بوو، ئەوی تریان مامۆستا (طالیب وەنداوی) بوو. ڕۆژێکیان لە پۆلدا مامۆستا (طالیب) پێی گوتم:

تۆ لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا دەبێتە نووسەرێکی ناسراو

گوتم: مامۆستا، چۆن؟

گوتی: مەڵێ چۆن ... بڵێ سوپاس، ئەمە پێشبینیی منە.

لە پێشبڕکێیەکی ئەدەبیدا کە مامۆستا طالیب سازی کرد، من و ئەنوەر هەردووکمان کە هەر یەکەمان لە پۆلێکدا بووین خەڵاتی یەکەمی پۆلەکەی خۆمان وەرگرت لە وانەی ئینشای زارەکیدا.

هەر لە بیرمە جارێکیان ئەنوەری هاوڕێم بڵاوکراوەیەکی دیواربەندی ساز دەکرد لە ناوەندیی کفری و چەند پرسیارێکی ئاراستە کردم لە بارەی شیعری کوردییەوە. لە یەکێ لە وەڵامەکاندا ئەوەم خستبووە ڕوو کە کورد شیعری نییە و ئەو کاتە دەبێ بە خاوەن شیعر کە من دیوانەکەم بە چاپ بگەیەنم.

هەر لەو ساڵانەدا لە کفری ژمارەی یەکەمی گۆڤارێکمان دەرکرد بە ناوی "شەپۆلەکان"، چەند کەسێک بەشدارییان تێیدا دەکرد و شایانی باسە گۆڤارەکەمان بە دەستخەت نووسیبوو. ئەو ژمارەیە برای بەڕێزمان کاک سیروانی حاجی ئەمین ڕەباتی بە دەستخەتێکی جوان نووسیبوویەوە و گەلێ بابەتی هەمەجۆری گرتبووە خۆ.

دەبێ لە باسی گرووپی کفریدا بڵێم لە کۆتاییی ساڵانی شەستدا برادەرێکی شاعیری تر هاتە ڕیزەوە، ئەویش هاوڕێی بەڕێزمان کەنعان مەدحەت بوو، کە دیوانە شیعرێکی ناسک و گەرموگوڕی بە ناونیشانی "گەڕان لە بەهجەت حیکمەت" لە ئەوروپا دەرکردووە. دەبێ ئەوەش بڵێم برادەرێکی ترمان هەبوو، کاک محەمەد، کوڕی بنەماڵەیەکی زۆر هەژار بوو، لە هەژاریدا نازناوی (بێکراس)یان پێ بەخشرابوو. ئەم برادەرە زۆر حەزی لە خوێندنەوە و مشتومڕی ئەدەبی و نووسین بوو. زۆر جار گوێی لێ دەگرتین، بەلام لەبەر هەژاری و ناهەمواریی ژیانی تایبەتی نەیتوانی لە بواری شیعردا هیچ بە هیچ بکات. هەروەها کاک هیشام تاهیر بەرزنجی لە شاری دووزخورماتووەوە گەلێ جار شیعری لەسەر شێوازی نوێ بۆ بەرنامەی "ئێوارەتان باش" دەنارد کە کاک عەبدوڵڵا عەباس پێشکەشی دەکرد و ئێمەش شیعرمان بۆ دەنارد ... من یەک دوو نامەی ئەوسای کاک هیشامم لەلایە کە پیرۆزبایی و ئافەرینی ئەو شیعرانەم لێ دەکات کە ئەوسا لە ئێستگەی کوردییەوە بڵاوم دەکردنەوە. بەم هۆیەوە دەتوانم بڵێم کاک هیشام یەکێک بووە لە گرووپەکەمان لە بازنەی کەرتی جوگرافیی نەوچەکەدا، ناوچەی گەرمیان. بێجگە لەمە کاک عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی کە برای کاک هیشامە دەڵێ کاک هاشمی برایشم هەر شیعری لەو بەرنامەیەدا بڵاودەکردەوە. شایانی باسە کاک عەبدوڵڵا لە ژمارە ٥٦ی ١٩٩٣ی







"ئاڵای ئازادی"دا ئاماژە بۆ ئەم مەسەلەیە دەکات.

لەو ساڵانەدا من و ئەنوەر بەردەوام شیعری خۆمان بۆ بەرنامە شیعرییەکانی ئەوسای ئێستگەی کوردیی بەغدا دەنارد. زیاتر بۆ ئەو بەرنامانەی کە هەردوو شاعیر؛ خوالێخۆشبوو جەلالی میرزا کەریم و کاک عەبدوڵڵا عەباس پێشکەشیان دەکرد. جاربەجاریش بۆ بەرنامەیەکی کاک عەبدولوەهاب تاڵەبانی من شیعرم دەنارد. نازانم بۆ ئەنوەر. هەروەها من بۆ بەرنامەی "هەڵبەست و مۆسیقا"ش شیعرم دەنارد کە خوالێخۆشبوو محەمەد مستەفا کوردی پێشکەشی دەکرد.

کاک جەلالی میرزا کەریم و عەبدوڵڵا عەباس و محەمەد مستەفا کوردی زۆر بە هاندان و ڕێزەوە شیعرەکانیان لە بەرنامەکانیانەوە بۆ بڵاودەکردینەوە و من و عەبدوڵڵا عەباس یەک دوو نامەمان بۆ یەکتر نارد کە لابەلا ئاماژەکردنی تێدایە لەبارەی گۆڕانکاری و تازەگەرییەوە لە بواری شیعردا. شایانی گوتنە لە ساڵی ١٩٧٠دا دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار کە چووم بۆ بەغدا بۆ سپاردنی دەستنووسی یەکەم دیوانم "خوا و شارە بچکۆلەکەمان" بە دەزگای سانسۆری چاپەمەنی، دیدەنیی ڕۆژنامەی هاوکاریم کرد و لەوێ عەبدوڵڵا عەباس پێی گوتم: کاک جەلالی میرزا کەریم شیعرەکانتی بە جۆرێک لە لا پەسەندە، گەلێ جار پێی گوتووم ئەگەر شیعری بۆ بەرنامەکەت نارد بەر لەوەی لە بەرنامەکەوە بیخوێنیتەوە و ببێ بە موڵکی ئەرشیفی ئێستگە، بمدەرێ با من بیخوێنمەوە. من ئێستاش و لە دوای ئەوەندە ساڵ شانازی دەکەم کە شاعیرێکی بە توانای وەک جەلالی میرزا کەریم بەو چاوی ڕێزەوە تەماشای شیعرەکانی ئەو سەردەمەی کردبێتم ...



مامۆستا لەتیف حامید بەرزنجەیی
١٩٤٠- ١٩٧٤/٢/٢٢

من زۆر هۆگری بەرنامە شیعرییەکانی ئێستگەی کوردیی بەغدا بووم، بە جۆرێک سەرجەمی شیعرەکانی خوا و شارە بچکۆلەکەمانم پێش چاپ کردنی تێیاندا پەخش کردەوە. هەروەها دوو دیوانی تریشم هەبوون بە ناونیشانی "لە ڕۆژژمێری ڕێبوارێکی ماندوودا" و "چەند وشەیەک لە شێوەی خۆڵەمێش" زۆربەی هۆنراوەکانی ئەو دوو دیوانەشم لەو بەرنامانەوە بڵاوکردەوە. بەداخەوە لە ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥دا ئەو دوو دیوانەم لە ناوچەی ڕایات لێ ون بوو و نەدۆزرایەوە، بەلام ڕوونووسی چەند هەڵبەستێکیانم لە ناو نووسراوە کۆنەکانمدا دۆزییەوە و هەندێکیشیانم لە چەند ڕۆژنامەیەکدا پێشتر بڵاوکردبۆوە ... نزیکەی پازدە شازدە شیعرێک دەبوون و بە ناوی دوو دیوانە ونبووەکەمەوە تێهەڵکێشی دیوانی "پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە"م کردن و لە ساڵی ١٩٧٧دا لە چاپخانەی کامەرانی لە سلێمانی بە چاپم گەیاندن.

لە ناوەندی حەفتاکاندا بەشێک لەو دوو دیوانە ونبووەم بە هۆی برای بەڕێزم کاک مەهدی شێخ تاهیرەوە دەست کەوتەوە، سوپاسم کرد و بە ناونیشانی "ئەو نامانەی کە دایکم نایانخوێنێتەوە"، لەگەڵ هەندێ هۆنراوەی نوێدا لە چاپم دان.

جگە لە ئێستگە، من و ئەنوەر شیعرمان بۆ هەندێ لە بڵاوکراوەکانی ئەو وەختە دەنارد. وا بزانم لە ساڵی ١٩٦٥دا بوو ڕۆژنامەیەک بە ناوی (برایی) دەردەچوو، شیعرێکم لەو ساڵەدا بۆ نارد، وەڵامێکی جوانی دامەوە و بڵاوی نەکردەوە. ئەنوەر لە (دەنگوباس) و (النور) و (کاری میللی)دا سێ و چوار هۆنراوەی لە ساڵانی ١٩٦٧ و دواتردا بڵاوکردەوە کە نوێخوازییان تێدا بوو. منیش لە ژمارە ٩ی ساڵی ١٩٦٩ی گۆڤاری (ڕزگاری)دا بابەتە

نووسینێکم بڵاوبووەوە کە ئەمە چەند بڕگەیەکێتی و تازەگەری و بانگاشەی تازەگەریی بە ئاشکرا پێوە دیارە و دەسپێشکەریی تیایە:

لە پشت دیواری مەرگەوە
دەس ئەگرم بەو پەنجەرانەوە
کە بەهەشتی ئاواتم ئەنوێنن
لەسەر لێواری وشە بەسۆزەکانا
ئەڕۆم بەرەو دوائامانجم

***

بەرهەمی جوان
نووسینی ڕێک ... هەڵبەستی قووڵ
وشەی تەماوی ... چیرۆکی ژێر هەور
ڕستەی کەفاوی
وێنەی ناو گەردەلوول
یادگاری ناو ڕەشەبا

ئەمانە هەموو سەرنجی لاوانی ئەمڕۆ ڕادەکێشن ... هتد ...!

***

دەبێ ئەوەشم لە بیر نەچێ کە لە ژمارەی پێنجەمی گۆڤاری ڕزگاریی هەمان ساڵی باسکراودا وەڵامێکی جوانم دراوەتەوە و بڕگەیەک لەو شیعرەم بڵاوکراوەتەوە کە بە ناونیشانی "شەبەق لە وشەدا" بۆم ناردبوو کە ئەمەش بڕگەکەیە:

لە شەپۆلی گەردەلوولی ستەمدا
لە لێڵاییی بیابانی پڕ تەمدا
زۆر لاشە کەوت لە سەنگەری باوەڕدا
بوو بە گەرد و چوو بە گەرووی ڕەشی هەردا

***

من سەرجەمی ئەم شیعرەم لە لاپەڕە ٢٠ و ٢١ی دیوانی یەکەممدا "خوا و شارە بچکۆلەکەمان" بڵاوکردۆتەوە ... چونکە دڵنیا بووم شیعرێکی سەرکەوتووە و لایەنی تازەگەریی تیایە. دانی پێدا دەنێم بینینی ناوی خۆم (لەتیف شێخ مەحموود شێخ محەمەد بەرزنجی) لە گۆڤاری ڕزگاریدا زۆر دڵی خۆش کردم و خەون و خەیاڵی تازەی پێ بەخشیم.

وا بزانم لە ساڵی ١٩٦٧دا بوو لەگەڵ خوالێخۆشبوو لەتیف حامیددا چووم بۆ بەغدا، لەوێ بە هۆی کاک ئیبراهیم میرانەوە کە برادەری لەتیف حامید بوو، ڕۆژنامەی (النور) چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا ساز کردم... وا بزانم کاک عەباس بەدری بوو چاوپێکەوتنەکەی ساز کرد. ئەم چاوپێکەوتنەش دەرگای گەلێ خەون و خۆزگە و نەخشەی نوێی لەبارەی جیهانی شیعرەوە لێ خستمە سەر پشت و بە خەیاڵی خۆم وام دەزانی هەموو خوێنەوارێک ئەو دیدەنی و قسانەی من دەخوێننەوە. هەرچۆنێ بێ هەڵکەوتنی ئەو جۆرە هەلانە هۆکارێکی باش بوون بۆ هاندانم لەو کات و دەمەدا کە لە شارێکی بچکۆلانەدا دەژیام و نەک خۆم تەنانەت شارەکەشم نەناسراو بوو.

لەو ساڵانەدا گرووپەکەمان شارەزای تەواوی شیعری نوێی عەرەبی و ئەورووپی بوو؛ شیعری سەییاب و بەیاتی و نازک و بلند و حسێن مەردان و تەنانەت شیعری شاعیرانی فەلەستینیشمان دەخوێندەوە ... هەر بۆ نموونە کتێبێکی پێنجسەد شەشسەد لاپەڕە دەربارەی سەرجەمی شیعری بەرگریی ئەو سەردەمەی فەلەستین لە کتێبخانەی گشتیی کفریدا بوو، شیعری زۆربەی شاعیرە گەورەکانی فەلەستینی تێدا بوو. من زۆر سوودم لەو کتێبە وەرگرت. هەروەها کۆمەڵێ شیعری ئینگلیزی کە بەدر شاکر سەییاب کردبوونی بە عەرەبی و کۆمەڵێکی تر لە شیعری مایاکۆڤسکی و بۆدلێر و دێمۆسێ و شیلی و بایرۆن و هەندێ شاعیری دی کە لە گۆڤاری "المعلم الجدید"دا بڵاوکرابوونەوە و زۆر سەرنجیان ڕادەکێشام. جگە لەوانەش گۆڤاری "الف باء" و لە دواییشدا هەر چوار ژمارەکەی گۆڤاری "الشعر ٦٩" زۆر گۆڕانکارییان تێدا بەرپا کردین. لە "الف باء"دا جارجار شیعری فاضل عەززاوی و "پەخشانی خەست = النثر المرکز"ی حسێن مەردان بڵاودەبووەوە و لە "الشعر ٦٩"یشدا دیسانەوە هەندێ شیعری فازل عەززاوی و ئەدۆنیس و شاعیرە لاوە عیراقییەکان بڵاودەبۆوە و لەو





ڕێگایەوە ئاشنای جیهانێکی تازەتر و گەورەتر بووین.

هەروەها لە کتێبخانەی گشتیی کفریدا سوودمان لە گەلێ کتێب و سەرچاوەی نوێی ئەو سەردەمە وەردەگرت لەبارەی شیعری نوێوە. جگە لەوەش لە گۆڤاری "الاداب"ی بەیرووتی و "الشعر"ی لوبنانی و "العاملون فی النفط"ی عیراقیمان دەست دەکەوت و دەمانخوێندنەوە و ئەو خوێندنەوانەش هەستێکی شیعریی نوێی پڕ لە فەنتازیایان پێ بەخشین و نەخشەی گۆڕانکارییەکانمانیان تۆختر و پتەوتر کرد لە مێشکماندا.

خۆ "البیان الشعری"یەکەی فازل عەززاوی و هاوڕێکانی بە تەواوی هەژاندینی و لەسەر گۆڕانکاریی شیعر سوورتری کردین. من خۆم هۆنراوەی "هذا هو اسمی"ی ئەدۆنیس، کە وا بزانم لە ژمارە ٤ی "الشعر ٦٩"دا بڵاوکراوەتەوە کارێکی گەورەی لێ کردم و بە تەواوی هەژاندمی و ئاشنای گەلێ قوژبن و کەلێنی شاراوەی شیعری کردم.

لە ساڵی ١٩٦٩دا شیعرێکی چوار بەشیم نووسی بە ناونیشانی "چوار هەڵبەست لە ڕۆژژمێری ڕێبوارێکی ماندوودا". ئەم شیعرە لە خوا و شارە بچکۆلەکەماندا بڵاوکراوەتەوە و لایەنی فەنتازیا و تازەگەریی تیایە و بەر لە بڵاوکردنەوەی هەر لە ساڵی باسکراودا خوالێخۆشبوو لەتیف حامید بەشێکیانی کرد بە عەرەبی و ناردمان بۆ گۆڤاری "الف باء"، بەڵام بڵاونەکرایەوە. دوا بە دوای ئەوە لەتیف حامید وەکوو لە نامەیەکی بێمێژوودا کە نیوەی ون بووە و نیوەییم لە لا ماوە ئاگاداری کردوومەتەوە چیرۆکێکی خۆی بۆ "الف باء" ناردووە، ئەوەش هەر بڵاو نەکراوەتەوە و ئەمەش بەشێکە لە نامەکەی لەتیف حامید کە لەو بارەیەوە لە کەرکووکەوە بۆی ناردووم: "چیرۆکەکەم گەلێ باشتر کرد و ناردم بۆ الف باء، لای کەس باسی مەکە نەوەکو وەک ئەوەی تۆی بەسەر بێ."

***

نامەی بەردەوام لەو ساڵانەدا لە نێوانی من و ئەحمەد شاکەلی و ئەنوەر شاکەلی و لەتیف حامیددا هەبوو. من و ئەحمەد شاکەلی، وەکوو لە پێشدا گوتم، هەردووکمان خۆمان بە گەورەترین نووسەر دەزانی. ئەوەتا لەتیف حامیدی جوانەمەرگ لە نامەیەکیدا کە ١٤-١١-١٩٦٧ لە کەرکووکەوە بۆ کفری بۆی ناردووم دەڵێ: "ئەحمەد شاکەلی نامەیەکی دووروودرێژی بۆ ناردووم، کە ئەڵێ منیش، یەعنی خۆی، یەکێک ئەبێ لە هەرە گەورەکانی دونیا کە چەپڵەی بۆ لێ دەن. وام زانی هەر تۆ خۆت هەڵئەنێیت و گەورەیت، نەمزانی لە تۆ گەورەتریش هەیە."

لە نامەیەکی تریدا کە ٢٩-١٠-١٩٦٩ لە کەرکووکەوە بۆ کفری بۆی ناردووم دەڵێ: "دوێنێ ئەحمەد شاکەلی لە ماڵمان بوو، مەجلیسکەمان سارد بوو، تۆی کەم بوو. بەڵام یادمان کردیتەوە. لە چیرۆکەکەم ڕازی بوو، هەروەها لە شیعرەکەیشم، بەس ئەیوت کە بۆ نەثر [پەخشان] گەلێ جوانە بەڵام شیعر نییە."

***

لەتیف حامید وەک وتم زۆر هانی دەداین و ڕێنوێنیی دەکردین، بەڵام ئەویش شتی خۆی بۆ ئێمە دەخوێندەوە و حەزی دەکرد بیروڕامان لە بارەیەوە بزانێ و ئەو نامەیەی سەرەوە ئەوە دەخاتە ڕوو کە بیروڕاکانی ئەحمەد شاکەلیی لەبارەی بابەتەکانی خۆیەوە لە لا پەسەند بووە بۆیە منی لێ ئاگادار کردووە. جارێکیان کۆمەڵێ شیعری خۆمم دایە (وا بزانم لە کۆتاییی ساڵی ١٩٦٦دا بوو)، گوتی دەیبەم لەوێ (ئەوسا لە هەولێر بوو) شاعیر و ڕەخنەگری بەتوانا هەن پێشانیان دەدەم ... پاش ماوەیەک لە ٣-١٢-١٩٦٦دا نامەیەکیم پێ گەیشت لە کفری، تیادا دەڵێ: "اما بصدد القصائد التی اخذتها معی فاقول لک دون مواربة او تحمس اننی عرضتها علی ثلاثة من الذین لهم باع طویل و قدم راسخة فی الادب الکردی و طلبت منهم ان ینظروا الیها بعین النقد البناء و بعد امعان و تفکیر و تمحیص فقد اجمعوا علی انها قصائد ناجحة جدا ... ... وقد اعجبوا ایما اعجاب بافکارک السلیمة و اسلوبک الشیق و اختیار موسیقی الالفاظ و تناسقها و انسجامها مع الغرض الذی تنظم فیه ... ... و لکنهم

اخذوا علیک من قلة المامک باصول الوزن فی الشعر الکردی، حیث یقولون ان اوزان الشعر الکردی هی حسب مقاطع صوتیة مزدوجة فی کل بیت اما ۲ او ٤ او ٦ او ۸ وهکذا، ولا تاتی احادیة. فقد یکون الشطر ثنائی والعجز ۲ ایضا و یجوز ان یکون البیت الجدید رباعی او سداسی او ثمانی حسب الامکان. و ساوافیک بالتفاصیل عند اللقاء المرتقب.“

***

ئه‌و ساڵانه‌ی ئه‌حمه‌د شاکه‌لی له خانه‌ی مامۆستایان له که‌رکووک قوتابی بوو، واته له ماوه‌ی ساڵانی شه‌ست به دواوه گه‌لێ نامه‌ی پڕ له مشتومڕمان له‌باره‌ی تازه‌گه‌ریی شیعره‌وه بۆ یه‌کدی ده‌نارد. له نامه‌یه‌کیدا ده‌ڵێ: "کاکی به‌رزنجی: تۆش باوه‌ڕت به‌وه هه‌یه که وێژه‌که‌مان دواکه‌وتووه، چونکه ئه‌ڵێی - ساظل انتظر میلاد زردشت ثانی لیوقد النیران فی تلک المعابد المندثرة و لیکمل کتابه الخالد (ئاوێستا) لکی یصل الادب الکردی الی السواحل التی بلغتها الاداب العالمیة -، " ئه‌م بڕگه عه‌ره‌بییه به‌شێکه له نامه‌یه‌کی من که بۆ ئه‌حمه‌د شاکه‌لیم ناردووه و باسی دواکه‌وتنی ئه‌ده‌بی کوردیم تیادا کردووه له‌و سه‌رده‌مه‌دا ... ئه‌نجا کاک ئه‌حمه‌د ده‌ڵێ: "ئه‌ی گوایه من له‌مه زیاتر چیم وتووه که کردووته‌ته هه‌رای خۆت ... یا شێخ منیش هه‌ر چاوه‌ڕێم.“

له ۳-۱۱-۱۹٦۹دا کاک عه‌بدوڵڵا عه‌باس له به‌غداوه نامه‌یه‌کی بۆ ناردووم له کفری ئه‌وه‌ش له وه‌ڵامی نامه‌یه‌کمدا که بۆم ناردووه و باسی تازه‌گه‌ریی تیادا کردووه، تییدا ده‌ڵێ: "مایه‌وه سه‌ر هه‌ندێ بیروڕای به‌ڕێزتان سه‌باره‌ت به ئه‌ده‌به‌که‌مان ... دڵنیا به من - به‌ڕاستی - له‌گه‌ڵتام، وه زۆر شانازی ئه‌که‌م به‌وه‌وه توانایه‌کی نوێی ڕۆشنبیرانه‌ت هه‌یه. وه خۆزگه به بینینتان شاد ئه‌بووم تا زیاتر له یه‌کتری بگه‌یشتینایه.“

بێگومان ئه‌و بیروڕایانه‌ی که باسی ده‌کات له‌باره‌ی توانای نوێی ڕۆشنبیرانه‌وه، ته‌نها بیروڕای من نییه و به‌س به‌ڵکه بیروڕای گرووپی کفری بووه و من له‌و نامه‌یه‌دا به‌رجه‌سته‌م کردووه.



هه‌ڵمه‌ت و شاکه‌لی، هاوینی ۱۹۷٤ له چۆمان

له مانگی چوار و پێنجی ساڵی ۱۹۷۰دا له که‌رکووک سه‌رباز بووم و دیوانی یه‌که‌مم، خوا و شاره بچکۆله‌که‌مان، له چاپخانه‌ی (الشمال) له که‌رکووک له ژێر چاپدا بوو. هه‌تا چاپی ته‌واو بوو گه‌لێ جار له‌گه‌ڵ ئه‌حمه‌د شاکه‌لیدا ده‌چووین بۆ چاپخانه‌که بۆ ڕاستکردنه‌وه‌ی ئه‌و هه‌ڵانه‌ی له کاتی چنینی پیته‌کاندا ڕووی ده‌دا.

که دیوانه‌که‌م چاپ کرا و بڵاوکرایه‌وه هاوڕێی به‌ڕێزم کاک ئه‌نوه‌ر شاکه‌لی نامه‌یه‌کی زۆر جوانی بۆ ناردم که ئه‌مه به‌شێکه له نامه‌که: "ان قصائد خوا و شاره بچکۆله‌که‌مان بصورة عامة هی اجمل القصائد الکردیة واعلاها مستوی لحد الان ... انها ثورة الکلمة الکردیة





الشابة علی الاجترار و الهذیان اللذین جعلا رؤوسنا مصابة بالصداع، والقابعین فی اعماق الصداء الازلی. وددت الکتابة عن دیوانک فی احدی صحفنا ... ولکن من یقراءنا؟ اننی جد اسف علی حاملی اقلامنا الجبناء الجهلاء الذین لا یلتفتون الی دوی الکلمة عند الشباب امثالنا لان الصمم سیطر علی اذانهم ..................
اننی اسف علیهم لانهم یحکمون بهذا علی انفسهم بالموت ... واننی واثق من ان کلماتنا الفقیرة الوحیدة التی تحتقرها مسارح الیوم هی التی ستفتح الاذان یوما ما .... لی رأی حول بعض الاشیاء فی دیوانک هی جزئیة علی الاکثر ارجو ان استطیع اطلاعک علیه فی لقاء، رغم ان تلک الاشیاء لا یعرفها الا الانسان المطلع علی دقائق و صغائر حیاتک و ایام میلاد الکلمات عندک، مثلی انا.“

ئه‌و پێشبینییه‌ی ئه‌نوه‌ری هاوڕێم له باره‌ی ئه‌وه‌وه که سه‌رکه‌وتن هه‌ر بۆ ده‌نگی نوێیه له پاشه‌ڕۆژدا پێشده‌ستییه‌کی وردبینانه‌ی تێدایه و ئه‌و پێشبینییه زۆری نه‌خایاند هاته دی و نوێخوازی ڕه‌گی قووڵی خۆی داکوتا.

شایانی باسه دیوانه‌که‌ی من، خوا و شاره بچکۆله‌که‌مان، له‌سه‌ر ئه‌رکی له‌تیف حامیدی ئامۆزام و هاوسه‌ره‌که‌ی شوکرییه شێخ مه‌حموود به‌رزنجی که خوشکم بوو چاپ کرا و نزیکه‌ی چلوپێنج (٤٥) دیناری ئه‌وسای تێ چوو ... وه‌ک له بیرم بێ له‌به‌ر هه‌ندێ داب و نه‌ریتی کۆمه‌ڵایه‌تی خوشکه‌که‌م حه‌زی نه‌کرد ناوی به‌سه‌ر کتێبه‌که‌مه‌وه بێ ... له‌به‌ر ئه‌وه ته‌نها ناوی له‌تیف حامید له‌باره‌ی ئه‌رکی چاپکردنیه‌وه له‌سه‌ر دیوانه‌که‌م نووسرا ... وه‌ک له بیرم بێ وای بۆ ده‌چم که ده‌بوو هه‌ر له‌و ماوه‌یه‌دا ئه‌نوه‌ری هاوڕێم دیوانێک چاپ بکات به‌ڵام ئه‌و سه‌رده‌مه له‌به‌ر ده‌ستکورتی بۆی چاپ نه‌کرا... و ئه‌وه بوو له ساڵی ۱۹۷۳دا کۆمه‌ڵه هۆنراوه‌ی "پرۆژه‌ی کووده‌تایه‌کی نهێنی"ی به چاپ گه‌یاند و گۆڕانکارییه‌کی گه‌وره‌ی له‌م سات و کاته‌دا نایه‌وه و تاکو ئێستاش ئه‌و کۆمه‌ڵه هۆنراوه‌یه به‌رهه‌مێکه له به‌رهه‌مه شاکاره‌کانی دارستانی شیعری نوێی کوردی.

له ۱۰-٦-۱۹۷۰دا خوالێخۆشبوو له‌تیف حامید به‌رزنجی وتارێکی به ناونیشانی "مستلزمات الثورة والتجدید فی الشعر الکردی المعاصر" بڵاوکرده‌وه، تیادا باسی شیعری نوێ و شاعیرانی نوێی کورد ده‌کا وئه‌مجا ده‌ڵێ: "وابرز هؤلاء عندی فی هذا المجال هو الشاعر الشاب لطیف هلمت... له ما یمیزه عن غیره، فهو یمثل بشعره و فکره غضب و تمرد جیلنا المتحفز للنصر علی صیغ التجرد و الانغلاق... و دیوانه "الله و مدینتنا الصغیرة" یضع علامة ممیزة علی طابعه الشعری هذا و یشکل بشیرا بمیلاد شعر کردی متطور.“

***

له ژماره ۲۹-۳۰ی هاوکاری له ساڵی ۱۹۷۰دا یه‌کێک له ڕوانگه‌یی‌یه‌کان به‌بێ ناو وتارێکی بڵاوکرده‌وه و تێدا ئه‌وه‌ی ده‌ربڕیبوو که ئه‌وان، واتا ڕوانگه‌یی‌یه‌کان، داوای جۆره ده‌قێک ده‌که‌ن له‌و ده‌قانه‌ی خوا و شاره بچکۆله‌که‌مان، ئه‌وه‌ش ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نێ که ڕوانگه‌یی‌یه‌کان دوای ده‌رکردنی به‌یاننامه‌که‌شیان ده‌قێکی ئه‌وتۆیان نه‌بوو بیکه‌ن به نموونه‌ی ئه‌و بابه‌ته‌ی بانگاشه‌یان بۆ ده‌کرد، به ناچاری په‌نایان بردبووه به‌ر ده‌قه‌کانی دیوانه‌که‌ی من، خوا و شاره بچکۆله‌که‌مان.

***

هه‌ر له ساڵی هه‌زار و نۆسه‌د و حه‌فتادا، دوابه‌دوای ده‌رچوونی خوا و شاره بچکۆله‌که‌مان شاعیری به‌ڕێز کاک شێرکۆ بێکه‌س به گه‌رمی هه‌واڵی له نووسه‌ری خوالێخۆشبوو مامۆستا عه‌بدولعه‌زیز خانه‌قا پرسیبوو و حه‌زی کردبوو بمبینێ و ئه‌ویش به چیرۆکنووسی جوانه‌مه‌رگ له‌تیف حامیدی وتبوو که شێرکۆ حه‌ز ده‌کات له‌تیف هه‌ڵمه‌ت ببینێ و ئه‌گه‌ر ڕێی که‌وته سلێمانی با سه‌ری لێ بدات و چاوی پێی بکه‌وێ ... من ئه‌و ده‌مه سه‌رباز بووم له که‌رکووک ... ئه‌و هه‌واڵه‌م پێ خۆش بوو، ئه‌گه‌رچی له خۆم بایی بووم به‌ڵام حه‌زم ده‌کرد شێرکۆ بێکه‌س بناسم... که له سلێمانی چاومان به یه‌کتر که‌وت شێرکۆ گوتی: خۆم به لقی هه‌تاوه‌که‌تدا هه‌ڵواسی ... ئه‌وه هێما بوو بۆ ئه‌و وێنه شیعرییه تازه‌یه‌ی که له

هۆنراوەیەکی خوا و شارە بچکۆلەکەماندا لە لاپەڕە (٤١) بڵاوم کردۆتەوە و کردوومە بە ناونیشان ... هەروەها لەو دیدەنییەدا چاوم بە شاعیری بەڕێز کاک جەمال شارباژێڕی کەوت و گوتی: بە لای منەوە غەریب نییت و زۆر جار لە ڕێی ئێستگەی کوردیی بەغداوە گوێم لە شیعرەکانت بووە. لەو یەکتربینینەدا هەردووکیان بەتایبەتی شێرکۆ زۆر بە گەرمەوە پیرۆزبایی یەکەم دیوانمی لێ کردم.

دوای ئەوە لە دیدەنیی تردا شێرکۆ بێکەس لە کاتی ناساندنی مندا بە هەندێ لە برادەرانی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لە سلێمانی ئەوەی خستە ڕوو کە لەتیف هەڵمەت لە شیعردا ڕێچکەیەکی نوێی تایبەتی هەیە و هەر لە سەرەتاوە لە لاساییکردنەوەی شیعرە باوەکان دوور کەوتۆتەوە... بەڕاستی دوور لە هەموو خۆپەرستییەک بە ڕاستگۆیی باسی شیعرەکانی کردم ... منیش زۆر زۆرم پێ خۆش بوو. ئەو ڕۆژە سێ هاوڕێی دڵسۆزم لەگەڵدا بوون: کاک عەبدولڕەحمان زەنگەنە، کە سکرتێری کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی بوو، کاک فازڵ جاف و کاک ڕەحمان ناوێک کە ناوی باوکی نازانم بەڵام دەزانم لە بواری شانۆدا کاری دەکرد لە کەرکووک ... و ئێستاش هەندێ جار لە سلێمانی دەیبینم.

***

لە ساڵی ١٩٧١-١٩٧٢دا شاعیری ناسراو ڕەفیق سابیر لە نامەیەکیدا کە لە بەغداوە بۆ کەرکووک بۆی ناردبووم دەڵێ: "شاعیر بەتایبەتی لە کۆمەڵێکی وەک کۆمەڵی ئێمە پێویستە یاخی بێ و شۆڕشگێڕ بێ، وەک خۆت لە پێش مندا هەستت بەمە کردووە، وە لەمەش زیاتر بە لای منەوە پێویستە شاعیر جۆرە شێتییەکی هەبێ، جا ئەوەی تۆ لە هەموو شاعیرە نوێخوازەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم ڕەوشتە لە تۆدا هەیە، بەڵام ئێمە نەء." ئەو قسەیەش دان پیانانێکی ترە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە لایەن شاعیرێکی نوێخوازی ناسراوەوە بە دەستپێشکەریی گرووپی کفری یاخو یەکێک لە گرووپەکە لە بواری نوێخوازیدا.



هەڵمەت و شاکەلی لە چۆمان، هاوینی ١٩٧٤

***

پێش دەرچوونی بەیاننامەی ڕوانگە لە لایەن برایانی ڕوانگەوە (کاکەمەم بۆتانی و شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو و جەمال شارباژێڕی و حوسێن عارف ... هتد) هاتن بۆ کەرکووک و لە ماڵی خوالێخۆشبوو عەبدولعەزیز خانەقا دانیشتنێکیان لەگەڵ کۆمەڵێ نووسەری کەرکووکدا کرد (لەتیف حامید و صەدرەددین عارف و عەبدولعەزیز خانەقا و من ...). بێگومان من و لەتیف حامید لە گرووپی کفری بووین. دانیشتنەکە دەبوایە ئەنوەر شاکەلی و ئەحمەد شاکەلیی تێدا بووایە ... لە بیرم نییە ئەوان ئامادە بون یاخود نەء ... ڕوانگەییەکان لەو دانیشتنە مەبەستیان ئەوە بوو بەیاننامەکەی ڕوانگە







بە هاوبەش دەرکەین... بەڵام ئێمە ڕێک نەکەوتین... من خۆم ڕایەکی زۆر شێتانەم دەربڕی و گوتم ئەگەر هات و ڕێک کەوتین و گۆڤارێکمان دەرکرد دەبێ گۆڤارەکە بە قەوارەیەکی بازنەیی دەرچێ... ئەو قسەیە خۆی لە خۆیدا مانای ئەوە بوو من لەگەڵیاندا ڕێک ناکەوم ...

دوای دەرچوونی بەیاننامەکەی ڕوانگە بە ماوەیەک ناکۆکی کەوتە نێوان ئێمە و ڕوانگەییەکانەوە و وای لێ هات من لە دیدەنییەکی ڕۆژنامەنووسیدا کە کاک ڕەزا شوان لەگەڵمدا سازی کردبوو و لە ژمارە ٤٤ی ڕۆژنامەی هاوکاریدا بڵاوکرایەوە گوتم: ڕوانگە هێلکەیەکی پیس بوو چونکە هیچی هەڵنەهێنا.

دوابەدوای ئەو قسەیە شاعیرێکی ڕوانگەیی بە ناوی هەڵۆوە لە ژمارەی ٤٦ی هاوکاریدا هێرشێکی توندوتیژی لە ڕادەبەدەری کردە سەر شیعرەکانم و بە وشەی ئاجەڵ و باجەڵ و وشەڕیزکردن و یاری بە وشەکردن و هتد ناوی بردن و بە سەرلێشێواو و شێت و وێتی لە قەڵەم دام ...

بەڵام جێی داخە کە ئەوسا لە ناوەندی ڕۆشنبیریدا زۆر کەس ئێمەی بە گرووپی ڕوانگە دەزانی و تەنانەت ئێستاش کە باسی ڕوانگە بکرێ ئێمەش دەدەنە پاڵ گرووپی ڕوانگە... بەڵام وەکوو گەلێ جار گوتوومە گرووپی کفری و گرووپی ڕوانگە خواست و مەبەستیان جیا بوو... ململانێی ئەدەبی و هزریی زۆر لە نێوانیاندا بوو ... بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەم فەرموون با بزانین ئەنوەر شاکەلیی هاوڕێم لەو نامەیەیدا کە لە ٢٨-١-١٩٧٢دا بۆی ناردووم چی دەڵێ: "هۆنراوەی من و تۆ بۆ ژمارەی تایبەتیی هاوکاری لەناوچوو... لەگەڵ دوو چیرۆکی ئەحمەد شاکەلی و ئەنوەر جافدا... ئەزانی بۆ؟؟ چونکوو دزرا... بەڵێ دزرا... پێش ئەوەی بگاتە چاپخانە... ڕوانگەکان و جاشەکانی ڕوانگە زۆر نامەردانە بەرگریمان لێ ئەکەن... بە ئاشکرا و بەرەو ڕوو، ڕوویان خۆشە و دەنگ ناکەن، کە دیار نەبووین پرۆژەی لەناوبردنی خۆمان و وشەکانمان دائەنێن..." هەروەها لە بڕگەیەکی تری نامەکەدا دەڵێ: "وەکوو لە نامەکەی بۆ مامۆستا لەتیفم نووسیبوو لەو باوەڕەدام کە زۆر پێویستمان بە یەکگرتن و قسەکردن هەیە .. خۆمان .. بەڵێ خۆمان ... بۆ بڕیاردان و هێڵ دانان و هێڵ سڕین ... ئێوە ئاگاتان هەیە لەو کۆبوونەوە و پرۆژەدانان و بڕیارانەی ئەدرێن؟؟ لەو تاکتیکانەی بە کار ئەهێنرێن دژ بە خۆمان؟"

ئەم نامەیەی ئەنوەر شاکەلی بەڵگەیەکی تەواوە کە خواست و ئامانجی گرووپی کفری و گرووپی ڕوانگە جیاوازە و ئەوەش ئاشکرا دەکات کە گرووپی ڕوانگە لەبارەی بوونی ئێمەوە لە چ ترس و لەرزێکدا بووە و گەلێ لە کاتی خۆی بۆ دژایەتیی ئێمە تەرخان کردووە، چونکە ئەگەر کەس نەیزانیبێ ڕوانگەییەکان باشیان زانیبوو کە گرووپی کفری گرووپێکی بەتوانا و ڕەسەن و لێهاتووە و زەمینەیەکی بتەوی لە گۆڕەپانی نوێخوازیدا بۆ خۆی دارشتووە و گرووپی ڕوانگە ناتوانێ بەو زەمینەیەوە کە هەیبوو بارتەقای گرووپی کفری بێ.

***

چی لەبارەی گرووپی کفرییەوە لە بواری نوێخوازیدا گوتراوە:

"ئێمە نابێ مافی دیوانی پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی - ١٩٧٣ی ئەنوەر شاکەلی و دیوانی خوا و شارە بچکۆلەکەمان - ١٩٧٠ی لەتیف هەڵمەت بخۆین، بەوەی تێکست شاگەواهە و هەقناس دەزانێ ئەم دوو دیوانە نوێبوونەوەیان تێدایە و ئەم نوێبوونەوەیە لە تێکستە ئەدەبییەکانی برادەرانی ڕوانگە نابینرێ و پیاو بۆ خواش بڵێ لە ساڵی ١٩٧٣دا دیوانە ناوبراوەکەی شاکەلی جۆرە ئاژاوەیەک و تەقینەوەیەکی لەناو شیعری کوردیدا بەرپا کرد."

شاعیر و نووسەر ڕۆستەم باجەڵان، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، یەکشەمە ٦-٥-١٩٩٣، ژمارە: ٧٣

پانەنیگا و شێوازناسیی شیعری کوردی لە پاش

گۆران ... لێ خوێندن و توێژینەوەی تایبەتی خۆم منی گەیاندۆتە ئەو تێگەیشتنە کەوا تا ئێستا سێ قوتابخانەی شیعری هەیە:

١- قوتابخانەی كفری؛ لەتیف هەڵمەت و برادەرانی [بێگومان مەبەست لە برادەران ئەنوەر شاكەلی و ئەحمەد شاكەلی و لەتیف حامیدە]

٢- قوتابخانەی ڕوانگە [شێركۆ بێكەس و برادەرانی]

٣- قوتابخانەی هەولێر [ع. ع. یووسف و برادەرانی]

لەم پانەنیگایەوە دەبێ بڵێم بەرهەمی قوتابخانەی كفری بە دەركەوتن و مێژوو لە پێشترە.

شاعیر و نووسەر عەباس عەبدوڵلا یووسف (ب. دۆتمێر)

ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی

یەكشەممە ١٨-٤-١٩٩٣، ژمارە: ٦٩

ان لجماعة كفری الصغیرة نكهة خاصة فی محاولة تجدید الشعر الكردی و دفعه الی طوفان الحداثة الاخذة فی الاتساع انذاك .... هتد

شاعیری نوێخواز و ڕۆژنامەنووسی عیراقی زاهر الجیزانی

ڕۆژنامەی العراق، ١١ حزیران ١٩٩١

ئەو زمانە شیعرییەی لەتیف لە خوا و شارە بچكۆلەكەماندا ڕەنگرێژی كردبوو ... بوو بە پەیرەوێك كە بانگەوازی ڕوانگەش تا ڕادەیەك لەگەڵ ئەو هەوڵانەدا، لە ڕووی زمانی شیعرەوە، یەكی دەگرتەوە، ئەگەرچی زۆربەی شاعیرانی ڕوانگە لە پەیڕەوانی قوتابخانەی گۆران بوون بەر لەو كاتە وەك ئەزموونە سەرەتاكانیان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن.

ڕەخنەگر و ڕۆژنامەنووس ئاوات محەمەد

ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی

یەكشەممە ١٠-٤-١٩٩٤، ژمارە: ١١٧

لە ژمارە ٢-٣ی گۆڤاری الاقلام - ی ساڵی ١٩٨٤دا حوسێن عارف لە وتارێكیدا بە زمانی عەرەبی بەبێ ئەوەی ناوی گرووپی كفری ببات بە هێما و لابەلا ئاماژە بۆ بوونی گرووپەكە دەكات لە پێش ڕوانگەدا و بەڵام وای دەردەبڕێ كە لە دواییدا هەر كشاونەتە ناو ڕوانگەوە ... كە ئەوەش لە ناوڕۆكی باسەكەدا سەلمێندراوە كە وا نەبووە و وا نییە ... فەرموون با بزانین كاك حوسێن چ دەبێژێ: "نعم كان التجریب هو الملاذ ... كان هو الكفیل باثبات صحة ما ورد فی البیان من عدمها فكان ان انطلق الموقعون علیه لیجولوا و یصولوا فی رحابه ... وفی اثرهم العشرات من الشعراء و القصاصین و الكتاب ممن كان لهم وجود سابق بهذا القدر او ذاك علی الساحة الادبیة او من الجیل الادبی الصاعد الذی واتته الظروف الموضوعیة و ساعدته بشكل استثنائی بالقیاس الی الاجیال السابقة علی طرح انشطته الادبیة الفوارة علی نطاق واسع مما نتج منها ظهور و فرز العدید من الاصوات الجدیدة التی انغمرت بغالبیتها فی موجة التجریب بانسجام عفوی مع دعوة البیان الی التجدید من خلال نهضة عامة و شاملة للادب الكردی."

كاك عەبدوڵلا عەباسی شاعیر لە ئەڵقەی ١٥ی وتارەكەیدا بە ناونیشانی "ئاوەها دەرگام كردەوە" كە بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی عیراق - ی كوردیدا بڵاوی كردۆتەوە باسی سەردەمی پێش ڕوانگە دەكا و دەڵێ بە جەلالی میرزا كەریمی شاعیرم گوت: "چەند دەنگێكی تازە وەك لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر شاكەلی، ئەوانەی زۆر چاك دەیانناسن لە ڕووی بەرهەمی داهێنانەوە كەمن ... بەڵام ئێمە دەزانین زۆریان لە بارداپە ... هتد.

عەبدوڵلا عەباس

ڕۆژنامەی عیراق - بە كوردی

شەممە ١٧ی نیسان ١٩٩٣، ژمارە: ٢٣٩





هەروەها لە ئەڵقە ٣١ی هەمان وتاردا دەڵێ:

لە كۆتاییدا لەتیف هەڵمەت بە هەر جۆرێ بێ بۆتە ظاهیرەیەكی ڕووناك و زۆریش ڕووناك لە قۆناغێكی دیاریكراوی شیعری كوردیدا و هێشتاكەش دیارە.

عەبدوڵلا عەباس

ڕۆژنامەی عیراق - بە كوردی

ژمارە: ٢٥٥ / ١٩٩٣

***

منیش لە كۆتاییی ئەم باسەدا ئاشكرای دەكەم كە ئەم بابەتە زۆرتر هەڵدەگرێ و ئەمەی نووسیومە تەنها نوێشكێكی تێر و تەسەلە، ئەگینا گەلێ شت ماوە بیڵێم و گەلێ نامە و بەڵگە هەیە لەم بارەیەوە نەمخستوونەتە ڕوو، بەڵام هەرچۆنێ بێ بەم شێوەیەی ئێستاش كەڵكی زۆری هەیە بۆ ئەوانەی كە دەیانەوێ لە بارەی سەرەتاكانی شیعری نوێی كوردی و تازەگەرییەوە لێكۆڵینەوە بخەنە ڕوو و پشت بە خوا لە پاشەڕۆژی نزیكدا بە فراوانتر لەم بارەیەوە دەنووسم و لایەنی شاراوەی زیاتر لەم ڕووەوە دەخەمە ڕوو.

بە پیلانی ڕوانگەییەكان نەیانهێشت لە كۆنگرەی نووسەران لە هەولێر من و ئەنوەر شاكەلی شیعری خۆمان بخوێنینەوە ... ناچار بە زۆری خۆمان بازمان دایە سەر شانۆكە و میكرۆفۆنەكەمان داگیر كرد و قسەی خۆمان كرد و شیعری خۆمان خوێندەوە و گەلێ لە دانیشتووانی ناو هۆڵەكە چەپڵەی گەرمیان بۆ لێ داین ... شایانی باسە هاوڕێی بەڕێزمان كاك یووسف صدیق زەنگنە كە شاعیرێكی كەركووكی بوو هاوتەمەنی خۆمان بوو بۆ ئەو كارە پشتگیریی كردین و گوتی بۆ مردنیش لەگەڵتاندام، یا خوا هەر بێوەی بێ، نازانم ئێستا لە كوێیە...

دوای ئەوە ئاگادار كراین ئەگەر نەڕۆین و هەولێر بە جێ نەهێڵین پۆلیس دەمانگرێ... ناچار دەمودەس لە هەولێر دەرچووین... شایانی باسە كۆنگرەی ناوبراو لە مانگی تەمووزی ١٩٧١دا لە هەولێر سازكرا...

هەروەها لە یەكەم میهرەجانی شیعری كوردیشدا كە لە شاری كەركووكی دزراودا سازكرا، ڕوانگەییەكان كاری خۆیان كرد و نەیانهێشت ئێمە شیعر بخوێنینەوە و لە ئەنجامی ئەوەشدا من ئاژاوەیەكی گەورەم نایەوە و گەیشتە ئەوەی من و كاك عەبدولسەلام محەمەد كە شاعیرێكی نوێخواز و بەتوانای كەركووكە و دیوانێكی هەیە بە ناونیشانی "دەمەو ئێواران ئەتبینم بە سوخمەیەكی زەردەوە" بەردەستی پۆلیس كەوتین و بە هەوڵ و تەقەلای هەندێ لە برادەران كە بە شەهیدی نەمر و سیاسەتمەداری دڵپاك ساڵح یووسفییان گوت كە ئەوسا ئەو لەو میهرەجانەدا نوێنەری سەركۆماری ئەوسای عیراق بوو... بواری بەرەڵابوونمان لە دەستی پۆلیسی ئاساییش و دەزگای ئاسایشی كەركووك بۆ ڕەخسا و ڕزگارمان بوو. وا بزانم میهرەجانەكە لە ساڵی ١٩٧٣دا بوو، ئەو ساڵەش هەر سەرباز بووم لە كەركووك.

***

لە پاشكۆی ئەم باسەشدا حەز دەكەم دەقێكی ئەو بەیاننامەیەتان پێشكەش بكەم كە من و ئەنوەر شاكەلی لە ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٧١دا نووسیمان و بەسەر ئامادەبووانی كۆنگرەكەدا دابەشمان كرد و لە هەموو لایەكەوە بەربەرەكانی كراین و لە هیچ ڕۆژنامەیەكی ئەو سەردەمەدا بۆیان بڵاونەكردینەوە... ئێمە لەم بەیاننامەیەدا كە بە ناوی (شێتەكان: سەرنج، هەڵوێست، پرۆژە)وە بڵاومان كردۆتەوە گەلێ لە بیروڕای خۆمان و گرووپەكەمان ئاشكرا كردووە و بیر و بۆچوونی خۆمان دەربارەی شیعر و ئەدەب بە گشتی و شیعر و ئەدەبی كوردی و تازەگەری بە تایبەتی خستۆتە ڕوو.

ئیتر تا بەشێكی دیی ئەم باسە بە خوای مەزن و یەكتاتان دەسپێرم.

## شێتەکان: سەرنج، هەڵوێست، پرۆژە

* لە کردەوەی ڕۆژانەماندا هەڵبەست وەکوو شۆڕشێک هەنگاوەکانمان ئەگۆڕێ و پرۆژەی ئەو گەشتەمان بۆ دیاری ئەکا کە مەیموونی باپیرەگەورەمان دەستی پێ کرد و ئێمەش لەسەری ئەڕۆین و نەوە سەرزلەکانی داهاتوویشمان ئەکاتە ژمارەیەکی تازە لە لیستەی گەڕۆکەکاندا...

* هەڵبەستی کوردی هێشتا دیلی ئەو قاوغەیە کە هەر لە منالییەوە کراوە بە پۆیلانەی. کاتی ئەوە هاتووە کە شۆڕشێک بەرپا بکەین بەسەر هەموو ئەو سنوور و یاسا و ڕژێمانەدا کە تاکوو ئێستا هەڵبەستی کوردیی شەتەک داوە، وە گۆڕانیش بێ شۆڕش نابێ...

* وەکوو لە مەیموونەوە بووین بە مرۆڤ و لە لالییەوە کەوتینە قسەکردن و زمان داهێنان و لە زەوی دەرچووین و لەسەر مانگ دابەزیین، ئاواش ئەبێ مەیموونی هەڵبەستی کوردی ببێ بە مرۆڤێکی پوخت و تەواو، لەسەر زەویی نەبوون و دواکەتنەوە سەرکەوێتە سەر مانگی پێشکەوتن و بوون و ئامێتەی هەموو ژیان ببێ...

* تاوەکوو ئێستا هیچ هەستیارێکمان نەگەیشتووەتە ئەنجامێک کە بەبێ ترس و ئاوڕدانەوە ئاگری هەڵبەستی خۆی خۆش بکا و هەموو دارستانە ڕزیوەکانی پێ بسووتێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو وایان داناوە و ئێمەش وامان تێ نواڕیون کە نووکی خامەکانیان هەڵبەست ئەڕێژێ و جێی وەستانیان لووتکەیە، هۆی ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هەڵسەنگاندنێکی ڕاستی دوور لە خۆپەرستی و نزمیی پلەی ڕۆشنبیریی خوێنەواری کورد...

هۆنراوە شۆڕشێکە لە پێناوی گۆڕانێکی بنەڕەتیدا... جا ئایا هۆنراوەی کوردی تا ئێستا ئەم دەورەی بینیوە...؟؟؟ نەء. دەسا با بەبێ ترس دان بەوەدا بنێین کە هەرچیمان هەیە تەنها تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتووە، بۆیە ئێمەش کەلەپووری هۆنراوەییمان، بە شێوەیەکی گشتی، بە دواوە ئەدەین و لێی یاخی ئەبین و سزای پشتگوێ خستن و بەرەلاکردنی بەسەردا ئەدەین...

بە لامانەوە گرنگ نییە چۆن وە بۆ کێ ئەنووسیت، تەنها ئەمانەوێ بێ ترس و بێ ئاوڕدانەوە بنووسیت، باوەڕت هەبێ بە نووسینەکەت، هەر نەبێ بتوانی خۆت بدۆزیتەوە لەناو دێڕی هۆنراوەتا...

ئێمە هەموو بەرهەمێکی خۆمان بە تاقیکردنەوەیەکی بچووکی شۆڕشگێڕانە دائەنێین، وە ئێمە (بەرهەممان - بوونمان - ژیانمان - گیانمان) لەناو یاخیبوون و شۆڕش و هەنگاونان و شێتبوون و تووڕەیی و گەڕاندا سەر دەرئەکەین و ئەڕوانینە هەموو گەردوون تێکڕا...

* هەستیاری ڕاستەقینە ئەبێ شارەزاییەکی تەواوی هەبێ لە هەموو ڕۆشنبیریی جیهاندا، وە لە پشکنینی دەروونی خۆیدا بۆ ئەوەی بتوانێ پەیوەندییەک پەیدا بکا لەگەڵ شتەکان و باوەڕی دەروونی خۆیدا، تاوەکوو بتوانێ ئەو وێنەیەمان پێشکەش بکا کە ئەیەوێ...

* هەستیاری ڕاستەقینە کە بیر ئەکاتەوە ئەوەندە سەیر دەرئەکەوێ کە زۆر کەس بە شێتی دائەنێن وە ناگەنە لای سنووری ئەو ئاسمانەی کە تێیدا ئەفڕێ، هەر بۆیەش شتێکی تازە نییە ئەگەر هەڵبەستێک زۆر کەم تێ بگەین...

* بۆ ئەوەی هەڵبەست بنووسین ئەبێ خۆمان بین، تووڕە و یاخی بین، هەموو (ئەمڕۆ)یەکمان پلەیەک بەرزتر بێ و پێشکەوتووتر بێ لە هەموو (دوێنێ)یەکمان...

بانگەواز ناکەین - نانەڕێنین - ناگریین - پرۆژەمان داناوە - هەنگاو ئەنێین - ئەمەش کە ئەیڵێین هەموو شتێ نییە کە ئەمانەوێ بەڵکوو سەرەتایەکە...

ئێمە ئەمانەوێ وشەی کوردی ڕزگار کەین...

ئەمانەوێ بگەین...

ئێوە ئەڵێن چی؟

١٤ی تەمووز ١٩٧١

لەتیف هەڵمەت    ئەنوەر شاکەلی



# دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی

### ئەم سادەڕوخانە

ئەم سادەڕوخانە لە مەلاحەت کە تەمامن
دەورت دەدەن، تەفرە مەخۆ، قەت مەڵی ڕامن
گەه دۆست و وەفادار و گەهێ دوژمنی خونخوار
دڵنەرمێ دەبن گاه و گەهێ سەختکەلامن
عاجز مەبە، نەک بۆ تۆ، وەفایان نییە بۆ کەس،
مەعلوومە کە ئەم تاقمە وەک تاسی حەمامن

### مەطرەقی شێخ ڕەزا

شێخ ڕەزا پیر بووە، ڕووی مەجلیسی یارانی نییە
تاقەتی کەشمەکەش و گەردشی شارانی نییە
دەس بە گۆچان دەگەڕێ ئێستە لەبەر ضەعفی وجوود
مەطرەقە سەرزلەکەی قووەتی جارانی نییە

### ئەولادی ئەم عەصرە

تڕی ئەولادی ئەم عەصرە بە کێرم
کە من مردم مەگەر گوو بکەن بە خێرم

# نیگارکێشان خەونە!

## وتووێژێک لەگەڵ نیگارکێشی کورد ناسری قازیزادە

**ئەنوەری سوڵتانی**

ناسری قازیزادە ڕووبەڕووم دانیشتووە. ساڵانێکی دوورودرێژە دەیناسم. زۆرجاران چوومەتە گەشتی جیهانی تابلۆکانی. بۆ ئەو زانیارییە سنووردارەی لەسەر هونەری نیگارکێشان هەمە، هەر قەرزداری ئەوم.

ئێستا ناسر لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا، هاتۆتە سەردانی لەندەن. کرژی و توندوتیژیی سەردەمی خوێندکاریی لە زانکۆی هونەرەجوانەکانی تارانی بۆ مەندی و ڕێناسی و پسپۆرییەک بەجێ هێشتووە، کە دەبێ بەرهەمی دوانزە ساڵ هەڵمژینی بەرامەی هونەر لە پاریس و هاتوچۆی کۆڕ و کۆمەڵی هونەری و تەواوکردنی ماجستەری هونەر لە سۆربۆن بێت. شارەزاییەکی بەرچاوی لە تیۆرییە هونەرییەکان و مێژووی نیگارکێشانی جیهاندا هەیە، لەوانە گرنگتر، بۆ ڕاگەیاندنی بۆچوون و هەڵوێستی ئازایانەی خۆی لە بواری هونەردا، سڵ لە هیچ ناحەز و بەرهەڵستێک ناکاتەوە. ئەویش لە کۆمەڵگایەکی وەک کوردستان و ئێران، کە تێگەیشتنی ستالینی بۆ هونەر و ئەدەب، تانوپۆی بیری خەڵکەکەی تەنیوە و مۆتەی ڕیالیزمی سۆسیالیستی لە کۆتاییی سەدەی بیستەمیشدا نەفەسی لە هونەرمەندان بڕیوە.

بەڵام ناسری پسپۆر، ئێستاش وەک جاران، ئەویندار و دڵکەیل، هەڵوەدای خواژنی جوانی و ڕەنگە و دڵی جوانپەرستی لە میحرابی هیچ ڕووگەیەکدا، جگە لە نوێژخانەی ئەوین ناچێتە سوژدەوە. خولیای سەردەمی منداڵی و ژیان لەناو سروشت و کۆمەڵگای خەڵکی سەردەشت، ئێستاش لە دڵی ئارەزوومەندیدا، زیندووە و تەنانەت لە تازەترین تابلۆکانیدا، خۆ دەنوێنێ.

شوێنی هونەری ئیمپریسیۆنیستەکان، بەتایبەت پۆڵ گۆگان، بەسەر ژیان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەشیەوە، وەک هونەرەکەی، دیارە، ئەگەرچی ماوەیەکە پێوەندیی لەگەڵ بڕیون و بۆتە هەڵوەدای خەون و خەیاڵ و ئارەزووی دڵی، ئەو شتەی ئەمڕۆ بە سوریالیزم تەعبیر دەکرێ، بەڵام مەلی گیانی بێئارامی لە کۆترخانی ئەو قوتابخانە هونەرییەشدا ئۆقرەی نەگرتووە و بەرەو ڕووگەی هونەری کۆنسێپتواڵ دەفڕێ، هونەرێک، کە مەفهووم و ئیدراکی کردۆتە هاوئامێزی هەست و ئیحساس.

بەگشتی، ناسر لە ئاڵوگۆڕ و بەرەوپێشچووندایە. خۆی دەڵێ: "من ناتەبام! لەگەڵ خۆشمدا یەک ناگرمەوە! ئەوەی ئەمڕۆ بیڵێم، لەوەیە سبەینێ ڕەتی بکەمەوە!" ناتەبایییەکی ئەوتۆ، بۆ زیهنی ساکار و ڕەشوسپی بینی بینەری ئاسایی، خاڵێکی سەلبییە بەڵام هەر ئەو دیالەکتیکە شاراوەیەی ناو بیر و هۆشی هونەرمەندە، کە کەسایەتیی خۆی و ڕێبازە هونەرییەکەی دیاری دەکەن یان لە هونەرمەندێکی دیکەی تایبەت دەکەنەوە.

وتوێژی ناسر و من، نە ئاڵوگۆڕی بۆچوونی دوو پسپۆر، بەڵکە پرسیاری هونەردۆستێکە لە







هونەرمەندێکی کورد، یا پرسیاری قوتابییەک لە مامۆستایەکی پسپۆر. مامۆستا ناسر، لەم وتووێژەدا، ڕوانگەی خۆی بە نیسبەت: هونەر، بەرپرسیارێتیی هونەرمەند، قوتابخانە هونەرییەکان و بەگشتی ژیان و کۆمەڵ و تاقەکەس، ئازایانە دەردەبڕێ و دەڵێ: "من تابلۆکانم بۆ خۆم و بۆ لەززەتی شەخسیم دەکێشم."

با خوێنەریش بێنە ناو وتووێژەکەمان، با هونەرمەند و نیگارکێشانی لاوی کوردستانیش گوێیان لە بۆچوونی هونەرمەندێک بێت کە هیچ ئافەریدگارێک جگە لە هەستی هونەریی خۆی ناناسێ.

پ. نیگارکێشی چییە؟

و. شێوەیەکە لە هونەر. کۆنترین هونەری مرۆڤە. دەچێتەوە سەر ئەشکەوتنشینی. مرۆڤی سەرەتایی، نیگاری دوژمنی خۆی یاخود ڕاوەکەی لە دیواری ئەشکەوتەکەی دەکێشا، بە تیرێک لەسەر دڵیەوە، بەم شێوەیە دەیویست شوێن لەسەر پرۆسێسی ڕاو و کوشتنی دوژمنەکەی دانێ. لەو سەردەمەدا، هونەر لەگەڵ جادووگەری پێوەندی هەبووە. یەکەم شوێنەواری زیهنی هونەریی مرۆڤە. لە درێژەی کارەکەدا، نیگارکێشان ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی تێدا بەدی هاتووە و ئێستا گەیشتۆتە تاڵۆزترین بیچمی خۆی.

ئێستا هونەری کۆنسێپتواڵ،[١] واتە هونەری مەفهومی یا هونەری ئیدراکی باوە، کە تێیدا کۆنسێپت واتە خەیاڵ و مەفهووم و ئیدراک مەترەحە. هەر بۆیەش، زۆربەی خەڵکی ئاسایی، چونکە بە باسەکەوە خۆ خەریک ناکەن، لێی تێ ناگەن. ئەوە لە ئەورووپا و لە وڵاتانی جیهانی سێهەم دەبیندرێ. ئیتر ئەبستراکسیۆن[٢] و ئیمپریسیۆنیسم(٣) و کیووبیسم[٤] و... کۆنن. هونەری ئەمڕۆ هونەری کۆنسێپتواڵە.

پ. هۆی ئاڵۆزیی نیگارکێشان لەچاو هونەرەکانی دیکە، چییە؟

و. هونەرمەند دەبێ پێشڕۆ بێت و لە زەمینەی کاری هونەریدا، لە زەمان و سەردەمی خۆی پێشەوەتر بیر بکاتەوە. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکەکە لەو بیرەی لە نیگارێکدا شاراوەتەوە تێ نەگەن و ئەوە، تەنانەت توێژی ڕۆشنبیرانیش دەگرێتەوە. هونەری نیگارکێشان

پرۆسێسێکی دوورودرێژی بەخۆیەوە دیوە و لە ساکارترین شێوەوە گەیشتۆتە ئاڵۆزترین شێوەی خۆی. سروشتییە بەرزترین شێوەی هەر هونەرێک شێوەی کامڵ و ئاڵۆزی ئەو هونەرەیە. لەڕاستیدا، هەر دیاردەیەک، کاتێ لە توێژی دەرەوەی دەچێتە ناوەکەیەوە، پێویستی بە تێگەیشتن و زانیارییەکی زیاتر هەیە. نموونە لە نووسراوەکانی نووسەری ئێرانی صادق هیدایەت دێنمەوە: بۆچی کوندەبووی کوێر بەرزترین شوێنەواری ئەدەبیی هیدایەتە؟ چونکە نووسەر لەم کارەدا، شوێنی زۆری ئەدەبی هاوچەرخی هەڵگرتووە و شانبەشانی پێشڕۆیانی ئەدەبی جیهانی چۆتە پێشێ و لەڕاستیدا گەیشتووتە ڕادەی هونەرێکی ئاڵۆز، کە تێگەیشتنی لەچاو کارەکانی دیکەی، گەلێک ئەستەمە.

پ. نیگارکێشان بۆ تۆ چ واتایەکی هەیە؟

و. بناغەی ژیانمە. ژیان خۆ خۆی لەخۆیدا ئەستەم و چەتوونە. بەبێ نیگارکێشان، چەتوونتر دەبێت. من بیر لەوە دەکەمەوە ئەوانەی نیگارناکێشن، چۆن دەژین؟

پ. نیگارکێشان چیت دەداتێ؟

و. هەموو شت.

پ. واتایەک بە ژیان؟

و. من بە شێوەیەکی وا بیر دەکەمەوە، بۆیە دەژیم کە نیگار بکێشم، بە پێچەوانەکەی نا!

پ. چیت لە نیگارکێشان دەوێ؟

و. بۆ من، وەک نەفەسکێشانە. چم لە نەفەس دەوێت؟ بەبێ نیگارکێشان، هەست بە بێهوودەیی دەکەم. ژیان، درێژییەکەی گرنگ نییە، قووڵایی و شوێندانانی گرنگە. هونەر دەتوانێ ژیان هەڵگێڕێتەوە. هونەر، دەوری مێژوویی گێڕاوە و ئاڵوگۆڕی لە کوللیەتی جیهان پێکهێناوە: سیاسی، فەرهەنگی و ئابووری.

پ. خۆت بە کەسێک کە ناتناسێ، چۆن دەناسێنی؟

و. سەختە بزانی تۆ کێی! شیکردنەوەیەکی سایکۆلۆژیانەی پێویستە. من خۆم نازانم کێم، ئەوەم کە هەم. دەڵێم مەوجوودێکی لەخۆناڕازیم. تەمەنێکی دوورودرێژم بە بێهوودە بردۆتە سەر. لە کەش و هەوایەکی کۆمەڵایەتیی ئاڵۆز و هەژارانەوە هاتووم. دەگونجا کاری زۆرم بکردایە، دەکرا وا نەبووایەم، نیگەرانی ئەوەم دەورێکی وام بۆ نەگێڕدرێ کە خۆم دەمەوێ.

پ. خۆت سەر بە کامە مەکتەبی هونەریی دەزانی؟

و. زەحمەتە. بەکورتی بڵێم، زانکۆی هونەرەجوانەکانم تەواو کردووە. چوومەتە سەروسۆراغی ڕیالیسمی سۆسیالیستی و ئەوەی کە "هونەر ئاوێنەی ژیانە" و لە پێوەندیی سیاسەتدایە. تا کاتێ لە وڵات هاتمە دەرەوە. لێرە لە فرانسا، بە دیتنی پێشانگەی هونەرمەندان و خوێندنەوەی کتێب و بابەتی هونەری، هەروەها بە هۆی گوێگرتن و بینینی پرۆگرامە هونەرییەکانەوە لە مێدیای فرانسادا و خوێندن لە زانستگای سۆربۆن کاری زۆریان تێکردم. هەستم دەکرد لووتم لە دیوار دراوە.

پ. ڕووخانی سیستەمی سۆسیالیستی کاری تێ کردبووی؟

و. لە پێش ئەوەدا، لە ئێران گەیشتبوومە ئەو ڕاستییەی کە هونەر، پرۆپاگەندە نییە، ئایدیۆلۆژی نییە، بەڵام نەمدەزانی چ بکەم. من لەوێ کاری هونەریم نەدەکرد، کاری پرۆپاگاندەم دەکرد. لێرە، هیچ سنوور و چوارچێوەیەک بۆ هونەر نییە. ئاشنایی لەگەڵ مامۆستایانی زانستگای سۆربۆن گەیاندمیە ئەوەی بڵێم هونەر مەرزی نییە، جوگرافیای نییە، ناوچە و مەملەکەتیشی نییە. دەگەڕام بۆ ئەوەی چارەسەرێک ببینمەوە و خۆم لە دووپاتکردنەوە ڕزگار بکەم. لەساڵی ١٩٨٦دا پێشانگەیەکم لە کتێبخانەی "ژۆرژ پۆمپیدۆ"ی پاریس چاو پێکەوت، هی نیگارکێشێکی ئوتریشی بوو بە نێوی "کلیمت"(٥) پێشانگەکە بەتەواوەتی تووشی گۆڕانکاریی کردم، وەک ئەوەی کارەبا لە لەشم بدەن.

پ. چ شتێکی پێشانگەکە تۆی بەرەو خۆی کێشا؟

و. دەگەڕام بۆ چارەسەر، بۆ ڕێگاچارەیەک. چاوم بۆ ئەبستراکسیۆن نەدەگێڕا. ئەو شێوەیە بەرەو خۆی نەدەکێشام، نەک خراپ بێت، بەڵام ئەوە نەبوو من بۆی دەگەڕام. فیگوراسیۆنیش بۆ من هەر کۆن بوو. شتێکم دەویست لەنێوان ئەو دووانەدا: مۆدێرن بێت، فیگوراسیۆنیش بێت، بەڵام ئاکادیمیزم(٦) نەبێت، ئەبستراکت نەبێت. کاری "کلیمت" بریتی بوو لە فیگوراسیۆنی مۆدێرن. کارەکە، شێوە و ناوەڕۆک و ڕەنگی دەگرتەبەر. بۆ من بوو بە سەکۆی بازدان. لەو کاتە بەدواوە، کارم گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هات. دواتر کاری تۆژینەوە لە سۆربۆن و چاوپێکەوتنی پێشانگەی زیاتر، پاڵی پێوەنام شوێن لە هونەرمەندانی پشتر هەڵبگرم و ئەمجا وردە وردە لێیان جیا ببمەوە، ڕێگایەکی سەربەخۆ بگرمە بەر.

پ. لە سۆربۆن چیت خوێند؟

و. هونەری تجسمی. مێتریس و DOAم وەرگرتووە، خەریکی تەواوکردنی تێزی دۆکتۆراکەمم.

پ. باسی شوێنهەڵگرتنت کرد. شوێنی کام شێوە، کام نیگارکێشی ناسراوت لەسەرە؟

و. دوای ئەکادیمیسی ئیحساساتی (ڕیالیزمی سۆسیالیستی) ئەمپریسیۆنیزم شوێنی لەسەر دانام. ئەویش دیاردەیەک بوو، دنیای شڵەژاند و لە هەموو بەشێکی ژیاندا خۆی نیشاندا، شۆڕشێکی هونەری بوو. بۆ نموونە: پۆڵ گۆگان و ڤان گۆگ. من لە هەندێک لەو کەسانە شێوە و، لە هەندێکیان ڕەنگم وەرگرت. پاشان شوێنم لە ئێکسپریسیۆنیستەکانی(٧) ئەڵمانیا وەرگرت بۆ نموونە: مۆش. دواتر سوریالیستەکان(٨) بوون. مانیفێستی سوریالیزم کە ئەندرێ بریتۆن و پۆڵ ڤالیری و پۆڵ ئێلوار و بەگشتی تاقمی سوریالیستەکان ڕایانگەیاند، شوێنی لەسەر دانام. بەگشتی، ئیدە و بیرۆکەی سوریالیستی زۆری بەرەو خۆی کێشام. دەرەنگتر، سەردەمێکی تایبەتی کاری پیکاسۆ "سەردەمی شین" و کیووبیسم کاریان تێ کردم. هەر چۆنێک بێت، من جیاوازیی خۆم لەگەڵ ئەو کەسانەدا، نیشانداوە. ئەمڕۆ، لام وایە کاریگەریی ئەوانم لەسەر نەمابێ. ئەمڕۆ تەرکیبێکم، ئاوێتەیەکم لەوانە و خۆم.

پ. لەو شتە ئاوێتەکراوە، بەشی زۆری خۆتی؟

و. کەسێک کە کاری من دەبینێ، دەزانێ کاری منە، هی منە و لەو کەسانە جیاوازە، تایبەت بە منە.

پ. لەو تایبەتبوونەدا، کێ گرنگە؟

و. خۆم. بەڵام بە هۆی کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی ئەوانەوە بوو، دەرەتانم پەیداکرد، خۆم دەرببڕم. لێرە، لە ئەورووپا، توانیم پەی بە سەرچاوەی ئەو کارانە ببەم. بۆ من، مەسەلەی ناسنامە گرنگە. من ناسنامەم هەیە، بۆ نموونە: ڕەنگ، فۆرم، تێم، ئەوانە لە شوێنێکی دیکەوە هاتوون، لە منداڵیی منەوە سەرچاوەیان گرتووە، لەو سەردەمانەوە لەگەڵم هاتوون. بیریان لێ ناکەمەوە، بۆ خۆیان دێن. "ئێلیمانت"ەکانم، ئەسپ، فەرشن، کۆترن، ژن، کانی، کچ، سەرچاوە، کێو، ڕووبار، جاجم، بەڕە، هەژاری و دەربەدەری... ڕەگوڕیشەیان ئەوانەن، من نایانناسم، ڕیشەی کارەکانمن، لەخوێنمدان، لێم جیانابنەوە، ئەوان نەبن نازانم دەبێ چی دروست بکەم. هەرچی دەیکێشم، ئەوانەی تێدان، ئەگەر ژنێکی ڕووتیش بکێشم، بەهانەیە. من بیری خۆم بەو شێوەیە دەردەبڕم، ئەسپیش بەهانەیە، کۆتریش. من بیری خۆم تەرح دەکەم. بیرەکەم ڕەنگە بە کێشانی فنجانێک دەرببڕم. قسەکەم بە هۆی ئەو فنجانەوە ڕادەگەیەنم بەڵام نیازم فنجانەکە نییە، پێشکەشکردنی فنجان نییە. لەوانەیە ئەو فۆرمەی قسەی پێ دەکەم، بتوانێ هەموو شتێک بێت. کۆنسێپت، بزووتنەوەیەکی زیهنییە، جووڵانەوەیەکی فیکرییە. میزانسێن کۆنسێپتە، ترانسپاران کۆنسێپتە،

فۆرماسیۆنی کۆیلەداری کۆنسێپتە. هونەرمەندێک بینایەکی لە کاشی و مەڕمەڕ دروست کرد، چەند قات بوو، چەندین ژووری هەبوو، ئەمجا سەرلەبەر هەموو بیناکەی ڕووخاند و کاشی و خشت و مەڕمەڕەکەی کردە نێو چەندین گوڵدانەوە و بە ڕیز داینان. گوتی: من ژیانێکی تازە دەدەم بەو بینایە. نیگارکێشان ئیتر دیکۆراتیف نییە. دیکۆراسیۆن هونەر دەکوژێ. نیگارکێشی ئیتالیایی بە ناوی ماندێنی گووی خۆی کردبووە قوتووی کۆنسێرڤەوە و دایانبوو خەڵک بیانبینێ، هەر قوتووی بە ٥٠٠ هەزار فرانک فرۆشرا، هەموو ڕەخنەگرانی هونەری ئەورووپا بابەتیان لەسەر نووسی، قسەکەی ئەوە بوو دەیگوت: بۆ ئەوەی مەفهوومێک ڕابگەیەنم، قسەیەک بکەم، بۆچی دەبێ شکڵەکەیش جوان بێت؟ گرنگ واتای قسەکەمە. ئێمە بۆچی دەبێ لە فۆرمی جوان بۆ قسە و مەفهوومی جوان کەڵک وەربگرین؟ ماندێنی، بە هۆی قوتووی کۆنسێرڤەکانەوە (کۆمەڵگای مەسرەف)ی خستبووە بەر هێرشکاریی خۆی. دەیگوت: ئەوەی لە قوتووەکاندایە، ماددەی سەرەکییە، یەکەمین بەرهەمی مرۆڤە.

پ. ئەوەی گوتت ئەسپ و فنجان، بەهانەن. لە هونەری کۆنسێپتواڵدا دیاردەیەکی سەرەکییە. بەڵام تۆ بە هۆی ئەو بیانووانەوە، زیاتر چی دەردەخەی؟ دەردێک؟ خەمێک؟

و. بەڵێ.

پ. چیی دیکە؟

و. جیهان بینینە، تێگەیشتنە و ئەوانەش لە فۆرمێکی نوێدا دەردەبردرێن. هەستی من بە نیسبەت مرۆڤایەتییەوە. هەرچی ئێمە دەیکەین، سەرەتا بۆ خۆمانە، ئەمجا بۆ مرۆڤایەتی، سەرەتا بۆ خۆم و نیاز و خۆشی و خواستی خۆم، پاشان بۆ مرۆڤایەتی. ئەوە بۆ من گرنگە هونەرمەند لەگەڵ خۆی و خەڵک ڕاست بێت، ئەوەی لەدڵیدایە بیدرکێنێ. بۆ پێخۆشی ئەم و ئەو قسە نەکات و ئاڵای درۆ هەڵنەگرێ. من وەختێ کار ناکەم، شێت دەبم. ئەوە حاڵەتێکی فەردییە، بۆ خاتری هیچ کەس نییە، جگە لە خۆم. من ئەگەر لەززەت لەو کارە نەبینم، نایکەم. بۆ خاتری هیچ کەس ئامادە نیم هێڵێک لەسەر کاغەز بکێشم. هیوادارم بێئیحترامی نەبێ بۆ کەسێک، ئەوە ڕاستەقینەی هونەرە، هونەر ئەگەر وا نەبێ، درۆیە، دیماگۆژییە، فریودانە، خۆگەورەکردنە. دەبێ خەڵک تۆیان وا قەبووڵ بێت کە هەیت، نابێ خۆت بگۆڕێ. خەڵک بە بەرد دەکەوتنە شوێن ڤان گۆگ و دەیانگوت: ئەوەتا شێتەکە دەرکەوت! بەڵام مێژوو سەلماندی کە حەق بەو بوو، نەک بە بەردهاوێژەکان. داهاتوو بۆ کەس ڕوون نییە.

پ. هونەرت لە چ سەرچاوەگەلێک هەڵدەقوڵێ؟

و. من ناتەبام! پڕم لە تناقض. وا هەیە ئەوەی ئەمڕۆ دەیڵێم، سبەینێ ڕەتی دەکەمەوە. ڕێکوپێک نیم، ناتەبام. ئەوەش نییە ڕاست نەکەم، هەر وام. خۆشم جاری وا هەیە سەرم سووڕدەمێنێ. ڕیشەی کارەکانم بیرەوەریی فەردی – کۆمەڵایەتیی سەردەمی منداڵیمە، ساڵانی نێوان ٧ ساڵان و ١٤،١٣ ساڵان. لەو دەمانەدا، لە سەردەشت ژیاوم. کۆڵان و گەڕەک و باخ و کێو و ڕووبار و... لە قووڵاییی وجودمدا نەقشیان بەستووە. بەشێکیش ئەو شتانەن وا ئەمڕۆ لە دەوربەرمدا هەن.

پ. وەک چی؟

و. هەموو شتێک.

پ. زیاتر چی؟

و. بچمە پارکێک، ڕەنگی سەوزی کارەکانم زیاتر دەبن. هەر ئەمڕۆ لە ناوچەی کینگستۆنی لەندەن کچێکی جوانم دیت، ئەگەر ڕەنگم پێ بووایە، نیگاریم دەکێشا.

پ. ئایا ئەو دوو دیاردەیە: ڕابوردووی سەردەشت و منداڵیت لەگەڵ ئێستای ژیان و دەوروبەر، لە کارەکانتدا



نیگارکێشان خەونە!

ئاوێتە دەبن؟

و. کاری من شتێکە لەنێوان ڕاستەقینە و خەیاڵدا. من بە هۆی ئەو تەصویرە زیهنی ـ واقیعییەوە، مەسەلەیەک بەیان دەکەم. لەوەیە ئەسپ و کۆتر و...ی ناو نیگارەکانم، کچ یا پیاوێکی کورد بن لە زیهنمدا. واقیع لەوێدایە، لە زیهنمدا، هەر بۆیەش، چاو لە شتێک ناکەم بیکێشمەوە. شتەکە لە زیهنمدایە. تۆ ئەگەر موشکیلەیەکت نەبێت، چ بەیان دەکەی؟ چ دەردەبڕی؟ من هەمە! هەمە و قسە دەکەم، هەمە و نیگار دەکێشم. بەڵام لەنێوان واقیع و خەیاڵدام. هەندێ شت دەخوڵقێنم کە لەسەر زەوی نییە. نیگار، ڕوونکردنەوەی بۆ نییە. چاولێکردنە، بینینە. من ئەم جیهانە، بە هەستیاری و حەساسیەتی خۆم تەفسیر دەکەم، نەک بە کۆپی هەڵگرتن و لاساییکردنەوە. نیگارەکانی من، چەشنە تەفسیرێکی ئەم جیهانەن، بەڵام بەو فۆرمانەی کە خۆم هەڵیاندەبژێرم. تەفسیرەکانم بەتەواوەتی شەخسین، ئەگەر لە کاری کەسێکی دیکەش بچێت، لە کۆتاییدا، جیاوازیی زۆرە. تابلۆیەک ئەمڕۆ بکێشم، ئەگەر سبەینێ کۆپیی بکەم، نابێتەوە ئەوی دوێنێ، چ بگا بەوەی لەژێر کاریگەریی کەسێکی دیکەدا بم و کاری وەک ئەو بکەم.

پ. تۆ، چیت بە هونەری جیهان بەخشیوە؟

و. هەر شوێنەوارێکی هونەری، خوڵقاندنێکی جیهانە. ئەگەر شتێکم وەرگرتووە، شتێکیشم بەخشیوە. نەمویستووە ئەو بەخششە بکەم. کارەکەم، نیازێکی شەخسییە، ئەگەر هات، دەبێ بیکەم. هەموو ئەسەرێکی هونەری، زیادکردنێکە لە جیهان.

پ. پێت خۆش بوو کامە نیگارکێشی ناسراوی ئەم جیهانە بووایەی؟

و. هەر خۆم.

پ. بۆچی؟

و. منیش دەوری خۆم هەیە، سەداقەتم هەیە. باوەڕم بەو دەورەی خۆم هەیە، هەر بۆیەش دەیگێڕم و ڕۆژێکیش جێگەی خۆم پەیدا دەکەم. ئەزموونیشم زۆرە. ڕابوردووم خوێندۆتەوە، تا ئەو جێیەی بۆم گونجاوە.

پ. پەیوەندیی هونەر لەگەڵ مرۆڤ، چۆن لێک دەدەیتەوە؟

و. هونەر، بەرزترین شێوەی دەربڕینی مرۆڤە. مرۆڤ بەبێ هونەر ڕابوردوو و داهاتووی دیار نییە. مرۆڤ کە (متعالی) بوو، هونەر دەخوڵقێنێ.

پ. لە خزمەت مرۆڤدایە؟

و. ڕەنگدانەوەی فیکری و زیهنیی مرۆڤە. بەشێکی گەورەی شارستانیەتی مرۆڤ و فەرهەنگی مرۆڤە. بۆ مرۆڤایەتییە. ئایا دەتوانین بڵێین لە خزمەت مرۆڤدایە؟ مرۆڤ بەبێ هونەر، دەمرێ.

پ. لەگەڵ بەرپرسیارێتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هونەرمەند و بەگشتی هونەر، چۆنی؟

و. هونەرمەند لە بەرانبەر مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا بەرپرسە، بەڵام نەک بە شێوەی پەیمانی سیاسی بەرانبەر بە ڕێکخراوە و حیزب. ئەوە دەیبەستێتەوە. هونەرمەند، هی چینێکی تایبەت نییە، هی هەموو کەسێکە. مەگەر هونەرمەندێک مەسەلەی ئایدیۆلۆژیکی یان موشکیلەی سیاسیی هەبێت. بەڵام من وا نیم.


پ. پێشتریش نەبووی؟

و. بووم، بەڵام ئیتر ئامادە نیم لە خزمەتی ڕێکخراوەیەکی سیاسیدا بم. تەنانەت ناوچەیەکی جوگرافیاییش ڕەت دەکەمەوە. هونەری ئیسپانی و فرانسی و کوردی و... نییە. ئاسەوارێکی هونەری دەتوانێ لە کوردستان دروست بکرێت و لە ژاپۆن سەر دەربێنێ و پێچەوانەکەش. بەڵام، دەتوانێ ڕەنگ و بۆن و ئەسڵییەتی خۆی بپارێزێ. هونەرمەندی کورد هەیە، ئیسپانیش هەیە، بەڵام هونەری کوردی ئیسپانی نییە.

نیگارکێشان نابێ تێکەڵ بە شتی دیکە بکرێ، نابێ ئاوێتەی ئەدەبیات بکرێ. ئەدەب، هونەرێکی سەربەستە. تێکەڵبوونی بە نیگارکێشان، هەردووکیان لە بەین دەبات. پەیوەندییان دەکرێ ببێت، بەڵام نەک تێکەڵی یەکتر بکرێن.

پ. ناتوانن تەواوکەری یەکتر بن؟

و. هەر کام دەبێ سەربەخۆ بمێنێتەوە. هیچیان ئەوی تر لە بەین نەبا. خوێندنەوەی کتێب، دەتوانێ زانیاریی هونەرمەندی بباتە پێشێ. سینەما و شانۆ و مۆسیقا و... بە هەمان شێوە.



پ. ئەی ئیلوستراسیۆن چییە؟

و. بیرەکەی هی کەسێکی دیکەیە و من بەرێوەم بردووە، من بوومەتە تەکنیسیەن. لەکاتێکدا شوێنەواری هونەری، تاقانەیە و دەبوو لە منەوە سەرچاوەی بگرتایە. من دەتوانم شوێن لە ئەدەب هەڵبگرم و ئەم شوێنهەڵگرتنە لە کارەکەمدا نیشان بدەم. بەڵام هەرگیز نابێ شیعری کەسێکی دیکە بکەم بە نیگار.

پ. ئەگەر لەگەڵ موشکیلەی ڕۆحی تۆدا، وەک هۆیەکی سەرەکی خولقاندنی هونەر، یەکی گرتەوە، چی؟

و. دیسانەکە لەگەڵ ئیلۆستراسیۆنەکەی نیم، چون نیگارکێشان دەکەوێتە خزمەتی شیعرەوە. ئێلێمانتەکان هی شاعیر دەبن، نەک هی نیگارکێش. لە کاتێکدا گۆرانیبێژ گرنگە، نەک گۆرانی! من گۆرانییەکی حەسەن زیرەک بڵێمەوە، کەس گوێم ناداتێ. لە کاتێکدا گۆرانییەکە هەواکەی، مۆسیقا و شیعرەکەی هەمانن. مەسەلە ئەوەیە: من، حەسەن زیرەک نیم!

پ. بۆچی ناتوانی بیری شاعیریش وەک دیاردەیەکی دەرەوەیی ببینی و هەستی پێ بکەی، ئەمجا بیخولقێنی؟

و. شاعیریش کارەکەی من دەکات. شتێک دەبینێ، سەرنجی ڕادەکێشرێ، شوێن هەڵدەگرێ، ئەمجا بە وشە، دەریدەبڕێ. من شت دەبینم و بە نیگار دەریدەبڕم. ئەوە ئاوێتەبوونی هەست و بیرە، بەڵام پێویستە مەسەلەکە، شوێن لەسەر من دابنێ و بۆ من ببێ بە ئێلێمانت. بۆ ئەویش هەر وا. هەر کەس حەساسییەتی تایبەت بە خۆی هەیە. من نامەوێ تەرجەمەی کارەکەی ئەو بکەم، لە تەرجەمەدا، زۆر شت لە دەست دەچن.



نیگارکێشان خەونە!

پ. لەگەڵ ئەزموونی هەندێ هونەرمەند دەڵێی چی، کە دەبنە هونەرمەندی حیزب و ڕێکخراوەیەکی تایبەت؟ شێرکۆ بێکەس لە کوردستان و سیاوش کەسرایی لە ئێران، نموونەن.!

و. من کاری هونەریی بۆ وەزارەت و بۆ پاداشوەرگرتن ناکەم. بۆ هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسیشی ناکەم، تەنیا بۆ خۆم نەبێت. هیچ شتێکی دیکەم لا گرنگ نییە. من ئەوە دەدەمە دواوە کە هونەرمەند بکەوێتە خزمەتی ڕێکخراوەیەکی سیاسییەوە.

پ. پێشتر گوتت: "ئامادە نیم لە خزمەتی ناوچەیەکی جوگرافیاییدا بم." با لەو قسەیە هەندێ ورد ببینەوە. تۆ پەیوەندییەکی زۆرت لەگەڵ سەردەمی منداڵیتدا هەیە، ئەو منداڵییە، لە جوگرافیایەکی تایبەتدا بووە و هەر لەوێشدا واتا دەکرێتەوە. ئەو جوگرافیایە، سەردەشت و سەقزە بەگشتی. ئەوانیش بەشێکن لە کوردستان. پەیوەندیت لەگەڵ مەفهومێکی گشتیتر، کە کوردستان بێت چییە؟ کوردستان چ مەفهوومێکی بۆت هەیە؟

و. وڵاتمە، بەڵام بە شێوەی مەجبووری کار لەسەر کوردستان ناکەم. شتەکە، بۆ خۆی دێت. زەختم دەخاتە سەر و لە کارەکانمدا دەردەکەوێت. جوانییش هەر وایە، دەردیش، نابەرانبەریش. ئەوانە، وا هەیە مەسەلەی جیهانی بن، بەڵام بۆ من فەردین، شوێنم لەسەر دادەنێن. کوردستان، مەسەلەی منە، بەڵام حیزبە سیاسییەکان نین. کوردستان، مەجمووعەیە، من نایکەمە بیانوو بۆ دەرکەوتن و سەرهەڵدانم، چون مەسەلەی کوردستان، مەسەلەی ڕۆژە، منیش بچم خۆی پێوە هەڵواسم! نا. من گۆشەیەکی ئەم جیهانە کە پاریسە، هەڵمبژاردووە و تیایا نیشتەجێم. شەو و ڕۆژ کار دەکەم. هەر کاتێ دڵم بیەوێ. هیچ بۆم گرنگ نییە خەڵک ئەو کارانەم دەبینن یان نا، دەیکڕن یان نا، چۆن بیر دەکەنەوە. من کاری خۆم دەکەم و جگە لە نیگارکێشان هیچ کارێکی دیکەم لە دەست نایەت. من هونەری ناوچەیی ناناسم. مەسەلەی مرۆڤ مەترەحە. بەڵام کارەکەم، شەهادەتی سەردەم و دەورانی منە، شوێنی چەرخی منیان بەسەرەوە دیارە. کوردم، لە کوردستانەوە هاتووم، لێرە زەختم لەسەرە، هەلومەرجی دووریی خۆشەویستان و... شوێنیان لەسەر داناوم، کارەکەشم ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو شتانەیە.

پ. پەیوەندیی نێوان کوردستانیبوون و ئێرانیبوون چۆن دەبینی؟

و. پێم خۆش بوو ناسنامەی کوردیم هەبووایە و بەشانازییەوە بە خەڵکم ڕاگەیاندایە. خۆم بە کورد دەزانم.

پ. بیروبڕوای چینایەتیت هەیە؟

و. لە باری سیاسیەوە دەڵێی؟

پ. فەلسەفی ـ سیاسی!

و. چین، وجوودی هەیە. لە باری سیاسییەوە ئاگاداری ئەو جیاوازییانەم، بەڵام کارەکەم ناتوانێ چینایەتی بێت. کاری من، چین تێک دەشکێنێ. بۆ هەموو کەسێکە: ئەورووپایی، ئاسیایی، ئەفریقایی... مرۆڤ بە هەموو مەفهوومێکی مرۆڤایەتییەوە.

پ. ژیانی ئاوارەیی شوێنی لەسەر خۆت و لەرێی تۆوە لەسەر هونەرەکەت داناوە؟

و. من لە تارانیش بووم هەر هەستم بە غەریبی دەکرد. لێرەش هەر وام. بۆ دڵی خۆم کار دەکەم. لەسەر بناغەی ئەزموون و خوێندنەوەی مێژووی نیگارکێشی لە ٢٠٠ ساڵی ڕابوردوودا، ئەم قسانە دەکەم. ئەوانە، ڕاستەقینەی وجوودی هونەرمەندن. بڕوام بە کاری خۆم هەیە. لەزەتی شەخسیم بەلاوە گرنگە. من هیچ کاتێ، لە ژیانی خۆمدا، هەستم نەکردووە لەسەر خاکی خۆمم. هەمیشە غەریب بووم.

پ. تابلۆیەک چۆن دەخولقێ؟

و. نیگارکێشان وەک خەونە. دەبێ بێت. بانگت دەکات. ئەگەر نەهات و بانگی نەکردی، دونیا بەیەکدا دەی، نایەت. کاتێ دێت هەموو وجوودم دادەگرێت، پرم دەکات، دەست بە کار دەکەم. هیچ بیرکردنەوەیەکم بۆ نامێنێ. زیهنم ڕەها دەکەم. هێزەکانی دەروونم ئازاد دەکەم. زیهنم دەست بە کار دەبێت، ڕەسمی ئەو شتە زیهنییە هەڵدەگرم، دوایی مێتریزەی دەکەم. بیر لەوە ناکەمەوە دەبێ چی بکەم. دوایی، کاتێ تەواو بوو، شتێک دەخولقێ کە جاری وا هەیە خۆم سەرم سووڕ دەمێنێ، سەرسام دەبم. کاتێ باسی ناتەبایی و (تناقض) لە خۆمدا دەکەم، دەبێ بڵێم هەمان ئەو شتانە لە کارەکەشمدا هەن. تابلۆی من، مرۆڤی داماوی ئەمڕۆیە. هی ئەم سەردەمە. هی بۆسنیا، هی ئێرلاندە، هی کوردستان، یا تەنانەت هی مرۆڤی داماوی پاریسی. بەڵام ڕەنگەکانم شادن، زیندوون، لەگەڵ ئەو شتەدا، یەک ناگرنەوە. کاری هونەری پێویستی بە سەداقەتی موتڵەق هەیە. بە خوێندنەوە و وردبوونەوەی قووڵ. هی ڕابوردوو و ئێستا. دەبێ دیاردەکان ببینی، هەڵیانسەنگێنی. دەبێ خواردنی فیکریت هەبێت. پێویستت بە فەلسەفە، بە زانست، بە بیر و خەیاڵە. دەبێ کەڵک لەوانە هەموویان وەرگری. کەسێ بیەوێ تابلۆیەک لە نەبوونەوە بێنێتە بوون، پێویستی بە بیر، بە ناسینی کۆمەڵ، بە فیزیک (نوور)، شێمی (چۆنیەتیی ڕەنگ) و فەلسەفە هەیە. هەموو ئەوانە پێکەوە لە کار دان. کاری هونەری پایەی فەلسەفیی دەوێت، فیداکاری و لەخۆبووردنی دەوێت. هێزی مێشک و فیزیکی دەوێت.



پ. ئایا بایەخی هەموو ئەو زەمینە و هۆیانە بەرانبەرە؟

و. هونەر، پێکهاتنی بیر و خەیاڵە. بیر، واتە فەلسەفە و جیهانبینی و زانست. خەیاڵیش دەوری خولقێنەری هەیە. بیر دەتباتە قووڵاییەوە. هەمان مەجمووعە، سەرلەنوێ سەرهەڵدەدەنەوە. ئایا دەکرێ کارێکی هونەری بناغەی فەلسەفی نەبێت؟ کۆمەڵناسانە نەبێت؟ نا! هەستی ڕۆحی و تەنانەت فیزیکیی خەڵک لە یەک جیاوازە. کەیفییەتی هونەری گەلێک گرنگە. بیری جوان، کەیفییەتی باشی دەوێ.

پ. کەیفییەت چییە؟

و. کەیفییەت شوێنەوارێکی هونەری لە زاتی خۆیدایە. بایەخی ئاڵتوون لە خۆیدایە، بەوە نییە چیی لەسەر





نووسراوە. کاری هونەرییش هەروایە. ئەوەی گرنگە، کەیفییەت و بیری شاراوەی ناویەتی. هونەرێکی بەرز، کەیفییەتی فیکری و تەکنیکی هەردووکیانی تێدایە. پێچەوانەکەشی ڕاستە. شێوە و ناوەڕۆک، هەردووکیان گرنگن. دەبێ جیددی وەربگیرێن.

پ. چەندت ئاشنایی لەگەڵ نیگارکێشی ئەمڕۆ لە کوردستان هەیە؟

و. نیگارکێشی کوردستانی واتای نییە. ئەوەی لە کوردستان دەکرێ جیاواز نییە لەوەی لە ئیسپانیا دەکرێ. ئەو کوردێک دەکێشێت، ئەمیان قەرەجێک. من هیچ ئاگام لەو کارانە نییە لە کوردستان دەکرێن. نیگارکێشان، بێسنوورە. هونەری هاوچەرخ لە فرانسا، ئینگلستان و... هاوکات دەئاژۆن. ئێمە ئەمڕۆ ئیتر ناتوانین هونەری ئەمپریسیۆنیسم مەترەح بکەین یا ئێکسپرێسیۆنیزم. دەبێ هونەری ئەمڕۆ بناسین، ئەوانە کۆن بوون.

پ. لە باری تەکنیک و بەگشتی هەردوو بەشی کەیفییەتەکانەوە چی؟ ئایا جیاوازییان لە هونەری ئەمڕۆی ئەوروپا چییە؟

و. کارەکە، هەر یەکە. تەنیا ئێلێمانتەکان جیاوازن. ناتوانرێ هونەرمەندی ئەوروپایی گەیشتبێتە قۆناغی هونەری کۆنسێپتواڵ، بەڵام لە کوردستان خەریکی هونەری کۆنی ئێکسپرێسیۆنیستی بن. لە کوردستان و لە هەموو شوێنێک، هونەرمەند دەبێ ئاگای لە دوا ئاڵوگۆڕییەکانی هونەر بێت. لەو ڕێبازە بڕواتە پێشێ کە ئەگەر بیەوێ کۆپیی کاری کۆن بکات: ئەمپریسیۆنیستم، کیووبیسم و... ئەوانە ئیتر کۆنن، نەماون. دەبێ لەگەڵ هونەری ئەمڕۆ بچێتە پێشێ و لەوانیش وە پێش کەوێ، باز بدات و وە پێش کەوێ. دەبێ لەگەڵ دونیا حەرەکەت بکەی، نەک ناوچەیی. هەموو دیاردەیەکی ئەم جیهانە لەگەڵ یەکدا پەیوەندییان هەیە.

پ. هونەرمەندانی گەنجی ئێمە چۆن دەتوانن پەیوەندییەکی ئەوتۆیان هەبێت؟

و. زەحمەتە. تەنانەت لێرە، لە ئەوروپاش، مرۆڤی وا هەیە نازانێ لە ٥٠ مەتری خۆیدا، چ ڕادەبرێ. دەبێ بخوێننەوە، وەدوای کەون، کار بکەن بە هەر کەرەسەیەک کە هەیانە شوێنی مەسەلەکان بگرن؛ کتێب، ڕۆژنامە ... دەنا لە تاریکیدا ون دەبن. ڤان گۆگ کاتێ لە هۆڵەندا بوو، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ خەڵک هەبوو، بەڵام ئاگاداری بزووتنەوەی ئەمپرێسیۆنیسم نەبوو کە لە پاریس هاتبووە وجوود. کاتێ هاتە پاریس و لەگەڵ (مۆنێ) و (پیسارۆ) و (لۆترێک) ئاشنا بوو، زانیی کە ڕادەی هونەر شتێکی بەرزترە لەوەی ئەو لە هۆڵەندا دەیکرد، ئەمجا هەموو کارەکانی پێشووی خۆی وەلا نا و لەگەڵ ئەوان کەوت و تا ڕادەیەکیش لەوان کەوتە پێشێ و لای لێدان.

پ. ئایا پرسیارێک هەیە پێت خۆش بوو لێت بکرایە؟

و. نا. من هەوڵ دەدەم هێزەکانی دەروونی خۆم ئازاد بکەم. گەلێک کاری هونەری هەن، کردوومن، بەڵام تێیان ناگەم. زۆر کاری هونەری هەن، بە هەڵکەوت دەخولقێن. هەموو مرۆڤێک توانا و لێهاتوویی نەناسراوی خۆی هەیە. ئەگەر پێشی ئەو لێهاتووییانە بگرێ و خۆی ناچار بکات بەوەی فڵانە کار یان فیسارە کار بکات، ئیتر کارەکەی سەرکەوتوو نابێت. دەبێ ئەو توانایی و لێهاتوویانە بەرەڵڵا کات، ئەمجا هونەر، سەرکەوتوو دەبێت. زۆرجار لەوانەیە خۆت نەناسی و کارەکەت نەزانی، بەڵام ڕەواننا‌سی بزانیت. بۆچی ڕەوانناس بە دایک و باوکان دەڵێ: لێگەڕێن منداڵەکەتان نیگار بکێشێ، هیچی پێ مەڵێن، ڕێنوێنیی مەکەن، ڕێنوێنیی ئێوە، گومڕای دەکات، لە گرێژەنەی دەبات، لێهاتوویی دەروونی منداڵ دەبێ کۆسپی لەبەر نەبێ و هەڵقوڵێ، سەر هەڵبدات. بۆچی دەڵێن: نابێ هونەر قازانجی ماددیی تێدا بێت. من ئەگەر بۆ شەهادەی زانستگا یاخود بۆ خاتری ڕەزای گەل یا هەر شتێکی دیکە نیگار بکێشم، ئەوانە سوود و قازانجن. کاری هونەریی ئەگەر سوود و قازانجی تێدا بەستە نەبوو، بایەخی دەبێت. ئەو

نەتەوەیە، بوونی هەیە کە فەرهەنگی هەبێت. بەبێ کولتوور، نەتەوە دەفەوتێ. بۆ کوردستان، کاری فەرهەنگی گەلێک گرنگە. فەرهەنگ میللەتەکە ڕزگار دەکات.

پ. کاری فەرهەنگی چییە؟

و. کولتوور، شکلّی بەرزی ڕەنگدانەوەی فیکریی مرۆڤە لە قالّبێکی هونەریدا. کولتوور، بریتییە لە زانیاری و ناسیاویی مرۆڤ لە جیهان. نیگارکێشێکی کورد ئەگەر بیەوێ لەجیهاندا مەترەح بێت، دەبێ کاری هونەریی خۆی جددی بگرێ. ئەگەر دوو هەزار کەس بکوژێ ئەوەندەت ڕوو تێ ناکەن، کە کارێکی هونەریی بەرز بکەی. برەوی کولتوور زۆرە، زۆر سنووران تێپەڕ دەکات. پێویستە هونەرمەندانی وڵات یەک بگرن، ئەوە هەنگاوێکە بەرەوپێشەوە: نووسەر، نیگارکێش، مۆسیقار و... ئەوانە دەبێ لەگەڵ یەکتر بن و یارمەتی یەکتر بدەن بۆ ئەوەی زیهنی خۆیان بەهێزتر بکەن. سلڤادۆر دالی لەگەڵ پۆل ئێلوار و پۆل ڤالیریدا دۆست بووە. سیزان لەگەڵ ئێمیل زۆلا دۆستایەتیی نزیکی هەبووە و یارمەتیی فیکریی یەکتریان داوە.

پ. چۆن ژیان واتا دەکەیەوە؟

و. ژیان بۆ من لە پەیوەندی لەگەڵ کارێکدایە کە بایەخی فەرهەنگی هەبێت. ژیان، کورتە و بێواتایە ئەگەر کارێک نەکەین. ڤان گۆگ، تەنیا ١٠ ساڵ نیگاری کێشا، قسەکانی خۆی لەو ١٠ ساڵەدا کرد، کاتێ گەیشتە ٣٨ ساڵی ئیتر خۆی کوشت. قسەی نەمابوو، ژیانیشی نەما.

پ. خەریکی چیت؟

و. مەسەلەیەک کە زیاد لە هەموو شتێکی تر، منی بە خۆیەوە خەریک کردبێ، (مرۆڤ)ە. مرۆڤ بە واتای بەربەرینی وشە، مرۆڤ لە ئەفریقای ڕەشەوە تا چین و هیند، ئەوروپا و ئەمریکا، عەرەبستان، ئوستralیا، کوردستان، ئەرمەنستان و... ئەم مرۆڤە، کۆمەڵێکە بە تایبەتمەندیی هاوبەشەوە و ڕەنگدانەوەی لە زیهن و بیری مندا، خۆی لە قالّبی شێوە و ڕەنگ و پێکهاتەی ئەندازەیی و نائەندازەییدا نیشان دەدات. میحوەری سەرەکیی کاری من، ئەندامی مرۆڤە. بەو شێوەی لە سروشتدا خولّقاوە. ئەندامی مرۆڤ بە هەموو شەڕوشۆڕ و ئێش و ئازار و خەم و شادی و مەیل و لەززەتی دەرەوە و ناوەوە، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. من ڕاز و ڕەمزی نهێنی و دەروونی تەفسیر دەکەم. فۆرمی ئەندامی مرۆڤ بە درێژایی مێژووی هونەر دووپات و دووپات بۆتەوە، بەڵام هیچ کاتێ کۆن نەبووە. نەک هەر کۆنیش نەبووە، بەڵکە تەنانەت بۆتە ئەفسانە. من، ئەفسانەی لەشی مرۆڤ و پەیوەندییە لاوەکییەکانی هەڵدەسەنگێنم و تەفسیری دەکەم. بۆ ئەم کارەم کەڵک لە شێوەیەکی تایبەت، کە چەشنە (ئەبسترە)یەکە وەردەگرم. ئەم شێوەیە تایبەتە، یادگاری خاک و دەشت و کێو و بیابانە. (فۆرم)ەکانم، جۆرێک لە فیگۆراسیۆنی مۆدێرنن، واتە لە ڕاستەقینە وەرگیراون و سەرەڕای ئەوەی (دێفۆرمە) کراون واتە شکڵیانم گۆڕیوە، دیسانەکەش هەر (ڕیالیست) ماونەتەوە. لەم کارەدا، شێوە و ناوەڕۆک هاودەنگن، هەموو هەوڵی منیش ئەوەیە پردێک لە نێوان ئەبستراکسیۆن و فیگۆراسیۆن هەڵبژێرم. من بە شوێن دۆزینەوەی ڕاز و ڕەمز و نهێنییەکانی دەروونی لەشی مرۆڤم، مرۆڤی ئاوارەی ئەسیری دەردەداری ئەم چەرخە. دەمەوێ پەردە لەسەر ئەو نهێنییانە هەڵگرم، لەشی ڕووتوقووت سەرلەنوێ دەخولّقێنمەوە و ئەم خولّقاندنەش بەڕاشکاوی و ڕووهەڵماڵراوییەوە دەکەم، ڕووهەڵماڵراوییەک کە لە قووڵاییی وجوودمەوە، لە دڵمەوە سەرچاوەی گرتووە و بێ سڵکردنەوە، بە یارمەتیی ڕەنگ دەیخەمە سەر پەردەی تابلۆکانم. ئەو کارەشم، پێش هەموو شتێک بۆ لەززەتی شەخسیی خۆمە و ڕەنگدانەوەی خەون و خەیاڵ و جیهانی دەروونی خۆمن، دوای خۆم... کێ دەزانێ؟ وا هەیە جیهانی نەناسراوی من، بە شێوەیەک، جیهانی مرۆڤی ئەسیر و دەردەداری ئەم گڵۆپە وەحشی و بێڕەحم و توندوتیژەش بێت.





پەراوێزەکان

١- هونەری conceptual شێوەیەکی هونەریی هاوچەرخە، کە ئیدیا و بیر دەباتە سەر ڕاستەقینەی ماددیی شوێنەواری هونەری. داهێنەری ئەم شێوەیە، Joseph Kousutn ـە، ١٩٦٨.

٢- هونەری Abstrait، بریتییە لە بزووتنەوەیەکی هونەریی کە لە ساڵی ١٩١٠دا سەرەتای هەڵدا و داهێنەرەکەی Kandinsky ڕووس بوو. ئەم شێوەیە، ئاوێتەیەکە لە هێڵ و شکل و ڕەنگ، کە هەموویان لە بیچمێکی (مجرد)دا تەرح دەکرێن و هیچ شتێکی تایبەت ناخەنە قالّبی فۆرمەوە، بەڵکە ڕاستەقینەی دەرەوەیی شوێن لەسەر جیهانی دەروون و خەیاڵی هونەرمەند دادەنێن.

٣- Impressionnisme بزووتنەوەی هونەریی ساڵانی ١٨٦٠-١٨٨٥ کە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هونەری Academic دا، پچڕاند. شوێنەوارە ئەمپریسیۆنیستییەکان هەموو لە دەرەوەی (نیگارگا) (ئاتۆلیە) و بە تاقە یەک عونسور Element واتە نوور و ڕەنگدانەوەی لە کاتی جیاواز و شوێندانانی لەسەر (مادده)وە، دەخولّقان.

٤- Cubisme بزووتنەوەی هونەری ساڵانی ١٩٠٨ تا ١٩٢٠. ئەم هونەرە لە ئیدە و تیۆری سیزان Cézanne وەرگیراوە و داهێنەرەکەی پیکاسۆ و بڕاک بوون. لەم هونەرەدا، هەموو شتێک لە شێوەی (حەجمی هەندەسی)دا دەبینرێ و هیچ شتێک لە فۆرمی هەندەسی بەدەر نییە. سیزان دەیگوت: پێرسپێکتیف خەتای چاوە، هەموو شتێک، سەطحە.

٥- Gustake Klimt (١٨٦٢-١٩١٨).

٦- Academisme لاساییکردنەوەی بێئەسڵ و بێڕیشەی سیستەم و دابونەریتی سیستماتیزەکراوە.

٧- Expressionnisme بزووتنەوەی هونەری و ئەدەبی ساڵانی ١٩٠٥ و ١٩١٣. لەم شێوازە هونەرییەدا، حاڵەتی دەموچاو، نیشاندەری چەشنە بیرکردنەوە یا چوونە ناوخۆ و دەروونەوەن. پێشڕەوانی ئەم شێوازە (ڤان گۆگ و گۆگان و ئێدوارد مونش) ن. هاوکات لەگەڵ فرانسا، ئەم بزووتنەوەیە، لە ئەڵمانیاش هەبووە.

٨- Surrealisme بزووتنەوەیەکی هونەری و ئەدەبیی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ١٩٠٨-١٩١٤ کە دژ بە هەموو نیزام و یاسای ئاسایی و مەنتیقی وەستا. مانیفێستی سوریالیزم لە ساڵی ١٩٢٤دا لە لایەن ئەندرێ برێتۆنەوە و لەسەر وێرانەکانی بزووتنەوەی دادایستی ڕاگەیێندرا. بناغەی سوریالیزم لەسەر خەون و خەیاڵ و لەززەتی شەخسی و مەیل و خواستی تاقەکەس دانراوە. سوریالیزم، ئازادکردنی هێزە دەروونییەکانە.

## پەنجینار PENCÎNAR

چاپی هەرزان * چاپی هەرزان * چاپی هەرزان * چاپی هەرزان

چاپخانە و پەخشخانەی فەرهەنگی کوردی

* ئیمکانێکی تایبەتی بۆ چاپکردنی کتێبی کوردی

* ئێستا کتێب بە پاژ (قیست)یش چاپ دەکەین، ئەم هەلە لە دەست مەدەن.

* هەموو جۆرە چاپەمەنییەک؛ کتێب، گۆڤار، بەڵاڤۆک، نامیلکە، پاکەتی نامە (زەرف)، کاغەزی نامە و کارت، تا قەبارەی A3 چاپ دەکەین

* کتێبی کۆن چاک دەکەینەوە و دەتوانین هەموو جۆرە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەیەک بەرگ بگرین

ناونیشانی پۆستی: Box 3088
161 03 BROMMA, Sweden

ناونیشانی سەردان: Grundtvigsgatan 25 NB, Blackeberg

تەلەفۆن و فاکس: Tel & Fax: 08- 37 26 01

# شۆڕشی سابلاخ

## عەلائوددین سەججادی

وەکوو لە شوێنەکانی تری ئەم کتێبەدا بۆمان دەرکەوت لە دوای دواییهاتنی شەڕی (١٩١٤- ١٩١٨) بیروباوەڕێکی تر کەوتە دنیاوە، کۆنگرە سیاسییەکان و پەیمانەکانی «سیڤەر» جۆرە شتێکی تریان بە مەردم پێشان ئەدا؛ ئەوەیان پێشان ئەدا کە هەموو قەومێک ئەبێ بە بەشی خۆی بگا و لە دیلی دەرچێ، بە تایبەتی قەومی کورد ئەم دەهۆڵەی بۆ لێ ئەدرا!. کە شەڕی گەورەی دووهەمیش هاتە پێشەوە، شەڕی (١٩٣٩-١٩٤٥) بە پەیمانی "ئەتلەسی" ئەو دەنگ و ئاوازەیە بە شەیپوورێکی تر دیسان بڵاوکرایەوە!.

هەر کە جەنگی پێشوو دوایی‌ی هات قەومی کورد لە هەموو لایەکەوە کەوتە شوێنی دەنگەکە و ماوە بە ماوە لە هەر سووچێکەوە پێشوازیی وەرگرتنی ئەو حەقەیان ئەکرد. بە تەبیعەت ئەم باوەڕە لە وڵاتی «سابڵاخ» بە پوختی بڵاو بووبووەوە؛ لە پاڵەوانەکانی شەڕی پێشوو حوکمەتەکانی ئینگلیز، ڕووس، ئەڵەمان و عوسمانی بوون. ڕووس و عوسمانی هاوسنووری «سابڵاخ» بوون، ئەڵەمان و ئینگلیزیش بە هۆی دووەکەی ترەوە نەوەک هەر لە وڵاتی سابڵاخ بەڵکوو لە هەموو خاکی ئێرانا گەمە و گاڵتەیان ئەکرد!..

پاش کشانەوەی ئەوانە هەر یەکە بۆ وڵاتی خۆیان ـ بەناو! ـ شۆڕشەکانی سمایلاغای «سمکۆ» لە ڕەگ و ڕیشەی سابڵاخ و وڵاتەکانی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و سندوسدا، لەگەڵ شۆڕشەکانی (شێخ مەحموود) لە وڵاتی سولەیمانی، ئەم دووانە ئەوەندەی تر گوێچکەی وڵاتی سابڵاخیان ئەزرنگاندەوە بەوە کە ئەمانە سەربەخۆیی‌ی کوردیان ئەوێ. ئەمانە هەموو ئەوەمان پێشان ئەدەن کە گەلاڵەی بیروباوەڕێک لە وڵاتی سابڵاخا هەر لە دەمێکەوە بوو، کە هەبوو.

کە شەڕی دووەم هات بەسەرا لەبەر ئەوە وڵاتی کوردەواری نەوتی هەبوو؛ ئەو نەوتە کە نەبوونەکەی پشتی ئەڵەمانی دا بە زەوییا، بوو بە چاوەندازی گەلێ لە حکوومەتە گەورەکان، هەریەکە لەم ڕووەوە بەجیا ئەیەویست گەمە و گاڵتە و شۆخی لەگەڵ کورد و کوردەواریدا بکا!..

دیسان هەر بە هۆی شەڕەوە لەملاولەولاوە ئینگلیز و ڕووس ڕژابوونە ئێرانەوە، دۆست بوون بۆ ئەوە ئەڵەمان لەناو بەرن، بەڵام لە پەنامەکیشا هەر دۆست بوون؟!. ئەمە «لۆرانس» و «ئەسەدۆڤ» ئەیزانن، کە لۆرانس لەلایەن ئینگلیزەوە و ئەسەدۆڤ لەلایەن ڕووسەوە بە ناوی کاروباری سیاسەت و بازرگانییەوە بە وڵاتەکانی کوردەواریی ئێرانا ئەگەڕان و هەر یەکەیان بە بێدەنگیی ئەوی کەیان کوردەکانیان بە بارێکا ڕائەکێشا!!..
کوردیش لەبەر دڵسافیی خۆی وە یا لەبەر ناچاریی خۆی، دڵی ئەچوو لە دەنگی خۆش و شوێنی ئەکەوت!.

ئەم دڵسافی و ناچارییە بووە، کە لە هەموو ڕۆژ و لاپەڕەیەکی کورددا تووشی ئەوەی کردوون کە بکەونە شوێن دەنگی دەهۆڵ!. نەوەک ئەوە کە دوژمنەکانی کورد ئەڵێن: کورد پارەپەرست و بێگانەپەرستە، پارەپەرست نییە چونکە وەنەبێ لەو دوژمنانە پارەپەرستتر بێ؛ دوژمنەکانی کورد بۆ پارە هەر شتێکیان هەیە و نییە ئەیدۆڕێنن، کورد لەسەر شەرەف و عەنعەناتی قەومیی خۆی، خۆی ئەدا بە کوشت، نەوەک ئەیفرۆشێ بە پارە.

بێگانەپەرستییەکەیان ڕەنگ بێ ڕاست بێ، بەڵام ئەمەش لەبەر دڵپاکی و لەبەر ناچارییە بە ئەڵهای قەومییەتەوە، ئەو بێگانانە خراپن کە ئەوەندە درۆ لەگەڵ کورد ئەکەن، نەوەک کورد خراپە کە بەهۆی دڵپاکییانەوە بە گوێی ئەوان ئەکەن. تا ئێستە وا بووە بەڵام لە ئێستە بەدوواوە پێویستە کورد خەبەری ببێتەوە و ئیتر بە گوێی کەس نەکا و کۆششی خۆی بۆ خۆی بێ.

لەبەر دوو شت بە گوێی کەس نەکا؛ یەکەم لەبەر ئەوە تا ئێستە کە شوێن تەموورەی خەڵک کەوتووە هیچی نەبەستۆتەوە، با ماوەیەکیش شوێن دەنگی خۆی بکەوێ بزانێ لەم دەرگایەوە چی ئەبێ؟. دووەم با ئەو شوورەیی‌یە کە دوژمنەکانی پێوەی ئەنووسێن و ئەڵێن بێگانەپەرستە، با ئەو پەردەیەش لادا بزانین ئەو وەختە ئەو دوژمنانە چیی تر ئەگرن بە دەستەوە بۆ، لەکەدارکردنی کورد؟!.

******

ئەو دەنگی ئازادی و سەربەخۆیی‌یە کە لە لێواری دیواری دوو شەڕی (١٩١٤ـ١٩١٨ و ١٩٣٩ـ١٩٤٥)ەوە بەرز ئەبۆوە و بەر گوێچکەی کورد ئەکەوت عەینی دەنگیش بوو بەر گوێچکەی ئازربایجان و وڵاتی «ئازربایجان» ئەکەوت. بەتایبەتی لە شەڕی دووهەما گوێچکەی ئەوان زیاتر ئەزرنگێنرایەوە، چونکە ئەوان بە بێپەردە سنووریان نووسابوو بە سنووری ڕووسیاوە، بۆ دەستخستنی نەوتیش دیارییەکی باش بوو!. ئەمە و خۆیشیان هەر لە گەلێ زووترەوە هەستیان بە شتێک کردبوو، بۆیە لە دەورەکانی «قاجاری» دا تەورێز پایتەختی «ولیعهد» بوو، بۆیە لە دەوری ڕەزا شادا



هەموو دەمێک تەورێز و وڵاتی تەورێز لە چەوساندنەوەدا بوون و لە ژێر ئەو چاوێرییەدا بوون کە نەوەک لە ژێر فەرمانی تاران دەرچن و حەو ملیۆن کەسی ئازربایجانی بگەن بە سەربەخۆیی!.

ئەو سەردەمە کە نەیرووەکانی ـ ئینگلیز و ڕووس ـ چووبوونە ئێرانەوە ئەو مەرجەیان دابوو، کە لەگەڵ دواییهاتنی جەنگا هەردوو لا وڵاتی ئێران بەجێ بێڵن. شەڕ وردە وردە خەریکە دوایی‌ی دێت، تاکی تەرازووی سوێنخوارەکان خەریکە قورس ئەبێ. هەردوو نەیروو لە دڵا ناتوانن دانکەنی نەوتی ئەو وڵاتە ببن، لە ڕواڵەتیشا پێیان ناکرێ نەچنە دەرەوە چونکە پەیمان لە بەینایە، ئەم بەو ئەڵێ بچۆرە دەرەوە و ئەویش بەم ئەڵێ بچۆرە دەرەوە!.. لەبەر ئەمە پێویستە هەر یەکەیان بە ناوی شتێکەوە پێ دابگرن!. شتیش لەوە چاکتر دەست ناکەوێ کە دەنگی ئازادی و سەربەخۆیی‌ی قەومەکانی ئەو وڵاتە بڵاو بکرێتەوە!..

«ئیبراهیم حەکیمی ـ حكيم الملك» سەرۆکی وەزارەتی ئێران و «جەنەراڵ ئەرفەع» سەرۆکی ئەرکانی جەنگ بوون، ئەگەر هەر جۆرە بەندوباوێک لەو وڵاتانەدا بڵاوبکرێتەوە وەنەبێ ئەوان بتوانن بەرهەڵستیی بکەن، ئێران نەخۆش بوو، [حكيم الملك] نەخۆشتر بوو!؛ ئەڵێم نەخۆش بوو بەرانبەر بەو شەڕانە و بەو کیشوەرانە ئەگینا خوا هەڵناگرێ لەو ڕۆژانەدا « اسد علی وفی الحروب نعامة !.» وەیا: « شیراند پیش پشه و شغال اند پیش شیر!». ئەم شتانە و ئەم هۆیانە ـ بێجگە لە هۆیە تایبەتییەکانی تر ـ کردیانە کارێ کە لە وڵاتەکانی ئازربایجان و سابڵاخا سەرلەنوێ دەنگێکی تر پەیدا ببێتەوە، بەڵام ئەنجامی دەنگەکە ئەبێ بە قازانجی کێ؟. ئەوە مەبەستی شەیپوورچییەکە نییە!. پەندێکی کوردی هەیە ئەڵێ: «پارەی کفن دەستکەوێ مردوو گۆڕ بە گۆڕ!.». لە هەموو وڵاتی کوردەواریدا نەوت هەیە، هەموو عالەم چاویان لە نەوتە، نەوت و کوردیش یەکێکە ، نەوت دەسکەوێ کورد هەر شتێکی بەسەر دێت با بێت!!.

*****

«سابڵاخ» کە پێی ئەڵێن «مهاباد» کەوتۆتە وڵاتی موکریان و لە ڕۆژاوای خاکی ئێرانایە، پاڵی داوە بە ئازربایجانەوە و نزیکە بە وڵاتی ڕووسیاوە، لە دوو شانیشیەوە کیشوەرەکانی عیراق و تورکیایە، ڕووبارێکی لە پاڵایە، هەر چوار دەوری کێوە و بوون بە شوورەی شارەکە. هەر لە دەورێکی کۆنەوە بە هۆی سنوورەوە شوێنی هەرا و هوریا و ئاژاوە و شۆڕش بووە. دانیشتووانی سابڵاخ بەزەوق و دڵتەڕن، بە تایبەتی سەرچاوەی ئاهەنگ و مەقامەکانی کوردییە.

بەرەی قازییانی سابڵاخ زۆر لە مێژە ناو و ناوبانگیان لە دڵی خەڵکی سابڵاخ و وڵاتی موکریدا جێی خۆی کردۆتەوە، وەکوو بەرەی تورجانییەکان ئەوانیش ئەو ناو و ناوبانگەیان بەو جۆرە هەر هەبووە.

وڵاتی کوردەواری پابەندی دیانەت و ئاشنای مەلایانی زانا و دانا بوون، دەستەی مەلا و عولەما لە هەموو وڵاتی کوردەواریدا پایەیەکیان هەبووە. قازی محەمەد پایە و مەرکەزی باوباپیری و زانایی و زمانزانی و دەسترۆیشتوویی خۆیشی، ئەمانە هەموو پاڵیان پێوە نا کە پیاوێکی بەڕێز بێ لە وڵاتی سابڵاخا. دیسان قازی عەلیی باوکی ـ کە کوڕی میرزا قاسمی کوڕی میرزا ئەحمەدی کوڕی میرزا قاسمی گەورە بوو ـ، ئەویش لە پێشا شوێن ئاگردانێکی بۆ قازی محەمەدی کوڕی دامەزراندبوو. بەتایبەتی کە قازی عەلی لە ١٩٣٨دا کۆچی کرد و قەزاوەت و فتوا گەڕایەوە بۆ سەر قازی محەمەد، ئەوەندەی تر پایەی بەرز بووەوە.

لە ٢٥ی ئاغستۆزی ١٩٤١ کە لەشکری ئینگلیز و ڕووس لەملا و لەولاوە چوونە ئێرانەوە، ئێران لە هەموو لایەکەوە کزی و بێهێزی ڕووی تێ کرد، ڕەزا شا گیرا و برا بۆ وڵاتان.

لە عیراقا حیزبی «هیوا» هەبوو، ئەم حیزبە پەلوپۆیەکی باشی بڵاو کردبووەوە و ناو و ناوبانگی بۆ هەموو لایەکی کوردەواری ڕۆیشتبوو. ئەم حیزبە حیزبێکی کوردی بوو، لە ئەفسەران و سەرۆکی عەشایر و قوتابییان و خوێندەواران چووبوونە ناویەوە. لە ساڵانی ١٩٤٢ـ١٩٤٣ میر حاج ـ کە ئەفسەرێک و یەکێک بوو لە ئەندامە بە کارەکانی هیوا ـ بە ناوی گەڕان و دیدەنییەوە چوو بۆ وڵاتی موکریان بۆ ئەوە بتوانێ تیشکی هیوا بخاتە ئەوێشەوە، هەر جارە کە ئەچوو، بۆن و بەرامەیەکی وای بەرچاو نەئەکەوت کە بتوانێ ڕاستەوڕاست کوانگەیەک بۆ ئەم حیزبە پەیدا بکات.

هەندێ لە گەنجەکانی ئەو وڵاتە ـ کە تا بیست کەسێک ئەبوون ـ لە سابڵاخ بە ناوی (کۆمەڵەی ژ. ک.)ەوە دەستیان دابوو بە ئیشەوە و گۆڤارێکشیان بەو ناوەوە دەرئەکرد. گۆڤارەکە ئەبرا لە تەورێز لە چاپ ئەدرا و لە وڵاتی موکریان بڵاو ئەکرایەوە. ئامانجی کۆمەڵەی ژ. ک. ئەوە بوو کە ژیانی کوردستانی گەورە بێ (١). «میر حاج» لە جاری دواییدا خۆی گەیاند بە ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە و داوای ئەوەی لێ کردن کە دەستی یارمەتی بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکەی خۆی بۆ درێژ کەن، ئەندامانی کۆمەڵە بە جۆرێک هاتنە پێشەوە کە بە هەموو ئاشکراییەک لە یەک تێگەیشتن و لقی حیزبی هیوا لەو وڵاتەدا دامەزرا.

کۆمەڵەی (ژ. ک.) بەرەبەرە پەرەی سەند و دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی نهێنییەکانی دڵی خۆیان و پڕوپاگاندەکردن بۆ ڕزگارکردنی کوردستانی گەورە. کۆمەڵە پەرەی سەند و زیاد بوو. تیپ تیپ خەڵک ئەهاتنە ناویەوە، وای لێ هات پێویستی کەوت بەوە کە سەرۆکێکی دڵسۆزی ناوداری هەبێ. باوەڕی کۆمەڵە هاتە سەر ئەوە کە قازی محەمەد شایانی ئەم سەرۆکییەی هەیە.

قازی کرا بە سەرۆک، هەر بەوە کە ئەو بوو بە سەرۆک کۆمەڵە ئەوەندەی تر پشتیوانی بۆ پەیدا بوو. مەلاکانی وڵاتی موکری لەم ڕووەوە خزمەتێکی گەورەیان کرد، هەر مەلایەک لە گوندەکەی خۆی ئیشێکی وای ئەکرد ئەگەر یەکێک نەچێتە ناو ئەو کۆمەڵەی (ژ . ک.)ەوە ـ کەوا خزمەتی کوردایەتی و ڕزگاربوونی کورد ئەکا ـ ئەمە بە گوناحبارییەکی گەورە ئەژمێررێ.

*****







ڕووسەکان لەولاوە ناوچەی ئازربایجانی ئێرانیان داگیرکردبوو و بە هەموو جۆر دەستیان خستبووە کاروباری ئەو وڵاتەوە. حکوومەتی ئێران لە گیانەڵادا بوو، جەعفەر پیشەوەری ـ کە پیاوێکی بە دیمەن بوو لە وڵاتی ئازربایجان ـ ڕووسەکان بە هەموو جۆر یارییەیان دا حیزبێکی دیمۆکراتی لە وڵاتی ئازربایجان دامەزراند و کەوتە سەر جیاکردنەوە و سەربەخۆییی ئازربایجان!.

لەملاشەوە کۆمەڵەی (ژ . ک.) ناوێکی پەیدا کرد و بە پەرەسەندنێکی تەواو پەرەی سەند. ناوی قازی کەوتە دیواخانە سیاسییەکانەوە، بە هەموو جۆر هاتوچۆ لە بەینی تەورێز و سابڵاخدا پەیدا بوو. ئەفسەران و پیاوانی ڕووس لە تەورێز ـ شوێنی پیشەوەری ـ هەر زۆر زۆر کەوتنە ناوەوە. لەم هاتوچوانەدا [هاتوچۆیانەدا] پیشەوەری دەنگی بەرزبوونەوەی کۆمەڵەی (ژ . ک.)ی کوردی لەم بندەستەوە بۆ خۆی بە زیان هاتە بەرچاو ئەگەر لەگەڵی نەبێ!.

لەم کارەساتە ڕووسەکان تێگەیشتن. ئەمجا قازییان بە سەرۆکیی لێژنەیەک لە عەلی ڕەیحانی و قاسمی حاجی بایزاغا و چەند کەسێکی تر بە بانگێشتن بانگ کرد بۆ باکۆ بۆ لای جەعفەر باگرۆڤ. لێژنە لە تشرینی دووەمی ١٩٤٥دا چوو بۆ باکۆ و لەگەڵ جەعفەر باگرۆڤ لە ماوەی مانەوەی حەفتەیەکدا لەوێ هەموو جۆرە قسە و باسێکیان بڕییەوە و بڕیار وا درا کە کۆمەڵەی (ژ . ک.) ببێ بە (دیموکراتی کوردستان) و لەگەڵ حیزبی دیموکراتی پیشەوەریدا بۆ وەرگرتنی حەقی خۆیان ببن بە هاودەنگ.

لەپاش گەڕانەوەی لیژنە بۆ سابڵاخ هەموو ئەهلی شار و سەرۆکی عەشایرەکان و حەشاماتی وڵاتی موکریان بە بانگێشتنێکی ڕەسمی لە ئاخری تشرینی دووەمی ١٩٤٥دا بانگ کرد و لەو کۆمەڵەدا کۆمەڵەی (ژ . ک.) ناو نرایە (کۆمەڵەی دیموکراتی کوردستان).

ئەم ناوە و ئەم دەنگە لە هەموو ئەو وڵاتانەدا بڵاوبووەوە و وردە وردە عەشایەرەکانی ئەو ناوە وەکوو پوورەی هەنگ لە دەوری ـ قازی و سابڵاخ ـ کۆبوونەوە و هیوایەکی گەلێ بەرز کەوتە ناو کوردەوە. بە تایبەتی دەستەی مەلا مستەفای بەرزانی و بەزانییەکان ـ کە ڕوویان کردبووە سابڵاخ ـ ئەوەندەی تر هیوا و ئومێدی دابوو بە هەموو لایەک. بە هەردوو لاوە بەرەبەرە خەریکی بڵاوکردنەوەی دەنگی کورد و سەربەخۆییی کورد بوون لە وڵاتەکانی موکریان و بانە و سەقز و فەیزوڵڵا بەگیدا.

لەو ڕۆژانەدا چوونی (مەلا) و بەرزانییەکان بۆ ئێران بێجگە لەوە کە هێزێکی گەورە بوون، بۆ حکوومەتی کوردستان، ترسێکیشی خستە سیاسەتی تارانەوە!. چونکە لەولاوە ئازربایجان و لەملاوە سابڵاخ لەم کاتەدا سەریان ڕاست کردۆتەوە و ئەیانەوێ خۆیان لە حکوومەتی تاران دابپچڕن، گومانی تێدا نییە کە چوونی مەلا مستەفا لەم وەختە ناهەموارەدا ـ بەرانبەر بە تاران ـ شل وشێواوییەک پەیدا ئەکا. حکوومەتی تاران بۆ گیرسانەوەی ئەم لێشاوە، چارێکی نەدۆزییەوە ئەوە نەبێ کە بنووسێ بۆ ـ ئامر فەوجی ـ سەردەشت سەرهەنگ پزیشکیان بەهەر جۆر بێت مەلا پەشیمان بکاتەوە لەوە کە پاڵ بدا بە حکوومەتی سابلاخەوە!..

پزیشکیان بەهۆی مام عەزیزی قەرەنیاغای مامشەوە دەمی گەیشت بە مەلا و گەلێ شتی بۆ هەڵڕشت؛ لەو شتانە: کە ئەمانە ئێستە بەرانبەر بە ئێران بێگانەن و حکوومەتی ئێران بە ناوی پەنابەرانی سیاسییەوە ئەتوانێ داڵدەی ئەمانە بدا و زەوی و زاریان بداتێ و مەلا خۆیشی لە تاران (نائیب)ێک بێت و هەموو دەم لە پارلەمان و لەگەڵ وەزیرەکان و شادا بێ!. حکوومەت ئەمانەی لەگەڵ ئەکا و ئیتر ئەویش واز بێنێ لەوە کە بداتە پاڵ حکوومەتی سابڵاخ!..

دیارە مەلا ئەمانەی نەچوو بە گوێچکەدا و بە پێچەوانەی ئەمانە ڕۆیشت و خۆی گەیاندە قازی و شاری سابڵاخ. چوونی پیاو و لەشکرێکی وا و پڕچەک لە وەختێکی وادا گومانی تێدا نابێ کە هێزیکی مەعنەویی هەرە گەورە ئەبێ بۆ ئەو کەسانە کە ئەیانەوێ حکوومەتێکی کۆرپە و تازە دروست بکەن.

*****

ڕۆژەکانی ئەو وڵاتە هەر جارە پەردەیەکی تری پێشان ئەدا، لەناو ئەم پەردە ڕەنگاوڕەنگانەدا کوتوپڕ لە ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥دا جەعفەر پیشەوەری لە تەورێز جمهوورییەتی ئازبایجانی بڵاوکردەوە و ئەوەی دەربڕی کە وڵاتی ئازبایجان لە حکوومەتی تاران و ئێران جیا بووەوە و لەو ڕۆژە بە دواوە خۆی سەربەخۆ ئەژیت !.

لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەدا، هەموو وڵاتی ئازربایجانیان لە نەیروو و کاربەدەستانی حکوومەتی تاران پاک کردەوە، مایەوە سەر شاری ورمێ کە ئەحمەد زەنگەنە ئامر فەوجی ئەوێ، هەتا بەینێک شاری نەدا بە دەستەوە، پاشان ئەویش بەهۆی عەشایرە کوردەکانی ئەو دەورە و ئەهلی ورمێ خۆیشیەوە گیرا و ئەحمەد زەنگەنەش خرایە ژێر محاکەمە و لێپرسینەوەوە.

لەو سەردەمانەدا کە پیشەوەری جمهوورییەتی ئازربایجانی بڵاو کردەوە لەملاوە قازی محەمەد لیژنەیەکی بە سەرۆکیی محەمەد حسێنی سەیف قازی ناردبوو بۆ تەورێز بۆ ئەوە هەردوو لا لە بەینی یەکا ڕێکەون و بە پشتیوانیی یەک دەستی حکوومەتی تاران لەو ناوەدا ببڕن.

پاش برانەوەی قسەوباسی سەیفی قازی لە تەورێز، لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥دا کۆبوونەوەیەکی زۆر گەورە لە سەرۆکی عەشایرەکان و ئەهلی ناوشار و قوتابییانی قوتابخانەکان لەناو شاری سابلاخ کرا و قازی محەمەد بڵاوی کردەوە کەوا لەم تەئریخە بە دواوە وڵاتی سابلاخ و کوردەواری لە حکوومەتی تاران جیابووەوە و لە ئێستە بە دواوە ئیعلانی سەربەخۆیی کرد.

لە ڕۆژی ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥دا بەیداخی حکوومەتی تاران لەسەر دایەرەکان هێنرایە خوارەوە و لەناو چەپڵەڕێزانی مەردما بەیداخی کوردستانی لە شوێن دانرا و ئاڵای کوردستانی پیرۆز هەڵکرا. دروشمی ئاڵاکەش بەم جۆرە بوو:

سەرەتا پارچەیەکی سوور، پاش ئەو، سپی کە بە ئەندازەی چوار ئەوەندەی سوورەکە، پاش ئەو سەوز بە ئەندازەی بەشێ لە چوار بەشی سپییەکە. لە ناوەڕاستی پارچە سپییەکەدا نیو کورە ڕۆژێک. بەسەر ڕۆژەکەوە قەڵەمێک، لەملاولەولای ڕۆژەکەوە دوو گوڵەگەنم بە ڕەنگی زەرد. لە سەراوردی هەموانەوە بە شکڵی چەنبەر نووسرابوو دەوڵەتی جمهووریی کوردستان.

ئەم دەنگە بەم جۆرە لە هەموو وڵاتەکانا بڵاو بووەوە و تەنانەت دیواخانە سیاسییەکانی دەرەوەشی گرتەوە، لە هەموو کون و قوشبنێکی وڵاتی کوردستانی ئەو وڵاتەوە پۆل پۆل خەڵکی ڕوویان ئەکردە سابلاخ و دیدەنیی دەوری تازەی کوردستان!.

کە ئەندامانی کۆمەڵە و هاتوچۆکەرانی ژێر ئاڵای تازە تەماشایان کرد، سەرودەمی ئەوە هاتووە کە جمهوورییەتی کوردستان بە جۆرێکی ڕەسمی بڵاوکەنەوە، لە ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥دا لە پاش کۆبوونەوەی هەموو ئەهلی سابلاخ و سەرۆک عەشرەتەکانی وڵاتی موکری و فەیزوڵڵابەگی و ئەو ناوە، قازی محەمەد بە جۆرێکی ڕەسمی لەناو دنیایەکی خۆشی و شادمانیدا «جمهوورییەتی کوردستانی» بڵاوکردەوە.

پاش ئەوە محەمەد حسێنی سەیف قازی بە جلوبەرگی جەنەڕاڵییەوە لە شوێنێکی بەرزا ڕووبەڕووی خەڵکەکە ناوی پێشەوا و سەرۆکی جمهوورییەتی کوردستانی بۆ قازی محەمەد بڵاوکردەوە. ئەمجا پێشەواش بە جلوبەرگی جەنەڕاڵی و بە ناوی سەرۆکی هەموو هێزی کوردستانەوە لە شوێنێکی بەرزا سوپاسگوزاریی ئەم باوەڕ و بەراتەی خەڵکی کرد، سەربازان و قوتابییانی کورد نمایشێکیان لە بەردەمی پێشەوا و خەڵکەکەدا نواند و ئەوی پێویستی ڕەسمییاتی دروستکردنی حکوومەتێکی تازە بێت بەجێیان هێنا. ئەمجا قازی محەمەدی پێشەوا بەم جۆرەی خوارەوە وەزارەتی کوردستانی دروست کرد و ئەندامی بۆ هەموو وەزارەتێک بەم جۆرە دانا:

١. سەرۆک وەزیر : حاجی بابە شێخی جەمیان.
٢. وەزیری جەنگ : محەمەد حسێنی سەیفی قازی.





٣. وەزیری پۆست و تەلگراف: کەریم ئەحمەدی.
٤. وەزیری فەرهەنگ: مەناف کەریمی.
٥. وەزیری کیشوەر: محەمەد ئەمینی موعینی.
٦. وەزیری تەگبیر ـ مشاور: حاجی ڕەحمانی ئێلخانیزادە.
٧. وەزیری ڕێگەوبان: ئیسماعیل ئێلخانیزادە.
٨. وەزیری ئابووری: ئەحمەد ئیلاهی.
٩. وەزیری بازرگانی : حاجی مستەفای داودی.
١٠. وەزیری کشتوکاڵ: مەحموودی وەلیزادە.
١١. وەزی کار و فرمان: خەلیل خوسرەوی.
١٢. وەزیری پروپاگاندە: سدیق حەیدەری.

لە ڕۆژی ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦دا کۆبوونەوەیەکی گەورە کرا بۆ ئەوە کە پێشەوا سوێندی سەرۆک کۆماری بخوا، ـ کە ئەمە شتێکی قانوونی و ڕەسمییە لە هەموو نیزامێکی کۆماری و پادشایەتیدا ـ.

پێشەوا فەرمانی دا بە ئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی کە قورئانی پیرۆز و دروشمی ئاڵای کوردستان ئامادە بکرێ. ئەندامانی کۆمیتە و وەزیرەکان یەک لە شوێنی یەک کەوتنە پشت سەری قورئان و ئاڵاکە ـ کە بە دەست مەلا حسێنەوە بوو ـ تا چوونە ژووری پێشەوا، پێشەوا هەستا و بەدەستی خۆی سەرپۆشەکەی لەسەر قورئان و ئاڵاکە لادا و ئەم سوێندەی خوارەوەی خوارد:

« سوێند ئەخۆم بە خوا و بە قورئانی پیرۆز و بە نیشتمان و شەرافەتی قەومی کورد و بە ئاڵای پڕ لە ئیفتیخاری کورد، تا دوایی هەناسەی ژیانم و تا دوا تنۆکی خوێنم بە گیان و بە ماڵ لە ڕێگەی مانەوەی ئازادیی کورد و بەرزکردنەوە و پایەداریی ئاڵای پڕ لە ئیفتیخاری کورددا کۆشش بکەم و دوا نەکەوم ، وە بە سەرۆکیی کۆماری کوردستان و یەکگرتنی کورد و ئازربایجان ئیفتیخار ئەکەم و کۆشش ئەکەم بۆ مانەوەی ئەم ئامانجە !.».

*****

کۆماری کیشوەری کوردستان بەم جۆرە دروست بوو و هەموو کوردەکان بە بەرزانییەکانەوە ڕوویان کردە ئەم کیشوەرە، دەنگی ئاوازی گەیشتە پارلەمانە سیاسییەکان، ڕۆژنامەنووسەکانی بێگانە بە هەموو جۆر بۆ وەرگرتنی باس و خواس ڕوویان تێ کرد.

لەپێش ئەم تەئریخە و لەپاش ئەم تەئریخەش هێزی کوردی کەوتە داگیرکردنی ئەو وڵاتە کوردەوارییانەی کە لەژێر فەرمانی تارانا بوون. لەو ناوەدا سەربازی ئێران لە میاندواو و هەندێ پۆلیسی ئێرانی لە بۆکان مابوونەوە؛ بۆکان هەر دەمێک بوو لە هێزی ئێران پاک کرایەوە، ئابڵۆقەی میاندواویشیان دا، ئامر فەوجی میاندواو، عەقید موستەشاری، لە ئاخرا کە تێگەیشت بەرانبەریی پێ ناکرێ، خۆی و شاری دا بەدەستەوە و داوای ئەوەی کرد لە حکوومەتی کوردستان کە ڕێگەی بدەن و بڕوا و شار بەجێ بێڵێ. ئەمانیش ڕێگەیان دا و لە ڕێگەی هەوشارەوە ڕۆیشت و وڵاتی میاندواو لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥دا بە تەواوی لەژێر حوکمی تارانا دەرچوو.

لەملاشەوە ڕوویان کردە سەردەشت، دەورەیان دا، ڕێگەی هاتوچۆی نەیرووی ئێرانی بەینی سەردەشت و بانەیان بڕی، لە جنووبی ڕۆژهەڵاتەوە هێزی نەیرووی کورد گەیشتە سەقز، ڕێی هاتوچۆی هێزی ئێرانی بەینی بانە و سەقزیشیان بڕی. بە کردنی ئەم ئیشانە مەعنای وا بوو هەموو ناوچەکانی کوردەواریی ئەو وڵاتە کەوتنە ژێر فەرمانی حکوومەتی کوردستانەوە و فەرمانی حکوومەتی تاران نرخێکی لەو ناوەدا نەما.

هەر سەربازێکی حکوومەتی ئێران کە لەو ناوچانەدا هەبوو بە هەموو جۆر لە لایەن هێزی کوردییەوە ئابڵۆقە دران و ڕێگەی ڕزگاربوونیان بڕا. ئەم سەرکەوتنی لەسەریەک و پەرەسەندنی هێزی کوردییە حکوومەتی ئێرانی خستە سەر ئەو باوەڕە کە زۆری پێ ناچێ ئەمانە پەلاماری سنە و کرماشان ئەدەن و بەڵکوو هەموو ڕۆژاوای ئێران دائەگرن !. لەڕاستییشدا ئەو بینەی کە ئەمان پێیانەوە نابوو ئەو ئارەزووەی بەجێ ئەهێنا.

بەتایبەتی لە ناوچەکانی سەقز ـ بۆکان و بۆکان ـ میاندواوەوە بە هەموو چەشنە ئیشکردنێک ئیش ئەکرا. وەکوو ئەوە لە ٣٠ی نیسانی ١٩٤٦دا حکوومەتی ئێران

هێزێکی گەورەی سوارە و پیادەی بە هەموو جۆرە چەکێکەوە نارد بۆ ڕزگارکردنی ئەو هێزانەی کە لە شیمالی سەقزەوە لە لایەن نەیرووی کوردییەوە ئابلۆقە درابوون. ئەمانەش ئەبووایە بچوونایە بۆ قارەوا و ئاڵتوونی سەروو. لێرەدا هێزی بەرزانی، قادر خانی و فەیزوڵڵا بەگی لێیان ڕاپەڕین و قارەوا و هەموو دەوربەریان گرت. ١٨ سەرباز و ئەفسەریان لێ بریندار کردن، ٤٩ کەسیان لێ کوشتن و چەک و تالانێکی زۆریشیان دەستکەوت. ئەم شەڕە تا ١٢ی مایس درێژەی کێشا.

لە خەتی ئاڵتوونی سەرووەوە ڕوو بە ڕێگەی بانە دیسان هێزی بەرزان ئەو ناوەشیان گرت و بەریان لە ئێرانییەکان بڕییەوە. لەلای بۆکانیشەوە هێزێکی کوردی باش ئەو ناوەی داگیر کردبوو. عەمەر خانی شەریفیش لە قۆڵی تەموتەوە جادەی بەینی سەقز و بانەی داگیر کردبوو. دەستەیەکی تریش خەتی بەینی بۆکان ـ میاندواویان گرتبوو. لەلای سەردەشتیشەوە عەشایری هەرکی، گەورگ و کڵاسی ئەو ناوەیان گرتبوو.

بەم جۆرە ئەم وڵاتانە هێزی حکوومەتی ئێرانیان تیا کز کرابوو و هێزی کوردی بە وەرگرتنی فەرمان لە سابڵاخەوە هەنگاو بە هەنگاو تیایا ئەبزووتنەوە.

ئەو هێزە ئێرانییانە کە لە میرەدێ و بانە و سەردەشتدا بوون و لەلایەن هێزی کوردییەوە دەورە درابوون، لەلایەن گوزەران و ڕابواردنەوە حاڵێکی شڕیان هەبوو، چونکە ئەمانە لە سەقزەوە مانگانە و شتومەکیان بۆ ئەهات، ڕێگەی سەقز لەمانە هەموو گیرابوو. قیادەی ئێران لە سەقز ویستی هێرشێک بکا و خەتی بەینی خۆی و ئەو شوێنانە بەرەڵا بکات، بەتایبەتی خەتی بەینی سەقز ـ سەردەشت ـ کە ئەم شوێنە بەتەواوی شپرزە بوو ـ.

لە ١٦ی مایسی ١٩٤٦دا پێنجسەد سەرباز بە هەموو جۆرە چەک و جبەخانەیەکەوە پەلاماری گردی (سەیدە گردە)ی دا ـ کە ئەم گردە تەنها ٨ سەربازی کوردی لێ بوو. لەپاش سەعات و نیوێک شەڕ هێزی ئێران بە شکانێکی خراپ شکان !. ئەم شکانە شکانێکی مەعنەویی زۆر ناهەمواری دا بە هێزی ئێران؛ سەیر ئەکرا لێرەوە ئەم شکانە ناشیرینە ڕووی دا، لەلایەکی ترەوە بەرزانییەکان و حەمە ڕەشید خان و شکاک ئەوا خەریکن ڕێگەی دیواندەرە ئەگرن، تەموتە و هەیەجانان بە تەواوی کەوتە ژێر حوکمیانەوە، سەرشیوی سەقز خەریکە پاک ئەبێتەوە، ئەگەر بەم جۆرە بڕۆن زۆری پێ ناچێ لووت ئەنێن بە مەریوان و هەورامانەوە و سنەش ئەڕوا !.

لەبەر ئەمانە قوواتی ئێرانی بە تەواوی چوارچمکی خۆی کرد بە لادا و خۆی ئامادەی شەڕێکی گەورە کرد. دووهەزار سەربازی پڕچەکی ئەو ناوە بەهۆی هێزی ئاسمانی و تانک و دەبابە و زرێلی و تۆپەوە بە ڕێ کەوتن بۆ گردی (مامە شا). لەم شوێنەدا مستەفا خۆشناو بە ٣٨ سەربازی کوردەوە ڕەگی خۆی داکوتابوو. ئەو هەموو هێزی ئێرانە پەلاماری ئەو دەستەیەی دا، لە ١٧ی مایسدا هەر لە سەرلەبەیانەوە جەنگ گەرم بوو، قوواتی ئێرانی لە هەموو لایەکەوە سنگی ئەهێنایە پێشەوە، فڕۆکە لە ئاسمان و تۆپ و دەبابە لە خوارەوە وەکوو بارانی بەهار گوللە و بۆمبایان ئەباراند.

هێزی کوردی بەرانبەر بەم هەموو ئاگرە ئەجەنگی و سنگی کردبوو بە مەتاڵ، شەڕ لەوانە بوو، بوو بە دەستەویەقە، قیادەی شەڕی مامەشا وا هەڵئەسووڕێنرا، ئێرانییەکان وا تێ ئەگەیشتن کە ئەو هێزی کوردییەی لەگەڵ ئەوان شەڕ ئەکەن نابێ کەمتر بن لە دووهەزار سەرباز بە هەموو چەکێکەوە، لەگەڵ ئەوەشا ئەمان لە ٣٨ کەس زیاتر نەبوون !.

ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ جەنگێکی دلێرانە کرا و کوشتارێکی زۆر زۆر لە هێزی دوژمن ڕووی دا، ڕۆژی دوایی جەنگ دەستی پێ کردەوە و هەر جارە تاکی تەرازوو بە لایەکا قورس ئەبوو!. لە دەمەو ئێوارەدا ئێرانییەکان خەریکی کشانەوە و گەڕانەوە بوون، واتە لەسەر شکان بوون، کوتوپڕ هەڵەیەک لە دەستەی ئەملا ڕووی دا و ئەو هەڵەیە لە ئاخرا بوو بە هۆی ئەوە کە گردی مامەشا بەجێ بێڵن!.





ڕاستە گردەکەیان بەجێ هێشت و لە شوێنێکی تر سەنگەریان گرت بەڵام زیانێک کە ئەوان لە هێزی ئێرانیان دا و ئازایی و بەجەرگییەک ئەوان لەو شەڕەی مامەشادا نواندیان هەموو ئەفسەرەکانی ئێرانییان سەرسام کردبوو !.

لە پاشا بە هەموو سەرسڕمانێکەوە شەڕی مامەشایان باس ئەکرد و نەئەچووە دڵیانەوە کە لەو شەڕەدا کەمتر لە دووهەزار کەس سەری ڕێی پێ گرتبێتن !.

لەم شەڕەدا ٥ کەس لە دەستەی کوردی شەهید کرا، یەکێک لەوان خۆشەوی خەلیل بوو کە لەم شەڕەدا بریندار بوو پاشان برایە خەستەخانەی سابلاخ و لەوێش چار نەکرا لە ئاخرا مرد و بە کۆبوونەوەیەکی ڕەسمی لەلایەن حکوومەتەوە تەرمەکەی نێژرا.

کوشتاری هێزی ئێرانیش گەیشتبووە ئەندازەیەک کە حکوومەت لە سەقز مەنعی گەڕانی شەوی کردبوو، یەکێ لەو ئیشانە کە ئەم مەنعەی بۆ کراوە هێنانەوەی کوژراوەکانی شەڕی مامەشایە بۆ ئەوە خەڵک نەیانبینێ و لە چاوپێکەوتنی کوشتارێکی وا زۆر ورە بەرنەدەن! وەکوو ئەوانەی لەو شەڕەدا بووبوون و ئەیانگێڕایەوە لە کەم شوێن وا ڕێ کەوتووە هێزی ئێران ئەوەندە کوشتار بدا بەدەستەوە.

*****

کە ئیش گەیشتە ئەم شوێنە سەرلەشکری ئێران (رزم ارا) [ڕەزم ئارا، ڕەزمارا] کەوتە سەر ئەوە کە ئیشێکی وا بکا لەگەڵ کوردەکانا دەمیان بگا بەیەک و بەڵکوو ڕێکەوتنێک دروست بکا. بە جۆرێکی ڕەسمی داوای کرد لە حکوومەتی سابلاخ کە چەند کەسێک بە ناوی مومەسیلەوە بنێرێ بۆ سەقز بۆ قسە کردن لە کاروباری ئەو ناوە.

لە ٢٦ی مایسی ١٩٤٦دا حکوومەتی سابلاخ عیززەت عەبدولعەزیز، یاوەر ئیبراهیم، یاوەر جەعفەر کەریمی ـ ی بەناوی مومەسیلەوە نارد بۆ سەقز کە لەگەڵ ڕەزمارادا قسە بکەن. ڕەزمارا وتی: «لەبەر ئەوە کە قوام السلطنە و پیشەوەری و صەدری قازی لەم وەختەدا کەوتوونەتە گوفتوگۆی ئەوە کە کاروفرمانی وڵاتی ئێران، ئازربایجان و کوردستان بەجۆرێکی هێمنی و ئاشتی ببڕیننەوە پێویستە لەم ناوچانەشا شەڕ بوەستێنرێ تا ئەوان ئەگەن بە شوێنێک !.».

نێرراوەکانیش ڕەزامەندیی خۆیانیان دەربڕی و لەسەر ئەم شتانەی خوارەوە ڕێکەوتن:

١. ئەم نێرراوانە بەناوی حکوومەتی خۆیانەوە خەبەر بنێرن بۆ ئەو هێزانەیان کە وان لە بەرانبەری هێزی حکوومەتی ئێرانەوە بۆ ئەوە شەڕ بوەستێن، وەکوو چۆن ئەم فەرمانە ئەکرێتە سەر هێزی ئێرانییەکانیش، شەڕ بوەستێن تا ئاخر قسەی پێشەوایانی هەر سێ حکوومەت دەرئەکەوێ.

٢. بۆ ئەوە هیچ تەنگوچەڵەمەیەک لە بەینی هێزی ئێرانی و کوردیدا ڕوو نەدا، کوردەکان ٤ کیلۆمەتر لە دەوری سەقز و سێ کیلۆمەتر لە شیمالی جادەی سەقز ـ سەردەشت بکشێنەوە دواوە و لە ڕووباری سەقز و زەڕینەڕوود نەیەن بەملاوە.

مومەسیلەکان وتیان بڕیاردان لەسەر ئەم بەندە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە، ئەتوانین تا ماوەی ٢٤ سەعات ئەم قسەیە بگەیەنین بە سابلاخ بزانین ئەوان بڕیار ئەدەن یان نەء؟.

٣. نە، دەستەی هێزی ئێران، نە هێزی کوردی حەقی ئەوەیان نییە، ئەو هێزانەیان کە ئێستە لە مەیدانی شەڕان و سەنگەرەکانی خۆیانیان گرتووە پشتیوانییان بکەن و هێزی تریان بۆ بنێرن، تا گوفتوگۆی پێشەوایەکان ئەبڕێتەوە، ئەوەندە هەیە فڕۆکەی ئێرانی ئەتوانێ تا ٤ کیلۆمەتری شیمالی سەقز»و جادەی سەقز ـ سەردەشت بفڕێ، ئەمەش بۆ چاوێریی کاروبار نەوەک شتێکی تر.

٤. بۆ ئەوە کەوا هەردوو لا دڵنیا بن لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پەیمانە تا گوفتوگۆی پێشەوایەکان دوایی دێت سێ کەس لە لایەن حکوومەتی دیموکراتی کوردستانەوە دابنرێت، یەکێ لە سەقز، یەکێ لە بانە، یەکێ لە سەردەشت، کە ئەمانە لەگەڵ فەرماندەکانی

ئێرانا لەو شوێنانەدا ئەگەر تەنگوچەڵەمەیەک لەو ناوچانەدا ڕووی دا بیبڕێننەوە.

٥. مەفهوومی بەندی دووی ئەم پەیمانە بۆ ئەوە جێی خۆی بگرێ تا ڕۆژی ٢٨ی مایس درێژ ئەبێتەوە !.

ئەم بەندانە بەم جۆرە لە هەردوو لاوە ئیمزا کرا و تەنانەت لە دەستەی ئازەری ـ ش ئیبراهیم عەلیزادە، خەلیل ئازەر ئابادگان و حەسەن جەودەت لە قۆمیتەکەدا هەبوون، ئەوانیش ئیمزایان کرد.

بەڵام ئایا ئەم پەیمانە کە بەم جۆرە بڕیاری لەسەر درا بردیان بە ڕێوە؟. نەء ، نەبرا بە ڕێوە !. نەبرا بە ڕێوە چونکە ڕەزمارا لە دانانی ئەم پەیمان و بەندانە مەبەستی ئەوە بوو کوردەکان بکاتە خەو تا خۆی ئیشی خۆی بەتەواوی قایم ئەکا و لەشکرەکانی سنە و کرماشان ئەگەیەنێتە ئەو ولاتە، ئەو وەختە کە نەیرووەکانی خۆی بەهێز کرد پەیمان و بەندەکانی پەیمان وەکوو خەتی سەر ئاوی لێ دیت !..

کوردەکان لەپاش ماوەیەک کە زانییان ئەمە، داوە ڕەزمارا بۆی ناونەتەوە و یەک دوو جار بێپەیمانییان بە پێی ئەم بەندانە بۆ دەرکەوت، ئەو وەختە ئەمانیش ئیتر بە قۆڵ بەستراوی بۆی دانەنیشتن.

لەپاش ماوەیەک ڕەزمارا کە سەیری کرد ئیشی بەم جۆرە بۆ ناچێ بە ڕێوە کەوتە سەر ئەوە کە لەگەڵ قازی خۆیدا بکەوێتە قسەکردن و ئەمجا بە جۆرێکی تر بێتە مەیدانەوە !..

لەسەر ئەم نیازە دەستی کرد بە ڕاسپاردن بۆ لای قازی کە لە شوێنێک یەک بگرن و لە کاروباری ئەو وڵاتەوە قسە بکەن. قازی ـ ش لەبەر ئەوە کە ئەیەویست ئیش بە خۆشی ببڕێتەوە خۆی دوور نەئەخستەوە لە چاوپێکەوتن و قسەکردن. بەم هۆیەوە گوندی (سەراو)ی دانا بۆ شوێنی ئەو چاوپێکەوتنە.

لە ڕۆژی ١٧ی حوزەرانی ١٩٤٦دا قازی خۆی و چەند کەسێک گەیشتنە سەراو و لەم لاشەوە ڕەزمارا لە سەقزەوە بە ڕێ کەوت، سواری جیبێک بووبوو، کە ئاڵای کوردستانی بەسەرەوە بوو، بە هەموو سەربەستییەکەوە خۆی و چەند کەسێک لە عەینی ڕۆژا گەیشتنە سەراو و لەگەڵ قازیدا کەوتنە قسەکردن. ئاخر قسەیان لەسەر ئەم شتانە بڕیاریان دا:

١. حکوومەتی کوردستان ڕای لێ بێ حکوومەتی ئێران لە سەقزەوە خواردەمەنی و بەرگ بنێرێ بۆ ئەو هێزە ئێرانییانە کە لە میرەدێ و بانە و سەردەشت لەلایەن حکوومەتی کۆمەڵەوە ئابڵۆقە دراون، ئەویش بە مەرجێک ئەم شتانە وەختێک دەرباز ئەبن کە لە لایەن هێزی کوردییەوە بپشکنرێن و دڵنیا بن لەوە کە هیچ جۆرە چەک و گۆبەندێکی شەڕی تێدا نییە.

٢. چەک و شتومەکی جەنگ بۆ ئەو شوێنانە بە هیچ جۆر ڕێ نادرێ، هەروەها ئەو ئەفسەر و سەربازانە کە لە شوێنە ئابڵۆقەدراوەکانان نابێ بگۆڕێن، مەگەر نەخۆش وە یا بریندارێک نەبێ، ئەوە گۆڕین و بردنی ئەوە دروستە.

٣. هەر کاروانێکی ئازۆخە و جلوبەرگ کە لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە ئەچێ بۆ ئەو هێزە ئابڵۆقەدراوانە ئەبێ لەپاش پشکنین، پیاوی کۆماری کوردستانی بە ڕەسمی لەگەڵ بێ.

٤. ئەگەر لەشکری ئێران بە پێچەوانەی ئەم بەندانە بزووتەوە نەیرووی کوردی حەقی ئەوەی هەیە بەربەست بکا و نەیەڵێ شتومەک بچێ بۆ ئەو شوێنانە کە ناو بران!.

لەپاش ئەوە کە لەسەر ئەم بەندانە ڕێکەوتن قسە هاتە سەر ئەوە کە دوو کەس لەلایەن کۆماری کوردستانەوە بە ناوی نمایندەوە لەگەڵ ڕەزمارادا بچن بۆ سەقز و لەوێوە بۆ بانە و سەردەشت بۆ ئەوە مەفهوومی ئەم بەندانە بە هەر دوو لەشکری ئەو ناوە بگەیەنن.

لەسەر ئەم تەگبیرە حاجی بابە شێخ و عەقید نانەوازادە لەگەڵ ڕەزمارادا بەڕێ کەوتن و هاتن بۆ سەقز. لەوێوە هەرسێکیان چوون بۆ بانە. بەرزانییەکان لە قشلاخی صالح بەگ لەژێر فەرماندەیی میر حاجدا پێشوازییەکی باشیان کردن. ئەم پێشوازی و خزمەتکردنەی ئەوان ئومێدێکی زۆری دا بە ڕەزمارا بۆ ڕێکەوتنەکەیان.

ئەم دەستەیە شەوی ١٩ی حوزەیران چوونە بانە و لە بەیانییا چوون بۆ سەردەشت و ئەوی قسە و باس بوو لەو ناوەدا بە هەردوو لەشکریان گەیاند و لە ڕۆژی ٢١دا گەڕانەوە بۆ سەراو و دیسان ڕەزمارا چاوی بە قازی محەمەد کەوتەوە و پاشان ئەو گەڕایەوە بۆ سەقز و لەوێوە بۆ تاران بۆ ئەوە ئەم کەینوبەینە لە حکوومەتی تاران بگەیەنێ.

لەم ڕۆژانەشا لە قۆڵی مەریوانەوە، حەمەخانی کوڕی مەحموودخانی کانی سانان بەو نیازە کە خۆی بگەیەنێ بە حکوومەتی کوردستان لەوێوە بۆ وڵاتی کۆمەڵە بە ڕێ کەوت، لە ڕێگەدا عەلی بەگی وڵەژێری ـ کە سەر بە ئێرانییەکان بوو ـ سەرڕێگەی بە دەستەی حەمەخان گرت، دەستەی حەمەخان عەلی بەگ و تفەنگچییەکانی عەلی بەگیان شکان و بەڵکوو لە قامیشەڵەش دەریانپەڕاندن !.

پاش ئەوە کە ڕەزمارا و نمایندەکان لە بانە و سەردەشت گەڕانەوە و پاش ئەوە کە ڕێگەکانی ئەو ناوە ـ کە لە وەختی خۆیا هێزی کوردی خراپی کردبوون ـ چاک کرانەوە بە پێی پەیمانەکان، حکوومەتی ئێران لە سەقزەوە شتومەکی ئەنارد بۆ هێزەکانی خۆی کە لەو ناوەدا بوون و ئەم شتومەکانەش لەلایەن کاربەدەستانی کوردەوە ئەپشکێنران.

ماوەیەک بەم جۆرە تێپەڕی، کوتوپڕ جارێک کە کاروان پشکێنرا سەیریان کرد گەلێ تفەنگ و فیشەک و تۆپێکی تێدایە کە لە سەقزەوە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە نێرراوە بۆ هێزی سەردەشت !. ئەمە پێچەوانەی بەندەکان بوو، لێرەدا کاربەدەستانی کورد ئەم شتومەکانەیان گرت و بە پێی بەندەکان زەوتیان کرد.

بێجگە لەمەش (سەرتیپ ئایرم) کە فەرماندەی سەردەشت بوو ئەویش پەیمانی شکان و پەلاماری هێزی کوردی ئەو ناوەی دا!. لەبەر ئەمە هێزی کوردی ڕێگەی سەقز ـ بانە ـ سەردەشتیان گرتەوە و نەیانهێشت ئیتر کاروان بێت. لەم وەختەدا کاروانێکی عەسکەریی ئێران ـ کە ٢٤ سەرباز و ئەفسەرێک بوون و شتومەکی جەنگییان بۆ هێزی سەردەشت هێنابوو کوردەکان بە دیل گرتنیان و هێنایانن بۆ سابلاخ. ئیتر لەسەر ئەم کردەوانە بەینی حکوومەتی ئێران و حکوومەتی کوردستان تێک چووەوە !.

*****

ئیش و کار هەتا ئەهات بە لای ئێرانییەکانا ڕووەو خراپتر ئەڕۆیشت. لەولاوە ئازربایجان بەو جۆرە دەستی دابوویە و لەملاشەوە حکوومەتی قازی هەر ناوچەی حوکمی خۆی بڵاوتر ئەکردەوە. حکیم الملکیش لە تاران پەیتا پەیتا بە فەرمان و بە ڕادیۆ، ڕووی ئەکردە هێزەکانی خۆی کە لەولاوە بگەڕێنەوە بۆ هەوشار و لەملاوە بۆ سەقز. هەتا ئەو ئەم جۆرە فەرمانانەی بڵاو ئەکردەوە هێزی ئازەری و کوردی زیاتر تەنگیان بە نەیرووی ئێرانی هەڵئەچنی !.

لە ئاخرا چار نەما حکیم الملک لە وەزارەت لاچوو، احمد قوام السلطنه، وەزارەتی دروست کرد و دەستی کرد بە ئیش کردن. لە پێش هەموو شتێکا ڕەئیسی ئەرکانی نەیرووی ئێرانی لابرد. قاپیی سەربەستیی دیموکراتیی خستە سەر گازی پشت. ئەو حیزبانە کە داخرابوون ئیجازەی بە هەموویان دایەوە و ئەحزاب کەوتنەوە ئیش. لە گەورەکانی (توده) و شیووعی ـ کە وەزارەتی پێشوو حەپسی کردبوون ـ هەموویانی بەرەڵا کرد. (ضیاءالدینی طباطبائی) و هاوڕێکانی ـ کە ئەمانە سەر بە ئینگلیز بوون ـ هەمووی گرتن و لە بەندیخانەی توند کردن !.

لەپاش ئەوە کە ئەمانەی کرد ئەمجا داوای لە پیشەوەری کرد کە هەندێ کەس لەلایەن ئازربایجان و کوردستانەوە بچن بۆ تاران بۆ قسەکردن. دەستەی ئازەری لەژێر سەرۆکیی پیشەوەری و نێرراوی حکوومەتی قازی ـ ش محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی بوو، لە ١٠ی نیسانی ١٩٤٦دا چوون بۆ تاران، هەزارویەک قسە لەو کۆبوونەوەیەدا کرا و حکوومەتی قوام بناغەی گەلێ وەعدی داڕشت و بە ئیمرۆ و سبەی

ئیش دوا ئەخرا و وەعدەکانیش هیچی نەئەهاتنە ئەنجام!. موزاهەرە و هەمهەمە بۆ گەڕانەوەی لیژنە لە تاران، لە ئازربایجان و سابڵاخ دەست پێ کرا. لیژنە گەڕانەوە و پەیمانەکان هیچیان بەجێ نەهێنران !.

بەندێکی هەرە زلی ئەو پەیمانە کە لەبەینی قوام و لیژنەدا قسەی لێوە کرا ئەوەبوو کە قوام وتی:

« دانانی فەرماندەی لەشکر و پۆلیس لە وڵاتی ئازربایجاندا بەدەست ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازربایجان بێت، ئەو ئەنجومەنە کێی دانا حکوومەتی ئێران بڕیاری لەسەر بدا.!».

کەچی کوتوپڕ لە سەرەتای نیسانا قوام قسەکەی هەڵگێڕایەوە و بەم جۆرەی لێ کرد:

«دانانی فەرماندەی نەیروو و پۆلیس لە ئازربایجانا لەدەست حکوومەتی ئێرانایە و ئەو ئەبێ داینێ، بەڵام لەبەر ئەوە لیژنە وا تێنەگەیشتووە و بە بارێکی ترا بۆی چووە ؛ ئەو پەیمانە سەری نەگرت و هەڵوەشێنرایەوە!.».

ئەم تەسریحە ناهەموارە لەم وەختەدا کە قوام دەربڕی دەنگێکی زۆر ناشیرینی لە ئازربایجان و کوردستانا دایەوە، بەتایبەتی لە وڵاتی کوردەواریدا هەر زۆر پێچەوانەی ئەو مەرامە بوو کە ئەویسترا. لەبەر ئەمە پێشەوا دەستی کرد بە خۆکۆکردنەوە و گەورەکانی وڵاتی حکوومەتی کوردستانی کۆ کردەوە و کەوتنە قسەی ئەوە کە پەیمانێکی دوو سووچی لەگەڵ ئازربایجاندا ببەستن.

لە ٢٤ی نیسانی ١٩٤٦دا لە کۆشکی مەجلیسی میللیی ئازبایجان، سەرانی حکوومەتی ئازربایجان و کوردستان کۆبوونەوە و بەناوی دوو کیشوەری سەربەخۆوە پەیمانێکی جەنگی و ئابووریيان پێکەوە بەست.

ئەندامانی دەستەی حکوومەتی کوردستان بۆ ئەو پەیمانە ئەمانە بوون:

١. پێشەوا و سەرۆکی حکوومەتی کوردستان قازی محەمەد.

٢. ئەندامی کۆمیتەی دیموکراتی کوردستان سەیید عەبدوڵڵای گەیلانی.

٣. ئەندامی دیموکراتی کوردستان عەمەرخانی شەریفی سەرۆکی عێلی شکاک.

٤.ئەندامی حیزبی دیموکرات ڕەشید بەگی جیهانگیری، سەرۆکی عێلی هەرکی.

٥. ئەندامی حیزبی دیموکرات زرۆ بەگی بەهادوری.

٦. نمایندەی وڵاتی شنۆ قازی محەمەدی خدری.

٧. وەزیری جەنگی حکوومەتی کوردستان محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی.

ئەندامەکانی حکوومەتی میللیی ئازربایجانیش ئەمانە بوون:

١. سەرۆکی میللیی مەجلیسی ئازربایجان حاجی میرزا عەلی شەبوستەری.

٢. سەرۆکی وەزارەتی میللیی ئازربایجان جەعفەر پیشەوەری.

٣. موعاوینی دەستەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی ئازربایجان صادق پادگان.

٤. وەزیری ناوخۆی حکوومەتی ئازربایجان سەلامولڵای جاوید.

٥. وەزیری فەرهەنگی حکوومەتی ئازربایجان (پیریا).

بەندەکانیش کە لەسەریان ڕێ کەوتن بەم جۆرە بوون:

١. لەو شوێنانە کە پێویستە، هەردوو حکوومەتی ئازەری و کوردی ئەتوانن سەفیر و کونسوڵ لە وڵاتی یەکا دابنێن.

٢. لە وڵاتی ئازربایجان؛ واتە لەو شوێنانەدا کە زۆرتر دانیشتووەکانی کوردن، کار و فرمانی حکوومەت لە دەست کوردەکانا بێت. هەروەها لە وڵاتی حکوومەتی کوردستانیشا ئەو شوێنانەی کە زۆرتر دانیشتووەکانی ئازەرین، کار و فرمانی حکوومەت بەدەست ئازەرییەکانەوە بێت.

٣. بۆ جێبەجێکردنی کاروباری ئابووریی هەردوو لا، کۆمەڵێک لە پیاوانی هەردوو کیشوەر دائەنرێن، ئەو شتانەی کە ئەو کۆمەڵە دایئەنێن سەرۆکی هەردوو حکوومەت بڕیاری لەسەر ئەدا و ئەو وەختە ئەکەوێتە ئیشەوە.





تۆمار: شۆڕشی سابڵاخ

٤. لە کاتی پێویستیدا هەردوو حکوومەتی ئازربایجان و کوردستان قۆڵ ئەکەن بە قۆڵی یەکا و یەکیەتیی جەنگی و سەربازی پێک دێنن و ئەوی پێویست بێ بۆ کۆمەک کردنی یەک بەجێی دێنن.

٥. ئەگەر وەختێک پێویست بوو بەوە کە قسە و باس و خواسێک لەگەڵ حکوومەتی تاراندا بکرێ، ئەبێ هەردوو حکوومەتی کوردستان و ئازربایجان پێکەوە بڕیار بدەن، ئەو وەختە بچنە ناو قسەکەوە.

٦. ئەو کوردانەی کە کەوتوونەتە وڵاتی ئازربایجانەوە ئەبێ حکوومەتی میللیی ئازربایجان کۆشش بکا بۆ پێشکەوتنی زمان و فەرهەنگی میللی ـ یان. هەروەها حکوومەتی کوردستانیش ئەو کۆششە بکا بۆ ئەو ئازربایجانیانە کە کەوتوونەتە خاکیەوە.

٧. ئەگەر هاتوو یەکێک وە یا هەندێک کەوتنە سەر ئەوە کە خەریک بن بۆ تێکدان و لەنابردنی دۆستایەتی و یەکنەگرتن و لێک جیاکردنەوەی ئەم دوو میللەتە، ئەمانە بە هەردووکیانەوە کۆشش بکەن بۆ لەناوبردنی ئەو دەستەیە و بۆ تۆڵەدانەوەی ئەو کەسە کە ئەکەوێتە سەر ئەم خەیاڵە !..

کە ئەم پەیمانە بەم جۆرە بەسترا لە ئێستگەی تەورێزا بڵاوکرایەوە و پاشان بەندەکان بە شێوەی ئازەری و کوردی کران بە بڵاوکراوە و لە وڵاتەکانی ئازربایجان و سابڵاخا بڵاوکرانەوە، بەتایبەتی لەپاش بەستنی ئەم پەیمانە حکوومەتی قازی بەتەواوی کەوتە ئیش کردن لە وڵاتەکانی کوردەواریدا. ئەو هێزانەی کە هەیبوو لە دەوروبەری بانە و سەردەشتدا ئەوەندەی تر بەهێزی کرد، لە وڵاتی سەقز و سەراودا ـ کە مەرکەزی قیادەی کوردی بوو ـ بنکەی تەواوی داکوتا. بەگزادەکانی سوێسنایەتی و گەورک لە دەوروبەری سەردەشت لەگەڵ بەرەی پشدەرییەکانی عیراق ئاشنایەتیی خۆیان لەگەڵ سابڵاخا تازە کردەوە، لە دەوروبەری سەقزیش لەلایەکەوە حەمەڕەشیدخان و لەلایەکەوە فەیزوڵڵابەگییەکان ئەو ناوەیان قایم کرد. بەرزانییەکان لەناو ئەو هەموو خاکانەدا ڕایەڵێک بوون لە بەینی سابڵاخ و ئەو شوێنانەدا بۆ ڕێ پێشاندان و بۆ قایمکردنەوەی سنوور و جەنگەکانی ئەو ناوچانە !.

*****

کارەساتی حکوومەتی «قازی محەمەد» لەگەڵ حکوومەتی پیشەوەریدا، دوو زنجیرن و لەگەڵێ لاوە پێکەوە بەستراون، لەبەر ئەوە پێویستە لە هەندێ شوێنا چاوێک بەو هاتوچۆیانەدا بگێڕین کە تەورێز لەگەڵ تاراندا ئەیانکرد.

ئەوەبوو لە ١٠ی نیسانی ١٩٤٦دا دەستەیەک بە سەرۆکیی جەعفەر پیشەوەری بۆ قسەکردن لە کاروباری ئازربایجان و لەگەڵ ئەویشا کوردستان، چوون بۆ تاران. ئەو شتانە کە ئەمان لە حکوومەتی تاران بۆ بنجبەستکردنی حکوومەتی ئازەری و کوردی داوایان ئەکرد ١٤ بەند بوون. پێویست بە باسکردنی بەندەکان ناکا، چونکە هەر جۆرێک بوون حکوومەتی تاران بڕیاری لەسەر نەدان!. لە ئاخرا، لە ١٣ی مایسی ١٩٤٦دا، دەستەی نێرراو بەبێ ئەوە بگەن بە شوێنێک گەڕانەوە بۆ تەورێز. دیارە ئەم چوونەیان لەپاش ئەو پەیمانە بوو کە لەگەڵ حکوومەتی قازی محەمەددا بەستبوویان. هەر ئەو پەیمانەش بوو کە ئیشێکی وای کرد حکوومەتی تاران بکەوێتە تەلاشی ئەوە کە لەگەڵ هەردوو لایانا ڕێ کەوێ، لەگەڵ ئەوەش هەر ڕێ نەکەوتن!.

کە ئەمان گەڕانەوە بۆ تەورێز ئیتر دەستیان دا بە، بە ئەنجام گەیاندنی ئەو بەندانەوە کە لەگەڵ حکوومەتی قازیدا دایاننابوون. حکوومەتی تاران کە سەیری کرد ئەمانە بەتەواوی دەستیان داوەتێ لەوانەیە ئەگەر بەم جۆرە بڕوا ئیش و کار بەلای تارانا هەتا دێت بێهێزتر ئەبێ!. پەشیمان بووەوە لەوە کە وەختی خۆی لەگەڵ نێرراوەکانی تەورێزا ڕێ نەکەوتووە. ئەمجا بە ناچاری، ئەو دەستەیەکی لەژێر سەرۆکیی (مظفر فەیروز)دا ڕێکخست و لە ١١ی حوزەیرانی ١٩٤٦دا ناردنی بۆ تەورێز بۆ ئەوە سەرلەنوێ بکەونەوە گوفتوگۆکردن لە چۆنیەتیی بەینی تاران ـ تەورێز ـ سابڵاخەوە.

ئەم دەستەی تارانە لە ڕۆژی دواییدا لەگەڵ سەرانی

حکوومەتی ئازربایجان و سابڵاخدا قۆمیتەیەکیان چنی و کەوتنە قسەکردن. لە ١٤ بەندەکەی پێشوو ـ کە وەختی خۆی دەستەکەی تەورێز بۆی چووبوونە تاران ـ ٧ بەندی تیا هەبوو کە زۆرتر ڕازی نەبوونی تاران لەو ٧ بەندەدا بوو. ئەمجارە مظفر فەیرووز لەلایەن حکوومەتی تارانەوە لەو بەندانەی تۆزێ شل کردەوە و لە عەینی وەختا تەورێز و سابڵاخیش دیسان تۆزێ شلیان کردەوە و لە ئەنجاما بەیەک گەیشتن.

مظفر فەیرووز ئەم بەیەک گەیشتنەی بەسەرکەوتنێکی زۆر زل زانی و هەر لە ڕادیۆی تەورێزا بەندەکان و ڕێکەوتنەکەی بڵاوکردەوە. ئەمجا لەگەڵ پیشەوەریدا ئیمزای بەندەکانیان کرد و بەسەرکەوتوویی گەڕایەوە بۆ تاران.

ئەبێ ئەوەش بزانین کە هەندێ لەو کەسانە کە لەگەڵ مظفر فەیرووزدا بۆ ئەم قسەکردنە چووبوون بۆ تەورێز لە ئەفسەرانی لەشکری ئێران بوون. هەندێک لە بەندەکان ئاشنایەتییان بە کاروباری ئەرتەشی ئێرانەوە هەبوو، ئەم ئەفسەرانە بۆ ئیمزاکردنی، خۆیان ئەگرت. لەبەر ئەمە دیسان ئەوان وتیان بۆ ئەم بەندانە پێویستە دەستەیەکی تر لە ئازربایجانەوە بچنەوە بۆ تاران قسە لەگەڵ ئەرتەشی تارانا بکەن. لەبەر ئەمە ئەوان ئیمزای بەندەکانیان لەلایەن ئەرتەشەوە نەکرد و هەروا بەبێ ئەوە بگەن بە بناوانێ، گەڕانەوە بۆ تاران!.

ئەمجا بۆ جاری دووەم دەستەیەکی تر لەژێر سەرۆکیی « شەبوستەری»ی سەرۆکی مەجلیسی میللیی ئازربایجاندا لە ٢٠ی ئاغستۆزی ١٩٤٦دا چوونەوە بۆ « تاران» بۆ قسەکردن لە کەینوبەینی ئەو بەندانە کە وەختی خۆی هەزارویەک قسەی لەسەر کراوە!. نمایندەکانی ئازەری چەند بەندێک هەبوو ئەمانەیان زۆر مەبەست بوو، وەکوو ئەوە:

١. ئەو ئەفسەرانە کە لە لەشکری ئێران هەڵاتوون و چوونەتە لەشکری ئازربایجانەوە، ئەمانە بگەڕێنەوە بۆ لەشکری ئێران بە زیاد لە پایەکەی خۆیان.

٢. ئەو ئەفسەرانە کە لە لەشکری دیموکراتدا هەن، ئێران هەموویان بە ئەفسەری تەواو بناسێ.

٣. حکوومەتی ئێران لە ساڵا ملیۆن و نیوێک تمەن بخاتە ناو میزانییەوە بۆ ژیانی لەشکری ئازربایجان.

٤. فەرماندەی لەشکر و ئامر فەوجەکان بۆ ئازربایجان ئەبێ بە قسەی (ئەنجومەنی ئەیالەتی ئازربایجان) بێت.

٥. سەربازی ئیجباریی ئازربایجانی هەر ئەبێ لە ئازربایجان بمێننەوە.

٦. ئەگەر ئاژاوە و هەرایەک بوو بە ڕیشی ئێرانەوە، هێزی ئازربایجان لەپاش ئەوە کە "ئەنجومەنی ئەیالەتی" بڕیاری لەسەر دا ئەتوانێ بچێ بۆ ئێران جەنگ بکا.

٧. ئەفسەرەکانی ئازربایجان نەچن بۆ شوێنێکی تر، هەروەها ئەفسەری شوێنێکی تریش نەیەت بۆ ئازربایجان مەگەر بە قسەی "ئەنجومەنی ئەیالەتی" نەبێ.

کێشەکەیان زۆرتر لەسەر ئەم شتانە بوو، ماوەیەکی زۆر مانەوە، تا قوام ڕازی ئەبوو، ئەرتەش ڕازی نەئەبوو، تا ئەمانە ڕازی ئەبوون شا ڕازی نەئەبوو!. بەکورتی هەر دەستی دەستییان پێ ئەکرا. ئەمانە ماوەیەکی زۆر لە تاران مانەوە، لەملاوە لە تەورێز و سابڵاخ سەیریان کرد لێژنە نەگەیشتۆتە ئەنجامێک و شوێنێکیشی دیار نییە کە بێتەوە، دەست کرا بە موزاهەرەکردن بۆ هاتنەوەیان و لەسەر یەک، لەسەر یەک داوایان ئەکرد کە بگەڕێنەوە، لەئاخرا لێژنە لەپاش مانەوەی نزیکەی دوو مانگ و نیو گەڕانەوە بەبێ ئەوە شتێک لەگەڵ خۆیان بێننەوە!.

هەروەها لە تەممووزی ١٩٤٦دا حکوومەتی ئێران بە جۆرێکی ڕەسمی قازی محەمەدیشی بانگ کرد بۆ تاران. دیسان ئەمیش هەر بۆ قسەکردن لە کاروباری کوردەوارییەوە، پێشوازییەکی باشیان کرد. لەپاش قسەکردنێکی زۆر و ڕێنەکەوتن، قوام السلطنە لە دەرگایەکی ترەوە سەری دەرهێنا، وتی: "ئەگەر بێت و قازی و حکوومەتی کوردستان واز لە دۆستایەتی و هاریکاریی ئازربایجان بێنێ، حکوومەتی ئێران هەچ ناوچەیەکی کوردەواری لە ئێرانا هەیە وازی لێ دێنێ بۆ ئەوە هەمووی بکەوێتە سەر حکوومەتی کوردستانی قازی محەمەد!..".

قازی ئاشنا نەبوو بەم قسە لووسانە و حکوومەتی ئێران وەڵامێکی لێ وەرنەگرتەوە. کە لەم دەرگاشەوە هیچ نەکرا بە هۆی عەبدوڵڵای ئێلخانیزادەوە کەوتنە ژێر پێی قازی محەمەد کە بچێت چاوی بە شا بکەوێ، شا ڕازیی ئەکا و ئەشینێرێ بۆ ئەمەریکا بۆ سەیران کردن!!..

دیارە لەم ڕووەشەوە هەر هیچ نەکرا و پاش ئەوە قازی گەڕایەوە بۆ سابڵاخ!.

*****

لەو ڕۆژانەدا کە جەنگی گەورەی دووەم کاروباری هەموو وڵاتێکی تێکدابوو، جیاییەک نەبوو لەبەینی ئەو شوێنانەدا کە تێکلاوی شەڕ بووبوون لەگەڵ ئەو جێگایانەدا کە تێکلاو نەبووبوون !.

وڵاتی ئێران یەکێک بوو لەو شوێنانە کە گۆیا تێکلاو نەبووبوو بەڵام لە مایسی ١٩٤١دا کە سوێنخوارەکان چوونە ناویەوە کاروباری گەلێ لەو وڵاتانە خراپتر بوو کە ئاڵابوو بە جەنگەوە!. بڕیاری سوێنخوارەکانیش لەگەڵیا ئەوە بوو کە هەر لەگەڵ شەڕ دوایی هات ئەوان لەشکری خۆیان ئیتر لەو وڵاتە بکێشنەوە!.

لە ٢٦ی نیسانی ١٩٤٥دا شەڕ دوایی هات، بەپێی ئەو پەیمانانە ئیتر ئەمان ئەبێ دەرچن، دەرچوونیش زۆر ستەمە چونکە ئەمان هەموو ڕۆژاوای ئێرانیان کردووە بە وڵاتی خۆیان، واتە لە نیوەی شیمالیەوە تا نیوەی جنووبی. ئینگلیز لە (عەبادان)ەوە ئەسووڕێتەوە تیایا تا ئەگاتە (سنە)، ڕووسیش لە (تەورێز)ەوە تا ئەگاتە (سەقز)!.

ئەمە و بێجگە لەمەش لەژێرەوە ئینگلیز ئەڵێ: ڕووس دەرچێ تا منیش دەرچم. ڕووسیش عەینی قسە ئەڵێ ئینگلیز دەرچێ تا منیش دەرچم!. بەڵێ بە ئاشکرا ئەمە ناڵێن چونکە پەیمانەکە ئەمەی تیا نییە، واتە ئەمە بڕوبیانووە، بەڵام لەبەر ئەوە کە ئەم دووە، لە دڵا دڵیان لە عاستی یەک پاک نییە، ئەم بڕوبیانووانە دێننە ناوەوە. دیسان ئەو شوێنانە کە ئەمان هاتوچۆی تێدا ئەکەن هەمووی شوێنی نەوتە، نەوتیش بۆ ئەو ڕۆژە لە هەموو سەرمایەیەک بەنرخترە.

ئینگلیز هەر لەزۆر لەمێژە دەستی لە نەوتی عەبادان گیربووە و لەگەڵ ئێرانا هاوبەشە تیایا و ئەتوانێ بەناوی هەڵسووڕاندنی بەشە نەوتی خۆیەوە پێ دابگرێ!. بەڵام ڕووس هیچی بە دەستەوە نییە و ترسێکی گەورەش ڕووی تێ کردووە؛ ڕووس نەوتی هەیە و لە قەوقاز (باکۆ)دایە، باکۆیش کەوتۆتە خاکی خۆیەوە، ئەوەندە هەیە بێجگە لەوە کە بیرە نەوتەکانی قەوقاز زۆرتریان بەهۆی شەڕەوە پەکیان کەوتووە، ڕەگ و دەماری ئەو نەوتەی کەوتۆتە وڵاتی ئازبایجان و کوردەوارییەوە. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان لە وڵاتی ئازبایجان بیرێک لێ بدرێ مەعنای وایە نەوتەکەی باکۆی ئەو هەمووی وشک ئەکا!..

هەر ئەم ترسەیە کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە وا لەدڵی ڕووسا و لەو وەختە بەدواوە هەموو دەمێک لە کۆششی ئەوەدا بووە کە بەڵکوو ئیشێکی وا بکا ئەو وڵاتی ئازبایجان و کوردەوارییەی بکەوێتە ژێر دەست و لەو ترسە ڕزگاری ببێ!.

لە دەورەی شایەکانی قاجارا هەر هەراوهوریایەک کە لە بەینی ئێران و ڕووسا بووە هەر لەسەر ئەوە بووە، هەر ئەو ترسەش بوو کە شایەکانی قاجاری وا لێ کردبوو هەموو وەخت (وەلیعەهد) لە تەورێز دانیشێ!. لە شەڕی گەورەی یەکەما، ڕووسی قەیسەری سەری تیا چوو و هیچ نەکرا. لە شەڕی گەورەی دووەما سەرەتا ئینگلیز و ڕووس گیریان خواردبوو بە دەست جەنگی هیتلەرەوە. کە ئەو جەنگەش دوایی هات هەرچەندە لە ١٩٤١دا لە دەوری ڕەزا شادا ئەگەر ئینگلیز لیی تێک نەدایە زۆری نەمابوو ئیمتیازەکەی دەستکەوێ، کەچی سەرباری ئەمە ئاووهەوا لە دەورەکانی پێشوو گەلێ خراپتر بوو، بۆ ئەوە کە ڕووس نەوتی ئازربایجانی دەست نەکەوێ وە بەڵکوو هەر لەدەستی دەرچێ!. چونکە لەملاوە ئینگلیز بە جۆرێکی ئاشکرا و ڕاستەوڕاست دەستی لە ئێرانا هەبوو، ئەیتوانی پێی خۆی لەگەڵ ئێرانا

نەبڕێ، ئەیتوانی ڕۆژێ لە ڕۆژان بە ناوی دۆستایەتییەوە لەگەڵ ئێران ڕێ کەوێ و هەڵیخەڵەتێنێ بۆ ئەوە دەست بکا بە بەرهەمهێنانی نەوتی ئازربایجان!. کە ئەم نەوتە پێکهات ڕووس لە خاکەکەی خۆیشیا تنۆکێ نەوتی بۆ نامێنێتەوە و ناشتوانێ هیچ قسە بکا، چونکە ئێران ئەڵێ: کەری خۆمە و گوێی ناڵ ئەکەم!. واتە نەوتی خۆمە و لە خاکی خۆمایە و چیی لێ ئەکەم لێی ئەکەم!.

جا ئەم ترسە ڕووسی وا لێ کردبوو کە بەهەر جۆر بووە ئیشێکی وا پێک بێنێ، بەڵکوو بە لانی کەمەوە وڵاتی ئازربایجان لەژێر چاوێریی ئەوا بێت و تۆزێ لەو ترسە ڕزگاری ببێ!.

هەڵگیرسانی ئەم شەڕی گەورەی دووەمە زۆر لەبار بوو بۆ ئەوە، کە حکوومەتە گەورەکان، واتە شەڕ هەڵگیرسێنەرەکان لەبەر بەڕێوەچوونی کاروباری خۆیان شەیپوورێ بگرن بە دەمەوە و بە دنیادا بڵاوی بکەنەوە بڵێن: قەومە کەمەکان، وە یا قەومە ئازادی لێ زەوتکراوەکان ئەبێ ئازادی و سەربەخۆیی خۆیانیان بدرێتێ!.

ئەم قسەیە دارێکی چاک بوو بۆ ئەو ڕۆژە کە ڕووس بیگرێ بەدەستەوە و بڵێ ئازربایجان و کوردستانیش ئەبێ سەربەخۆیی خۆیانیان دەستکەوێ. بێگومان ئەگەر ئەمان لەڕێگەی ئەوەوە بگەن بەو سەربەخۆییە هیچ شک لەوەدا نییە کە نەوتی ئەو وڵاتە ترس لێ نیشتووەکانی دەست ئەکەوێ و ئیتر هیچ شتێک نامێنێتەوە کە ببێ بە کۆسپ لەڕێگەیا !.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش ئەبێ کۆشش بکرێ، کۆششەکەش ئەوەیە کە لەناو دانیشتووەکانی ئەو وڵاتانەدا بڵاو بکرێتەوە کە بڵێن ئێمە سەربەخۆییمان ئەوێ. بۆ ئەمەش ئەبێ پیاویان لەو وڵاتانەدا بگەڕێ و پیاوی ئەمانیش بچنە وڵاتی ئەوانەوە!.

لەو ناوەدا و لەو دەورەدا کلینسکی و ئەسمیرنۆڤ و ئەسەدۆڤ، یا خۆیان وەیا پیاوەکانیان ئەگەڕان و خۆیان لە خەڵک هەڵئەسوو، لەملاشەوە هەر جارە پیاوی وەکوو قازی محەمەد و پیشەوەری و شەبوستەری بانگ ئەکران بۆ وڵاتی ڕووسیا و قەوقاز هەر بۆ چاوپێکەوتن و دەم بەیەک گەیشتن!.

ئەم هۆیانە هەموو یەکیان گرتبوو بۆ ئەوە لەو وڵاتانەدا دەنگێک بەرز ببێتەوە و ئەوی پێی بکرێ کەڵکێک لەو ڕۆژە وەربگرێ. کزی و بێتینیی حکوومەتی ئێرانیش زیاتر زەوییەکەی ئاو ئەدا. وەزارەتەکانی (صەدر) و (حکیم الملک) هیچیان بەکەڵکی ئەوە نەئەهاتن کە بتوانن بەتەواوی کاروبار بگرنە دەست. ئەوە بوو کوتوپڕ لەم وەختە ناسکەدا قوام السلطنە هاتە مەیدانەوە و وەزارەتی ئێرانی دروست کرد. دەرگایەکی سەربەستیی خستە سەر گازی پشت، ئیجازەی دایەوە بە حیزبە داخراوەکان، سێ ئەندامی لە حیزبی توودە خستە ناو وەزارەتەکەیەوە، ئینگلیزخواکانی گرت و خستنیە بەندیخانەوە!.

کە ئەمانەی کرد ئەمجا هات حیزبێکی بەناوی حیزبی دیموکراتی ئێرانەوە دروست کرد. دانانی ئەم حیزبەی بناغە بوو بۆ پشت شکاندنی حیزبی دیموکراتی ئازربایجان و حیزبی دیموکراتی کوردستان!.. چونکە بەرەبەرە لە پیاوانی ئەو دوو حیزبەی ڕائەکێشا و ئەیخستنە ناو حیزبەکەی خۆیەوە، زۆرتر کۆششی ئەوەی ئەکرد، کە سەرۆک عەشرەتەکانی ئەو وڵاتانە بخاتە ناو جغزەکەی خۆیەوە.

هەروەها لە ڕۆژی ١٧ی شوباتی ١٩٤٦دا وەزارەتەکەی خۆی خستە پێش چاوی پارلەمان و باوەڕی لێیان وەرگرت. ڕۆژی دوایی، واتە ڕۆژی ١٨ی شوبات، باڵی گرتەوە، مۆسکۆ بگرە و هاتم! لەوێ تا ٧ی مارتی ١٩٤٦ مایەوە، چاوی بە ستالین، مۆلۆتۆف و سادچیکۆف کەوت و پاش ئەو ماوەیە گەڕایەوە بۆ تاران!.

*****

ئەم چوونەی قوام السلطنە بۆ مۆسکۆ لە باری پیلان و سیاسەتەوە ناوچەیەکی زۆر زلی هەبوو؛ ئەوە بوو لەو وەختەدا ڕووسەکان بۆ دەستخستنی نەوتی ئازربایجان زۆر لە پەرۆشا بوون، ئەو هەموو لاپەڕە سیاسییانە کە لەو وڵاتەدا هەڵئەدرایەوە هەمووی هەر لەبۆ ئەو نەوتە




بوو.

کە قوام ڕۆیشت و چاوی بە کاربەدەستانی ڕووس کەوت، پێی وتن "ئاووهەوای ئێرانی ئیمڕۆژ ئەوە هەڵناگرێ کە بەو جۆرە پارچە پارچە ببێتەوە. ئەو نەوتەی کە کەوتۆتە شیمالی ئێرانەوە و ئەوسەری بەستراوە بە باکۆ و قەوقازەوە و ئەمسەری تا سەر ڕووباری چەغەتوو ـ میاندواو دێت. من بەو ناوەوە کە سەرۆکی حکوومەتی خاوەن نەوتم، ئەتوانم ئیمتیازی ئەو نەوتە بدەم بە ڕووس، ئیتر ئاو بکرێ بە ئاگرا !."

ئەم قسانەی قوام فێنکییەکی دا بە دڵی کاربەدەستانی ڕووس و لەسەر ئەم بناغەیە چوونە سەر مێزی قسەکردن و پەیمان دانان بۆ ئەم باسە.

ئەو پەیمانانە کە لەم ڕووەوە لەلایەن قوامەوە بۆ ئەم باسە دانرا ئەمانە بوون:

١. ئەم لەپێشا بەو ناوەوە کە سەرۆکی حکوومەتە، ئیمزای، دانی ئەم ئیمتیازی نەوتە بە ڕووس، بکات.

٢. لەم تەئریخەوە تا ماوەی ٧ مانگ ئەو پارلەمانەی کە ئێستە لە ئێرانا هەیە بیخات و پارلەمانێکی تر دروست بکاتەوە بۆ ئەوە ئەو پارلەمانی تازەیە بڕیار لەسەر دانی ئەم ئیمتیازە بدات، بۆیەش ئەم پارلەمانە بخات، چونکە ئەمەی ئێستە بە جۆرێکی سەربەستانە نەهاتوونەتە ناوەوە! ئەبێ بۆ ئەم مەسەلەیە پارلەمانێکی وا بێت کە هەموو ئەندامەکانی بە ئەوپەڕی سەربەستیی میللەتەوە هەڵبژێررێن.

٣. لە ئێستە بە دواوە ڕووس لەشکری خۆی لە ناوچەی نفووزی ئێران، بەتایبەتی ئازربایجان و کوردستان، بکشێنێتەوە بۆ ئەوە لە کاتی هەڵبژاردنی نائیبەکانی پارلەمانی تازەی ئێرانا هیچ دەنگێکی بێگانە لەو ناوانەدا نەمێنێ، ئەمەش بۆ ئەوە نەوەک خەڵکی دەست بکەن بە قسەکردن بڵێن هەڵبژاردن سەربەست نەبووە و لەمەوە قسەی تری لێ بێتەوە!..

ئەو مەرجانەش کە کاربەدەستانی ڕووس لەم ڕووەوە دایاننا ئەمانە بوون:

١. بەهەموو مەعنایەک ئەبێ هەڵبژاردن سەربەست بێ لە هەموو ناوچەکانی ئێرانداو نابێ دەمی بێگانە لەهیچ لایەک لەم ڕووەوە ورتەی لێوە بێت.

٢. مەسەلەی ئازربایجان و دەوروبەری ئەبێ بە هێمنی و سیلم ببڕێتەوە.

هەردوو لا لەسەر ئەم مەرجانە ڕازی بوون و ئیمزایان کرد و قوام بە خۆی و بە پەیماننامەیەوە گەڕایەوە بۆ تاران و کەوتە کۆڕی ئیشکردنەوە، لە هەموو زیاتر ئەوەی بڵاوکردەوە کە ئەبێ سەرلەنوێ هەڵبژاردنێکی سەربەست لە وڵاتا دەست پێ بکرێ بۆ ئەوە ئازربایجان و کوردستان نائیبی خۆیان بە جۆرێکی ئازادانە بنێرن بۆ پارلەمان و ئەو وەختە ئەوان چ بڕیارێکیان دا لە بارەی پاشەڕۆژی وڵاتەکەیانەوە حکوومەتی ئێران لەبەر ڕووناکی ئەو باوەڕەی ئەوانا ئەچێ بەڕێوە!..

*****

لە بەین بەینی ئەم تەئریخانەدا ئەوە بوو کارەساتەکانی کوردەواری لە هەموو ئەو وڵاتانەدا لە جووڵەجووڵا بوون، هێزەکانی کورد هەر ڕۆژە لەلایەکەوە پێش ئەکەوتن. حکوومەتی ئێران زۆرتر وەختی بەوەوە ڕائەبوارد کە ئاژاوە و شەڕی بە ڕیشەوە نەبێت، وا دیار بوو هەوای ئەو ڕۆژەی بەباش نەئەزانی بۆ خۆی!.

لەو سەردەمانەدا قسە و باسێک لەبەینی تاران و تەورێزدا هەبوو کە (زەنگان) لەسەر ئازربایجان نەمێنێ و بەڵکوو بکەوێتە سەر وڵاتێکی تر لە وڵاتەکانی ئێران. بەرانبەر بەمە حکوومەتی ئێران بەهەموو مەعنایەک تەکاب و سەردەشت چۆڵ بکا و دیموکراتی ئازربایجان بچنە ناویەوە. دیارە ئەو دیموکراتانەش کە لەو ناوەدا بن هەر دیموکراتی کوردستانە و ئەوان ئەچن داگیری ئەکەن. ئەمە وای لێ هاتەوە کە تەکاب و سەردەشت بەبێ هیچ قسەیەک بوو بە هی حکوومەتی کۆمەڵە.

تەنانەت لەسەر ئەم ڕا و تەگبیرەش سەدری قازی لەلایەن حکوومەتی کوردستان و قازی محەمەدەوە نێررا بۆ سەقز کە قسە لەگەڵ (هومایوونی)ی فەرماندەی نەیرووی ئێرانا بکا و ئەم باسە ببڕێننەوە. کە چوو، فەرماندە بەم باسە ڕازی نەبوو، سەدر قاقەزێکی

ڕەزامەندیی قوام السلطنەی کە، لەم ڕووەوە دابووی بە دوکتۆر جاوید لە تەوریز وە وێنەی ئەم قاقەزە کەوتبووە لای سەدر، دەریهێنا و پێشانی دا.

کاغەزەکەش ئەوە بوو کە قوام نووسیبووی بۆ دوکتۆر جاوید فەرماندەی ئازربایجان:

"ئێمە ڕازیین بە ١٥ ڕۆژ دوای چۆلکردنی زەنگان، تەکاب و سەردەشت لە نەیرووی ئەرتەشی پاک بکرێتەوە و هێزی نیزامییان بنن بەهێزی دیموکراتی ئازربایجان.

ئەحمەد قوام السلطنە، ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦."

هومایوونی و عەلەوی کە بە ناوی فەرماندەی لەشکری سێوە لەوێدا بوون دانێکیان بەم فەرمان و ڕێکەوتنەدا نەنا و وتیان لەلایەن ئەرتەشەوە ئێمە لەم ڕووەوە هیچمان وەرنەگرتووە. بەبێ ئەوە بگەن بە ئەنجامێک سەدر گەڕایەوە بۆ سابلاخ!.

*****

قوام لەگەڵ ڕووسەکان ئەوە بوو ڕێ کەوتبوو بڕیاری هەڵبژاردنی سەرلەنوێ درا، لەم ماوەیەدا ئەو تەکتیکانە کە ئەکرا هەموو بۆ ئەوە بوون کە، تا لە لایەکەوە حکوومەتی ئێران تۆزێ ئیشی خۆی قایم ئەکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە بەلکوو لەم ماوەیەدا ڕووس لەشکری خۆی لە ئازربایجان بکشێنێتەوە.

وەخت زۆری نەمابوو بۆ دوایهاتنی ئەو ماوەیە کە قوام و سادچیکۆف دایاننابوو بۆ دوایهاتنی هەڵبژاردنەکە. ڕووس بەپەلە بوو بۆ ئیمتیازی نەوتەکە، ئێرانیش بەپەلە بوو بۆ دەرچوونی ڕووس لە خاکەکەیا!.

لە ئەنجاما ڕووسەکان هەر ئەیانکردە سەر قوام بۆ برانەوەی ئیش. قوامی - ش ئاخر وەڵامی ئەوەبوو کە بە پێی پەیمانەکەمان ئەبێ ئێوە لە وڵات دەرچن ئەو وەختە ئێمە بکەوینە سەر هەڵبژاردن.

لێرەدا ڕووس چاری نەما و هیچ بیانوویەکیش نییە بیگرێ بە دەستەوە بۆ دەرنەچوون، لەبەر ئەمە وردە وردە لە ئەیلوولی ١٩٤٦دا دەستی کرد بە گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆی و ئازبایجانی چۆڵ کرد، لەسەر ئەو نیازە کە قوام پارلەمانێکی تازە لەئێرانا دروست بکا و پارلەمان ئیمتیازی نەوت بدا بە ڕووس !.

کە ڕووسەکان دەرچوون قوام مەیدانی بۆ چۆڵ بوو بۆ ئەو هەڵبژاردنە، کە خۆی ئەیەوێ. وردە وردە لە شوێنەکانی تری ئێرانا دەستی پێ کرد و پاشان هاتە سەر ئازربایجان و کوردستانی ئازربایجان. بە پێی هەندێ لە بەندەکانی پێشوو، کە لەسەری ڕێ کەوتبوون، وڵاتەکانی ئازربایجان و کوردستان خۆیان بە هەموو سەربەستییەکەوە ئەتوانن نائیب بۆ خۆیان دابنێن.

لەم کاتەدا کوتوپڕ پێشەوەری بروسکەیەکی لە قوامەوە وەرگرت کە: "هێزێکی عەسکەری ئەبێ بێت بۆ ئازبایجان بۆ ئەوە چاوێریی هەڵبژاردن بکا، ئەمەش بۆ ئەوە نەوەک گەمە و گاڵتەی تیا بکرێ!..".

ئەم خەبەرە کارێکی پێچەوانە و سەیری کردە سەر دڵی پێشەوەری!. بە ناچاری پێشەوەرییش وەڵامی بۆ ناردنەوە کە:

"بەپێی هەندێ لە بەندەکانی پەیمانی پێشوو، کە لەسەری ڕێ کەوتبووین، لەشکری ئازربایجان لەشکری ئێرانە. کە ئەم پەیمانە هەیە و لەشکری ئازربایجانیش ئێستە هەیە، کەواتە پێویست بە هاتنی لەشکری ئێران ناکا. لەشکری ئازبایجان خۆی ئەتوانێ بەبێ لایەنگری چاوێریی هەڵبژاردنی خۆی بکا.."

قوام لەو وەختەدا کە ئەو بروسکەیەی دابوو بە پێشەوەری عەینی ئەوەشی لە لایەن کوردستانەوە دابوو بە قازی محەمەد. قازییش وەکوو وەڵامەکەی پێشەوەری وەڵامێکی وای دایەوە بە قوام کە وڵاتی کوردەواری خۆی لەشکری خۆی هەیە و پێویست بە هاتنی لەشکری حکوومەتی ئێران ناکا بۆ ئەم هەڵبژاردنە.

دیارە کە قوام ئەو بروسکانەی دا بە پێشەوەری و قازی، مەعنای وایە پەیمانی تاران – تەوریز حوکمی نەماوە و بە هیچ دائەنرێ!. لەبەر ئەمە دوو دەستەی ئازەری و کوردی لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٦دا لە تەوریز کۆبوونەوە و ئەم بڕیارانەی خوارەوەیان دا:

١. دروستکردنی لەشکرێکی ئازەری – کوردی کە شوێنی لە تەوریز بێت.





٢. ناردنی لەشکری نیزامیی ئازربایجان بۆ قۆڵی سەقز لە کوردستان وە ناردنی لەشکری غەیری نیزامیی کوردستان بۆ ئازربایجان ئەگەر پێویست بوو.

٣. دانانی جەنەراڵ عەزیمیی ئازربایجانی بە سەرۆکی گشتی لە قۆڵەکانی سەقز و سەردەشت لە کوردستان وە لە هولاسۆ – هەوشار لە ئازربایجان.

٤. دانانی مەلا مستەفای بەرزانی بە سەرۆکی گشتیی کوردی و ئازەری لە ناوچەی سەقز.

٥. ناوچەی هەوشار لە ئازربایجان لەژێر چاوێری محەمەد حسێن سەیفی قازیدا بێت.

٦. قازی محەمەد سەرۆکی گشتیی هەرە بەرز بێت لەسەر هێزەکانی ئازربایجان – کوردستان، بەڵام لەژێر ڕەنگرشتنی جەنەراڵ عەزیمیدا.

٧. پێشەوەری سەرۆکی هەرە بەرز بێت بۆ هێزە شەڕکەرەکانی کوردی – ئازەری لە ئازربایجان.

٨. هێزی کوردی هەر یارمەتییەکی تری ویست ئازربایجان دەستی بۆ درێژ بکات.

بەم جۆرە ئەم پەیمانەش بەسترا و ئەمجا ئیتر قۆڵیان کرد بە قۆڵی یەکا بۆ بەگژاچوونی حکوومەتی ئێران بە هەر جۆرەی کە پێیان بکرێ. فیعلەن [فعلا] بەندەکان جێبەجێ کران و کەوتنە کوڕی شەڕەوە. لەولاوە هێزی ئازربایجان لە قۆڵی زەنگان و میانە، کە ئەم دوو شوێنە نرخێکی زۆری هەبوو بەرانبەر بە وڵاتی ئازربایجان، وە لەملاشەوە هێزی کوردی، لە قۆڵی سەقز و بۆکان و بانە و سەردەشت، کەوتنە ئیشکردنەوە.

لەبەر ئەوە کە گرتنی زەنگان بۆ ئێرانییەکان بەرانبەر بە ئازربایجان کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، هێزی ئێرانی هەموو کۆششێکی خۆی لەو قۆڵەوە خستبووە سەر گرتنی ئەوێ.

لە ٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦دا حکوومەتی ئێران بە پشتیوانیی فرۆکەکانی ئەمەریکی لە هەردوو قۆڵەکەوە دەستی کرد بە شاڵاوهێنان. لە ڕۆژی ٩دا کوتوپڕ هێزی ئێران لە سەقز کشایەوە!.

کشانەوەی ئەم هێزە دوو مەبەستی تێدا هەبوو؛ یەکەم ئەوە بوو کە ئەیەویست هەر بە هێزی هەوایی و فرۆکەی ئێران و ئەمەریکی بکەوێتە ناوەوە، چونکە ئەیزانی بە هێزی سەر زەوی باشاری کوردەکان ناکا و پاشەڵی پیس ئەبێتەوە!. دووەم ئەیەویست ئەو هێزی قۆڵی سەقزە زۆر بەخێرایی بگەیەنێتە خەتی تیکانتەپە، بۆ ئەوە هێزی ئەولا بەهێزتر بکا و بکەوێتە بەینی هێزی کوردی و ئازەری، ئەمەش بۆ ئەوە کە بە یەک نەگەن، دیسان هەر لەو قۆڵی هۆلاسووەوە جەبهەی ئێرانی هەستی بە سستییەک کردبوو لە خۆیا، ئەگەر ئەم فیکرەی نەکردایە حاڵی شڕ ئەبوو لەوێدا.

هەرچەندە حکوومەتی ئێران لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦دا زەنگانی لەدەست ئازربایجان هەڵپرووکاندبوو، بەڵام ترسی هەرە زۆری ئەو لە قۆڵی تیکانتەپە و هەوشارەوە بوو، کە ئەگەر لەوێدا هێزی کوردی و ئازەری بگەنەوە بە یەک تازە ئەو ناتوانێ باشاریان بکا. لەبەر ئەم ترسە ئەو پیلانە عەسکەرییەی ڕێک خست!.

*****

وا دیار بوو قسەکردنەکانی قوام و سادچیکۆف لە مۆسکۆ جێگەی خۆی بەتەواوی گرتبوو، بۆیە ڕووسەکان لەشکری خۆیان لە ئازربایجان کشاندبووەوە، بێجگە لەوە کە لەشکریشیان کشاندبووەوە تەمێی پێشەوەرییشیان کردبوو، کە بە جۆرێکی هێمنی لەگەڵ ئێرانا بزوێتەوە!. وا دیار بوو سەرەتا پێشەوەری گوێی بەو ئامۆژگارییە نەدابوو، بۆیە هاتبوو لەگەڵ حکوومەتی قازیدا ئەو پەیمانی ١٦ی تشرینی یەکەمەی بەستبوو. کە ڕووسەکان زانییان پێشەوەری بە دەستیاوی قازی وا هەر چووەتە کوڕی شەڕەوە و بەربەرەکانێی حکوومەتی ئێران ئەکا، بۆ جاری دووەم سەرلەنوێ بە جۆرێکی توند و تیژتر وەڵامیان بۆ ناردەوە کە نابێ بەربەرەکانێی ئێران بکا و ئەبێ دەست لە شەڕ هەڵگرێ!.

هەر لەبەر ئەمە بوو کە بەجۆرێکی کوتوپڕی لە شەوی ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦دا لە ناکاو، بەلاغێکی لێژنەی مەرکەزیی حیزبی دیموکراتی ئازربایجان، دەرچوو کە ئەبێ شەڕکردن لەگەڵ حکوومەتی ئێراندا

بوەستێنرێ و ئیتر جەنگیان لەگەڵ نەکرێ!..

که ئەم بەلاغە بیسترا، هێزی کوردی دەمی خۆی گەیاند بە قیادەی گشتی بۆ ئەوە بزانێ چ باسە؟!. "قیادەی موشتەرەکە" وەلامی دایەوە: "کە ئەم شەڕی ئێمە و حکوومەتی ئێرانە ئەبێتە هۆی شەڕێکی تری گشتیی عالەمی، لەبەر ئەوە پێویستە کە ئیتر جەنگ نەکرێ!.."

دیارە وەرگرتنی ئەم خەبەرە دەماری حکوومەتی قازی و کوردەکانی خاو کردەوە و لەگەڵ ئەوەشا کەوتنە دەریای سەرسڕمانەوە!. لە کوێ پەیمانەکەی ئەمان و ئازربایجان؟ وە لەکوێ ئەم خەبەرە!!..

لەبەر ئەمە قازی محەمەد لە شەوی ١٢ی کانوونی یەکەمدا لە ماڵی خۆیان لە سابڵاخ کۆبوونەوەیەکی زۆر گەورەی کرد و هەموو وزەرای حکوومەت و سەرۆکی عەشایرەکانی کۆکردەوە و کەوتنە قسەکردن لەم باسەوە. لە ئاخرا باوەڕیان هاتە سەر ئەوە: "لەبەر ئەوە کە پەیمان لەبەینی ئەمان و ئازربایجاندا هەیە و ئێستەش ئازربایجان ئەم بەلاغەی بڵاوکردۆتەوە، ئەمان ناچارن بە گوێی بکەن و وەکوو ئەوان ئیتر شەڕ بوەستێنن، بۆچی؟ بۆ ئەوە ئەم شەڕکردنەی ئەمان نەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی تری سێهەم لە عالەما!.."

لەپاش ئەم کۆبوونەوە و بڕیارە، فەرمان دەرکرا کە هەچ هێزێکی کوردی لە دەوروبەری سەقز و سەردەشت و ئەو ناوەدا هەیە هەموو بکشێنەوە و ڕێگە بۆ هێزی حکوومەتی ئێران چۆڵ کەن بۆ ئەوە بچنە ئەو شوێنانەوە.

ئەم کردەوەیە بە تەبیعەت ئەوەی پێشان دا کە هێزی کوردی تەرکی هەموو شتێکی کردووە و مەیدانی بە هەموو مەعنایەک بۆ حکوومەتی ئێران بەرەڵا کرد کەچی ئەکا بیکا!. قازی و دەوروبەرەکەی قازی، وەکوو ئەم فیکرە چووبووە دڵیانەوە ئەوەش چووبووە مێشکیانەوە کە گۆڕانی ئەم پیلانە لە باری پێشووەوە بۆ ئەم بارە بەدەسیاوی ڕووسەکان بووە، بێگومان کە ئەمان لەم پلەیەدا ئەگەر هات و بە گوێی ئەوانیان کرد ئەوانیش چاویان لەمان هەر ئەبێ.

هەر لەو شەوەدا کە بەلاغەکەی لێژنەی مەرکەزی دەرچوو بۆ وەستانی شەڕ، لە بەیانیا، واتە لە ڕۆژی ١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ەوە، هێزی حکوومەتی ئێران چووە ناو شاری تەورێزەوە و تەورێزی گرت، لەملاشەوە ئەوە بوو هێزی کوردی لە هەموو وڵاتەکان کشانەوە و حکوومەتی ئێران بەرەبەرە ئەو ناوچانەی داگیر کردەوە!.

بۆکان هەرچەندە خۆی شارێکی بچووکە و ئەو سەردەمە ٦ هەزار کەسێک دانیشتووی هەبوو، کەوتۆتە بەینی سەقز و سابڵاخەوە، ٣٠٠ کیلۆمەتر لە سەقز و ١٠٦ کیلۆمەتر لە سابڵاخەوە دوورە، بەڵام لە چاو ئەو ناوچە جەنگییانەی کوردەواریی ئەو ڕۆژەوە ئەهەمییەتێکی زلی هەبوو. هێزی حکوومەتی ئێران لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦دا چووە ناویەوە و گرتیەوە. بە چوونە ناوی ئیعلانی عورفیی تیا دامەزراند. ئەمجا لەشکری ئێران لەوێوە ڕووبەڕووی سابڵاخ بووەوە.

سەرەتا فیکرە وا بوو کە عەبدوڵڵای ئێلخانیزادە و مام عەزیزی قەرەنی ئاغای مامش، کە ئەمانە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ حکوومەتی ئێران بوون، حکوومەت بیانهێنێ جلوبەرگی سەربازی بکا بە بەر پیاوەکانیانا و سەرەتا ئەوانە بچنە ناو شاری سابڵاخەوە!. ئەمەش بۆ ئەوە کە لە چوونی ئەمانە بۆ ناو شار ئەگەر هات و ئەهلی شارەکە دەستیان کردەوە، چونکە ئەمانە ناپیاوەتی ئەکەن لەناو شارا، یەکەم بۆ ئەوە با کوژراو هەر لە بەینی کوردەکان خۆیانا بێت!. واتە دەستەی ئێلخانیزادەیە هەر کوردە و دەستەی سابڵاخیشە هەر کوردە.. دووەم بۆ ئەوە پاشان حکوومەتی ئێران فوو بکا بە شەیپووردا بڵێ لەپاش ئەوە کە شەڕ وەستێنرابوو حکوومەت ئەچووە سابڵاخەوە، کوردەکان هاتن سەربازە ئێرانییەکانیان کوشت!!.

لەبەر ئەمانە قازی محەمەد لەگەڵ جەنەراڵ هومایوونیی سەرۆکی عەسکەری ئەو ناوە قسەی کرد و هومایوونیی پەشیمان کردەوە لەو باوەڕە کە لە پێشا کوردەکان بە جلی سەربازییەوە بنێرێتە ناو شار.

ئەمجا لە ڕۆژی ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦دا نەیرووی قۆڵی بۆکان لەولاوە و هی میاندواو لەملاوە پێکەوە گەیشتن و چوونە ناو شاری سابڵاخەوە و سابڵاخ گیرا. بە پێچەوانەی هەموو دوژمنایەتییەک قازی محەمەد و خەڵکی شار پێشوازییان لە لەشکری تازە سەرکەوتوو کرد.

لەشکری سەرکەوتوو، لەشکری ئێران، کە چوونە سابڵاخەوە وەنەبێ بە پیاوەتییەکی پیاوانە چووبێتنە ناو شارەوە، بە چوونەکەیان دەستیان دا بە توندوتیژی و خەڵک گرتنەوە، مەحکەمەی عورفییان دانا، قازی محەمەدیان گرت، کەوتنە ناوەوە لەوانەی کە سەر بە قازی بوون هەموویان گرتن. لەو سەردەمانەدا سەدری قازی، کە وەختی خۆی نائیب بوو لە پارلەمانی ئێران، لە تاران بوو، بۆ ئەوە لەم ڕووەوە لەگەڵ حکوومەتی تاراندا ئەوەی پێی بکرێ قسە بکا. لەوێش ئەو گیرا و هێنرایەوە بۆ سابڵاخ.

قازی و سەر بە قازی هەموو گیران و خرانە بەندیخانەوە، بەڵام لەبەر ئەوە لەو ڕۆژانەدا مەلا مستەفای بەرزانی لە ڕێی هاتوچۆی تارانا بوو، ئیشی ئەو هێشتا لەگەڵ حکوومەتی تارانا دوایی نەهاتبوو، ئەوەندە بە توندی لەگەڵ ئەما نەئەبزووتنەوە. کە ئیشی مەلا، لەگەڵ ئێرانا یەکلایی بۆوە ئەمجا لەگەڵ دەستەی قازیدا بەتەواوی تێهەڵچوون!.

بەڵێ ئیشی مەلا یەکلایی بووبووەوە، بەڵام لەملاوە عەشایرە کوردەکانی تری سنوورەکانی ئێران ـ عیراق و تورکیا هەر لە مەیدانا بوون، لەبەر ئەوانە گۆیا وا ئەدرایە بەرچاو کە لەگەڵ قازی و دەستەی قازیدا زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆیی لەگەڵیان ئەبزوونەوە، بەتایبەتی مەحکەمە ئەوەندە میهرەبانە لەگەڵیان مەگەر هەر باوک ئەوەندە میهرەبان بێ!.. هیچ پرسیار و شتیان لێ ناکەن، لە بەندیخانەکەدا هەر وەکوو لە ماڵی خۆیانا بن وا نە!. وەکوو گوڵ بە خێو ئەکرێن!..

لەم ماوەیەدا حکوومەتی ئێران بە پروپاگاندە کەوتە ناو سەرۆک عەشایرەکانی ئەو ناوە بۆ ئەوە دڵیان لە عاستی قازی هەڵبگێڕێتەوە!. بێجگە لەمەش بانگی کردن بۆ تاران و لە ڕۆژی ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٧دا گۆیا لە بانگێشتنەکەدا شاهەنشاشیان زیارەت کرد و شاهەنشا خەڵاتی یەکە یەکەی کردن و هەموو بوو بە "شاه دوست"، ئیتر کوردی چی و قازیی چی و سابڵاخی چی!!.

کە حکوومەت بەم جۆرە ڕەوشتانە وردە وردە هەندێ لە کوردەکانی لە قازی محەمەد هەڵگێڕایەوە ئەمجا هێنای خستیە ژێر موحاکەمەوە، موحاکەمەش بەناو موحاکەمە بوو، بەڵکوو بۆ چاوبەستن بوو ئەگینە ئەبووایە قازی هەر بکوژرایە.

لە ئاخری موحاکەمەیەکی گۆیا دوور و درێژا هیچیان لەسەر قازی نەدۆزییەوە تەنها دوو شت نەبێ؛ یەکەم ئاڵای حکوومەتی ئێرانی گۆڕیوە، سوورەکەی خستۆتە سەرەوە و سەوزەکەی هێناوەتە خوارەوە و لەباتی "شێر و ڕۆژ" گوڵەگەنمی لێ داوە و کردوویە بە هی جمهووریەتی کوردستان!. دووەم لەو تەمسیلانەدا کە لە دەوری حکوومەتی ئەوا ئەکران هەموو جار تابلۆیەکیان ئەهێنا ئەمەیان لەسەر ئەنووسی: "بمرێ ئەو کەسەی کە نایەڵێ ئازادیی کورد سەربگرێ!..". حکوومەتی ئێران ئەمەی بە تانووت ئەزانی بۆ خۆی، وای ئەوت کە ئەمە گۆیا لەگەڵ ئەویانە!.

گوناحی (سەدری قازی) ش ئەوە بوو کە ئیشی لەگەڵ قازی محەمەددا کردووە، هەرچەند وتی وەختی خۆی من نائیب بووم لە تاران و لە هەموو وەختێکما هەر خەریکی ئەوە بووم، کە ئیش و کاری بەینی حکوومەتی ئێران و حکوومەتی قازی بکەوێتە بارێکی هێمنیدا، ئەم قسانە بە گوێی مەحکەمەدا ئاشنا نەبوون!.

گوناحی سەیفی قازی ئەوە بوو کە جلی جەنەراڵی لە بەر کردووە!. ئەمیش هەرچەند وتی قوام السلطنە منی بە ناوی فەرمانداری سابڵاخەوە داناوە، ئەویش کەڵکێکی لەمە وەرنەگرت.

لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٤٧دا حوکمی خنکاندنی هەرسێکیان لە مەحکەمە دەرچوو!.

لەو ڕۆژانەدا هێشتا کاروباری بەرزانییەکان بەتەواوی

نەبڕابووەوە، عەشایەرەکانی تر هێشتا بە تەواوی نەخرابوونە داوەوە، حکوومەتی ئێران لەبەر ئەمانە نەیئەویست بەتەواوی دەستی بداتێ، بەڵکوو بۆی نەئەکرا چی خۆی ئەیەوێ ئەوە بکا!. ئەوەی کرد بە بیانوو گۆیا نەوەک ئەو مەحکەمەیە جەوریان نواندبێت، پێویستە هەندێکی تر لە تارانەوە بۆ ئەوە چاو بخشێننەوە بە مەحکەمەکەدا. ئەمەش لەڕاستیدا وا نەبوو، بەڵکوو بۆ ئەوە بوو کە تۆزێ وەخت درێژتر کەنەوە، بەڵکوو لەم ماوەیەدا ئیشیان بۆ یەکلایی ببێتەوە، ئەگینا ئەوان ئیش هەر جۆر ببوایە، واتە بەهەق وەیا بە ناهەق ئەبوا ئەوانەیان هەر بخنکاندایە !.

ئەمجا لەسەر ئەو نیازە سەرهەنگ نەجاتوڵڵای زرغامی لە تارانەوە هات و چاوی گێڕا بە کاروباری مەحکەمەکەدا، سەیری کرد تەواوە و هیچ کەموکووڕییەکی تێدا نییە، ماوەی ئەوە هاتووە کە بخنکێنرێن!. ئەویش فەرمانی بە خنکاندنیان دەرکرد و لە ٣١ی مارتی ١٩٤٧دا قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی لە ڕێگەی ئازادیی کورددا لە ناو شاری سابلاخ خنکێنران!.

بەڵێ سەعات سێی پاش نیوەشەوی، ٣١ی مارتی ١٩٤٧ سەعاتێکی ترسێنەر بوو لەناو شاری سابلاخا. هەر لەو سەعاتەدا بوو قەنارەکانیان هەڵواسیبوو، سەربانی هەموو کۆشک و شوێنە بەرزەکان پڕکرابوون لە مەترەلۆز و چەکی ئاگرین، دەبابە و تۆپ ئەو ناوەی هەموو داگیر کردبوو. ئەمانە هەموو بۆ ئەوە کە قازی محەمەد داوای حەقی خۆی کردبوو، سەرباری ئەوە کە حەقەکەشیان نەدایە ئەوا خەریکن ئێستە ملی ئەکەن بە پەتەوە!. پەتی جەور، پەتی زوڵم، پەتی ناعەدالەتی و خوانەناسی.

قازی محەمەد چ لە وەختی خنکاندنەکەیا و چ لە وەختی موحاکەمەکردنەکەیا هەموو جار ئەوەی ئەوت: "کە خوێنی من بۆ ئێوە بێت بەلام سەدری برام بێگوناحە و لێی خۆش بن، من بۆ خوێنی خۆم ناپاڕێمەوە بەلام بۆ سەدری برام ئەپاڕێمەوە، ئەو بێگوناحە لێی خۆش بن."

دادگای مەحکەمە و حکوومەتی ئێران لەم قسانە وەکوو گوێزیان بۆ بژمێرن وا بوو!.

قازی محەمەد لە پێش ئەوەدا ببرێتە بەر سێدارەکە دەستنوێژێکی شۆرد، کە بردیانە بەر قەنارەکە بەهەموو دڵفراوانییەکەوە دوو ڕکات نوێژی کرد و گەلێک لە خوا پاڕایەوە، مەعنەوییاتێکی بەهێزی هەبوو، چووە بەر سێدارەکە و وتی:

"ئێوە ئێستە قازی محەمەدێک ئەکوژن و ئیعدامی ئەکەن، بەلام شەعبی کوردی هەر یەکە قازی محەمەدێکن، بڕوام وایە ئەو قازی محەمەدانە زۆر دڵڕەق ئەبن بەرانبەر بەو کەسانە کە بوون بە جەلادی شەعبی کوردی!.." ئەمەی وت و پەتەکەی کردە ملی خۆیەوە.

محەمەد حسێن خانی سەیفی قازی لەو کاتەدا کە بردیانە بەر قەنارەکە وتی:

"شانازی ئەکەم بەوە کە لە ڕێگەی نیشتمانا ڕۆیشتم، بژی حکوومەتی کوردستان!." پاش ئەمە ئەویش پەتەکەی خستە ملی خۆیەوە.

سەیفی قازی پیاوێکی کەڵەگەت و بەدیمەن بوو، کە سەرخرا بۆ سێدارەکە، پەتی سێدارەکە پچڕا، ئەبووایە ئیتر ئیعدام نەکرایە لەگەڵ ئەوەش هەر بەدەست خنکاندیان!..

پاش ئەمان سەدری قازییش هێنرا و ئەویش بە دەستووری ئەوان ملی کرا بە پەتەوە. سەدر تا ئەو وەختە ملی کرا بە پەتەکەوە هەر لەو بڕوایەدا نەبوو کە ئەیکوژن. چونکە گوناحی ئەو هەر نائیبێک بوو لە تاران و ڕاسپێرێک بوو لەم ئاخرەدا لەبەینی حکوومەتی تاران و حکوومەتی سابلاخدا و هیچی تر.

لەپاش خنکاندنی ئەمانە لە ڕۆژی٧ی نیسانی ١٩٤٧دا چەند قەنارەیەکی تریان لە دەشتی ناو شاری سابلاخا دامەزراند و ئەمانەی خوارەوەشیان خنکاندن:

١. ڕەئیس حەمید مازووچی، ٢. ڕەئیس ڕەسووڵ نەغەدەیی، ٣. مولازیم عەبدوڵلا ڕەوشەنفیکر، ٤. مولازیم محەمەد ناظمی.

گوناحی ئەمانەش لە بەرچاوی ئێرانییەکانەوە ئەوە بوو





کە لە قۆڵی سەردەشتدا پێویستی ویژدانی خۆیان بەرانبەر بە جمهورییەتی کوردستان بەجێ هێناوە.

ئەمانە قوربانییەکانی سابلاخ. لەناو شاری بۆکانیش ئەمانەی خوارەوە ئیعدام کران:

١. عەقید عەلی بەگی شێرزادی، ٢. عەقید محەمەد ئەمینی کەسنەزانی، ٣. ئەحمەدخانی فاررووقی، خۆی و دوو برای کە ئەمانە لە سەرۆکی عەشرەتی فەیزوڵلابەگی بوون، ٤. ئەحمەدخانی کەڵتەگە، ٥. مەحموودخانی تورکمانکەندی لە سەرۆکی عەشرەتی فەیزوڵلابەگی، ٦. محەمەدخانی باباخان بەگ لە سەرۆکی عەشرەتی فەیزوڵلابەگی، ٧. محەمەد بەگی شێرزادی لە سەرۆکی عەشرەتی فەیزوڵلابەگی، ٨. ئاغا سدیقی یازیبلاخی لە دانیشتووانی سەقز، ٩. عەلی ئاغای تەموتە لە سەرۆکەکانی گەورک، ١٠. ڕەسووڵ ئاغای میرەدێ لە سەرۆکەکانی عەشرەتی گەورک.

ئەوانەی کە وا بە فەرمانی عەسکەری ئیعدام کران تا ٥٠ کەسێک ئەبوون، ئەمانەش ئەوانە بوون کە داوای حەقی خوراوی خۆیانیان کردبوو، تۆڵەکەشیان ئەوەبوو کە پێیان درایەوە!.

لە دەوری حکوومەتی قازیدا لە سابلاخ ڕۆژنامەی کوردستان دەرئەچوو کە زمانی حاڵی حکوومەتەکە بوو، هەموو کارەسات و قەوماوی حکوومەتی تیا ئەنووسرا. هەروەها گۆڤاری (نیشتمان) و بڵاوکراوەی تریش دەرئەچوو.

*****

بەم جۆرە پەردە لەسەر حوکوومەتی کوردستان و ئازربایجاندا دادرایەوە! مایەوە سەر ئەوە ئایا کارەساتی ئیمتیازی نەوتەکە لەولاوە بەچی گەیشت؟.

ئەوە بوو قوام وتی پێویستە بە پارلەمانێکی تازە بۆ ئەوە بڕیار لەسەر ئیمزاکەی من بدا بۆ دانی نەوتەکە. ئەو بەندانەی لەگەڵ ڕووسیادا بەست و ئەم دەورانەی گێڕا، ڕووس نەیرووی خۆی کشاندەوە، ئەمیش بەناوی ئینتیخاباتی ئازادەوە وڵاتەکانی داگیرکردەوە، چونکە ڕووس چاوەڕێی ئیمتیازی نەوت ئەکا نابێ دوا بخرێ!.

لە پاش ئەوە کە ئەم، وڵاتەکانی داگیرکردەوە لەڕاستیدا پارلەمانی تازەدروستکراو باسی - دانی ئیمتیازی نەوت بە ڕووسیا - کەوتە ئەو پارلەمانەوە. پارلەمان پێی دا بە زەوییا وتی من بڕیار لەسەر، دانی ئەم ئیمتیازە نادەم!. دیارە ئەم کاسەیە بێ ژێرکاسە نەبوو!. واتە بێگومان ئەبێ لەژێرەوە لەم ڕووەوە قوام قسەی لەگەڵ ئەم پارلەمانەدا کردبێ!.

قوام لە ڕووواڵەتا دەستی کرد بە هاوارکردن لەگەڵ پارلەمانا وتی: وەختی خۆی من ئیمزام داوە بە ڕووسیا، ئێستە چۆن ئێوە بڕیاری لەسەر نادەن؟!. پارلەمان وتی ئێمە دان بەو ئیمزایەدا نانێین!. قوام لەسەر ئەمە گۆیا لە پارلەمان تۆرا و پاشان وەزارەتەکەی خۆی، بەو ناوەوە کە پارلەمانی تازە باوەڕی نادەنێ، لە حوکم کشاندەوە و لە ماڵی خۆی دانیشت!. ڕووسیاش کەوتە قسەکردن وتی کوا ئیمتیازەکە؟ قوام وەلامی بۆ ناردەوە، وتی: من بڵێم چی؟ خۆتان ئەزانن وەختی خۆی من ئیمزام دانێ و وتم ئەتاندەمێ، ئەوا ئێستە پارلەمان ڕازی نابێ، وەنەبێ سووچێکی منی تێدا هەبێ!..

تازە ڕووسیش نەیرووی خۆی لە وڵات بردۆتە دەرەوە هیچ بیانوویەکی تر بە دەستییەوە نییە بۆ هێنانەوەی نەیروو!. بە قسەی کوردی ئەڵێ: بۆ ڕیش چوو سمێڵیشی نایە سەری!. نە ئیمتیازەکەی دەستکەوت و نە حکوومەتەکانی کوردستان و ئازربایجانیشی بۆ مایەوە!..

لە لاپەڕەی سیاسیی قوام السلطنەی سەرۆک وەزارەتی ئێرانا ئەم کردەوەیە بە گەورەتر شانازییەکی ژیانی دائەنرێ و بەڵکوو شایانی گەلێ ستایشە کە چۆن توانیی ئەم پەردانە هەڵبگێڕێتەوە؟..

*****

سەرەنجامی ئەم شۆڕشانەی کورد لەم ڕۆژانەی دواییدا وایان بەسەر هات کە چاومان پێ کەوت. ئەگەر ئاورێکی تر لە بارێکی ترا بدەینەوە، ئەم هەموو چەوساندنەوە و دەربەدەرییانە کە لەم ئاخرەدا هاتن بەسەر کورددا دوور نییە ئۆباڵی هەمووی بخرێتە

ئەستۆی ئینگلیز و پاشان ئەمەریکا!.

ئینگلیز جەورێکی زۆری کرد لە کورد؛ لە پاش شەڕی ١٩١٤ _ ١٩١٨ لە هەموو گۆشەیەکی کوردەوارییەوە، لە هەموو ئەو ولاتانەوە کە کوردیان تێکلاو بوو، ئینگلیز بە هەموو جۆر دەستی تێ خستن و بەهەموو چەشنە قسەیەک هاتە مەیدانەوە؛ کە باری تێک ئەچوو لەگەڵ حکوومەتەکانی کورد تێکلاوبوودا، بای ئەدایەوە لای کورد و قسەی بۆ هەڵئەڕشتن، کە باری چاک ئەبووەوە قەوانێکی تری ئەخستە سەر!.. کە ئەکەوتە ناو کوردەکە خۆیشیەوە بە سیاسەتە وشکە ستەمکارانەکەی هەر تاقە کوردێکی ئەخستە سەر نەزمێک!.

لەبەر ئەمانە ئەتوانم بڵێم ئینگلیز زۆر زاڵم بوو، زۆر بێبەزەیی بوو، زۆر بێسیاسەت بوو، پەنجا ساڵ لەمەو پێشتر بە چ جۆرە سیاسەتێک لەگەڵ ئەو عالەمەدا ئەبزووتەوە ئێستەش بە عەینی سیاسەت ئەهاتە ناوەوە، دنیا گۆڕا، سیاسەتی ئەو نەگۆڕا!. لە درۆ بەولاوە هیچ کردەوەیەکی تری نەنواند لەگەڵ کورددا!.

(باشچاوش)ـە بە پایەگەیشتووەکانی لە عیراقا بە هۆی ئەوەوە، ئەیانوت لە ئینگلیز چاکتر نییە بۆ کورد چونکە سەربەستیی داوەتێ و ئەتوانێ بە ئاشکرا بڵێ من کوردم!..

ڕاستە ! هەرکە بە پێی نەفسییەتی خۆی قسە ئەکا. ئینگلیز بۆ ئەوان باش بوو چونکە پایە درۆزنەیەکی پێ دابوون، بەلام بۆ کورد ئەگەر باشی ئەوە بێ کە لەماوەی پەنجا ساڵا کورد هەر ئەوەندەی پێ ببرێ بڵێ "من کوردم"، دە خوا ئەو باشییە ببرێ!. لە ماوەی ئەو پەنجا ساڵەدا پەنجا قەوم لە چاڵی نزمییەوە گەیشتنە چلەپۆپەی بەرزی و سەربەستی، کەچی سەربەستیی کورد ئەوە بوو کە بتوانێ بڵێ من کوردم!. دیسان ئەڵێم خوا ئەو چاکییە ببرێ!..

بەڵێ ئەمە ڕاستە کە دنیای ئیمڕۆژ و دنیای پێشینیش لەسەر قازانجی شەخسی براوەتەوە و ئەبڕێتەوە. دوور نییە قازانجی ئینگلیز بە پێی ئەو ڕۆژانەی ڕابوردوو لەوەدا نەبووبێ کە کورد ببێ بە شتێک، لەم ڕووەوە با لۆمە نەکرێ، بەلام لۆمەکردن و جەورەکەی لەوەدا بوو، کە کوردی ئەکرد بە قۆچی قوربانی بۆ قازانجی خۆی!، وەکوو بڵێیت لە ئینجیلدا بۆی نووسرابوو کە ئەبێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خوارووا بۆ پێشکەوتنی ئیشی ئەو ئەبێ قەومی کورد بکا بە گاوگەردوون!!..

ئەگەر ئەمە لە ئینجیلدا نووسرابێ، بێگومان ئەوەش هەر نووسراوە کە ئەبوایە ئینگلیز بۆ ئەوە تووشی ئەم ڕۆژەی ئێستە نەبێ، سیاسەتی پەنجا ساڵەی تێک بدایە و بیزانیایە کە ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە و ڕەوڕەوەی دنیا لە گەڕانایە و ڕووەو پێشەوە ئەڕوا!.

ئەمە ئینگلیز ئەمجا ئەمەریکا:

ئەمەریکا، شەڕی دووهەمی گەورە بە گۆشەگیری لە ولاتی خۆیا بۆخۆی دانیشتبوو و خەریکی بازرگانی بوو. کە شەڕی دووهەم هاتە پێشەوە لە کولانەکەی خۆی دەرپەڕی و کەوتە کۆڕی سیاسەتی عالەمییەوە، سینییەکی خستە سەر دەستی، هەندێ نوقڵ و نەباتی تێخست و گێڕای بە عالەما، هەرکە لەو نوقڵ و نەباتە بخوا ئەبێ کەوایەکی ئاوەڵدامانی ئیستیعماری بۆ لەبەر بکا!.

ورده ورده بەم سینییەوە بینی پێوە نا تا گەیشتە ئێران و تورکیا، تا گەیشتە عیراق و پاشان ولاتە عەرەبەکان، لە ئاخر چۆڕا گەیشتە ولاتی کوردستان و لە خاکەکەیا بەهەموو جۆر و لە هەموو لایەکەوە کەوتە بنج داکوتان. نوقڵ و نەباتی بلاوئەکردەوە بەم ولاتانەدا، وەکوو کورد ئەڵێ "ئەبێ خێری دایکی شای کردبێ!." ئەمە پەندێکی کوردییە بۆ ئەم جۆرە شتانە ئەوترێ!.

بەلام ئەگەر لە ڕاستییا ورد ببینەوە ئەمە خێر نەبوو بەڵکوو خوێنمژین و هێزمژین بوو، لەناوبردنی پیاوانی پیاو و ئازا بوو، بناغەداکوتانی ئیستیعماری بوو بۆ خۆی، بۆ ئەوە تا زەمانێکی دێرینە لەم ولاتانەدا بمێنێتەوە.

کارەساتەکەی (مصدق) و (زاهدی) لە تاران گەواهیی ئەوەمان بۆ ئەدا کە ئەمەریکا بۆ لەناوبردنی پیاوان و پێشکەوتنی ئیشی خۆی چ جۆرە پەنجەیەکی ئیش ئاکا و چ جۆرە پیاوانێک بۆ خۆی دروست ئەکا؟!.

وەیا فرۆکەکانی، کە ولاتی قازی محەمەد و کوردستانی ئازادی قازی محەمەدی پێ بۆردمان ئەکرد، ئەم شاهیدییەمان بۆ ئەدەن کە تا چ ئەندازەیەک ئەمەریکا دڵی بە ولاتی کوردەواری ئەسووتێ!. وا دیارە عەدالەتپەروەری و دیموکراتپەروەریی ئەمەریکا لە ولاتی کوردەواری وێنەی (واشنتن) ئەگێڕێتەوە!..

ولاتی کورد هەر هی کوردە، ولاتی کوردی ئێستە غەیری ولاتی کوردی پەنجا ساڵ لەمەو پێشترە، ولاتێکی دەوڵەمەندە، سەرمایەی حکوومەتە پیشەسازەکانی تیایە، بووە بە شوێنی تەماشای هەموو کەسێک، ئەگەر ئەمەریکا بە جۆرێکی پیاوانە و مەردانە لە وەختی خۆیا لەگەڵی بهاتایەتە مەیدانەوە تووشی ئەم ڕۆژە نەئەبوو، کە هەر ئەبێ بیکوتێ و نەیگاتێ!.. هەموو ئیستیعمارێک ئەبێ دوایی بێت، وە هەموو قەومێک ئەبێ ئازادی ببینێت. ئەوانەی کە وا سیاسەتیان غەیری ئەم دوو قسەیەیە، بێگومان ئەبێ چاوەڕوانی پووکاندنەوەی خۆیان بکەن!.

بەڵێ!. بێجگە لە ئینگلیز و ئەمەریکا میللەتەکانی تریش، ئەوانیش ئەو گاڵتەیە، کە ئەوان بە کوردیان کردووە و ئەیکەن ئەمانیش کردوویانە و ئەیکەن! بەلام لام وایە کوردەکە وەکوو ولاتەکەی غەیری ولاتی پەنجا ساڵ لەمەو پێشترە خۆیشی غەیری قەومەکەی پەنجا ساڵ لەمەوپێشترە، ئەگەر ئەو هەستەی تا ئێستە بۆ پەیدا نەبووبێ، کە خەڵکی لە وەختێکا ئیشیان پێیەتی بە گاڵتەوە قوڵ ئەکەن بە قوڵیانا و پاش ئەوە، کە ئیشەکەی خۆیانیان بنجبەست کرد، ئەمجا دەستیان لە دەست ئەکەنەوە و ئەکەونەوە چەوساندنەوەیان!.

ئەگەر ئەم هەستەیان تا ئێستە بۆ پەیدا نەبووبێ، بێگومان چ ئێستە و چ لەمەو دوایش ئەو هەستەیان ئیتر بۆ پەیدا بووە و ئەبێ و بڕوا ناکەم ئیتر هەڵبخەڵەتێن.

جا لەبەر ئەمە ئەوانەی کە تەماع ئەکەنە کورد لام وایە وەنەبێ ئیشێکی باش بکەن، لەگەڵ کورددا بە برایەتی بژین گەلێ باشترە بۆیان کە بێن هەڵیانبخەڵەتێن، باشترە بۆیان چونکە ڕەوڕەوەی زەمان بە جۆرێکی تر سنگ ئەنێ بۆ پێشەوە، تەبیعەت لە ئاسۆی ڕزگاریدایە نەوەک لە هی دیلی و چەوساندنەوەدا!. دیارە کوردیش ئەمانەی هەموو لەبەر چاوە و بە دەنگی دهۆڵ تا ئەندازەیەک شوێن ئەکەوێ!.

پەراوێز:

١. سەرچاوە و بناغەی دامەزراندنی ئەم حیزبەش لە پێشا ئەگەڕێتەوە بۆ ئازایەتیی مەلای داودی. ئەم مەلای داودییە پیاوێکی بیرڕووناکی بە جەربەزە بوو، دوکانێکی بچکۆلەی بەقاڵیی هەبوو لە شاری سابلاخ کردبووی بە دەستمایەی ژیانی. خەڵک وخوا و گەنجان هاتوچۆی دوکانەکەیان ئەکرد. لەو دوکانە بچکۆلەیەدا مەلای داودی بیروباوەڕی ڕووناک ئەکردنەوە و وەکوو قسەکردنی گوێ ئاگردان دەرزی داستانی کوردایەتیی دائەدان. لەمەوە بەرە بەرە توانیی قسەکردنەکانی بخاتە شکڵێکی ڕێکوپێکەوە و بۆیەیەکی تری بەسەرا بێنێت، تا وای لێ کرد خستیە قاڵبی حیزبێکەوە و ناوی نایە حیزبی (ژ . ک.) و هەموو ئەندامانی حیزب تا ١٢ کەسێک ئەچوون.

پاشان عەزیزی زەند هەبوو، هاتا بڵێیت بەکار و گورجوگۆڵ بوو لەو ڕۆژەدا بۆ ئیشی کوردایەتی، ئەویش خۆی لە حیزب نزیک کردەوە و دەستی تێ خست و وردە وردە خۆی کرد بە خاوەن و سەرۆکی ئەو کۆمەڵە. لە ئاخرا عەزیز لەم کۆمەڵەیە هەندێکی ڕاکێشا و دەستەیەکی تریشی پەیدا کرد، ئەمانەی لە ژێر چوارچێوەی ناوی (حیزبی ئازادیخوای کوردستان)دا ڕێکخست.

عەزیز زۆر ئیش لێهاتوو بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ دام و دەزگای حیزبەکەی خۆی زیاتر ئەکرد، لەمەوە ناوی دەرکرد و وای لێ هات ناسرا، بێگانەکان، بەتایبەتی حکوومەتی ئێران، بە چاوێکی سەیرەوە سەیریان ئەکرد. بەرە بەرە حکوومەتی ئێران ڕایکێشا بۆ لای خۆی و بەرزی کردەوە. لە ئاخری کارا بەهۆی ئەوەوە گەلێ لیستەی ئەم حیزبە کەوتە دەست حکوومەتی ئێران و کەوتە گرتنی ئەندامانی ئەم حیزبە!. عەزیزیش بە تەواوی خۆی بوو بە پیاوێکی پیاوانی ئێران!.

پاش ئەم کارەساتە نرخێکی ئیتر لە لای پاشماوەکانی حیزب نەما و هەموو بڕوای خۆیانیان لێ وەرگرتەوە و بەڵکوو بە چاوی پیاوێکی گزیکەرەوە سەیر ئەکرا.

لە پاش ئەو حسێنی فروهەر لە پایەی سەرۆکی حیزبایەتییا شوێنی عەزیزی گرتەوە و کاروباری کۆمەڵە ئیتر لەژێر چاوێریی ئەوا ئەڕۆیشت بەلام هەر بە جۆرێکی بێدەنگی، تا ڕۆژگاری ئێران گۆڕا و جەنگی دووەم بەتەواوی کەوتە ناوەوە.

عەلائوددین سەججادی: شۆڕشەکانی کورد وە کورد و کۆماری عراق، ٢٦٥٩ی کوردی – ١٩٥٩ی فەڕەنگی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ل: ٢٧٠-٣٢٢.



# هەنگاوی هێمنی درەختێک

# Ett träds lugna steg

تۆماس ترانسترۆیمەر Tomas Tranströmer

**خەبات عارف**

کردوویە بە کوردی

تۆماس ترانسترۆیمەر، لە ساڵی ١٩٣١ لە ستۆکهۆڵم لە دایک بووە، دەروونناسی تەواو کردووە و ماوەیەک وەک دەروونناس کاری کردووە. لە بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپا، خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ژیاوە.

تێبینی: تۆماس ترانسترۆیمەر زمانێکی شیعریی چڕوپڕ و پڕ لە وێنەی شیعری و تایبەتی هەیە، لە کاتی وەرگێڕانی شیعرەکاندا و لە هەندێ شوێندا، بەناچاری، جۆری لێکدانەوەی وەرگێڕ، نەک وەرگێڕانی دەقاودەقی شیعرەکان، لە بەرچاو گیراوە.

شیعرەکانی: درەخت و ئاسمان، زرنگە، لە کۆمەڵەشیعری "ئاسمانی نیوەتەواوبوو" و، شیعرەکانی: جێپێ، ڕازەکانی سەرەڕێ، بەردەکان، پێوەندی، لە کۆمەڵەشیعری "١٧ شیعر" و، شیعرەکانی: شیوەن، کۆمەڵی بڵاوەلێکراو، لەخاکنواڕین لە کۆمەڵەشیعری "ڕێچکەکان" وەرگیراون.

## درەخت و ئاسمان

درەختێک بەناو بارانەکەدا دەگەڕێ
لەو کەشە فێنکە خۆڵەمێشییەدا بەلاماندا ڕادەبووڕێ
کارێکی هەیە. لەبارانەکەوە ژیان دێنێ
وەک باڵندەیەک لەنێو باخێکی میوەدا.

کە بارانەکە دەبڕێتەوە، درەختەکە ڕادەوەستێ.
ئارام و بەئاستەم لە شەوانی ساماڵدا دەبینرێ.
وەک ئێمە لە چاوەڕوانیدایە، چاوەڕوانی ئەو ساتەیە
کە کلووە بەفرەکان لە ئاسماندا دەکرێنەوە.

## زرنگە

شالووریش ئاوازەکەی خۆی بەنێو ئێسکی مردووەکاندا فووکرد.
لەژێر درەختێکدا ڕاوەستابووین و هەستمان دەکرد کات تا دێت
زیاتر نقووم دەبێ.
گۆڕستان و گۆڕەپانی فێرگەش بە یەکتری گەیشتن و تێکەڵ بە
یەکتر بوون،
وەک دوو تەوژمی نێو زەریا.



زرنگەی زەنگی کڵێساکان، هەڵگیراو لەسەر نوێڵی نەرمی فڕۆکە
چارۆکەدارەکە،
بە هەوادا پەخش بوو.
زەنگەکان، لەدوای خۆیان، بێدەنگییەکی گەورەتر و
هەنگاوی هێمنی درەختێکیان لەسەر زەوی بەجێهێشت،
هەنگاوی هێمنی درەختێک.

## *Kyrie

هەندێ جار ژیانم لەنێو تاریکیدا پێڵووەکانی دەکردەوە.
هەستێک وەک ئەوەی ئاپۆرەی خەڵکی بەنێو شەقامەکاندا
کوێرانە و شپرزە بەرەو موجیزەیەک بەڕێوە بێ،
لەکاتێکدا من، نادیار، لە جێی خۆمدا بە وەستاوی دەمێنمەوە.

وەک ئەو منداڵەی بەدەم ترسەوە دەنووێت و
گوێ لە هەنگاوە قورسەکانی دڵ دەگرێ.
درێژخایەن، درێژخایەن تا ئەو کاتەی بەربەیان تیشکەکانی خۆی
دەکا بە قفڵەکاندا و دەرگاکانی تاریکی
دەکرێنەوە.

* وشەیەکی یۆنانییە، بە مانای: "خوایە بە بەزەیی و میهرەبانی خۆت لە گوناهانمان خۆش بە." کە دێڕی یەکەمە لە پاڕانەوە و نوێژی کاتۆلیکەکاندا.

## جێپێ

شەو سەعات دوو: مانگەشەو. لە نێوەڕاستی دەشتەکەدا
قیتارەکە ڕاوەستاوە. لەدوورەوە پەڵەی ڕووناکایی لە شارێکدا
بە ساردوسڕییەکەوە لەوسەری بینیندا پرتەپرت دەکا.

وەک ئەوەی کەسێک هێندە بە قووڵی بەنێو خەونێکدا ڕۆچووبێ
هەرگیز بیری نەکەوێتەوە لەو خەونەدا بووە،
کاتێک کە بۆ ژوورەکەی خۆی دەگەڕێتەوە.

وەک ئەوەیش کەسێک هێندە بە قووڵی بە نەخۆشییەکدا ڕۆچووبێ
گشت ئەو شتانەی ڕۆژەکانی ئەو بوون، بووبن بە چەند نوختەیەک
لە ڕووناکیی چاوترووکێن،
ڕووناکیگەلێک،
ساردوسڕ و بەئاستەم دیار، لەوسەری بینیندا.

قیتارەکە، تەواو بێدەنگ و ئارام، لە شوێنی خۆی ڕاوەستاوە
سەعات دوو: مانگەشەوێکی بەتین و چەند ئەستێرەیەک.

### ڕازەکانی سەرەڕێ

ڕووناکیی بەربەیان دای لە سیمای کەسێک کە نووستبوو.
خەونێکی خۆشتری بینی
بەڵام خەبەری نەبووەوە.

تاریکی دای لە سیمای کەسێک کە بەڕێوە بوو
لەگەڵ خەڵکانی تردا، لەژێر تیشکە بەتین و
پەرۆشەکانی خۆردا.

لەپڕ وەک ئەوەی ڕێژنەبارانێک دابارێ، تاریک داهات.
لە ژوورێکدا ڕاوەستابووم کە هەموو کاتەکانی تێدا جێ دەبووەوە ـ
مۆزەخانەی پەپوولەکان.

خۆرەکە هەروەک جاران بەتین بوو.
تیشکە پەرۆشەکانیشی دنیایان دەرەنگاند.

### بەردەکان

گوێم لەو بەردانەیە کە هەڵماندان،
ڕوون و ئاشکرا بەنێو ساڵەکاندا بەردەبنەوە. لە دۆڵەکەدا
هەڵسوکەوتە سەرلێشێواوەکانی سات بە قاووقریشک



لەم چڵەپۆپەوە بۆ ئەو چڵەپۆپە، هەڵدەفڕن. لە هەوایەکی بەر لەئێستادا
بێدەنگ دەبن، وەک پەڕەسێلکە لەم ترۆپکی چیاوە بۆ ئەو ترۆپک
دەخزێن، تا دەگەنە سەر بەرزاییەکانی ئەوسەر
کە سنووریان بە سنووری هەبوونەوەیە. ئا لەوێدا
گشت کردەکانمان، ڕوون و ئاشکرا
بۆ جێیەکی بێبن بەردەبنەوە
بێجگە لە خۆمان.

### پێوەندی

بنوارە ئەو درەختە خۆڵەمێشییە. ئاسمان بەنێو دەمارەکانی
نێو چڵ و قەدەکەیدا چۆڕاوەتەوە و تێکەڵ بە خاک بووە ـ
دوای ئەوەی خاک تێراو بووە، تەنیا قومەبارانێک ماوەتەوە. ئاسمانی
دزراو
بەنێو ڕەگە تێکاڵاوەکاندا ڕەت دەبێ. دەئاڵۆسکێ و دەبێتە شینایی.
ـ ساتە کورتەکانی سەربەستی لەنێو ئێمەدا بە ئاگا دێن و دێنە دەر،
بەنێو خوێنی خواکانی چارەنووسدا*، دەبنە گێژەن و
بەردەوام دەبن.

* لەبری parcer بەکارهێنراوە کە بە مانای ژنەخواکانی چارەنووس دێت لە میتۆلۆژیای ڕۆمانیدا.

### لەخۆڕامانێکی* تووڕە

زریانێک باڵەکانی ئاشەکە بەخێرایی بەنێو تاریکیی شەودا
دەسووڕێنێتەوە، نەبوون دەهاڕێ. ـ تۆش بە هەمان یاسا و ڕێسا
خەو لە چاوانت دەتارێ.
بەرسکی نەهەنگەدێزەکەش چراکەتە کز دەسووتێ.

یادە لێڵبووەکان نوقمی بنی زەریا دەبن و لەوێدا دەبنە
پەیکەری نامۆ. ـ دارشەقەکەت بە قەوزە سەوز بووە.
ئەوەی بەرەو زەریا دەڕوا، ڕەقهەڵاتوو دەگەڕێتەوە.

* لەخۆڕامان لەبری وشەی meditation بەکارهێنراوە.

## شیوەن

دەرگای یەکەم دەکەمەوە.
ژوورێکی گەورەی بەر خۆرەتاوە.
ئۆتۆمۆبیلێکی قورس بە شەقامەکەدا ڕادەبوورێ
فەخفوورییەکان دەلەرێنێتەوە.

دەرگای ژمارە دوو دەکەمەوە.
هاوڕێیان! ئێوە تاریکیتان خواردەوە و
دەرکەوتن.
دەرگای ژمارە سێ. ژووری تەنگەبەری ئوتێلێک.
بەسەر لاکۆڵانێکدا دەنواڕێ.
چرایەک لە قیرەکەدا دەپریشکێتەوە.
بەرماوە جوانەکانی ئەزموون.

## کۆمەڵی بڵاوەلێکراو

I

ڕیز بووین و ماڵەکانی خۆمان پێشان دا
میوانەکە تێڕاما: ئێوە خۆش دەژین.
ماڵە وێرانەکان لە ناختاندایە.

II

لەناو کڵێساکەدا: تاق و کۆڵەکەکان
سپی وەک گەچ، وەک ئەو گەچەی
گیراوەتە باسکی شکاوی باوەڕ.

III

لەناو کڵێساکەدا جامی سواڵکردن
لە زەوییەکە خۆی بەرز دەکاتەوە و
بە لاپاڵی ڕیزەکورسییەکاندا دەگەڕێ.



IV

بەڵام زەنگەکانی کڵێسا دەبێ خۆیان بشارنەوە.
ئەوان خۆیان بە بۆریی زێرابەکاندا هەڵواسیوە.
لەژێر پێماندا دەزرنگێنەوە.

V

نیکۆدەمووس* ئەوەی بەدەم خەوەوە،
بەرەو ناونیشانەکە، بەڕێوەیە.
ناونیشانەکە بە کێیە؟
نازانم. بەڵام بەرەو ئەوێ بەڕێوەین.

* نیکۆدەمووس: ئەندامی شواری باڵای جوولەکەکان بووە، ناوی لە ئینجیلی یوحەنادا هاتووە و، گوایا بەنهێنی لایەنگری پەیامە ئایینییەکانی مەسیح بووە. لە گفتوگۆی شەوانەدا لەگەڵ مەسیح، لە برگەی ٣:١-١٢دا هەمان ئینجیلدا، وەک دەمڕاستی ئەو جوولەکانەی کە دانیان بە مەسیحدا ناوە وەک ڕەوانەکراوی خوا، باس لە نیکۆدەمووس دەکرێ. بەپێی برگەی ١٩:٣٩-٤٢ی هەمان ئینجیلیش نیکۆدەمووس بەئاشکرا و چالاکانە لە ناشتنی تەرمی مەسیحدا بەشداری کردووە.

## لەخاکنواڕین

خۆرە سپییەکە، بەنێو ئەو تەمە خەستەدا
کە ئاسمانی داگرتووە، دەچۆڕێ. ڕووناکییەکە دەچێتەوە یەک،
لەدووی چاوە شۆڕەکانم دەگەڕێ و دەچێتە چاوانمەوە، ئەو چاوانەی
لەبنی شارەکەدا، ئارامیان گرتووە و بۆ سەرەوە دەڕوانن

ئەو چاوانەی لەژێرەوە شارەکە دەبینن: شەقام، بناغەی خانوو ـ
لەو وێنانە دەچن کە لە ئاسمانەوە دەگیرێن، وێنەی شارێک
کە جەنگ بەرۆکی گرتووە، بەڵام بەهەڵگەڕاوی ـ وێنەی مشکەکوێرەیەک:
چوارگۆشە بێدەنگەکان، نەخشێنراو بە بۆیەی مات و ڕەنگپەڕیو.

لەوێدا هیچ بڕیارێک لە ئارادا نییە. ئێسکی مردووەکان لە ئێسکی
زیندووەکان جیا ناکرێتەوە.

دەنگی ڕووناکیی خۆر بەرز ئەبێتەوە، دەڕژێتە ناو
کابینەکانی فڕۆکەکەوە. دەڕژێتە ناو کیفی ئەو بەروبوومانەوە
کە لە پاقلە دەچن.

# ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی حیزب لەسەر هێمن

هێدی (جەعفەر حوسەینپوور)

"لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دوو بەرنامەتان بە بۆنەی یادی کۆچی دوایی‌ی شاعیری میللیی گەلی کورد مامۆستا هێمنی موکریانی بڵاو کردۆتەوە کە لەواندا هێندێک ڕەخنە و تانە و توانج لە هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەرامبەر بە هێمن کراوە. بە مەبەستی ڕوونکردنەوە نەک وەڵامدانەوە بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز و گوێگرە خۆشەویستەکانتان ڕادەگەیەنین کە ئەو تاوانانە ڕاست نین. ئەوانە یان ئاگایان لە هەموو ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕی سیاسیی ئەو سەردەمە نییە یان موغریزن و بە خۆشاردنەوە لە پشت هێمنی شاعیر و پلارهاویشتن بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەر ئەو سیاسەتە چەوتە و توودەیی سیفەتانە ئیدامە دەدەن کە وای لێ کردن لە ساڵی ١٩٨١ خۆ بهاوێنە باوەشی ڕێژیمی دژ بە کوردی جەمهووریی ئیسلامی. ئەو ڕەخنانە لە ڕووی دڵسۆزی بۆ شاعیری میللی و دڵسۆزی بۆ گەلی کورد نییە، بەڵکو بۆ مەبەستی سیاسی کراون. هێمن شاعیری هەموو میللەتی کوردە، بەڵام بێت و بەش کرابا زیاتری بە حیزبی دیموکرات دەبڕا. هەڵوێستی ئێمە لەسەر هێمن هەر ئەو هەڵوێستە پڕمانایەیە کە خوالێخۆشبوو دوکتور قاسملوو لە پێشەکیی (تاریک و ڕوون) دا نووسیویەتی. هێمنی شاعیر ئەندامی چل ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو کە هەموو شانازی و گەورەیی هەر ئی ئەو دەمەیە کە لە حیزبی ئێمەدا لە خزمەتی زیندووکردن و ڕاگرتنی بیری پێشکەوتووخوازی نەتەوایەتیدا شیعری کوتووە. موخالیفینی سیاسیی ئێمە مافی خۆیانە ڕەخنە لە ئێمە بگرن و مافی ئێوەشە بەپێی توانا بڵاوی بکەنەوە. ئێمە لە پەرەئەستاندنی دیموکراسی ناترسین، بەڵام ئێوە هێندێک نیوەشاعیر و زڕەموحەقیق و لێکۆڵێنەر دەبیننەوە کە داخ لە دڵ و ئاگادار نین و بە مەترەحکردنی هێندێک شتی ئینحیرافی لاوەکییش کە نە لە خزمەتی ڕاستیدایە و نە پێویستییەکی ئەوتۆیان هەیە، شتە گرینگەکان کە چارەنووسی گەلی کوردیان پێوە گرێدراوە لە بیر خۆتان دەبەنەوە و خۆی لێ گێل دەکەن."

هەڵوێستی نوێنەری


حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (ئاوات) لە فرانسا،

کە ڕۆژی ١٩٩٦/٤/٢٤ لە ڕادیۆی ئەمریکا خوێندراوە.

دوای ئەوەی کە بەشی کوردیی ڕادیۆی ئەمریکا، پاش تێپەڕبوونی دە ساڵ بەسەر کۆچی دوایی‌ی مامۆستا هێمندا، بە مەبەستی نوێکردنەوەی یادی ئەو شاعیرە مەزنە وتووێژی لەگەڵ بەڕێزان: جەعفەری شێخەلیسلامی (ئاشتی) و پشکۆ نەجمەدین کرد، نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە







فرانسا، ئەو ڕوونکردنەوەیەی سەرەوەی بۆ ڕادیۆی ئەمریکا نارد، کە لەسەر ڕادیۆ خوێندرایەوە.

بۆ من جێی سەرسووڕمان نییە کە حیزبی دیموکرات لە بەرانبەر هێمندا هەڵوێستێکی ئاوا دووڕوویانە وەردەگرێ، چونکە لەمێژە حیزب بۆ پاکانەی خۆی لەنێو زەلکاوی درۆودەلەسەدا پەلەقاژەیەتی و لە گیانەلاشدا لەخۆباییبوون مەودای نادا دان بە هەڵەکانیدا بنێ. یەکێک نەزانێ کە حیزب چۆن لەگەڵ هێمن جووڵاوەتەوە لەوانەیە بە بیستنی ئەو هەڵوێستەی نوێنەرایەتییەکەی زگی بە حیزب بسووتێ و لە دڵی خۆیدا بڵێ: خەڵک چۆن دڵیان دێ لە گوڵ کاڵتر بەو حیزبە ساڵح و پاکە بڵێن! بەڵام من بۆ خۆم لە تەنگانەدا لەگەڵ هێمن بووم و لە زیندانی ئەو حیزبە بە ناو دیموکراتە لەگەڵ هێمنی ڕەحمەتی دەستبەسەر بووم. دڵنیام کە ئەو دەردەی حیزب بە هێمنی دا وەک پەڵەیەکی شەرم بە نێوچاوانی حیزبەوە دەمێنێتەوە و بە هەزار درۆ و دەلەسە و پاکانەی ناڕاست لە نێوچاوانی ناشۆرێتەوە.

ئەو قاسملوویەی کە نوێنەری حیزب بەشانازییەوە ئاماژە بۆ هەڵوێستە پڕماناکەی!، لە پێشەکیی تاریک و ڕووندا، دەکا، هەر ئەو قاسملووەیە کە هێمنی بە (جاش) نێودێر کرد. هەتا هێمن لەگەڵ حیزب بوو بۆ قاسملوو و گەجەر و گوجەرەکان (شاعیری گەل) بوو. بەڵام کە لەگەڵ حیزب نەما گورج لە پێش چاوی حیزبدا بوو بە جاش. حیزب چاوی بەرایی‌ی نەدەدا کە شاعیری گەل لە شیلاناوێ دانیشێ و نەمرنەژی ژیان بەسەر بەرێ. هەر لێی لە بیانوو بوو. کەس نەیدەوێرا سەری بدا. هەر کەسێکیش بیوێرایە سەری لێ بدا، لە لایەن حیزبەوە دەگیرا و بە تاوانی توودەییبوون و بوختانی سەیر و سەمەرە کونەجەرگ دەکرا. هەتا هێمنیان لە زیندان نەپەستاوت نەحەسانەوە. وایان ترساندبوو کە پێی وانەبوو تازە لە چنگیان بە ساغی دەرچێ. هێمنی ڕەحمەتی لە زیندانێ بە خۆمی گوت: "لە ناوچەی مەهاباد کردوویانەتە قاو کە تۆ منت بە گرتن داوە، بەڵام لێرە بۆم ڕوون بۆوە کە وا نییە و لەمێژە ئەو پیلانەیان بۆ داڕشتووم." پێشی گوتم: "من تازە لە چنگ ئەوانە نەجاتم نابێ، بەڵام تۆ هەر چۆنێک بێ خۆت لە دەست ئەو پۆلیسانە ڕزگار کە."

ئەودەم کە من لە حیزبدا بووم هەتا بۆم هەڵکەوتبا لە شیلاناوێ پێوەندیم لەگەڵ هێمن دەگرت، پاشانیش کە بە هۆی سیاسەتی چەوتی ڕێبەرایەتی لە حیزب جوێ بوومەوە، زۆری پێ نەچوو کە گرتیانم و خۆشەویستیی منیشیان سەبارەت بە هێمن کردە بیانوو کە ئەویش بگرن. پاشان کە زانییان بە دەستبەسەرکردنی ئێمە ئەوەندە حەیایەی ماویانە ئەویش دەتکێ، بەریانداین.

نوێنەری حیزب یان خەڵک بە کەر دەزانێ یان لە گوێی گادا نووستووە و ئاگای لە مەحموودی بێزەواد نییە. دڵنیام ئەوانەی ئاگایان لە ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕی سیاسیی ئەو سەردەمە بێ، هەڵوێستی حیزب بەرانبەر هێمن بە تاوانێکی گەورە دەزانن. ئاشکراشە کە ڕەخنەگرتن لەو هەڵوێستە چەوتەی حیزب دڵسۆزییە بۆ شاعیری میللی و لەپێناو ڕوونبوونەوەی ڕاستیدایە و بە پێچەوانەی بۆچوونی نوێنەری حیزب پێویستییەکی ئەوتۆیە.

**دڵنیام ئەوانەی ئاگایان لە ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕی سیاسیی ئەو سەردەمە بێ، هەڵوێستی حیزب بەرانبەر هێمن بە تاوانێکی گەورە دەزانن. ئاشکراشە کە ڕەخنەگرتن لەو هەڵوێستە چەوتەی حیزب دڵسۆزییە بۆ شاعیری میللی و لەپێناو ڕوونبوونەوەی ڕاستیدایە**

سەردەمی (توودەیی سیفەتی)ش بەسەر چووە و با حیزب باڵۆرەیەکی دیکە لێ بدا و چیی دیکە بوختان بۆ دڵسۆزانی گەل هەڵنەبەستێ. وا دیارە ڕێبەرایەتیی حیزب ئێستاش گێرەی لە هەولێرێ دەگەڕێ. قاسملوویەکی کە پاش بە فیرۆدانی ئەو هەموو خوێنە لەسەر خوانی کۆماری ئیسلامیدا، کە ئێستا بە دژبەکوردی دەزانن، سەری خۆی بە فەتارەت دا بە دڵسۆز و بلیمەتی کوردی دەناسێنرێ، بەڵام دڵسۆزانی ڕاستەقینەی کورد لەبەر چاوی خەڵک دەکەنە جاش.

لە لایەکەوە هێمن بە هی خۆیان دەزانن و پێیان وایە شانازی و گەورەیی‌ی هێمن هەر هی ئەو سەردەمەیە کە لە خزمەتی حیزبدا بوو، لە لایەکی دیکەشەوە وەک (نۆکەری بێگانە) بە نەوەی داهاتووی دەناسێنن.

لەوانەیە حیزبی دێمۆکرات و نوێنەرەکەی لە ڕوویان نەیەت دان بە هەڵوێستە چەوتەکانی خۆیاندا بنێن و داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکەن، بۆیە خەریکن بە پەچەی درۆیان پەڵەی شەرمی نێوچاوانیان داپۆشن. هەڵوێستی ڕاستەقینەی حیزب سەبارەت بە هێمن ئەوە نییە کە نوێنەرەکەی لە ڕێگای ڕادیۆی ئەمریکاوە بە گوێی بیسەراندا دەیچرپێنێ. قسەی دڵی حیزب لەسەر هێمن ئەوەیە کە دۆکتۆر حوسێنی خەلیقی دەریدەبڕێ. دۆکتۆر خەلیقی شیعری (کوردم ئەمن)ی هێمن بە نموونە دێنێتەوە و پاشان دەنووسێ: "... لە باری سیاسییەوە کوردبوون و کوردایەتیکردن و تێکۆشان بۆ مافئەستاندن لای مافخۆران تاوانە، هەر بۆیە هێمن دەڵێ: تا لەسەر هەردم نۆکەریی بێگانە ناکەم. بەداخەوە لەم دوایانەدا بەڵێنی شکاند! مەگەر بڵێین بە ڕواڵەت مابوو، لەسەر هەردەوە نەبوو. چونکە ئەو دەڵێ تا لەسەر هەردم نۆکەری ناکەم. ڕەنگە وای زانیبێ لەسەر بەردە و لەسەر هەرد نەماوە! بەو پێیەش لە ئەدەبییاتدا خاوەنی پلەی بەرزە." [کۆمەڵناسیی کوردەواری، بەرگی یەکەم، چاپی بەغدا، ١٩٩٢. لاپەڕە ٣١٥ و ٣١٦].

بە شێوەیەکی ئاوا گاڵتەجاڕانە باسی هێمن کردن و تاوانبارکردنی بە (نۆکەری بێگانە) هەر لە زڕە دێمۆکراتەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەوەشێتەوە.

دەبا سەر لە نەوەی داهاتوو نەشێوێنین و ئەگەر تا ئێستا لەگەڵ خۆمان ڕاست نەبووین، با لانی کەم لەگەڵ نەوەی داهاتوو ڕاست بین.

ئەڵمانیا ١٩٩٦/٤/٢٤



# سیمیۆلۆژیای شانۆ و دراما

**نووسینی: کەبیر ئیسلام**

خوێندنەوەی: ئەرسەلان دەروێش

سیمیۆلۆژیای شانۆ و دراما یەکێکە لەو کتێبە بەنرخانەی کە لە دیدێکی سیمیۆلۆژی و بونیادگەرییەوە هونەری شانۆ و درامای خستۆتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە و بیروڕای ڕەخنەی نوێ و سیمیۆلۆژییەوە. لێرەدا هەوڵ ئەدەین بە کورتی پوختەی ئەو کتێبە پێشکەش بکەین.

نووسەر لەم کتێبە بەنرخەدا کۆمەڵە تۆژینەوەیەکی سیمیۆلۆژیانە پێش چاو دەخات کە لەو ڕوانگەیەوە سەبارەت بە شانۆ نووسراون بە مەبەستی وتووێژکردن و هەڵسەنگاندیان. هەر لەم ڕووەوە لە سەرەتای نووسینەکەیدا پرسیارێکی گرنگمان ئاراستە دەکات و دەڵێت: "ئایا دەتوانین سیمیۆلۆژیا بەکار بهێنین لە گرێدانی پرۆسێسی بەیەکگەیشتنی (الاتصال) شانۆیی، بە گشت توخمەکانیەوە، لەتەک دەقە نووسراوەکەدا و لە دوو توێی یەکەیەکی سەربەخۆی ڕاڤەکردن و لێکۆڵینەوەدا؟" پاشان نووسەر هەوڵ ئەدا وەڵامی ئەم پرسیارە لە بەشەکانی کتێبەکەیدا بداتەوە. هۆی ئەم پرسیارەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو گفتوگۆ لاوازەی کە تا ئێستا لە نێوان دوو جۆر لە ڕەخنەگراندا باوە. سیمیۆلۆژەکان، ئەوانەی تەواوی سەرنجەکانیان تەرخان دەکەن بۆ وەدەرخستنی توانای هونەریی نواندنە شانۆیی‌یەکە لە ڕێگای شیکردنەوەی هێما جۆراوجۆرەکانەوە، لەگەڵ ئەو ڕەخنەگرانەی کە گرنگی ئەدەن بە دەقە شانۆیی‌یە نووسراوەکە و ڕاڤەکردنی لەژێر تیشکی بنەما و بناغە دیارەکانی دراما.

هەر لە سەرەتاوە نووسەر لایەنگریی خۆی ڕوون دەکاتەوە و پاڵپشتی ڕا و بۆچوونی ڕەخنەگرە سیمیۆلۆژەکان دەکات و دەڵێت: "نواندنی شانۆیی سەراپای دەقە شانۆیی‌یەکە بە خۆیەوە پابەند دەکات، چونکە دەقە نووسراوەکە ناچێتە قۆناغێکی تەواوەتی و بە شێوەیەکی تەواونەبوو دادەنرێت تا لەسەر تەختەی شانۆ نیشان نەدرێت، یەکێک لە سیماکانی نووسینی شانۆنامەش ئەوەیە کە ئاماژە بۆ بوارێکی وەسفنەکراو دەکات، بەپێچەوانەی نووسینی چیرۆک یا ڕۆمان. ئەم سیفەتەش شانۆنامەی دراماییی بە بەردەوامی، بە شێوازی نواندنەوە، پابەند دەکات."

کەواتە ڕەنگە تەنیا شانۆنامەکە هەوێنی چەندین خوێندنەوەی جیاواز بێ بەپێی شێوازی نواندنی. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەی شانۆیی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە سای سێبەری ڕەخنەی ئەدەبیدا ژیاوە. بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی

لێکۆڵینەوە سیمیۆلۆژییەکان و پەرەسەندنی لەنێو هەموو بوارەکاندا هەندێ لە تۆژەرەوەکانی ئەم بوارە ئاوڕیان لە گرنگیی وەدەرخستنی خاسیەتەکانی شانۆنامە نمایشکراوەکان دایەوە (واتە ئەو شانۆنامانەی کە لە سنووری نووسین دەردەچن وەک دەقێکی نووسراو و، لە پانتایی شانۆدا نمایش دەکرێن). لێرەدا نووسەر دەربارەی شێوازی کاری ڕەخنەگرە سیمیۆلۆژەکان ئەدوێت، چۆن وەک یەکەیەکی سەربەخۆ پرۆسێسە شانۆییەکە، لە نووسینی دەقە شانۆییەکەوە تا دەگاتە هەڵوێستی بینەر، شی دەکەنەوە. ئەو بینەرەی کە ڕەنگە پێشتر شانۆگەرییەکەی خوێندبێتەوە و لە چیرۆکەکەی گەیشتبێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ویستوویەتی لەسەر شانۆ بیبینێ.

نووسەر ساڵی ١٩٣١ بە ساڵێکی مێژوویی دادەنێت سەربارەت بە تۆژینەوەی شانۆیی، چونکە بە ڕای ئەو تا ئەو ساڵە (بیۆتیکا)ی شانۆ و دراما پێشکەوتنێکی دیار و درەوشاوەی، لەسەر بناغە ئەرستۆییەکان، بە دەست نەهێناوە. هەڵبەتە دراما ئەوسا بەشێک بووە لە ڕەخنەی ئەدەبی و شانۆ و بینەریش نامۆکراون لە دوو توێی لێکۆڵینەوە زانستییە ڕێکخراوەکاندا. بەڵام لەم ساڵەوە، واتا ١٩٣١، سیمیۆلۆژیا توانیی ڕێگای خۆی لەنێو هونەری درامادا بکاتەوە بە هۆی دوو باسی گرنگەوە. یەکەمیان: دەربارەی (جوانکارییەکانی هونەری دراما) لە نووسینی ئەتاکارزیخ، باسی دووەمیشیان: لێکۆڵینەوەیەکی مۆکارۆفسکی بوو لەژێر ناونیشانی (هەوڵدانێک بۆ تۆژینەوەیەکی بونیادگەرییانە دەربارەی ئەکتەر) دوای ئەوە (قوتابخانەی پراگ) وەک قوتابخانەیەکی بونیادگەری بەرنامە و تیۆریی خۆی سەبارەت بە سیمیۆلۆژیای شانۆ بەگشتی دارشت.

نووسەر کورتەی ڕاکانی ئەم قوتابخانەیە دەخاتە ڕوو و دەڵێت: "شانۆ، شتەکان دەگۆڕێ بۆ مەغزا. بۆ نموونە کاتێک مێزێ لەسەر تەختەی شانۆ دادەنرێت، بوونی ئەو مێزە تەنیا لەبەر سوودی ئەو بەکارهێنانەی نییە کە لە ژیانی ئاساییماندا پێی ئاشناین، بەڵکە دەبێتە بەشێک لە بینراوەکانی جیهانە دراماییەکە. کەواتە مێزەکە لەم حاڵەتەدا دەبێتە هێمایەکی (استعاری). ئەم کردەیەش بینەر تەواو هۆشیارە بەرانبەری؛ هەموو شتێک لە بۆشاییی شوێنە شانۆییەکە، هەر جووڵەیەک یاخود دەنگێک بێت، بینەر وەک یەکەیەکی مەبەستخواز تەماشای دەکات لە پێکهێنانی شانۆییەکەدا. واتا جەماوەری شانۆ بەهۆشمەندییەوە دەزانن کە لە جیهانی شانۆدا دەژین و ئەوەی دەشیبینن لە گشت چرکەیەکیدا (حقیقە)تێکی شانۆییە. مانای وایە (کورسی)یەکی سەر شانۆ کورسییەکی شانۆییە، هەروەها بە هەمان شێوە ڕووناکی و مۆسیقا و جووڵاندنەوەی ئەکتەرەکانیش. کەواتە جەدەلی نێوان (دال) و (مدلول) گشت ئاماژەیەکی نێو شانۆییەکە پێکدەهێنێ.

پاشان سیمۆلۆژێکی پۆڵەندی دەرکەوت کە ناوی (کاوزان) بوو. ئەو سیمیۆلۆژە توانیی قوتابخانەی پراگ زیاتر بەبایەخ بکات بە هۆی باسێکی گرنگی سیمیۆلۆژییەوە دەربارەی (ئاماژە لە شانۆدا). لەم باسەدا نووسەر دوو جۆر ئاماژە جوێ دەکاتەوە. یەکەمیان: ئاماژەی سروشتییە کە ڕاستەوخۆ هۆ بە هۆکارەوە دەبەستێتەوە. وەک نەخۆشی و دیارەکانی، یان دووکەڵ و ئاگر. جۆری دووەمیش: ئاماژەی دروستکراوە کە تێکەڵ دەبێ لەگەڵ پرۆسێسی گۆڕینی بەردەامی شتەکان بۆ مەغزا.

دوابەدوای ئەمانە نووسەر دەچێتە سەر باسی کردەی بەیەکگەیشتن لە شانۆدا. لەم بارەیەوە دەڵێت: "لە ١٩٦٩دا جۆرج مۆنان ڕایگەیاند کە یەکێتیی نێوان بینەر و ئەکتەر دروست نابێت ئەگەر بینەر توانای نەبێ هێما نێردراوەکانی ئەکتەر وەربگرێ و کۆیان بکاتەوە." پرۆسێسی بەیەکگەیشتنی شانۆیی لە چاوگەیەکەوە دەست پێ دەکات، نووسەر ناوی دەنێ (چاوگە زانیارییەکان). لەم چاوگەیەوە ڕستە جۆراوجۆرەکانی بەیەکگەیشتن پەلوپۆ دەکەن. وەک دەنگ و ڕووناکی، جووڵە و کات و شوێنە شانۆییەکە. ئەم توخمانەش هەر یەکە خاوەنی سیستێمی تایبەتی خۆیانن لە کردەی بەیەکگەیشتندا، بەڵام لە ئاکامدا لەنێو هێمایەکدا یەکانگیر دەبن و هەر ئەو هێمایەش دەیانگۆڕێت بۆ نامەیەک بە مەبەستی درکاندنی زانیارۆکە دەلالییەکەی ئەو جیهانە دراماییە دروستکراوە. لەبەر ئەوە، هەروەک زووتر ئاماژەمان بۆ کرد، ڕەنگە بینەر ئاشنای شانۆنامەکە بێ و لە ناوەڕۆکەکەشی گەیشتبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەچێت بۆ بینینی شانۆییەکە تا ڕاستەوخۆ دەقەکە لە پانتایی پرۆسێسی بە شانۆییکردندا ببینێت. چونکە دڵنیایە لە شانۆدا هەست بە چێژێکی جوانکاریی جیاواز دەکات، لەو چێژەی کە لە خوێندنەوەی شانۆنامەکەدا هەستی پێ کردووە. پێشکەشکردنی شانۆیی جیهانێکی دروستکراو، جیهانێکی گریمانەیی پێشکەشی بینەر دەکات، هاوکات هاوتا و ناهاوتایە لەتەک جیهانی واقیعیی ئێمەدا، ئەمەش لەلای بینەر شاراوە نییە.

کەواتە ئەم ئامادەبوونە ڕەخساوەی بینەر، پێویستی بە پەروەردەکردنێکی ڕۆشنبیری و بنچینەیی مەعریفی هەیە، کە لە ڕێگای ئەزموونەوە وەدەست دەخرێ، وەک هەر سیستەمێکی شارستانیی تر. ئەم ئامادەییەش وا لە بینەر دەکات بە زمانی بوارەکەی تر یا بە زمانی (بدیل) پێشکەشکردنە شانۆییەکە بخوێنێتەوە.

بەم جۆرەش دەتوانێت بۆشاییی مەعریفییەکانی نێو شانۆییەکە بە ڕا و بۆچوون و لێکدانەوەی خۆی پڕ بکاتەوە و هۆ و هۆکارەکان لە یەکتر جیا بکاتەوە. لە ئاکامدا دەتوانێت لە یەک کاتدا هاوتایی و ناهاوتاییی نێوان ئەم جیهانە گریمانییە و جیهانە واقیعییەکەی خۆی درک پێ بکات.

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین لۆژیکی درامای شانۆیی لێپرسراوە لە بزواندنی بینەر لەسەر سێ ئاستی جیاواز. ئاستی وروژاندن. ئەو ئاستەی کە بینەر ڕەنگە بە پێکەنین یا هەر دەربڕینێکی دی گوزارشتی لێ بکات، ئاستی پتەوکردنی هەڵوێستی خۆی بە هۆی هەڵوێستی کەسانی شانۆییەکەوە و پاشان ئاستی دۆزینەوەی یەکبوونی تەواوەتیی نمایشەکە لە ڕێگای کۆکردنەوە و ڕێکخستنی توخمە شانۆییە جیاوازەکانەوە. جا ئەگەر لە کەسانی شانۆییەکەوە دەست پێ بکەین، لە قسە و کرداریانەوە بەم شێوەیە باسەکەمان لەنێوان سێ ئاماژەی زمانەوانییەوە چڕ دەبێتەوە کە بریتین لە: من و تۆ، ئێستا و، لێرەدا، کە ئەرکی بنەڕەتی لۆژیکی شانۆ بەجێ دەهێنن. کەواتە جیهانی شانۆ لە ئامادەبوونی کاراکتەرەکان و ئامادەبوونی کات و شوێندا بونیاد دەنرێ.

لێرەدا نووسەر دەپرسێ: "ئەوەی لەسەر تەختەی شانۆ ئەدوێت کێیە؟ کەسە شانۆییەکەیە یان ئەکتەرەکە؟" لە وەڵامدا دەڵێ: دەبێت ئەکتەر بە دەنگ و جووڵەی کەسە شانۆییەکە بەرجەستە بکات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەکتەر بە تەنیا خۆی نامەی فیکری و جوانکاریی شانۆگەرییەکە ڕاناگەیەنێت، بەڵکە ئەو نامەیە لە

چوارچێوەی گشت توخمە هونەرییەکانی نمایشەکەوە دەگاتە بینەر. واتا بە هاوتایی‌ی دەلالەتەکانی ئەو سیستەمانەی تریشەوە دەیگاتێ. لەم بارەشدا زمانی گفتوگۆ چرییەکی سیمیۆلۆژی لە خۆ دەگرێت، چونکە کلیلی هێما جۆراوجۆرەکانی تری نمایشەکەی لە دەستدایە.

دینامییەتی گفتوگۆش گرێ دەدرێتەوە بە دینامییەتی (شوێنە شانۆیی‌یەکە) هەڵبژاردنی شوێن و دیکۆرە شانۆیی‌یەکەش بە هەڵبژاردنێکی سیمیۆلۆژییانە دەژمێردرێت، چونکە کۆمەڵە دەلالەتێکی شارستانی هەڵدەگرێ و جیهانە گریمانەیی‌یەکەی شانۆی پێ سەقامگیر دەبێت.

شوێنە شانۆیی‌یەکە کاتێ لەژێر کاریگەریی بیناسازیی تەقلیدیی شانۆ دەرباز دەبێت پەیوەندییە دینامیکییەکانی لە نمایشەکەدا وەدەردەکەوێ و چەندین مەودا بۆ بینەر والا دەکاتەوە، مەودای نزیک، مەودای سۆسیۆلۆژی و مەودای کەسایەتی و مەودای جەماوەری. هەر لە ڕێگای ئەم چەمکە پەرەسەندووەشەوە هەلێکی چاک و لەبار دەرەخسێنێ بۆ شیکردنەوەی سیمیۆلۆژی.

پاشان نووسەر دێتە سەر باسی بونیادی (زەمەن)ی درامایی و تا چ ئاستێک هێماکەی جیهانە گریمانەیی‌یەکەی شانۆ دەسازێنێت.

نووسەر سێ ئاستی (زەمەنی)مان بۆ جیا دەکاتەوە. یەکەمیان: ئاستی (ئێستا)ی دروستکراوە کە ئەرکی چەسپاندنی ئامادەبوونی جیهانە (ئیحتیمالی)یەکە لە ئەستۆ دەگرێ.

ئاستی دووەم: زەمەنی دینامییە، ئەو زەمەنەی ئێستا دەگۆڕێ بۆ ڕابردوو، لەبەر ئەوەی ئەو چرکەیەی وەک (ئێستا)یەک وەسف دەکرێ دووپات نابێتەوە و بەخێرایی ڕەنگی ڕابردووی لێ دەنیشێ، ڕابردوویەک کە پێشوازی لە (ئێستا)یەکی نوێ دەکاتەوە. جا لە ڕێگای گواستنەوەی بەردەوام لە ئێستاوە بۆ ڕابردوو، لە ڕابردووشەوە بۆ ئێستا بە شێوەیەکی کتوپڕ و پچڕپچڕدا گۆڕانکاریی چاوەڕوانکراو و ناچاوەڕوانکراوی ڕووداوەکان وەدەردەکەوێت.

ئاستی سێیەمیشیان زەمەنی مێژوویی‌یە، واتا ئەو زەمەنەی پاشخانە واقیعییەکەی پشت نمایشەکە پێک دەهێنێت. بەم جۆرە دەبینین تا چ ئاستێک بونیادی زەمەنی لە چڕکردنەوەی سیمیۆلۆژیای شانۆدا هاوبەشی دەکات .

کەواتە گشت توخمەکانی بەیەکگەیشتنی شانۆیی بە سیستەمەکانیانەوە ئاوێتە دەبن تا جیهانی شانۆ ساز دەکەن وەک ڕووبەرێکی فراوان بۆ پرۆسێسی شیکردنەوەی سیمیۆلۆژییانە. هەڵبەتە، هەروەک نووسەر لە کۆتاییدا ئاماژەی بۆ دەکات، شانۆنامەکە چەندە چڕ بێت و ئاماژەکان چەند لەبار بن تا بگۆڕێن بۆ دەلالەت لەنێو خۆیاندا، هێندەش ڕۆڵیان لە بنیاتنانی ڕۆشنبیرییەکی شانۆیی‌ی بەرزدا بۆ بینەر دەبێت.



# دۆکتۆر شاکر خەسباک: کوردستانی عیراق و کوردی عیراق

**ئەمجەد شاکەلی کردوویەتی بە کوردی**

## جوگرافیای کوردستانی عیراق:

کوردستانی عیراق بریتییە لە چوار پارێزگە (لیوا): پارێزگەکانی مووسڵ، هەولێر، سلێمانی و کەرکووک هەروەها بەنێو پارێزگەی دیالەشدا درێژەی هەیە و ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی دەگرێتەوە و ئەو پارێزگەیانەش بەشی باکووری ڕۆژهەڵات پێک دێنن. لەبەر ئەوەی کوردەکان گەلێکی چیایین ئیدی لەو شوێنەی کە تێیدان لەهەر کوێیەکەوە دەشتایی دەست پێ دەکات ئەوان بۆ عەرەبیان بەجێ هێشتووە. بەو جۆرە هەرچی دانیشتووانی دەشتایی‌یەکانی پارێزگەی مووسڵ هەن گشتیان عەرەبن و هەرچی بەشە دەشتایی‌یەکەی کەرکووکیشە هەر وایە و لەوێ بەزۆری عەرەب و تورک دەژین. لەڕاستیدا سلێمانی و هەولێر تاکە دوو پارێزگەن کە پڕانیی دانیشتووانیان بەتەواوی کوردن وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ :

خشتەی ڕێژەی دانیشتووان لە پارێزگە کوردییەکاندا(١)

| پارێزگە | ڕێژە٪ |
|---|---|
| سلێمانی | ١٠٠ |
| هەولێر | ٩١ |
| کەرکووک | ٥٢.٥ |
| مووسڵ | ٣٥ |

دەتوانرێ بگوترێ ئەو ناوچە شاخاوی و نیوچە شاخاوییەی کوردی تێدا دەژی نێزیکەی ٧ ٪ی ڕووبەری گشتیی عیراقە ، بەڵام لە هەمان کاتدا گرنگترین سەرچاوەی سامانی عیراقی تێدایە کە نەوتە. لەگەڵ ئەوەدا کە تێکڕای گشتیی بەرزیی چیاکانی ئەم ناوچەیە لە پێنج هەزار پێ تێناپەڕێ بەڵام ژمارەیەکی زۆر لووتکە هەن لە هەشت هەزار پێ بەرزترن. ناوچە ڕک و هەڵەمووتەکانی ئەم چیایانە کە هێشتا دەستی تێکدەری مرۆڤیان نەگەییشتوونێ بە دارستان داپۆشراون. بەڵام بە هۆی بەکاربردنی بەردەوام و سووتاندنی دارستان لەپێناوی بەکاربردنی خاکدا بۆ کشتوکاڵ زۆربەی چیاکان لە بەرگە ڕووەکییەکانیان ڕووت کراونەتەوە. ڕووباری دیجلە بە بەشی باکووری کوردستانی عیراقدا دەڕوا و گەلێک چەم و زێ کە بە ناوچە کوردییەکەدا دەڕۆن وەک خابوور و زێی گەورە و زێی بچووک و چەمی عزێم و چەمی سیروان (دیالە) ی تێ دەڕژێن.

بەڵام ئاووهەوای کوردستانی عیراق لە هاویندا نێوەنجییە و لە زستاندا زۆر ساردە. لە وەرزی زستان و هاوینیشدا

دوندگەلێکی زۆری کەژە بەرزەکان بەفر دایاندەپۆشێ.

بەم کورتە باسکردنە گرنگیی ئەم ناوچەیە بۆ بەشە عەرەبییەکەی عیراق دەردەکەوێ. بە هۆی بوونی کان و سەرچاوەی ئاوەوە کە لەم ناوچەیەدا هەن ناوچەکە گرنگییەکی ئابووریی هەیە. بەشە زۆرەکەی نەوتی عیراق لە خاکی کوردەوە هەڵدەقوڵێ و بەشە زۆرەکەی ئەو ئاوانەیش کە دەڕژێنە ڕووباری دیجلەوە لە چیاکانی ئەم ناوچەیەوە هەڵدەقوڵێن. هەربۆیەش گرنگترین بەستەی ئاو لە کوردستانی عیراقدا دروست کراوە. لە لایەکی دیکەشەوە جوانیی ناوچەکە و هاوینی فێنکی وای لێ دەکات ببێتە باشترین هاوینەهەواری دانیشتووانی ناوچە دەشتایییە عەرەبییە هاوسێیەکە کە هاوینێکی گەرمی هەیە. بە هۆی هەڵەمووتیی چیاکانیشیەوە دەڤەرە کوردییەکە لە ڕووی سەربازییەوە گرنگییەکی زێتری هەیە و بووە بە سەنگەرێکی قاییم بۆ پارێزگاریکردن لە ناوچەکانی نێوەڕاست و باشوور.

## سامانی کشتوکاڵ:

هەرچەندە کوردستانی عیراق خاکەکەی شاخاوییە، بەڵام چیاکانی پاناوکن و دەشتاییگەلێکیان لە نێوان خۆیاندا حەشار داوە کە بە هۆی پیت و تۆقی خاکەکەیانەوە و بەکاربردنی سروشتییەوە ( نەمانەوە و پەنگنەخواردنەوەی ئاو و ڕۆییشتنی بە ئاسانی بە هۆی لێژیی خاکەوە ـ وەرگێڕ) بۆ کشتوکاڵ باشن. ڕووبەری زەوییە بەکەڵکەکان بۆ کشتوکاڵ لە پارێزگە کوردییەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوە خەملێندراوە :

خشتەی ڕووبەری زەویی کشتوکاڵی و زەوییە چێندراوەکان لە پارێزگە کوردییەکاندا(٢)

| پارێزگە | ڕووبەری گشتیی زەویی کشتوکاڵی بە کم٢ | زەویی چێندراو بە کم٢ | ڕێژەی زەویی چێندراو لەگەڵ ڕووبەری گشتیدا٪ |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٩٥٥٢ | ٣٥٥١ | ٣٧ |
| هەولێر | ١٨١٧٠ | ٤٥٥٧ | ٢٥ |
| کەرکووک | ٣٠٣٧٦ | ٥٧٤٣ | ٢٨ |
| مووسڵ | ٢٩٧٧٠ | ٢٩٠٥٨ | ٥٣ |

بەم خشتەیەدا دەردەکەوێ کە ڕووبەری زەویی چێندراو لە ڕاستیدا هێندەی تەواوی ڕووبەری زەویی بەکەڵکی کشتوکاڵ هاتوو نییە. زەویی بەکەڵکی کشتوکاڵ هاتوو لە هەولێر بە ٧١٦٠ کم٢ و لە کەرکووک بە ١٥٢٦٠ کم٢ و لە مووسڵ بە ٢٩٧٧٠ کم٢ خەملێندراوە.(٣)

ئەوبەرهە کشتوکاڵییانەی ناوچە کوردییەکە لە ئابووری عیراقدا بەشدارییان پێ دەکات دوو جۆرن: زستانە و هاوینە. بەروبوومە زستانییەکان گەنم و جۆن و پارێزگە کوردییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بەشداریی تێدا دەکەن:

خشتەی بەرهەمی گەنم و جۆی پارێزگە کوردییەکان لە ساڵی ١٩٥٤ دا.(٤)

| پارێزگە | گەنم(تۆن) | جۆ(تۆن) |
|---|---|---|
| سلێمانی | ٧٠٠٠ | ٧٠٠٠ |
| هەولێر | ١٠٤٠٠٠ | ٦١٠٠٠ |
| کەرکووک | ١٠٩٠٠٠ | ١٥٦٠٠٠ |
| مووسڵ | ٢٢٢٠٠٠ | ١٧٨٠٠٠ |
| سەرجەمی گشتیی بەرهەمی عیراق | ٤٧٩٠٠٠٠ | ١١١١٠٠٠ |





ناوچە کوردییەکە لە شینایی‌ی هاوینەدا بەتایبەت لە بەرهەمهێنانی توونتدا پتر بەشداری دەکات تا لە بەروبوومی زستانەدا. لەڕاستیدا توونتن شابەرهەمی ناوچە کوردییەکەیە و تاڕادەیەکیش چاندنی توونتن هەر لە باکووردا دەکرێت. پاش توونتن گرنگی بە برنج و لۆکە دەدرێ . ئەم نەخشەیەی خوارەوە بەشداریکردنی ناوچە کوردییەکە لە شینایی‌ی هاوینەی سەرەکیدا پێشان دەدات:

خشتەی بەشینەوەی شینایی‌ی هاوینە لە ناوچە کوردییەکەدا لە ساڵی ١٩٥٣دا(٥)

| پارێزگە | توونتن(دۆنم) | لۆکە(دۆنم) | برنج(دۆنم) |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٢٥٠١٣ | ٨٣٠٣ | ٧٩٥٤ |
| هەولێر | ١١٠١٣ | ٣١٦٥ | ٣٨٤٣ |
| کەرکووک | ٦٨٢ | ٧٥٠ | ٩٦٥٦ |
| مووسڵ | ٢٢٧٤ | ٦٧٢٤ | ١٠٢١١ |
| سەرجەمی گشتیی بەرهەمی عیراق | ٤٠٠٦٤ | ٩٦٢٩٢ | ٥١٤٩٢٢ |

ناوچە کوردییەکە لە وەبەرهەمهێنانی میوەشدا بە هەموو جۆرەکانیەوە بەشدارییەکی زۆر دەکات و لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە:

خشتەی بەشینەوەی داری میوە لە پارێزگە کوردییەکاندا لە ساڵی ١٩٥٣دا(٦)

| پارێزگە | هەنار | قۆخ | سێو | هەڵووژە | زەردەلوو |
|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ١٦٨٨٤٢ | ٤٠٣٢٩ | ٢٠٩٠٣ | ١٩٠٦٣ | ١١٤٣٧ |
| هەولێر | ٦٦٢٠٠ | ١١١٠١ | ١٤١٠١ | ٧٣٥١ | ١٦٦٤ |
| کەرکووک | ١٦٧٦٩ | ١٣٠٣ | ٥٨٢٨ | ٣٤١٩ | ٧٦٠٢ |
| مووسڵ | ٨٦١٧٦ | ٨٠٥٤ | ٣٠٧٦٥ | ٢٦٧٨١ | ٢٥٢٤٨ |
| سەرجەمی گشتیی عیراق | ٢٠٦٠٢٤٩ | ١٠٣٢١٣ | ٧٦٣٩٨١ | ١٧٨٠٩٠ | ٥٦٦٠٩١ |

بەشداریکردنی ناوچە کوردییەکە لە بەرهەمهێنانی مزرەمیوەی وەک پرتەقاڵ و لیمۆ کەمە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەگونجانی ئاووهەوای ساردی ئەم ناوچەیە بۆ ڕواندن وبەرهەمهێنانی ئەم میوانە. بەڵام پارێزگە کوردییەکان بەشدارییەکی زۆر لە وەبەرهێنانی مێوەدا دەکەن و خۆیشیان بەتەنێ گوێز و پستە و باهیڤەڕووەکی دیکەی وەک ئەوان دەڕوێنن.

میوەی ناوچە کوردییەکە گرنگییەکی بازرگانیی تایبەتی هەیە چونکە ڕەسینی دەکەوێتە دوای ڕەسینی میوەی نێوەڕاست و خوارووی عیراق لەبەر ئەوە لە کاتێکدا دادەبەزێتە بازاڕ کە میوەی بەرهەمهێنراوی ناوچەکانی دیکەی عیراق لە بازاڕدا کەمە.

ئەگەر ڕەنێوهێنانی ئەو بەروبوومە کشتوکاڵییانەی کە باس کران لەگەڵ ڕەنێوهێنانی دەوڵەتانی پێشکەوتوودا بەراورد بکرێن کەمیی ئەوانەی باسکراو دەردەکەوێ. هۆی ئەوەش تەنێ هەژاریی وەرزێر نییە بەڵکە دەگەڕێتەوە بۆ نەزانینی لایەنە تەکنیکییەکانی کشتوکاڵ و خراپیی ئەو ئامێر و ئامرازانەی کە لە کاری وەرزێریدا بەکاریان دەبات . وەرزێری عیراقی بەگشتی – چ کورد بێ یا عەرەب ـ نازانێ چۆن ئاو بەکار بێنێ و زۆرجاران لەترسی ئەوەی کە نەبادا لە کاتی پێویستدا دەستی نەکەوێ هەر بەبێ هۆ ئاوێکی زۆر بەکار دەبات. لە هەمان کاتیشدا هەر ئەو شێوە کۆنەیەی کاری کشتوکاڵ کە لە باپیرانیەوە بۆی بەجێ ماوە پەیڕەو دەکا و ئاگایی‌یەکیشی لە بارەی خولی کشتوکاڵیشەوە ـ کە بە گوێرەی ئەوە وەرزێر چەند جۆرێکی جیاوازی بەروبووم بە نۆرە دەچێنێ بۆ ئەوەی پیتی زەوییەکە بپارێزێت ـ نییە. ئەگەر وەرزێر خولی

کشتوکاڵییش بزانێت ڕێگرە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان ـ کە بە پلەی یەکەم ئەنجامی یاسای موڵکداریەتیی زەوی و زار و یاسای ئاودێرین ـ ڕێگەی جێبەجێکردنی لێ دەگرن. لە کاتێکدا کە شێوەی بەیار بە بەیار کێڵانی زەوی بەم جۆرەی کە ئێستا جێبەجێ دەکرێ بەشی گێڕانەوەی پیت بۆ زەوی ناکات ، وەرزێر بۆ گێڕانەوەی تۆق بۆ زەویی بەکاربراو و ماندوو بەدەگمەن پەیینی سروشتی یا دەستکرد بەکار دێنێ. کەم جاریش وەرزێر بۆ پاراستنی زەوی پەنا دەباتە بەر شێوەی کەنتۆری کشتوکاڵ (شێوەی چاندن و درەختاندنی پێپلکەئاسا کە بە لاپاڵی چیاکەدا هێڵی جادەئاسا لەسەریەک ئامادە دەکرێ و دەچێندرێ و دەدرەختێندرێ وەک ئەوەی کە لە ناوچەی هەورامان و بادیناندا پەیڕەو دەکرێ ـ وەرگێڕ) ولێڕاندن و پاراستنی دارستانگەلێک کە هەن.

هەرچی ئامێرگەلێکیشە کە وەرزێر بەکاریان دەبات کۆن و سستن و ئاژەڵی ناساغ و شەکەت ڕایاندەکێشن و گاسنەکەی هەر بە ئاستەم زەوییەکە دەڕووشێنێ و داس و ئامێری گێرەکەی کاتێکی زۆریان دەوێ و ئەنجامی باشیش نادەنە دەستەوە. وەرزێر بۆ ئەوەی داهاتێکی زۆری دەستکەوێ دەبێ شێوەی زانستیی کشتوکاڵ فێر بێت و دەبێ ئەم ئامێرە کشتوکاڵیانەی ئێستای بگۆڕێ بە ئامێرێ میکانیکی نوێ ، کە ئەوەش بێگومان بە واتای بەکارهێنانی تراکتۆر و کۆمباین نییە. ئامێرە گچکەکان کە بەشێوەی نوێ دروست دەکرێن و ئاژەڵی بەهێز ڕایاندەکێشن لەم کاتەدا جێی ئامێری گەورە دەگرنەوە کە پێویستییان بە سەرمایەی قەبە و خەرجی زۆر هەیە. بەهەرحاڵ ئەم بیرازە تەکنیکییانە بەبێ هاریکاریی ماددی و مەعنەوی لەنێوان حوکوومەت و وەرزێردا و بەبێ چاککردنی یاسای موڵکداریەتیی زەوی کە ئێستا لە وڵاتدا هەیە ، ناکرێت. هەرچی یاسای موڵکداریەتیی زەوی و زاری کشتوکاڵییە لە ناوچە کوردییەکەدا ئەویش وەک یاسای ناوچە عەرەبییەکەیە کە یاسای موڵکداریەتیی فرەوانە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوشی کوردستان لە ناوچە عەرەبییەکان باشترە. ئەم خشتەیەی خوارەوە وێنەیەک لەمەڕ ڕەوشی موڵکداریەتیی کشتوکاڵی لە ناوچە کوردییەکەدا پێشان دەدات :

خشتەیەک ڕەوشی موڵکداریەتیی کشتوکاڵی لە پارێزگە کوردییەکاندا پێشان دەدات(٧)

| پارێزگە | ڕووبەری زەویی موڵک بە کم٢ | ژمارەی موڵکەکان | تێکڕای قەبارەی موڵکەکان بە هێکتار |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٢٦٨٥ | ١٧٦٢٨ | ١٥ |
| هەولێر | ٤٩٩٥ | ١٥١٩٩ | ٣٣ |
| کەرکووک | ٨٥٦٢ | ٧٤٠٩ | ١١٦ |
| مووسڵ | ١٠٦٦ | ٣١٥٣٢ | ٣٢ |

لەگەڵ ئەوەشدا کە یاسای موڵکداریەتیی کشتوکاڵی لە هەردوو ناوچە عەرەبی و کوردییەکەدا وێک دەچن هێشتا وەرزێری کورد بەگشتی لە وەرزێری عەرەب جێگرتووترە و زێتر بەندە بە زەوییەوە و لە زۆربەی باریشدا وەرزێری کورد زەوییەکی دیاریکراوی لە باوک و باپیرانەوە بۆ دەمێنێتەوە کە کشتوکاڵی تێدا بکات و خاوەن موڵکیش ناتوانێ لەو زەوییە وەدەری نێ، بەو جۆرەش خانووداری و نیشتەجێبوون لە ناوچە کوردییەکدا لە شێوەی گونددایە کە جێگیر و چەسپاوە. هەرچی وەرزێری عەرەبیشە مافی ئەوەی نییە زەوییەکی دەستنیشانکراوی هەبێت ، کە هەموو ساڵێک بتوانێ کشتوکاڵی تێدا بکات ، لەبەر ئەوەش ژیانی ئەو باری ناسەقامگیری باڵی بەسەردا کێشاوە و بەردەوام لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی لە گواستنەوەدایە. هەربۆیە ماڵەکەشی ساکارە و بە ئاسانی تێکدەدرێ و لە ڕواڵەتدا برێتییە لە زنجێک کە بە دارە خورما و لەبان دروست کراوە. جۆری خانووداری و نیشتەجێیی باو لە لادێی ناوچە عەرەبییەکەدا لەشێوەی کۆمەڵدایە کە دەکاتە گەڕۆکە گوند نەک گوندی نیشتەجێ و چەسپاو. جیاوازییەکی دیکە لە نێوان ناوچە کوردییەکە و ناوچە عەرەبییەکەدا کە هەیە شێوەی بەشینەوەی داهاتی کشتوکاڵییە لە نێوان وەرزێر و خاوەن موڵکدا. بەگوێرەی شێوەی





بەشینەوەی بەرهەم لە نێوان وەرزێری کورد و خاوەن موڵکدا بەشی خاوەن موڵک لە نیوەی هاوینەبەرهەم (بەتایبەت توتن و لۆکە) و دەیەکی داهاتی زستانەبەرهەم (کە دەیمەکاڵە) کە بە شێوەیەکی گشتی دانەوێڵەیە ، تێناپەڕێ. بەڵام بەشی وەرزێری عەرەب لەو زەوییانەدا کە ئاودێری دەکرێن و تەڕەکاڵن ٣/٥ یا ٢/٣ یە ئەگەر خاوەن موڵک بە تۆو بەشداری بکات و لەو زەوییانەشدا کە بە ئامراز (مەکینە و ماتۆر) ئاودێری دەکرێن ٢/٥ـە (٨). بەڵام ئەم بەشە لەڕاستیدا زۆر کەم دەبێتەوە چونکە باجی سەرکار (٧,٥ ٪) و باجی حوکوومەت (١٠ ٪) و بەشی قاوەچی و دیوەخان و مەلا و میراوی لێ دەبڕدرێ.

وەرزێری کورد لە چاندنی زەوییەکەیدا تووشی سەختییەکی زۆر دەبێت و بەرپرسی یەکەمیش لەوەدا یاسای موڵکێتیی زەوی و زاری کشتوکاڵییە. موڵکداری کورد بە گشتی لە بارەی کاروباری زەوییەکەی خۆیەوە تا ڕادەیەک هیچ نازانێت و بە سەرمایەش بەشداریی بەرهەمهێنانی زەوی ناکات و هەموو تێچوون و ئەرک و بەرپرسیارییەکیش دەکەوێتە ئەستۆی وەرزێری کورد. وەرزێری کورد لەبەر ئەوەی هەموودەم لە وەرزێری عەرەب زێتر مەترسیی ئەوەی هەیە تووشی لێقەومانی سروشتی بێت ، بەردەوام پێویستی بە پارە و تۆو هەیە و قەرزدارە. ڕەنگە سەرسەخترین و خەتەرناکترین دوژمنی وەرزێری کورد وشکەساڵی و کەمبارانی بێت. کشتوکاڵی زستانە لە زۆربەی ناوچەکاندا بەستراوە بە بارانەوە. ئەگەر هات و باران دواکەوت یا پێش کاتی خۆی کەوت یا کەم باری ئەوە دەبێتە هۆی برسیبوونی وەرزێری کورد، چونکە ئەوە مانای تیاچوون و زیانپێکەوتنی تۆوەکەیەتی و ئەوە دەگەیەنێ کە لەبری هیچ جۆرە بەرهەمێک بۆ بەکاربردن یا فرۆشتن یاچاندنی لە ساڵی داهاتوودا قەرەبوو ناکرێت. کشتوکاڵی هاوینەش بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە کانیاوەکان دەبەستێت. ئاوی کانیاوەکانیش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ چەندێتیی بارانی زستان و چەندێتیی بەفری کۆوەبووی سەر ترۆپکی چیاکان. ئەگەر زستانێکی کەمباران و نیوەگەرم بەسەردا بێت ئاوی کانیاوەکان کەم دەبێ و وشک دەکەن و کشتوکاڵی هاوینەش دەفەوتێ.

دووەم دوژمنی وەرزێری کورد مێرووە بەتایبەت کوللە و سن و کرمی پەموو کە هەموو ساڵێک کشتوکاڵ خراپ دەکەن و تێک دەدەن. هەندێک ساڵ کوللە تەواوی بەرهەمەکە دەخوات و سنیش پتر لە نیوەی بەرهەمەکە تێک دەدات. قەلاچۆکردنی ئەم مێرووانەش زۆرجاران بە شێوەیەکی نازانستییانە دەکرێ بۆیە زیانیان ساڵانە دووبارە دەبێتەوە.

ئەگەر سروشت بە هۆی نەمانەوە و پەنگنەخواردن و ئاسان ڕۆیشتنی ئاوەوە بە هۆی لێژیی خاکەکەوە لە زەوییە چیاییەکاندا وای کردووە کە وەرزێری کورد لە زیانی شۆرەکاتیی زەوی و زەنەکاو ، کە گیروگرفتی یەکەمی وەرزێری عەرەبە ، بە دوور بێ ، ئەوا گیروگرفتێکی لەوە گەورەتری هەیە، ئەویش گیروگرفتی داشۆرانی زەوییە. ئەم گیروگرفتە کارێکی وا دەکات کە زەویی کشتوکاڵی دەکات بە زەوییەکی بەردەڵانی ڕەقەن کە تەنێ خۆڵێکی کەم دایپۆشیبێ. داشۆرانی زەویش دەرەنجامی نەڕواندنی دارە لە هەوراز و لاپاڵی کەژەکاندا بۆ ئامادەکردنی بەربەستێک بۆ ڕێگەگرتن لە لافاوی بە تەوژمی بەرزاییی شاخەکان ، هەروەها بە هۆی پەیڕەو نەکردنی دەستاوێژ و شێوەی زانستی لە کێڵانی زەوییە لێژگەکاندا بە شێوەی پێپلکەیی (کەنتۆری) داشۆران ڕوو دەدا. ئاشکراشە کە گڵی کەم و تەنک بە هۆی کەمیی خۆراکی ڕووەکەوە دەبێتە هۆی لاوازیی بەرهەم.

کەواتە وەرزێری کورد گیروگرفتێکی زۆری هەیە کە لە دواییدا دەبنە هۆی لاوازیی توانستی بەرهەمهێنانی و نزمیی ئاستی ژیانی. ئاشکراشە ئەم ئاکامە تەنیا زیان بە لایەنی مرۆڤایەتی ناگەیەنێ ، بەڵکە لە ڕێگەی کەمیی چەندێتی و ئاستی بەرهەمهێنانەوە زیان لە سامانی نیشتمانی دەدا و داهاتی نیشتمانیش کەم دەکاتەوە. بۆ چارەسەری ئەم گیروگرفتانەش دەبێ لەسەرڕا دەست پێ بکەین واتە دەبێ گیروگرفتی موڵکایەتیی کشتوکاڵی چارەسەر بکەین ، ئەویش بەوەی کە موڵکداریەتیی پارچە زەوییەک کە لە ڕووی ڕووبەرەوە ئەقڵگیر بێت و لەگەڵ توانستی بەرهەمهێنان و جۆری

زەوییەکە و شێوەی بەخێوکردنیدا بگونجێ ، بدرێ بە وەرزێر. بەڵام ئەمە چارەسەرێکی تەواو نییە ئەگەر بێت و کۆمەڵە کارێکی دیکە نەکرێن ، وەک قەرزدان بە وەرزێر بە سوودێکی کەم و مسۆگەرکردنی تۆوی پێویست و هاندانی کۆمەڵە هەرەوەزییەکان ، کە هاسانکردنەوەی کڕینی تۆو بۆ وەرزێر دەگرنە ئەستۆی خۆ لەتەک بەکرێگرتنی مەکینەی ئاسان بەکاربەر و دەستەبەرکردنی عەمباری پێویست بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵەی زیاد ، هەروەها کارکردن بۆ بەشینەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی. دەبێ کێڵگەی تاقیکردنەوە و ڕێنوێنیکاریی کشتوکاڵی بە شێوەی پراکتیکی و بە سوود بۆ بارهێنان و فێرکردنی وەرزێر ـ لەمەڕ چۆنیەتیی پاراستنی گڵ و بەکاربردنی ئاو و پەیڕەوکردنی خولی کشتوکاڵی و بەجێهێنانی چاندنی تێکەڵ و بەکاربردنی پەین و قەڵاچۆکردنی مێروو و تا دەگاتە دوا ڕێگە و شێوەگەلێک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمی کشتوکاڵ ـ دەستەبەر بکرێت. بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ماددیی وەرزێریش ـ کە یەکجار نزمە ـ دەبێ تۆڕێکی ڕێگەی هاتوچۆ چێ بکرێ بەتایبەت لاڕێ لە نێوان گوند و کێڵگەکاندا ، چونکە بەبێ تۆڕی ڕێگەوبان گواستنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵ بۆ ئەوەی بخرێتە بەر دەست زۆرترین ژمارەی کڕیار، ناکرێت و ئەگەر ئەو کارەش نەکرێت ئەوا ئەو بەرهەمانە خراپ دەبن یا نرخیان بەیەکجاری دێتە خوارێ. هەروەها دەبێ چاککردنی باری ژیانی وەرزێران تەنێ لایەنی ماددی نەگرێتەوە ، بەڵکە دەبێ لایەنە کۆمەڵایەتییەکانیش کە باری فەرهەنگی و لەشساغی و گشتی دەگرنەوە چاک بکرێن. چاککردنی ئەو لایانانە لەڕاستیدا پێکەوە گرێدراون ، گرێدانێکی زۆر بەهێز. بیرازی ئابووری ئەگەر بیرازی کۆمەڵایەتیی لەتەکدا نەبێت ئەنجامێکی باشی نابێت. بیرازی ئابوورییش بەرهەمی تەواوی خۆی نادات لەکاتێکدا کە وەرزێر لە ژێر کارتێکردنی نەریتی کۆمەڵایەتیی کۆندا بێت و بە کۆتی زەبوونی و کۆیلایەتی و فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و تەمبەڵی و درۆ کە پاشماوەیەکی بۆگەنی چەند پشتێکن بەسترابێتەوە. کە وا بوو دەبێ لە ڕێگەی فەرهەنگ و ڕێنوێنیکردنەوە نرخی وەرزێر وەک مرۆڤ بگێڕدرێتەوە ـ بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤێکی دەروون ئازاد و شانازی بە سەربەرزیی خۆیەوە بکات و بە تەنگ خێزانیەوە بێت و هێندەی بەتەنگەوەهاتنی بەرژەوەندی خۆی ڕێزی بەرژەوەندی خەڵکی دیکەش بگرێت ـ بۆ ئەوەی بیرازی ئابووری و بیرازی کۆمەڵایەتی هاوشان لەتەک یەکتردا بڕۆن و لە دواییدا ببنە هۆی دروستکردنی هاووڵاتیی باش کە ماف و ئەرکەکانی خۆی بزانێت و کارەکانیشی زۆر بە باشی بکات.

## ئاژەڵداری:

ناوچە کوردییەکە لە سامانی ئاژەڵی وڵاتیشدا بەشدارییەکی گەورە دەکات و ڕەنگە ئەم بەشداریکرنەشی لە بەشداریکردنی لە سامانی کشتوکاڵیدا زێتر بێت. بێجگە لە کوردانی ڕەوەند کە پیشەیان ئاژەڵ بەخێوکردنە ، وەرزێری کوردیش لە وەرزێری عەرەب پتر گرنگی بە ئاژەڵ بەخێوکردن دەدا. هەرچەندە بەخێوکردنی ئاژەڵ لە هەردوو ناوچە کوردی و عەرەبییەکەدا لەسەر بنەمای کشتوکاڵی تێکەڵ ـ واتە بەکارهێنانی پیسایی ئاژەڵ بۆ پەیینکردنی زەوی و بەکاربردنی ئاژەڵ بۆ بەرهەمهێنانی شیرەمەنی ـ بەڕێوە ناچێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا وەرزێری کورد گرنگییەکی تایبەت دەدا بەوەی کە بەگوێرەی توانستی ئابووریی خۆی چەند سەرێک ئاژەڵی هەبێت. ڕەنگە ئەم سووربوون و بەتەنگەوە هاتنەیشی بگەڕێتەوە بۆ ئەو پەندانەی کە سروشت فێری کردوون، ئەویش بەوەی کە ڕەنگە بە هۆی بێبارانی و مێرووەوە لێقەومانێک وەپێش بێت و کە چۆن گەرەکە پشت بە سەرچاوەیەکی دیکەیش ببەستێ. وەرزێری کورد ڕێچاڵی ئاژەڵەکانی بۆ خۆراکی خۆی و ئاژەڵیش بۆ جۆت و گواستنەوە بەکار دەبات. وەک بەڵگەیەکی بەشداریکردنی ناوچە کوردییەکە لە سامانی ئاژەڵدا ئەم خشتەیەی خوارەوە هەندێ شتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە: خشتەیەک کە ئاژەڵی وەرزێری گوندە کشتوکاڵییەکان لە پارێزگە کوردییەکاندا (بێجگە لە ئاژەڵی ڕەوەندەکان) پیشان دەدات.(٩)





| پارێزگە | بزن | مەڕ | ڕەشە وڵاخ (مانگا و گا) | کەر | چارەوێ (ئەسپ و ماین) | هێستر | گامێش | وشتر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٣٤٧٢٧٤ | ٢٣٣٦٦٤ | ٨٨١١٦ | ١٨٥٨٦ | ٣٥٣٧ | ٣٠٢٥ | ٤١٢ | ١٣٩ |
| هەولێر | ١٤٠٣٨٨ | ١٦٩١٠٦ | ٣٠٠٦٥ | ٢٢٣٧٥ | ٣٣٤٧ | ٨٢٤٣ | ٦٨٨ | ١٠١ |
| کەرکووک | ٢٦٣٠٣٢ | ٥٢٢١٦٤ | ٤٥٠٠٥ | ٣٢٤٩٥ | ٣٨٨٣ | ٩٤٠٠ | ٩٤٣ | ٩٤٠٠ |
| مووسڵ | ٤٨٣٥٤٤ | ٧٤٩٩٧٨ | ٦٣٦٦٩ | ٥٧٣٤٨ | ١١٥٢٢ | ٣١٦٦٦ | ٢٢٤٤ | ١٦١٩٥ |
| سەرجەمی گشتیی عیراق | ١٦١٨١٤٥ | ٤٤٨٤١٥٦ | ٧١١٩١٨ | ٣٩٨٧٩٨ | ١٣٧٤٤٦ | ٥٦٦٧٣ | ٤٧٣٩٥ | ٣٧٦٩٦ |

خشتەی پێشوو بە ڕوونی گرنگیی بەشداریکردنی ناوچە کوردییەکە لە ئاژەڵداریدا ، بەتایبەت لە بزن و مەڕ و ڕەشەوڵاخدا، پیشان دەدات. بەڵام ئەم سامانە ئاژەڵییەش وەک سامانی کشتوکاڵی گیرۆدەی چەندین گیروگرفتە. ئاژەڵی کورد بە گشتیی ناساغ و لەڕ و لاوازن و تێکڕای ڕێژەی مردن لە نێویاندا زۆر بەرزە و ڕەنگە هەندێ جار بگاتە ٥٠ ٪(١٠) ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵە هۆکارێک گرنگەکەشیان بایەخ نەدانە بە ئاژەڵ لە هەموو ڕوویەکەوە وەک جێگە و لەوەڕگە و لەشساغیی گشتی. پشتیر و تەویلە و گەوڕی ئاژەڵان هیچ جۆرە مەرجێکی لەشسازیی تێدا نییە. ئاغڵ و پشتیر و گەوڕەکان بریتین لە چەند ژوورێکی تەنگ و تاریک و زۆر گەرم و یەکجار پیس ، بۆیە ئەو پشتیرانە یاریدەی بڵاوبوونەوەی میکرۆب و نەخۆشی دەدەن و دەبنە هۆی ئەوەی ئاژەڵ تووشی سیئاوسان بن. هەرچی لەوەڕگەکانیشە تا ڕادەیەک زۆربەی کاتی ساڵ وشکن و بە شێوەیەکی ئاسایی ئاژەڵ لە پاشماوەی پاش دروێی دانەوێڵە دەلەوەڕێ. هەرچەندە لەوەڕگەکانی ناوچەی باکوور لە لەوەڕگەکانی ناوچەی باشوور لەوەڕیان زۆرترە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا بەشی خۆراکی ئاژەڵ ناکەن. بۆیە بڕێک لە ئەرکەکانی حوکوومەت، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئاژەڵداری هاندانی چاندنی لەوەڕگەیە بەشێوەی زانستی و پاراستنی لەوەڕگەکانە کە هەن لە لەنێوچوون. دەستەبەرکردنی ئالیک و خۆراکی پێویست بۆ ئاژەڵ لە هاوین و زستاندا یەکێکە لە گرنگترین هۆکارگەلێک کە دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی لەشساغیی ئاژەڵ.

لەبەر کەمیی ئامرازی تیمارکردنی وەک ئەستێڵکی لەئاوهەڵکێشان و کەمیی دوکتۆری ئاژەڵ (بەیتاڵ) و نەبوونی فەرهەنگێکی لەشساغیی تایبەت بە ئاژەڵ ، هەرچی چاودێریکردنی لەشسازیی ئاژەڵە تا ڕادەیەک نییە. بۆیە دەکرێ بگوترێ بەشینەوەی بنکەی تیمارکردنی ئاژەڵان بەسەر گوند و ئاواییەکاندا بەشێوەی پێویست گرنگترین هۆکارە کە ڕێگەی تەشەنەکردنی درم و نەخۆشی لەنێو ئاژەڵدا دەگرێ. کۆمێتەی بانکی ئاوەدانکردنەوەی نێودەوڵەتی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئاژەڵداری لە عیراقدا ئەم کارانەی خوارەوەی وەک پێشنیاز دا بە حوکوومەتی عیراق بۆ جێبەجێکردنیان:

١. دەستەبەرکردنی ژمارەی پێویست لە پسپۆر و دوکتۆری تیمارکەری ئاژەڵ و کارمەندی مەشق کردوو لەسەر بەخێوکردنی ئاژەڵ و شێوەی قەلاچۆکردنی نەخۆشی.

٢. چاککردن ودەستەبەرکردنی ئەستێڵکی لەئاوهەڵژەندنی ئاژەل بە شێوەی پێویست ودامەزراندنی ئەزموونگەی پێویست لە هەموو پارێزگەکاندا بۆ دۆزینەوەی نەخۆشییەکانی ئاژەڵ بەخێرایی لە ناوچەی مەبەستدا.

٣. دەستەبەرکردنی چارەسەری سیستماتیک و پارێزەر دژی میکرۆب و کرمی ناوەکی و قەڵاچۆکردنی میکرۆبی دەرەکی بە لەئاوهەڵکێشانی ڕەشەوڵاخ و پەز.(١١)

هەروەها کۆمێتەکە ئەوەی جەخت کردەوە کە ئاژەڵ سەرباری ئەو کارانە پێویستییان بە چاتکردن هەیە لەگەڵ ئاژەڵی

دیکەدا کە ساغترن.

هەرچی ئاژەڵی خێڵە کۆچەرەکانە کەمیی ئاو و کۆچی دوور و درێژ کە دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردن لەنێویاندا، کاریان دەکاتە سەر. لەبەر ئەوە دەبێ لەسەر ئەو ڕێیانەی خێڵە کۆچەرەکان دەیگرنە بەر ، بۆ خۆپاراستن لە گەرمیی خۆر پەناگە دروست بکرێت و بۆ دەستەبەرکردنی پێویستییەکانی مرۆڤ و ئاژەڵ ، لەهەمان کاتدا دەبێ بیری ئاویش هەڵکەندرێ.

## سامانی کانزا و پیشەسازی:

سامانی کانزا لە ناوچە کوردییەکەدا بەزۆری لە بوونی نەوتدا خۆ دەنوێنێ. پشکنینە سەرەتاییەکان ئەوەیان سەلماندووە ناوچە کوردییەکە ئاسن و زێڕ و مس و ڕەژووی بەردی تێدایە ، بەڵام هەموو ئەم کانزایانە بایەخێکی ئابوورییان نییە چونکە نرخی تێچوونی دەرهێنانی چ لە ڕووی چۆنیەتی و چ لە ڕووی چەندێتیشەوە ئابوورییانە نییە. هەرچی بەردی مەڕمەڕ وبەردە قسڵەکانی دیکەن ئێستاکە بە شێوەیەکی فراوان لە دروستکردنی کەرەستەی بینادا ، بەتایبەت چیمەنتۆ، بەکار دەبرێن. بۆ دەرهێنانی چیمەنتۆ لە پارێزگەی سلێمانی کارگەیەک دامەزراوە و ئومێدیش هەیە لەم جۆرە پیشەسازییانە لە داهاتوودا زۆر بن.

ئەو پیشەسازییانەی ئێستا لە کوردستاندا هەن ـ ئەوانیش وەک ئەوانەی ناوچە عەرەبییەکە ـ پیشەسازیی سەرەتایی و ناوچەیین و لە دروستکردنی کەرەستەی خۆماڵیی نێوماڵ و چنینی کوتاڵ کە پۆشاکی خۆماڵیی کوردیی لێ دروست دەکرێ ، تێناپەڕن. لەنێو گوندە کوردییەکانیشدا دروستکردنی ڕایەخ و ژێرەخەر زۆر باوە. ناوچە کوردییەکە بۆ دامەزراندنی پیشەسازیی جگەرە و ڕستن و شەکر و ئامرازی دارین و کاغەز و هەروەها گشت جۆرە پیشەسازییەک کە لە بەرهەمەکانی نەوت سوود وەردەگرن لە بارە. بۆیە دەبێ پیشەسازییە فرەوانەکان کە بەرهەمی ناوچەکە بەکار دەبەن بەتایبەت بەرهەمی کشتوکاڵی ، هان بدرێن. کوردەکان ئەوەیان سەلماند کە دەتوانن کارە هونەرییەکان بە باشی و بە خێرایی فێربن و بە ماوەیەکی کەم ببنە کارکەری کارامە. ڕەنگە گرنگترین هۆکارێک هاندەری دامەزراندنی پیشەسازی بێت لە ناوچە کوردییەکەدا زۆریی و دەستپێڕاگەیشتنی سووتەمەنی بێت کە بەهۆی زۆری نەوت و سەرچاوەی ئاوەوە دەتوانرێ بۆ گووراندنی وزەی ئەلەکتریک و بەڕێوەبردنی کارگەکان بەکار ببرێن. ناوچە کوردییەکە هیچ گیروگرفتێکی کەمیی کارکەری نییە بەتایبەت ئەگەر کشتوکاڵ ڕێبازێکی زانستییانە بگرێتە بەر.

## باری کۆمەڵایەتی:

باری کۆمەڵایەتیی ناوچە کوردییەکە لە ڕووی خانووبەرە و نیشتەجێیی و باری لەشساغی و فەرهەنگییەوە ئەگەر لە بارودۆخی ناوچە عەرەبییەکە خراپتر نەبێت ئەوا بەگشتی خراپە.

### گوندی کورد:

گوندی کورد بریتییە لە چەند خانوویەکی خراپ و ناحەزی پێکەوە لکاو کە هیچ جۆرە مەرجێکی لەشساغییان تێدا نییە. خانووەکان بەگشتی لە چەند ژوورێکی تەنگەبەری کەمڕووناک پێک هاتوون و مرۆڤ و ئاژەڵیشیان تێدا هاوبەشن. ڕەنگە خراپترین نەریتێک لە کن کوردان هەبێت، کە کارێکی خراپ دەکاتە سەر لەشسازیی گشتیی ، ژیانی ئاژەڵ بێت لەنێو ماڵاندا. ئاغڵ و گەوڕ و تەویلەکان بریتین لە گەلەخان (دیوگەلێکی ناوەکی) و دەرکەکانیان بەسەر دیوەخان (ژووری دانیشتن)ەوەیە، ئەگەر دیوەخان بۆخۆی وەک پشتیر و گەوڕ و ئاغڵ بەکار نەبرێ. هەرچی گوندیشە زۆر پیس و پۆخڵە و





پیسایی ئاژەڵیش وەک گردی بەرزبەرز بە دەوروبەری ماڵاندا بڵاو بووەتەوە و پاشماوە و پیسیی نێو ماڵیش لەنێوکووچە و کۆلانی گونددا بڵاوە. لەناو ئاواییشدا ڕێگە بە واتەی ڕاستیی ڕێگە نییە. پرۆژەی ئەلەکتریک و ئاوی خاوێنیش لە گوندی کورددا تا ڕادەیەک هەر نییە. پرۆژەی ئەلەکتریک لە لیوای سلێمانی لە سێ شاردا هەیە و پرۆژەی ئاوی خاوێنیش بەزۆری لە قەزاکاندا هەیە. گوندی کورد بە گشتی ئاوی کانی بەکار دەبەن. کانیاویش لە ژێرزەوییەوە هەڵدەقوڵێ و مەودایەکی دوورودرێژ پێش ئەوەی بگاتە گوند بە ژێر یا بەسەر زەویدا دەڕوات. ئەم ئاوەڕۆیەش مادام بە دەرەوەیە ئەوا بێگومان تووشی خۆرە دەبێ و بێجگە لەوەش هەندێ ئاوی کانیاو خاوێن نییە و بۆ لەشساغی باش نییە چونکە ڕێژەی خوێی تێدا زۆر بەرزە. کانیاو بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ خۆشۆردن و جلشۆردن و خواردنەوە بەکار دەبرێ. ڕەنگە گەورەترین بەڵگە بۆ باری پشتگوێخراوی گوندی کورد کەمیی شارەوانی بێت لە پارێزگە کوردییەکاندا. چونکە شارەوانی ئەلەکتریک و پرۆژەی دروستکردن و دامەزراندن و لەشساغی و هی دیکەی لەو جۆرە ساز دەکات. پارێزگەی سلێمانی (کە ژمارەی دانیشتووانی ٢٢٦٤٠٠ کەسە) ٧ شارەوانیی تێدایە و پارێزگەی هەولێر( کە دانیشتووانی ٢٣٩٧٧٦ کەسە) ٨ شارەوانیی تێدایە و پارێزگەی کەرکووک (کە دانیشتووانی ٣٠٧٠٢١ کەسە) ٨ شارەوانیی تێدایە.[١٢]

## باری لەشساغی:

باری لەشساغی لە ناوچە کوردییەکەدا خراپە و تێکڕای مردنیش لەنێو دانیشتووواندا بەتایبەت لەنێو زارۆکاندا بەرزە. بۆیە زیادبوونی دانیشتووان لە ناوچە کوردییەکەدا ـ و لە عیراقیشدا بەگشتی ـ هەرچەندە تێکرای لەدایکبوون زۆر بەرزە، زیادبوونێکی بەکاوەخۆیە کە لە ڕێژەی ١٪لە ساڵێکدا تێناپەڕێ. ئەوەشمان بەم خشتەیەی خوارەوەدا کە تێکڕای لەدایکبوون و مردن لە پارێزگە کوردییەکاندا پێشان دەدا بۆ ڕوون دەبێتەوە.

خشتەی تێکڕای لەدایکبوون و مردن لەپارێزگە کوردییەکاندا لە ساڵی ١٩٥٣دا[١٣]

| پارێزگە | ڕێژەی لەدایکبوون ٪ | ڕێژەی مردن ٪ |
| --- | --- | --- |
| سلێمانی | ٢,٣ | ٣.٣ |
| هەولێر | ٢,٩ | ٢,٨ |
| کەرکووک | ٥.٥ | ٢,٦ |
| مووسڵ | ١٦,٩ | ٨.٨ |

شتێکی بەڵگەنەویستە کە زیادبوونی دانیشتووان بەبێ زیاتربوونی تێکڕای لەدایکبوون لە تێکڕای مردن نابێت. بەرزیی تێکڕای لەدایکبوون ناتوانێ دانیشتووان زیاد بکات ئەگەر تێکڕای مردن بەرز بێت. بۆ لەنێوبردنی گیروگرفتی کەمیی دانیشتووان ـ کە عیراق گەرەکە بیکات چونکە تووشی گیروگرفتی کەمیی هێزی کار دەبێ لەکاتی فراژووتنی ئابووریدا، ئەگەر زیادبوونی دانیشتووانی هەروا بەکاوەخۆ مایەوە ـ دەبێ چارەسەری کێشەی بەرزیی تێکڕای مردن بکرێ چونکە لەڕاستیدا عیراق پێویستی بە بەرزکردنەوەی تێکڕای لەدایکبوون نییە. بەرپرسی یەکەمی بەرزیی تێکڕای مردنیش، مردنی منداڵە. هەرچەندە ئاماری ڕاست و دروست لەبارەی ئەم بابەتەوە کەمە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسەران لەسەر بەرزیی ژمارەی مردنی منداڵ ڕێکن. مس ئادەمز ئەم تێکڕایە بە ٢٥٠ – ٤٠٠ لە هەزاردا دەقەبڵێنێ.[١٤] ئەم تێکڕایە ئەگەر لەگەڵ تێکڕای دەوڵەتانی پێشکەوتوودا کە لە ٢٠ ـ ٥٠ لە هەزاردا تێناپەڕێ بەراورد بکرێ گەلێک بەرزە.[١٥] بێگومان وەک چەند پشکنینێک کە لەلایەن چەند بژیشکێکەوە ئەنجام دراوە و ئەو چەند ئامارە کەمانەی لەبەردەستدان سەلماندوویانە هۆی یەکەمی بەرزیی تێکڕای مردنی منداڵیش خراپی خۆراکە.[١٦] ئامارەکانی ساڵی ١٩٥٢ لە عیراقدا ئەوە دەسەلمێنن کە ڕێژەی مردن بە هۆی لاوازی و خراپیی خۆراکەوە گەیشتووەتە ٤٣٪.[١٧]

هۆکارگەلێک کە دەبنە هۆی بەرزی تێکڕای گشتیی مردن زۆر و ئاڵۆزن بەڵام گرنگەکانیان دوو هۆکارن:

١. نزمیی داهات: نزمیی داهاتی زۆربەی هەرەزۆری دانیشتووان کە تا ڕادەیەک لە ٦٠ دینار لە ساڵێکدا تێناپەڕێ، بەرپرسی یەکەمە لە بەرزیی تێکڕای مردندا. هیچ گومان لەوەشدا نییە کە داهاتی گشتیی تاکی عیراقی و بەتایبەت داهاتی لادێنشینان نزمترین ڕێژەیەکە کە هەیە. دوکتۆر دۆرین وارینەر وا باسی ئەو داهاتە دەکات کە داهاتێکە دەتوانێ تەنێ بوونی مرۆڤ دەستەبەر بکات و هەر نزمبوونەوەیەکیشی دەبێتە هۆی مردن.(١٨) ئەو دوکتۆرە هیچ زێدەڕۆیی‌یەکی لەو وەسفەیدا نەکردووە. نزمیی داهات ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر هۆیە جۆراوجۆرەکانی ژیان وەک خۆراک و پۆشاک و خانوو و ماڵ. داهاتی نزم واتە کێماسیی خۆراک و پۆشاکی ناتەواو و خانوو وماڵی ناساغ. هەرچی داهاتی نزمیشە ئەنجامێکی حەتمیی سیستمی ئابووریی سەردەستە لە وڵاتدا و بەتایبەت سیستمی موڵکداریەتیی کشتوکاڵی و بەرهەمخوازیی(الإستثمار) کشتوکاڵی.

٢. کێماسیی خزمەتی لەشساغی: مردن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجامی نەخۆشییە. ئەگەر مرۆڤ بتوانێ کۆنترۆڵی دەوروبەر بکات تووشبوونی نەخۆشی یەکجار زۆر کەم دەبێتەوە، ئەو دەمەش ئەو کارانەی کە لەباری لەشساغییەوە دەکرێن کارێکی زۆر دەکەنە سەر زیادبوونی دانیشتووان. گەیشتن بە کۆنترۆڵی لەشساغیش تەنێ بە دەستەبەرکردنی خزمەتی بژیشکی ناکرێت بەڵکە دەبێ چاککردنی خۆراک و پۆشاک و ماڵ و خانوو و ئاستی گشتیی کۆمەڵایەتیشی لەگەڵدا بێت. ئەگەر ژینگەیەکی لەبار بۆ لەشسازی دەستەبەر بکرێت ئەوا کەم دەبێتەوە و پاشان نەخۆشی خۆرەکی کەم دەبنەوە و تێکڕای گشتیی مردنیش دادەبەزێ. نەخۆشییەکی خۆرەکی وەک مەلاریا بۆ نموونە هۆیەکی گرنگی بەرزبوونەوەی تێکڕای مردن بووە لە عیراقدا. یەکێک لە نووسەران دەگاتە ئەوەی مەلاریا بەرپرسی یەکەمی زیادنەبوونی دانیشتووانی عیراقە.(١٩) ئەگەر پارێزگەی سلێمانی وەک نموونەیەکی پارێزگە کوردییەکان وەرگرین کارتێکردنی ئەو نەخۆشییانەی بە هۆی ژینگەوە پەیدا دەبن ـ واتە نەخۆشییە خۆرەکییەکان ـ لەسەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردنمان بۆ دەردەکەوێ وەک ئەم خشتەیەی خوارەوە پێشانی دەدات:

خشتەیەک هۆیەکانی مردن لە پارێزگەی سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٢دا پێشان دەدا.(٢٠)

| هۆی مردن | ژمارەی مردووان |
|---|---|
| سیئاوسان | ٦٩ |
| مەلاریا | ٦٦ |
| لاوازیی | ٥٧ |
| نەخۆشیی دڵ | ٣٤ |
| هەوکردنی گورچیلە | ٣٠ |
| پاراتیفۆ | ٢٣ |
| سیل | ٢٣ |
| دیزانتری | ١٧ |
| نەخۆشیی دەستنیشاننەکراو | ٢٦٤ |

ئەوەی کە یارمەتیدەری نزمیی ئاستی لەشسازییە لە پارێزگە کوردییەکاندا ـ لەتەک هۆکارەکانی ژینگەدا ـ کێماسیی خزمەتی لەشساغییە. لە ڕاستیدا ناوچە کوردییەکە کێماسییەکی زۆری لە خزمەتی چارەکردن و خزمەتی پارێزگاریشدا هەیە. پرۆژەی ئاوی خاوێن تا ڕادەیەک لە چەند شوێنیکی کەم لە نێو قەزا و ناحییەکاندا هەیە و پرۆژەی ژێراو و گەرماوی گشتی هەر نییە و پیسیش لەهەموو جێگەیەک لەناو گونددا هەیە و لەشکری مێشیش بەسەر هەموو شتێکدا





دەدا. هەرچی ئامرازی چارەسەری نەخۆشییە وەک نەخۆشخانە و تیمارگە و بژیشک، زۆر کەمن و بەشی پێویستیی دانیشتووان ناکەن. ئەم خشتەیەی خوارەوە ئەو کێماسییە گەورەیە پێشان دەدات:

خشتەیەک خزمەتی لەشساغی لە عیراقدا پێشان دەدات(٢١)

| پارێزگە | ژمارەی دانیشتووان | نەخۆشخانە | دوکتۆر | برینپێچ ، کارمەندی لەشساغی و هی دیکەی وەک ئەوان |
|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ٢٢٦٤٠٠ | ٥ | ١٠ | ١١٠ |
| هەولێر | ٢٣٩٧٧٦ | ٥ | ١٢ | ١١٢ |
| کەرکووک | ٢٦٨٠٠٥ | ٥ | ٤٨ | ١٠٢ |
| مووسڵ | ٥٩٥١٩٠ | ٨ | ٦٠ | ٤٣٤ |
| سەرجەمی گشتیی عیراق | ٤٨١٦١٨٥ | ٩٨ | ٨٧٤ | ٣٩٣٦ |

سەرباری کەمیی خزمەتی لەشساغی لە ناوچە کوردییەکەدا ، بە زۆریش لە گوندە گەورەکان و قەزاکاندا ئەم خزمەتە هەیە. بۆ نموونە حەوت بژیشک لەو دە بژیشکەی پارێزگەی سلێمانی هەر لەنێو باژێڕی سلێمانیدان. ئەوەی پتر کارەکە بۆ گوندییەکان سەختتر دەکات و لە چارەسەری بژیشکی بێبەشیان دەکات کەمیی ڕێگەوبانی نوێیە لەنێوان گوند و شارە کوردییەکاندا.

بەمەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڵاوبوونەوەی خزمەتی لەشساغی چارەسەری و خزمەتی پارێزگارییش کارێکی پێویستە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دانیشتووان و ئەو کارەش بە دەستەبەرکردنی ژمارەیەکی زۆری نەخۆشخانە و تیمارگە و بژیشک و تیمارکار دەکرێ. پێویستیشە تیمارگەی گچکە لە ئاوایی‌یەکاندا دابمەزرێنرێ و تیمارکار و بژیشکی نۆرەکاری بۆ دابنرێ. هەرچی پارێزگاریی لەشساغییە بەهۆی دەستەبەرکردنی ئاوی خاوێنی خواردنەوە و ئاودەستخانە و گەرماوی گشتی و دوورخستنەوەی پیسایی لەنێو گوند و بڵاوکردنەوەی خاوێنی و پروپاگەندەی لەشساغییەوە لەنێو گوندیشدا دەکرێ.

## باری فەرهەنگی:

لەبارەی خزمەتی فەرهەنگییەوە لە ناوچە کوردییەکەدا کێماسییەکی ئاشکرا هەیە و نەخوێندەواری لەنێو کوردەکاندا یەکجار بەربڵاوە و ڕەنگە لەهەر گوندێکدا پتر لە دوو یا سێ کەس نەبێت خوێندنەوە و نووسین بزانن و هەندێ جاریش مەلا تاکە کەسێکە کە نەخوێندوو نییە. ئەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی خوێندەواری لە ناوچە کوردییەکەدا پێشان دەدات.

خشتەی ژمارەی خوێندووان و نەخوێندووان لە ناوچە کوردییەکەدا.(٢٢)

| پارێزگە | خوێندووان | | | نەخوێندووان | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | سەرجەم | نێر | مێ | سەرجەم | سەرجەمی گشتیی |
| سلێمانی | ٩٠٨٥ | ١٢١٩ | ١٠٣٠٤ | ٧٣٠٤٨ | ١٠١٨٨٦ | ١٧٤٩٣٤ | ٢٢٦٤٠٠ |
| هەولێر | ٤٨٠١ | ١٠٠٩ | ٩٤١٠ | ٧٨٢٦٣ | ١٠٧٩٤٠ | ١٨٦٢٠٣ | ٢٣٩٧٧٦ |
| کەرکووک | ١٧١٤٢ | ٣٣٩٢ | ٢٠٥٣٤ | ٨٨٧٣٣ | ١٢٦٢٤٧ | ٢١٤٩٨٠ | ٢٨٦٠٠٥ |
| مووسڵ | ٢٦٠٢٤ | ١٢٨٠٢ | ٤٨٨٢٦ | ١٦٢٩٧٨ | ٢١٢٠٨٦ | ٣٧٥٠٦٤ | ٥٩٥١٩٠ |
| سەرجەمی گشتیی عیراق | ٣٣٣٤٦٤ | ٤٨١١٢ | ٤٠٧٥٧٦ | ١٣٩٤٨٤٢ | ١٩٢٤٦٢٧ | ٣٣١٩٤٦٩ | ٤٨١٦١٨٥ |

هۆی کەمیی ژمارەی خوێندووان لە ناوچە کوردییەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی خزمەتی فێرکردن، ئەوەش لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ کە ژمارەی فێرگەکان لە ناوچە کوردییەکەدا پێشان دەدات:

خشتەی ژمارەی خوێندنگە سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندییەکان لە ناوچە کوردییەکە لە ساڵی ١٩٥٣دا.(٢٣)

| | خوێندنگە سەرەتایییەکان | | | | خوێندنگە ناوەندی و دواناوەندییەکان | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگە | کوڕان | کچان | باخچەی ساوایان | سەرجەم | کوڕان | کچان | سەرجەم | ژمارەی دانیشتووان |
| سلێمانی | ٥٧ | ٩ | ١ | ٦٧ | ٣ | ١ | ٤ | ٢٢٦٤٠٠ |
| هەولێر | ٥٩ | ٨ | ١ | ٦٨ | ٣ | ١ | ٤ | ٢٣٩٧٧٦ |
| کەرکووک | ٧١ | ١٣ | ١١ | ٩٥ | ٦ | ٢ | ٨ | ٢٨٦٠٠٥ |
| مووسڵ | ١٥٤ | ٢٩ | ١٦ | ١٩٩ | ٩ | ٤ | ١٣ | ٥٩٥١٩٠ |
| سەرجەمی گشتیی عیراق | ١٠٩٤ | ٢٥٦ | ١٠١ | ١٤٥١ | ٩٢ | ٤٢ | ١٣٤ | ٤٨١٦١٨٥ |

بێجگە لە کەمیی فێرگە و خوێندنگە لە ناوچە کوردییەکەدا بەشینەوەیشی بەسەر گوند و ناحییەکاندا بەشێوەیەکی ڕەوا نییە، بەڵکە بەزۆری لە نێو قەزاکاندا بەتایبەت و لە هەندێ گوندی گەورەدا هەن، ئەوەش بووەتە هۆی بێبەشکردنی زۆر گوند لە خوێندەواری. بەهەرحاڵ فێرگەکانی گوندەکان بەم شێوەیەی ئێستایان کیماسییەکی زۆریان لەڕووی مامۆستا و کەرەستە و شتومەک و ئامرازی پێویستی دیکەی فێرکردنەوە هەیە و زۆربەی بیناکانیشیان بەکەڵکی تێدا دانیشتنن نایەن. مامۆستاکانیش کە دادەنرێن بۆ کارکردن لەو گوندانەدا لەبەر ئەوەی ئەو گوندانە هێچ جۆرە ئامرازێکی ڕابواردن و کات بەسەربردن و تەنانەت ئامرازی پێویستی ژیانی شارستانێتشی تێدا نییە لە کارەکانیان ناڕازین و ئیدی بە ئاسایی دەبێتە هۆی ئەوەی کار و ئەرکی خۆیان پشتگوێ بخەن. چارەسەری ئەم گیروگرفتەش بەوە دەکرێ کە بەباشی مامەڵەی مامۆستایانی گوندان بکرێ و ئامرازەکانی ژیانیان بۆ دەستەبەر بکرێن و بەشێوەیەکی ڕەوا قەرەبوو بکرێن ، بەو جۆرەش بەشێکی گرنگی گیروگرفتی فێرکردن بەگشتی چارەسەر دەکرێت.

گیروگرفتی فێرکردن ڕاستەوخۆ بە گیروگرفتی ئابوورییەوە گرێ دراوە. باری خراپ و نالەباری ئابووریی وەرزێران لە چوونی مندالان بۆ فێرگە و خوێندنگە کەم دەکاتەوە. بەهۆی گەندەڵیی تەواوی سیستێمی کشتوکاڵەوە وەرزێر پێویستی بە کارکەری زێتر هەیە لە کاروباری کشتوکاڵدا، ئەوەش کارێکی وا دەکات هەموو ئەندامانی خێزان پشتیوانەیەکی گرنگ بن لە کاری کشتوکاڵدا و واش دەکات چوونی مندالانی وەرزێران بۆ فێرگە ببێتە کارێک کە لە توانستدا نەبێت. لەبەر ئەوە چارەسەری گیروگرفتی خوێندنیش بە چارەسەری گیروگرفتی گشتیی ئابوورییەوە بەستراوە. لەناوچە کوردییەکەدا گیروگرفتێکی تایبەتیش هەیە ئەویش گیروگرفتی زمانی دەرسگوتنەوەیە. زمانی کوردی لە فێرگە سەرەتاییەکاندا دەخوێنرێ بەڵام زمانی عەرەبی بۆ خوێندن لە خوێندنگە ناوەندی و دواناوەندییەکاندا دەخوێنرێ. گومانیش لەوەدا نییە ئەم گواستنەوە کتوپڕە لە خوێندن بە زمانی کوردی بۆ خوێندن بە زمانی عەرەبی کارێکی یەکجار سەختە بۆ کوردەکان. کوردەکان وەک لە بڕیارەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا لە ساڵی ١٩٢٦دا هاتووە مافی ئەوەیان هەیە بە زمانی نەتەوەیی خۆیان بخوێنن و ئەوەش بۆ وەزارەتی زانیاری کە بۆ دانانی کتێبی کوردی لەبار و وەرگێڕانی کتێبی دیکە لە زمانی عەرەبییەوە کۆمێتە ساز بکات، کارێکی زۆر نییە. دەکرێ لەپاڵ ئەوەشدا زمانی عەرەبی لە فێرگە و خوێندنگە کوردییەکاندا وەک زمانێکی بنەڕەتی بخوێندرێ بۆ ئەوەی خوێندن بۆ خوێندکارانی کورد لە کۆلیجە عەرەبییەکاندا هاسان بکرێت تا لە داهاتوودا ئامرازی دامەزراندنی کۆلیجی کوردی دەستەبەر دەکرێ. گوێنەدان بە زمانی کوردی لەلایەن حوکوومەتەوە هەمیشە سەرچاوەی گلەیی و ناڕەزاییی کوردان بووە. دەبێ مامەڵەکردنی دانیشتووانی یەک وڵات بە جیاوازیی نەتەوەکانیشیەوە مامەڵەیەکی یەکسان بێت.





## باری جڤاکی:

ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کورددا لە زۆر ڕووەوە وەک ڕێکخستنی کۆمەڵگەی عەرەبە. دانیشتووان بەگشتی دەبنە دوو بەشەوە: خێڵەکییەکان و ناخێڵەکییەکان.

## خێڵەکییەکان:

خێڵەکییە کوردەکان لە کۆچەر و نیوەکۆچەر و نیشتەجێیان پێکهاتوون. بەڵام خێڵە کۆچەرەکان بەردەوام لە کەمیدان و زۆریان جێگیر بوون و ئەوانی دیکەیشیان بەرەو جێگیربوون دەچن. بۆ نموونە لە پارێزگەی سلێمانیدا تەنێ چەند تیرەیەکی کەمی خێڵی بڵباس هەن کە هێشتا کۆچەرن . بەڵام لە پارێزگەی هەولێردا خێڵی هەرکی بەزۆربەی تیرەکانیەوە هێشتا کۆچەرن و خێڵی سوورچیش لە پارێزگەی مووسڵدا هەر وان.

خێڵەکان وەک نەریت کاری ئاژەڵداری دەکەن و گرنگترین ئاژەڵگەلێکیشیان بزن و مەڕن. ئابووریی ئەم ناوچانەش لەسەر بازرگانی بە بەرهەمی ئاژەڵەوە لە خوری و موو و شیرەمەنی وەستاوە و بێجگە لەوەش بازرگانی بە ئاژەڵی زیندوو خۆیەوە دەکرێ. لەوانەشە هەندێک کەس لەنێو ئەم خێڵانەدا پارچە زەویی بچووک بچووک لە ناوچەی لەوەڕگە هاوینەکاندا بۆ چاندن بەکار ببەن.

خێڵە کوردە کۆچەرەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لە هاوین و زستاندا لەنێوان بەرزایی و نزمایییەکاندا دەگوێزنەوە. لە وەرزی هاویندا بۆ ناوچە بەرزایییەکان لە کوردستانی ئێران یا کوردستانی تورکیا ـ پێش داخستنی سنوورەکانی ئەم دوو وڵاتە و قەدەغەکردنی هاتوچۆی خێڵە کوردەکان ـ یا بۆ ناوچە دوورەکان لە باکوور کۆچ دەکەن و لە زستانیشدا دەگەڕێنەوە بۆ دەشتایییە نزمە گەرمە بژوێنەکان. کەواتە کۆچکردنی ئەم خێڵانە بریتییە لە کۆچکردنێکی وەرزی کە هەلومەرجی ژینگە لە ڕووی لەوەڕ و گەرمییەوە دەیسەپێنێ. دوای نەمان و تەواوبوونی گیا لە لەوەڕگەکانی دەشتایییەکاندا لە وەرزی زستاندا بەرزایییەکان لە هاویندا بژوێن و زەمەندە ، بەڵام ژیان لە بەرزایییە کاندا لە وەرزی زستاندا بەهۆی زۆریی سەرما و تووشییەوە سەختە و ناکرێ ، ئەوجا خێڵەکان بە ڕانە پەزەکانیانەوە بەرەوخوار بۆ گەرمی و گیای نوێ دەگەڕێنەوە. ئەم خێڵانە لە دەواردا دەژین و گواستنەوەیان لەنێوان لەوەڕگە هاوینە و زستانەکاندا هاسانە.

هەرچی خێڵە نیوەکۆچەرەکانە وەک نەریتلە زستاندا ماڵی جێگیریان لە ناوچە دەشتایییەکاندا هەیە و بێجگە لە ئاژەڵداری لەزستانیشدا کاری کشتوکاڵ دەکەن. بە هاتنی وەرزی هاوین لە کاتێکدا لە گوندە سەقامگیرەکاندا چەند پیاو و پیر و ژن بۆ پاراستنی کێڵگە وماڵەکان دەمێننەوە، زۆربەی پیاوانی خێڵ بۆ لەوەڕگەکانی چیابەرزەکان بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵ کۆچ دەکەن. مەزنترین گیروگرفتێک تووشی ئەم شوانکارانە دەبێت گیروگرفتی لەوەڕگەیە. هەرچەندە هەریەکێک لەو خێڵانە لە ناوچەیەکی تایبەتیدا کە بە موڵکی خۆی دەزانێت یا ڕەنگە لەڕاستیدا لە خاوەن موڵکە ڕاستەقینەکەی بە کرێ گرتبێ ئاژەڵ دەلەوەڕێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا ناتەبایی و شەڕوشۆڕ زۆر جاران لە ناوچە بژوێنەکان لە نێوان خێڵە جیاوازەکاندا ڕوو دەدات.

هەرچی خێڵە جێگیربووەکانە واتە ئەوانەی کە کاری کشتوکاڵ دەکەن و لە گوندە بەردینە جیگیربووەکاندا دەژین ، ئابووری و ژیانیان بە گشتی لە ئابووری و ژیانی خێڵە کۆچەر و نیوەکۆچەرەکان جیاوازە.

هەرچی سیستێمی جڤاکییە کە لە نێو خێڵە کوردەکاندا بە هەموو جۆرە جیاوازەکانیانەوە سەردەستە ، سیستێمی خێڵەکییە بە شێوە و تایبەتمەندییە دیارەکانیەوە، هەرچەندە ڕێکخراوە خێڵەکییەکان بە واتەی کۆنی تێکچووە و تا ڕادەیەک تواوەتەوە. لێرەدا دەبێ ئەو ڕاستییەی کە بۆ هەموو پشکنەرێک دیارە جەخت بکرێتەوە، ئەو ڕاستییەش ئەوەیە

کە پێوەندارییەتیی خێڵەکی هێزە کۆنەکەی لەدەست داوە و کەوتۆتە بن دەستەڵاتی بەرژەوەندی کەسییەوە و ئەوەی پێی دەگوترێ دڵسۆزی بۆ خێڵ نەماوە.

بینای خێڵی کوردی جیاوازییەکی بنەڕەتیی لەگەڵ بینای خێڵی عەرەبیدا هەیە. بڕبڕەی پشتی خێڵی عەرەبی پێوەندیی خزمایەتی و بنەچەیە ، بەڵام بڕبڕەی پشتی خێڵی کوردی زەوییە. لەڕاستیدا بەشەکانی یەک خێڵی کوردی ڕەنگە بە هیچ خزمایەتییەک پێوەندییان بەیەکەوە نەبێت بەڵام ئەم بەشە جیاوازانە لە یەک ناوچەدا دەژین و گوێڕایەڵی فەرمانی تیرەیەکن لە تیرەکان کە ئەویش خێزانی دەستەڵاتدارە لە نێو خێڵەکەدا. پێوەندی تیرەکان لەگەڵ یەکتردا لە پابەندی و گوێڕایەڵی (ولاء)یاندا بۆ یەک دەستەڵاتدارییەتیی نێوەندی خۆی دەنوێنێ. لەنێوان تیرەکانی یەک خێڵیشدا ئەگەر یەکێکیان بکەونە شەڕەوە لەگەڵ خێڵێکی دیکەدا هاریکاری دەکرێ. کەواتە لە نێوان بەشە زۆرەکانی یەک خێڵدا جۆرە هاوپەیمانییەک هەیە.

کاروباری خێڵ لە لایەن سەرۆکێکی بەرزەوە کە یەکێکە لە ئەندامانی خێزانی دەستەڵاتدار بەڕێوە دەبرێ و ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری پێکهاتوو لە سەرۆکی تیرەکانی دیکەی خێڵ هاریکاریی ئەو سەرۆکە بەرزە دەکات. ئەندامانی خێزانی دەستەڵاتدار پێیان دەگوترێ ئاغا یا بەگ و ئەمانەش لەڕاستیدا هیچ جۆرە سەرپشکییەکی ئابووریی تایبەتییان نییە ، بەڵام لە کن هەموو ئەندامەکانی خێڵ ڕێزیان دەگیرێت. ئەو چینە ئەگەر خێڵەکە کۆچەر بێت ئەوا ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵیان هەیە ئەگەریش خێڵەکە جێگیر بێت ئەوا ڕووبەرێکی پان و بەرینی زەویی کشتوکاڵییان هەیە.

سەرۆکی بەرزی خێڵ پارەیەک بۆ خەرج و تێچوونی دیوەخان تەرخان دەکات. دیوەخان جێی کۆبوونەوە و دەمەتەقە و کاتگوزەراندن و باسکردنی کاروبار و پێشکەشکردنی گازندە و ناڕەزایی و ئەنجامدانی دادگەریی نێوان ئەندامانی خێڵە. سەرخێڵ دەبێ چاوتێر و ئازا و خاوەن پیتۆڵی و هۆزان بێت. سەرۆکایەتیی خێڵیش وەک باوە میراتییە ، بەڵام خێڵ مافی هەڵبژاردنی سەرۆکێکی دیکەی هەیە ئەگەر ناشایستەیی‌ی کەسێکی دیاریکراو سەلمێندرا. لەنێو خێڵە ڕەوەندەکاندا هێشتا سەرخێڵ خاوەن دەستەڵات و فەرمانە و بە شێوەیەکی ئاساییش بەرزترین تاکە فەرمانڕەوایە و مافی دەیەکی ئاژەڵی خێڵەکەی هەیە. هەرچی دەستەڵاتی سەرۆکە لە نێو خێڵە جێگیربووەکاندا بەتەواوی کز بووە و سەرۆک تەنێ دەستەڵاتێکی ئەدەبیی بەسەر ئەندامانی خێڵەکەیدا هەیە. لەڕاستیدا سەرخێڵی جێگیربوو ئێستاکە بووە بە موڵکدارێکی گەورە و پێوەندیشی لەگەڵ ئەندامانی خێڵەکەیدا پێوەندی موڵکدار و وەرزێرە. زۆربەی جاریش سەرخێڵ یا ئەندامانی خێزانەکەی لەبەر ئەوەی کە سەرۆکی خێڵە موڵکایەتیی زەوییەکانی خێڵی بە ناوەوەیە، بەڵام موڵکایەتیی ئەو زەوییانە موڵکایەتییەکی ڕاستەقینە نییە کە لە بنەڕەتدا بەهۆی کڕینەوە پەیدا بووبێت. هەرچی ئەندامانی خێزانی دەستەڵاتدارە لە خێڵدا زەوییەکانی دیکەی خێڵ لەژێر دەستی ئەواندایە و ئەوان ئەگەر بۆخۆیان لە گوندێکی دیاریکراودا ژیان ڕاستەوخۆ کاروباری ئەو زەوییانە بەڕێوە دەبەن یا بەهۆی جێگرێکەوە بەڕێوەی دەبەن کە نێوی کوێخای لێ دەنرێ و کوێخاش دەکاتە هەڵبژێردراوی گوند(موختار). پێوەندی ئەمانەش لەگەڵ ئەندامانی خێڵەکەیاندا پێوەندی خاوەن موڵک و وەرزێرە بەڵام بەوەی بەشێک لە بەرهەمی کشتوکاڵ ـ کە دەکاتە نیو یا سێیەک لە بەروبوومی هاوینەدا و دە یەک لە بەروبوومی زستانەدا ـ ببەن قایل دەبن و هیچ جۆرە سەرمایەیەکیش بۆ کاروباری زەوی ناخەنەگەڕ (إستثمار) و ناشتوانن زەوی لەوانەی دەیچێنن بسێننەوە. ئەم ئاغا و بەگانە دەستەڵاتی ڕاستەقینەیان بەسەر کاروباری نێوخۆی گوندەوە هەیە. هەریەکەشیان چەند چەکدارێکی تایبەتی خۆیان هەیە کە کاریان تەمێکردنی خەڵکانێکە لە فەرمانی ئاغا دەردەچن یا گیروگرفت ساز دەکەن. خێڵەکییەکان چارەسەری گیروگرفتەکانی خۆیان بەهۆی سەرۆکەکانیانەوە پێ چاکترە و بەدەگمەن هاتووچۆی کارگێڕی میری دەکەن. ئەو کارە ناگەڕێتەوە بۆ بڕوا و خۆبەستنەوە بە سیستێمە خێڵەکییەکەیانەوە بەڵکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مامەڵە خراپەی لەلایەن نوێنەرانی حکوومەتەوە ـ بەتایبەت لەلایەن





پۆلیسەوە ـ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و دەشگەڕێتەوە بۆ خاووخلیچکی نواندن و گرێوگۆتاڵ سازکردن لەبەردەم چارەسەری گیروگرفتەکانیاندا تا وای لێ دێ بڕوایان بە حوکوومەت نەمێنێ. دوکتۆر لیچ کە بە وردی لەو مەسەلەی کۆڵیوەتەوە باسی پێوەندی نێوان کارگێڕیی حوکوومەت و دانیشتووە خێڵەکییەکان بەم شێوەیە دەکات: « بەڕێوەبەری ناحیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستەڵاتی بەسەر چەند پۆلیسێکدا هەیە کە هۆی پێوەندین لە نێوان دەستەڵاتدارییەتیی میری و خێڵدا. ڕەفتاری خراپی ئەم کارمەندە بچووکانە ـ کە نوێنەرایەتیی خراپترین ڕووی ڕێژیمی فەرمانڕەوا دەکەن ـ بەرپرسی یەکەمە لەوەی کە خێڵەکییەکان ڕوو لە حوکوومەت نەکەن. میستەر های یش لە سەردەمی خۆیدا وای باس کردوون کە ئەمانە کەسانێکی دەمپیس و بێڕەوشت و ڕەق و بێمەشق و بێباوەڕن و دەستەڵاتیشیان بەکار دێنن بۆ ئەوەی تا بتوانن کاری ناقانوونی و بێگوێیی بکەن و لەوەش دەچێ پۆلیسی ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوانەی کە های باسی کردوون هیچ جیاواز نەبن ».(٢٤)

خێڵەکییەکان لەبەر خۆشەویستی نییە خۆ بە سیستێمە خێڵەکییەکەیانەوە دەبەستنەوە بەڵکە بەهۆی نەریت و بەرژەوەندەوەیە. یەکێک لە کارگێڕەکان بەم جۆرەی خوارەوە باسی هەستی خێڵەکییەکان دەکات: « خێڵەکییەکان لە قووڵاییی دڵیانەوە حەز دەکەن لەم سیستێمە دووفاقەیەی سەرۆکایەتیی خێڵ و دەستەڵاتدارییەتیی حوکوومەتە ڕزگاریان بێت و بەشێوەیەکی ئاساییش بوونی حوکوومەتێکی دادگەر و بەهێزیان پێ باشترە. بۆ وەدەستهێنانی دڵسۆزیشیان بۆ حوکوومەت لە جێبەجێکردنی بنەماکانی دادی جڤاکی لەنێو دانیشتواندا زێتر هیچی دیکەی ناوێ ».(٢٥)

## ناخێڵەکییەکان:

ئەوڕۆکە ناخێڵەکییەکان بوونەتە زۆربەی دانیشتووان و ژمارەشیان ساڵ لە دوای ساڵ زیاد دەکات. پڕانیی ئەمانە لە ڕاستیدا بۆ خۆیان لە بنەڕەتدا خێڵەکی بوون و بە زۆرییش شوانکارە بوون ، بەڵام بە لەدەستدانی ئاژەڵەکانیان و پەنا بردنە بەر کشتوکاڵ ئیدی پێوەندیان بە خێڵە ئەسڵییەکانیانەوە پچڕاوە. ڕەنگە جوێبوونەوەیان لە خێڵەکانیان هەندێ جار بەهۆی ناتەبایی‌یەکەوە لە نێو خێزان یا خێڵدا بووبێت. ناخێڵەکییەکان لە گوندی جێگیربوودا دەژین و کاری کشتوکاڵی دەکەن. بەشێوەیەکی ئاساییش ئەم وەرزێرانە زەوییەک بەکار دەبەن هی موڵکدارانێکە بۆخۆیان لەو گوندانەدا ناژین و هی سەرخێڵەکان نییە ، بۆیە ئەو موڵکدارە هەرکاتێ بیەوێ دەتوانێ لە زەوییەکان وەدەریان نێ. بەشێکیش لەمانە نموونەی چینی موڵکدارە گچکەکانن کە خاوەنی پارچە زەویی بچووکن.

یەکەی ڕێکخستنی ناخێڵەکییەکان گوندە ، کە دانیشتووانی پێوەندێکی ڕاستەوخۆیان بە کارگێڕی حوکوومەتەوە هەیە. ئەگەر گوندەکە بەتەواوی موڵکی یەک موڵکدار بێت ئەو دەمە ئەو موڵکدارە وەک سەرخێڵ وایە و ڕاستەوخۆ کاروباری گوند بەڕێوە دەبات یا لە ڕێگەی سەرکارەوە کە ئەویش کاری بەڕێوەبردنی زەوی و سەرپەرشتی وەرزێرەکان دەکات. هەندێک موڵکدار پیاوی چەکداریشیان هەیە کە هێزی ڕاستەقینەی موڵکدارن و ئەوانیش وەک چەتەی سەرخێڵەکانن. کارگێڕیی میریش بەزۆری هەمیشە لایەنگری موڵکدارانە.

گوند کوێخا(موختار)یەک بەڕێوەی دەبا کە دانیشتووانی گوند بە ڕەزامەندیی موڵکدار هەڵیدەبژێرن یا موڵکدار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا تیان بۆخۆی دەستنیشانی دەکات. کوێخا هۆی پێوەندی نێوان کارگێڕیی میری و گوندنشینەکانە و دەشبێتە هۆی پێوەندی نێوان دانیشتووانی گوند و موڵکدار یا جێگرەکەی کە سەرکارە. بۆ یارمەتیدانی موختار بۆ چارەسەری گیروگرفتی گوند ئەنجومەنێکی پیاوماقووڵانیش هەیە پێیان دەگوترێ پیران(ئیختیاران). دەستەڵاتی حوکوومەت بەسەر گوندە ناخێڵەکییەکاندا لە دەستەڵاتی بەسەر گوندە خێڵەکییەکاندا زێترە.

هەرچی ڕێکخستنی خێڵەکیی کوردانە بەهیچ شێوەیەک لە ڕێکخستنی عەرەبی جیاواز نییە و هەردووک هەر

بەگوێرەی سیستێمی باوکسالاریی (پاتریارکی) بەڕێوە دەچن. باوک بەشێوەیەکی ئاسایی گەورەی خێزانە و پاشان نێرینە (کوڕان) گرنگن و دوای ئەوان مێیینە (کچان) و ژنیش پاجێگەی هەیە.(٢٦) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژنی کورد جێگەیەکی باشی هەیە و زۆر جاران پلەی سەرۆکایەتی وەردەگرێ وەک چۆن عادیلە خان لە هەڵەبجە و حەپسە (حەفصە) خان لە سلێمانی وەریان گرت.

## کەسایەتیی کورد:

بێگومان تاکی کورد لە دەرێی کوردستان سەربازێکی نەناسراو و چەوساوەیە. ناوبانگیشی چ لەلایەن هاوسێکانیەوە و چ لەلایەن ڕۆژاوایی‌یەکانەوە لە شێواندن ڕزگاری نەبووە. دەکرێ ئەم دوژمنایەتییەی نێوان کورد و هاوسێکانیان بە شێوەیەکی جوگرافی لێک بدەینەوە. کوردانی شوانکارەی دڕ و توند و تیژ زۆر جاران دەیاندا بەسەر دانیشتووانی دەشتایی‌یەکانی دەوروبەری خۆیاندا لە وەرزێرانی عەرەب و ئێرانی و تورک و بەروبوومی کشتوکاڵیان بەتاڵان دەبردن و دوژمنایەتیی نێوان شوانکارە و وەرزێریش دوژمنایەتییەکی ناسراوە. بێجگە لەوەش سیستێمی دەرەبەگایەتیی سەردەستیش نەخشێکی مەزنی لەو دوژمنکارییەدا هەبووە.

هەرچی بەدناویی کوردە لە جیهانی ڕۆژاوادا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێکدادانانەی لە نێوان ئەوان و گەلانی فەلەی هاوسێیاندا ڕوویان داوە. گەلێک لە گەڕیدە ڕۆژاوایی‌یەکان چۆنیەتیی ئەو پێکدادانانەیان تۆمار کردووە و بە خراپترین شێوە باسی کوردیان کردووە و بە دڕندەترین مرۆڤیان داناون.(٢٧) ئەو جۆرە باسکردنانە زۆر نووسەری لایەنگر و گەڕیدەی نەزانی هان داوە بۆ پەڵەدارکردنی ئاکار و ڕەوشتی کورد بە گشت کێماسی و نزمییەک کە هەن وەک ناپاکی و دەمارگیری و هۆڤیەتی و هی دیکەی وەک ئەوانە. بەڵام لەپاڵ ئەو نووسەرە نەزانانەدا نووسەر و گەڕیدەی دیکە هەبوونە کە لە نێو کورددا ژیاون و لە نێزیکەوە و بەوردی لە ڕەوشت و سروشتیان کۆڵیونەتەوە و زۆریان لا پەسەند بووە. میستەر ڕیچ کە لە گەڕیدە ئینگلیزە پێشینەکانە و خاوەن سەرنجی وردە بەم شێوەیە باسی ئاکار و ڕەوشتی کورد دەکات: « کورد خەڵکێکی ناسک و جڤاکین و واتەی گەوەزەیی و لووتبەرزیی بەتاڵ نازانن و ئێرەیی بەیەکدی نابەن. نەشمبیستووە کوردێک سووکایەتی بە دوژمنێکی بکات ڕادەی دوژمنایەتیشیان هەرچۆنێک بوو بێت ».(٢٨)

گەڕیدەی فرانسی بندێر بەم جۆرە باسی کورد دەکات: «خەڵکێکن سیمایان جوانە ، بەهێزن ، زیرەکن و باشن. ئەگەر بێت و شارستانییەت شوێنەواری خۆی لەسەریان دانێ بێگومان لە هاوسێ تورک و ڕووسەکانیان ئاستیان بەرزتر دەبێت».(٢٩)

بەڵام سۆن بەم شێوەیە باسی کورد دەکات: «دڵسۆزیی هەمیشەیی، ڕێزگرتنی پەیف، سۆز بۆ خزمان، چاکترین مامەڵەی ژن، هەستی ئەدەبیی ناسک، خۆشویستنی شیعر، ئامادەیی بۆ خۆبەختکردن، شانازیکردنێکی جوان بە نەتەوە و نیشتمان.. ئەوەیە کورد».(٣٠)

لەمەڕ کەسایەتیی کورد و ئاکاری کوردەوە ئێمەش بەوردی لێکۆڵینەوەمان کردووە و گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامانەی کە نووسەرە بەویژدانەکان پێی گەیشتوون. بۆ لێکۆڵەرەوەش وەدرۆخستنەوەی گەڕیدە و نووسەرانی نەزان لەبارەی ئاکاری کوردەوە بە شیکردنەوەیەکی سانا لەمەڕ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیی کۆمەڵگەی کوردەوە ، هاسانە. کوردەکان بەوە وەسف کراون کە جەردە و ڕێگرن ، شەڕخوازن ، غەددار و ناجڤاکین. هەرچی مەسەلەی جەردەیی و ڕێگرییە بێگومان ئەوە کارێکە زۆربەی گەلان لە قۆناغێکی فراژووتنیاندا کردوویانە ، هەندێ دەستە و تاقمی کوردیش بەهۆی بارودۆخی تایبەتەوە کردوویانە. کوردستانیش بەگشتی یەکێکە لە ناوچە سەختەکانی جیهان ـ بەڕای مامۆستا





فلیر ـ و مرۆڤیش لەم جۆرە ناوچانەدا بۆ دەستەبەرکردنی ژیانی خۆیان لە زۆرانبازییەکی هەمیشەییدان لەگەڵ سروشتدا. ئەم جۆرە زۆرانبازییە هەمیشەیی‌یەش بێگومان هەوەس و مەیلی تالانکردن دەخولقێنێ ئەگەر حوکوومەتێکی بەهێز لە ئارادا نەبێت بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ بێت. ئەم جۆرە مەیلەش بە زۆری لای گەلانی ناوچە تووش و ڕژدەکان ـ ئەوانەی کە خاکەکانیان پێویستیی دانیشتووانیان تێر ناکات و دەسەڵاتداریەتیی حوکوومەتیشیان تێدا لاوازە یا هەر نییە ـ وەدی دەکرێ .

هەرچی شەڕخوازیی کوردانە ئەوە تەنێ نیشانەی شوانکارەتییە کە پیشەی زۆربەی کوردان بووە و نیشانەی نەبوونی ئاساییش و حوکوومەتێکی بەهێزیشە. شوانکارەکان دەبێ بۆ داکۆکیکردن لە ئاژەڵ و لەوەڕگەکانیان یا لەبەر شەڕی وەرزێران هەمیشە ئامادەی شەڕ بن. بێگومان دەبێ وەرزێرەکانیش ئامادەی پاراستنی زەوی و سەرچاوەی ئاوەکانیان بن لە شوانکارە پەلاماردەرەکان یا لە داگیرکردنی شوانکارە بەهێزەکانیان. ئەم ململانێ هەمیشەیی‌یە کە دەرەنجامی سیستمی خێڵەکی و دەرەبەگایەتیی سەردەستە وای لە کورد کردووە ببێتە مرۆڤێکی شەڕکەر، بێجگە لەوەش سیستێمی خێڵەکی بەپێی سروشتی خۆی خێڵ و تیرە و هۆزان دەخاتە شەڕی هەمیشەیی‌یەوە.

بەکاربردنی وشەی غەدریش بۆ وەسفکردنی وریایی‌ی کورد وەسفێکی ڕاست نییە. دەبێ ددان بەوەدا بنێین کە کورد لە غەریب دەترسێ تا لیی دڵنیا دەبێ و ئەم ترسەشی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری مێژوویی و ئابووری.

شوێنگەی جوگرافیی کوردستان هەر لەدێر زەمانەوە کردوویەتی بە شانۆی جەنگ ، چونکە هەمیشە پردێک بووە لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا. ئەم شوێنگەیەی کوردستان لە نێوەڕاستی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێرانی ململانێکەردا بووەتە هۆی ئەوەی خاکی کوردستان هەر لەسەرەتای سەدەی پازدەیەمەوە ببێتە گۆڕەپانی جەنگ و پێکدادانی دژوار لەنێوان هەردوو سوپای تورک و ئێراندا. ئەم ڕەوشە مێژوویی‌یە ، سەرباری باری خراپی ئابووری و سیستمی خێڵەکیی کوردان ، وای لە کورد کردووە لە هەموو نامۆیەک کە مشەخۆریی بەسەر وڵاتەکەیدا دەکات بەگومان بێت و پاشانیش سڵی لێ بکات.

هەرچی ئەو ڕۆحە کۆمەڵایەتییەیە کە کوردی پێ تاوانبار دەکرێ لە ڕاستیدا دزاندنی نامۆ نییە، بەڵکە سیفەتێکە بەهۆی گۆشەگیریی جوگرافیی گوندی کوردەوە پەیدا بووە. تووشی و ڕکیی خاکی کوردستان و نەبوونی ڕێگەوبان تێیدا سەرباری زستانی سەختی وای لە گوندی کورد کردووە لە جیهانی دەرەوە دابڕێ و هیچ دەرفەتێکی بۆ کورد نەڕەخساندووە کە تێکەڵاوی نامۆیان ببێ. بۆیە لە کورد چاوەنواڕیی ئەوە ناکرێت دەستبەجێ لەگەڵ نامۆیاندا بکرێتەوە پێش ئەوەی هۆگریان ببێت .

لە ڕاستیدا مرۆڤی کورد بەگشتی خاوەنی ڕەوشت و ئاکارێکی یەکجار پەسەندە، بێگومان ڕووخۆش و کراوە و گەرمیشە. ئەوەش لە چۆنیەتیی سەلامکردنی کورددا دەردەکەوێ. ئەگەر گوندییەک تووشی ببێ بە تووشی برادەرێکی خۆیەوە لەمێژ بێ نەیدیتبێ بەتوندی دەستی یەکدی دەگوشن و هەریەکەیان قۆڵی ئەوی دی ماچ دەکات و ڕوومەتیشیان ڕوون و گەش دەبێتەوە. هەرچی نازکیی کوردیشە بەرانبەر بە غەریب بە پێشوازیکردنی گەرمیدا دەردەکەوێ کە بە درێژایی‌ی کات چەند جاران لەسەریەک خێراتنی دەکات و دەڵێت:«بەخێر بێیت» یا « بەخێر هاتی».

هەندێک کەس پێیان وایە کورد شەڕفرۆش و شەڕانگێزن و حەزیشیان لە دژایەتیی دەستەڵاتداریەتیی فەرمانڕەوایە. ئەم جۆرە بوختانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شۆڕشە هەمیشەیی‌یانەی کوردان لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بەرپایان کردووە و بۆ ناوبەناو پەیدابوونی دەستە و تاقمی چەتە و جەردە لە ناوچە کوردییەکاندا. بەڵام لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە لەڕاستیدا بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ داننەنان بە مافە نەتەوەیی‌یەکانیاندا و بۆ هەڵسوکەوت و ڕەفتاری توندوتیژی کارمەندانی کارگێڕیی میری کە بەپێچەوانەی سروشت و ئاکاری کوردەوەن لەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدان و ئەوانەش

دەبنە هۆی وورووژاندن و توورەکردنی کوردان.

هەرچی ناوبانگی کوردە کە بە دڵڕەقی ناوی دەرکردووە هەرگیز هیچ بنچینەیەکی نییە و بێگومان ئەوەش لەگەڵ سروشتی پرسۆزی کورددا ناگونجێ. ڕوونترین بەڵگەش لەو بارەوە وەک کەمبرلاند سەرنجی لێ داوە، نەبوونی وشەی کینەیە لە زمانی کوردیدا.(٣١) بەڵام کورد بێگومان بە زۆرئازایی بەناوبانگە و ئەگەر خۆ بخاتە نێو جەنگەوە بیر لە مردن ناکاتەوە و ڕەنگە ئازایی‌ی وی لەشەڕدا هۆی ئەو ناوبانگەی بێت.

هەرچەندە ئەو ژینگە و سروشتەی کە کوردی تێدا دەژی فێری قانوونەکانی ئابووریی کردووە ـ ڕەنگە هیچ ماڵێکی کورد نەبێت عەمباری دانەوێڵەی تێدا نەبێت ـ لەگەڵ ئەوەشدا تاڕادەیەکی زۆر هەر سەخی و چاوتێر و میواندۆست ماوەتەوە. کورد بەدڵخۆشییەکی ڕاستەقینەوە پێشوازیی میوان دەکات و هەرچی خۆراکیشی هەبێت تەنانەت ئەگەر وازی لە پارووی خۆیشی هێنابێ بۆ میوانی دادەنێ. ئەو غەریبانەی ڕێیان دەکەوێتە گوندە کوردییەکان و دەچنە مزگەوتەکان بەبێ خۆراک نابن، ئیدی گوندییەکان یا دەیانبەنەوە بۆ ماڵی خۆیان یا خۆراکیان بۆ دەنێرنە مزگەوت.

هەرچی ئەو گەڕیدانەن کە کورد بە کەمدوێی و بێدەنگی تاوانبار دەکەن و دەڵێن کورد واتەی گاڵتەوگەپ نازانێت بێگومان هەڵەن ولە بڕیارەکەشیاندا بەپەلەن. ئەم هەڵەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەستبەجێ لەگەڵ غەریباندا ناکرێنەوە. ئەزموونەکانی ئێمە ئەوەیان پێشان داوە کە کورد بەگشت جیاوازییەکی چینایەتی و ناوچەیی‌یەوە یان تەنانەت دانیشتووانی گوندە دوورەدەست و گۆشەگیرەکانیش ڕۆحی گاڵتەوگەپێکی زۆریان هەیە. سەرباری ئەوەش مرۆڤی کورد مرۆڤێکی جێبڕوا وبێنیازە و حەزی لە خەڵەتاندن نییە و تەنانەت ئەگەر درۆیش بکات نازانێ چۆن درۆ دەکات.(٣٢) هەروەها مرۆڤێکی دڵپاک و سۆزدارە. ئەدەبی گەلێری کورد پڕە لە چیرۆکی جوانی خۆشەویستی. پەندێکی کوردیش هەیە دەڵێ: ئەگەر کورد وەرزێر یا شوان نەبێت دەبێتە شاعیر. بێگومان سروشتی جوانی وڵاتەکەیان سۆزیان دەبزوێنێ. لەڕاستیشدا ئەدەبی عەرەبی و ئەدەبی فارسی بە نووسینی کوردی لەبارەی فەلسەفە و مێژوو و شیعر و ئەدەبەوە دەوڵەمەند کراون. هەرچی ئەوانەشە کە فەرهەنگێکی زانستیی نوێیان وەدەست هێناوە توانستێکی تایبەتییان لە بواری زانستی و میکانیکدا دەرخستووە. بەکورتی مرۆڤی کورد مرۆڤێکە خۆشی لەگەڵدا دەگوزەرێت، دڵپاکە، چاوتێرە، بەخشندەیە، خێزان و وڵاتەکەی خۆی خۆش دەوێ و یەکجار سەربەرزیشە بە کوردیەتیی خۆیەوە. ئاشکراشە ئەو نووسەر و گەڕیدانەش کە کوردیان بە ڕەوشت و ئاکاری ناشیرین و خراپ وەسف کردووە یا ڕاستیی مەسەلەکەیان نەزانیوە یا دژایەتییان کردوون، لەهەردوو باریشدا وەسفەکانی ئەوان بایەخێکی زانستیی نییە.

پەراوێزەکان:


1. Edmonds, C. J. "The Kurds of Iraq", Middle East Journal, Vol. 11, no. 1, 1952, p. 52.

٢. الأطلس الإداري لأحمد سوسه، ص ٣، بغداد ١٩٥١. ( لە لاپەڕە ٤٣ ی کتێبەکەدا و لە خشتەکەدا ڕووبەری زەویی کشتوکاڵیی پارێزگەی نەینەوا ٢٩٧٧٠ کم٢ ەو ڕووبەری زەویی چێندراو ٢٩٠٥٨ کم٢ ەو ڕێژەی زەویی چێنڕاو لەگەڵ ڕووبەری گشتیی زەویی کشتوکاڵیدا ٥٣٪ یە. بە گوێرەی ئەو دوو ژمارەیەی کە ڕووبەری زەویی کشتوکاڵی و ڕووبەری زەویی چێندراو پێشان دەدەن ڕێژەی زەویی چێندراو لەگەڵ ڕووبەری گشتیی زەویی کشتوکاڵیدا دەبێ بکاتە ٩٧،٦ لەو حاڵەشدا دەبێ ئەو ڕێژەی ٥٣٪ یە هەڵە بێت. ئەگەر ئەو ڕێژەی ٥٣٪ یەیش ڕاست بێت، ئەوا دەبێ ڕووبەری زەویی چێندراو بکاتە ١٥٧٧٨ کم٢ واتە دەبێ لەو ژمارەیەی کە لە کتێبەکەدا هاتووە کەمتر بێت ـ وەرگێڕ).

3. Dowson, E., "Inquiry into land tenure and related questions", Cairo 1931, p. 11.

٤. المجموعة الإحصائية لعام ١٩٥٤ ص ٧٢ الجدول ٩٨ و ٩٩.

٥. لە الإحصاء الزراعي ـ الحيواني ساڵی ١٩٥٢– ١٩٥٣ وەرگیراوە.







٦. سەرچاوەی پێشوو. (لە لاپەڕە ٤٥ی کتێبەکەدا نووسەر پەراوێزی ژمارە ٧٤ و ٥ ٧ی کە لە وەرگێڕانەکەدا بوون بە ٥ و ٦ بۆ دوو خشتەی داناون یەکەمیان شینایی‌ی هاوینە و دووەمیان درەختی میوە کە بەگوێرەی نووسەر بۆ ساڵی ١٩٥٤ن بەڵام سەرچاوەی خشتەکان ئاماری کشتوکاڵی ـ ئاژەڵی ساڵی ١٩٥٢ ـ ١٩٥٣ن ئەوجا من پێم وایە کە ئەو ساڵی ١٩٥٤ ە دەبێ هەڵە بێت و خشتەکە هی ساڵی ١٩٥٣ بێت چونکە سەرچاوەی خشتەکان ئاماری ١٩٥٢ـ ١٩٥٣ن ـ وەرگێڕ) .

٧. المجموعة الإحصائية، ساڵی ١٩٥٤، ل ٦٥.

8. Warriner, dr, D., "Land reform and development in the Middle East", London 1957, p. 137.

٩. لە الإحصاء الزراعي ـ الحيواني ساڵی ١٩٥٢– ١٩٥٣ وەرگیراوە.

10. Lord Salter, "The development of Iraq", Baghdad 1954, p. 198.

11. International Reconstruction and development, "The development of Iraq", Baltimore 1952, pp. 240-242.

١٢. المجموعة الإحصائية السنوية لعام ١٩٥٤ ص ١٤٣.

١٣. المجموعة الإحصائية السنوية لعام ١٩٥٤ ص ٦٣– ٦٥.

14. Adams, D., "Current population in Iraq", M.E.J., Vol. X, no. 2, 1956.

15. United Nations, "The determinent and consequences of population trend", New York 1953, p. 65.

١٦. حالة العراق الصحية في ربع قرن ـ للدكتور در هاكوبيان ، الموصل ١٩٤٧ ص ٧١ـ ٧٢.

١٧. المجموعة الإحصائية السنوية لعام ١٩٥٤ ص ٢٦٣– ٢٦٥.

18. Warriner, dr. D., "Land and poverty in the Middle East", London 1984, p. 2.

(لە لاپەڕە ٥٩ ی کتێبەکەدا نووسەر نیشانەی ئەستێرە(*)یەکی داناوە و لە پەراوێزیشدا بۆ ئەو ئەستێرە(*)یە ناوی ئەو سەرچاوەیەی سەرەوەی نووسیوە. دەبوو لە بری ئەو ئەستێرەیە ژمارەیەکی دانابا کە بەگوێرەی نووسەر ژمارە ٨٧ دەبوو بەڵام لە وەرگێڕانەکەدا ئەستێرەکەم کردە ژمارە و ژمارەکەش بەپێی من بوو بە ١٨ و پەراوێزەکانی دیکەی دوای ئەوەش ژمارەکانیان وەک خۆیان دەمێنێتەوە ـ وەرگێڕ).

19. Ghalib, dr. Ali: "Malaria and Malaria in Iraq", Baghdad 1944, p. 33.

٢٠. المجموعة الإحصائية الصحية لعام ١٩٥٣ـ وزارة الصحة، ص ٥٩ ـ ٦١.

٢١. لە المجموعة الإحصائية السنوية لعام ١٩٥٥ وەرگیراوە

٢٢. المجموعة الإحصائية السنوية لسنة ١٩٥٤ ص ٨ الجدول ٥.

٢٣. المجموعة الإحصائية السنوية لعام ١٩٥٤ ص ٥٨ ـ ٥٩ الجدول ٧٥ و ٢٨. (سەرجەمی نەخوێندووانی نێر و مێی پارێزگەی سلێمانی دەکاتە ١٧٤٩٣٤ نەک ١٧٤٩٣٧ وەک لە کتێبەکەدا هاتووە ـ وەەرگێڕ).

24. Leach, dr. E. R. "Social and economic organization of Rawanduz Kurds", London 1940, pp. 11-12.

٢٥. لە کتێبێکی دەسنووسی ماموٚستا شاکیر فەتاحەوە بە ناوی عقرة، ل ٦٦.

26. Barth, F. "Principles of social organization in Southern Kurdistan", Oslo 1953, p. 15.

٢٧. بۆ نموونە بگەڕێوە بۆ:

Creage, J., "Armenians, Koords and Turks", London 1880, Vol. 11, pp.227-257 and pp. 261-279.

Fowler, George, "Three Years in Persia", London 1841, Vol. II.

Wagner, dr. M., "Travels in Persia, Georgian and Kurdistan", London, Vol. III. pp. 264-266.

28. Rich, C. J., "A narrative of a residence in Kurdistan", London 1836, Vol. I, p. 104.

29. Binder, H., "Au Kurdistan", Paris 1887, p. 110.

30. Soane., pp. 394-396.

31. Cumberland, R. C. "The Kurds", in: The Moslem World, Vol.16, p. 152, 1926.

32. Mrs Linfield Soane, "A recent journy through Kurdistan", Journal of Royal Central Asian Soceity, Vol. 22, 1935.


الدكتور شاكر خصباك: الكرد والمسألة الكردية

منشورات الثقافة الجديدة، مطبعة الرابطة – بغداد

شباط ١٩٥٩

# ئەز تەنیا هاوەدەنگی خۆمم

## پاوڵ ڤان ئۆستایین PAUL VAN OSTAIJEN

١٨٩٦/٢/٢٢- ١٨/ ١٩٢٨/٣

**ئامادەکردن و وەرگێران: ئامانج شاکەلی**



ئەمساڵ یادی سەدساڵەی لەدایکبوونی بوو، بەم بۆنەیەوە چەندین کۆڕ و چالاکیی فەرهەنگی ساز کراوە و هی دیکەش بەڕێوەن. ڤان ئۆستایین لە باوکێکی کرێکاری بە باوەڕ پارێزگاری ٤٤ ساڵە و دایکێکی کاسۆلیکی بڕوا بە یەکسانیی کۆمەڵایەتیداری ٤٢ ساڵە لە شاری ئەنتوێرپن لە بەلژیک لە دایک بوو. پاوڵ پاشەبەرەی خێزانەکەی بوو. پێشتر دوو خوشک و برایەکی بە نەخۆشی سیل مردبوون.

پاشتریش هیوبەرتاینی خوشکی لە ١٩١٢/١/٢٨ و پیتەری برای لە ١٩١٠/١٢/١٠ بە هەمان نەخۆشی مردن. پاوڵ گوێڕایەڵی و هەستناسکیی لە دایکیەوە و بڕوا بە خۆبوونیشی لە باوکیەوە تێکەڵ بە کاراکتەری ببوون. بەڵام لە هەموو کەس زیاتر لەژێر کارتێکردنی پیتەری برایدا بوو، بە جۆرێک کە بە هاوڕاز و هاوڕێی





ڕۆحیی پاوڵ دەژمێردرا.

مەرگی ناوادەی پیتەر، گیروگرفتی فێرگە، بیرکردنەوەی هەمیشەیی لە ورووژاویی زایەندی و پەروەردەی ماڵەوە پاوڵیان دوچاری کێشەیەکی دەروونیی سەخت کرد ، تەورێ کە بۆ ماوەیەک مرۆیەکی بە ئیمانی توندڕەوی لێ دەرچوو.

لە دوا ساڵەکانی خوێندنی لە فێرگەی سەرەتاییدا بەهرەی هونەری و ئەدەبیی پاوڵ دەرکەوت و سەرەڕای کێشە دەروونییەکانی، لەو دوو بوارەدا لە هاوپۆلەکانی خۆی زۆر لە پێشتر بوو.

لە فێرگەی ناوەندیدا کە فێرگەیەکی کاسۆلیکیی فرانسیزمان بوو" ئەودەم خوێندن لە فێرگەی ناوەندی و سەرووتردا لە بەلژیک، بە زمانی هۆڵەندی (زمانی زگماکی پاوڵ) قەدەغە بوو"،

پاوڵ دەرکی بە ڕاستییەکی تاڵ کرد: لەچاو فەرهەنگی گەشەکردوو و دەوڵەمەندی فرانسیدا، ئەم هونەرمەند و شاعیرێکی دواکەوتووی فلامییە، دیارە نەشیدەتوانی بەو شێوەیەی کە پێویستە خزمەتی زمانەکەی بکات.

هەلومەرجی سیاسیی سەردەم لێ نەدەگەڕان. فەرهەنگ قوربانییەکی بەنرخ و بێدەسەڵاتی ململانێی سیاسەت بوو. پاوڵ لێ بڕا کە شیعر وەک هۆکارێکی ڕەخنەگرانە بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی - فەرهەنگی لە فلاندرن وەگەڕ بخات. یەکەم کۆمەڵە شیعری "تالاری مۆسیقا" ١٩٠٦، ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی ئەو سەردەمەی ئەون.

ساڵی ١٩١٨ بە نیازی ناسینی دنیایەکی فراوانتر لەگەڵ ئیمکەی دەزگیرانیدا چوون بۆ بەرلین، لەوێ ناسیاوی بەناوبانگی زۆری پەیدا کردن، مەودای بیر کردنەوەی فراوانتر بوو، بەڵام ژیانی ڕۆژانە و بیرکردنەوەی یەکجار سەخت و دژوار بوو. ئیمکە لەوێ لە دووکانی جلوبەرگفرۆشیدا کاری فۆتۆمۆدێلی دەکرد، بەڵام پاوڵ کارێکی گونجاو و باشی دەست نەکەوت، بۆیە هەردەم بێپارە و لات بوو. هەستی کەمایەسییەکەی بەهێزتر بوو. هێشتا لە بەرلین بوو کە ئیمکەی لێ جیا بۆوە و شووی بە پیاوێکی دی کرد. وەلێ نامە تایبەتییەکانی بۆ پاوڵ دەریدەخەن کە پاش شووکردنیشی بە پەنامەکی پێوەندییان پێکەوە هەر هەبووە. هاودەمی و پاشان جودایی‌ی ئیمکە کارێکی زۆریان کردە سەر پاوڵ، ئەوەش لە نامەکانی ئیمکەدا دەردەکەوێ کە پاشتر بۆ پاوڵی نووسیون . وەلێ سەیر لەوەدایە پاش جیابوونەوەیان، پاوڵ هیچ نامەی بۆ ئیمکە نەنووسیوە و تەنانەت وەڵامی نامەکانیشی نەداوەتەوە

ساڵی ١٩٢١ پاوڵ ڤان ئۆستایین بە تەنیا، پەڕگر و گۆشەگیر، لە بەرلین گەڕایەوە بۆ ئەنتوێرپن. بەپێی قسەی هاوەڵەکانی ئەو ئیدی مرۆڤێکی دیکە بوو. چیی دی شیعری بە هۆکارێک نەدەزانی بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، بەڵکە تەنیا "هونەری پەتی و بێخەوشی وشە" بوو.

پاوڵ پێش مەرگی ناوادەی بە پیتەر باینسی هاوڕێ و کۆکایین بۆ پەیداکەری گوتبوو " ئەز تەنها هاودەنگی خۆمم" لەوەشدا تابلێی لە سەر هەق بوو، چونکە تا لە ژیاندا بوو، کەسانێکی کەم لە دۆستانی نزیکی نەبێ لە بەهرەی فراوان و شێوازی بە ڕواڵەت ساکار و بە ناوەڕۆک دەوڵەمەندی ڤان ئۆستایین نەدەگەیشتن. مرۆ ئێستا کە شیعری ئەو دەخوێنێتەوە، سەری لەوە سووڕدەمێنێ کە چۆن سەرباری ئەو ژیانە نالەبارە و نەخۆشی و تەنهایی‌ی دەروونی، توانیویەتی هێند وەستایانە پەی بە ناخی جوانییەکانی سرشت و لایەنە گەشەکانی ڕەفتاری مرۆڤایەتی ببات.

بەشێک لە دوو نامەی ئیمکە بۆ پاوڵ ڤان ئۆستایین

١٩٢٧

پوڵەتە گیان

نامەیەکم بۆ بنووسە و جیاوازیی ئێستا و جارانم تێیدا بۆ ڕوون بکەرەوە، من هێشتا نایزانم، پێم وایە زۆرجاران لەگەڵ ژیانی ئێستامدا تیکەڵی دەکەم، بەڕاستی مایەی شەرمەزارییە کە ناتوانم وەک ئەوەی کە دەمەوێ هەستی خۆم بە بێ ئارایشت بنێمە سەر کاغەز ، نازانم بۆ ئەوەندە گەوجم .

١٩٢٨

پاوڵەکەم

دە نامەیەکی کورتم بۆ بنووسە، خێرا و بێدواکەوتن ، هەنگینێ منیش نامەیەکی درێژت بۆ دەنووسم. ئەوە بۆ وەڵامم بۆ نانووسیتەوە. پاوڵەکەم، هیوادارم نامەیەکم بۆ بنووسیت، تکایە هێندە دڵڕەق مەبە، لێوەکانت بە تاسەوە ماچ دەکەم. ئەم بێدەنگییەت تووشی نەخۆشیی کردووم. پاوڵەکەم من دڵنیا نیم بەڵام پێم وایە کە تۆ وەک جاران خۆشت ناوێم.

بیستم کە نەخۆشیت ، ئەرێ کەست لایە خزمەتت بکات؟ وای کە بە پەرۆشم بۆت، دەزانم حەزناکەیت بێم بۆ برۆکسل بەڵام تکایە ئەگەر دەتوانیت وەرە بۆ بەرلین لێرە لە باڵکۆنی ماڵەکەمدا هەردەم خۆرەتاوە، جا پێکەوە دادەنیشین و نیگارەکانی خۆمت پیشان دەدەم. دڵنیام باڵکۆنەکە بە دڵی تۆ دەبێ. دەکاری لەوێدا بە ئارەزووی خۆت ماچم بکەیت. پۆڵە گیان، جارێکی دیکەش هیوای چاکبوونەوەت بۆ دەخوازم. خێرا وەرە بۆ ئێرە من زۆر تامەزرۆتم.

**ژاوەژاوی ئێواران**

دەبێ لەودیو سنووری مەزرا شینەکانی بەر مانگەشەودا
کێڵگەی سپی هەبن
ئێواران بەسەر ڕێگا بەردڕێژە دوورە دەستەکاندا
گوێت لە خرمەی سمی ئەسپە
ئەمجا ساتێک بێدەنگی
لەپڕ، لە دوورەوە فوارەکانی مانگ
ئاو هەڵدەڕێژن
لەناکاو گوێت لە هاژەی ئاوی ئێوارانە
ئەسپەکان بەپەلە مژی پێوە دەنێن و دەحیلێنن
پاشان دووبارە گوێت لێیە
بە غار بەرەو کێڵگەکان دەگەڕێنەوە

**خۆ کوشتنی زەریاوانەکە**

زەریاوانەکە
گوێی لە دەنگی لۆرەلێیە (١)
دەڕوانێتە کاتژمێرەکەی و
خۆی داوێتە نێو زەریا

**مارک سبەینان سڵاو لە شتەکان دەکات**

ڕۆژباش کورێژگەی پاسکیلسواری
سەر گوڵدانی پڕ لە گوڵ
گوڵ گوڵ گوڵ
ڕۆژباش کورسیی تەنیشت مێز





ڕۆژباش نانی سەرمێز
ڕۆژباش ماسیگری سەبیل بە لێو
ڕۆژباش ماسیگری تەقیلە لە سەر
تەقیلە و سەبیلی مامەی ماسیگر
ڕۆژتان باش

ڕۆۆۆژ- باش ماسی
ڕۆژباش ماسی گیان
ڕۆژباش ماسییە بچکۆلە جوانەکەم

**خۆراوا**

ئێستا لە کالیفۆرنیا زێڕبارانە
خۆری پێ لە کەناری گۆڕدا لەرزیو
دواهێزی خۆی بۆ گەشتێکی دوور
کۆوە دەکات
دواگەشتی ئەو ڕۆژە بەرەو زەوی

لەوێ خۆر بۆ دواجار
خەمە پڕزە لێبڕاوەکانی وەک گەنجینەیەک
بەسەر شووشەی دەرگای ترامواییەکدا
هەڵدەڕێژێ

**ئێوارێ**

وای ؛ لەم ساتە بەڕەنگ سەرشارەدا
گیانم سەرلەبەر ئاوازە
ئاوازێک کە لە باخچەی بە گوڵاو مەست بوودا
دەلەرێتەوە

## شیعر

سەرت تەورێ بنێرە سەر سینگم
کە تەوێڵت
نیگام
بە سەر تیغی لووتتدا
بەرەو دەمت بە کێش بکات،
سەرت ئاوا بنێرە سەر سینگم
ئارام بە ...
من دەستم داوێمە سەر دەمت

## شەمپانزی

شەمپانزی یاریمان دەگەڵ ناکات
بۆچی شەمپازی یاریمان دەگەڵ ناکات
شەمپانزی لە زەریا بێزارە
"هیندە زۆر ئاو دەرژێتە زەریاوە"
شەمپانزی وا دەڵێ

## سترانی ڕاوچییەکانی چیای ئەلپ

بۆ ئێ. دیۆ پێررۆن

پیاوێک کە بە شەقامەکەدا هەڵدەگەڕێ و
پیاوێک کە بە شەقامەکەدا دادەگەڕێ
دوو پیاون کە هەڵدەگەڕێن و دادەگەڕێن
ئەوە یەکێکیانە کە هەڵدەگەڕێ
ئەوەش یەکێکیانە کە دادەگەڕێ
نزیک بە دووکانی هیندریکس و ویندریکس





نزیک بە دووکانی هیندریکس و ویندریکسی
(شەپقەسازانی بەناوبانگ)
تووشی یەکتر دێن
پیاوێکیان بە دەستی ڕاستی شەپقە درێژەکەی لە سەر هەڵدەگرێ
ئەوی دیکەیان بە دەستی چەپی شەپقە درێژەکەی لە سەر
هەڵدەگرێ
ئەمجا هەردوو پیاوەکە
چەپ و ڕاست هەڵگەڕاو و داگەڕاو
ڕاستەکەیان کە هەڵدەگەڕێ
چەپەکەیان کە دادەگەڕێ
هەریەکەیان بە خۆ و شەپقەی درێژی وەک (خوێن سوورەوە)
بە لای یەکتردا تێدەپەڕن
نزیک بە دەرگای
دووکانی هیندریکس و ویندریکس
دووکانی شەپقەسازانی بەناوبانگ
ئەودەم هەردوو پیاوەکە
چەپ و ڕاست هەڵگەڕاو و داگەڕاو
کە تەنها جارێک بە لای یەکتردا تێپەڕین
شەپقەکانیان دەکەنەوە سەر
ئەوە هیچ سەیر نییە
ئەوە مافی تەواوی خۆیانە
ئەوە مافی بێ چەند و چۆنی ئەو دوو پیاوەیە

(١) لۆرەلێ لە ئەفسانەی ئەڵمانیدا بەو جادووگەرە دەگوترێ کە لە شێوەی ژنێکی جواندا لە نێوان تاشە بەردە سەختەکانی کەنار زەریادا دەژی و بە دەنگێکی ئەفسووناوی زەریاوانەکان بەرەو مەرگ بە کێش دەکات.

* ئەم شاعیرە خاڵ و کۆما بە دەگمەن نەبێ لە شیعرەکانیدا بە کار ناهێنێ.

# مامۆستای کورد و وێنە بێتێکستەکان

گۆشان سەرکۆ

پێشەکی پیرۆزبایییەکی زۆر گەرم به بۆنەی دە ساڵ تێپەڕبوون بەسەر تەمەنی مامۆستای کورددا پێشکەش دەکەم. هەڵبەتە ئەوەی تۆزێک لە نزیکەوە ئاگای لەو هەموو ئەرکی کارکردن و تەنگوچەڵەمەی باری ئابووری، ڕێکوپێکیی کاتی دەرچوونی گۆڤارێکی کوردی بێت کە دڵی زۆر لە خوێنەرانی ڕازی بکات، ئەوا بێگومان بەردەوامیی دەرچونی مامۆستای کورد بەو ڕێکوپێکییە و لەسەر ئەو شێواز و ڕێبازە نوێیە بە سەرکەوتنێکی گەورە و هەنگاوێکی مەزن لە خزمەتی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دەزانێ، کە ڕۆژنامەگەریی کوردی تاکو ئێستا نەیتوانیوە یاخود بواری ئەوەی بۆ نەڕەخساوە کە دیموکراتی و پرنسیپی خۆی بپارێزێت. گومانی تێدا نییە کە مامۆستای کورد لە ڕووی ناوەڕۆک و زمان و ڕێبازەوە تاکە گۆڤارێکی کوردییە کە پەیڕەویی پرنسیپی ڕۆژنامەگەرییەکی دیموکراتی دەکات، ڕەنگە هۆکەشی زیاتر بۆ سەرنووسەرەکەی، وەک نووسەر و زمانزان و شارەزا لە بواری ڕۆژنامەگەریدا، بگەڕێتەوە. ئەو چەند نامەیەی نووسەر و شاعیرانی وەک « مەسعوود محەمەد و لەتیف هەڵمەت ... » باشترین بەڵگەی ڕەزامەندیی چینێکی نووسەر و ڕۆشنبیرە لە مامۆستای کورد و ڕەنگە بەس بێت بۆ ئەوەی وەک گۆڤارێکی سەرکەوتوو لە بواری زمان و ڕێنووس و ڕێبازەوە بناسرێت.

هەڵبەتە چەند گرنگە کە ڕۆژنامەیەک یا گۆڤارێک لە ڕووی زمان و ڕێنووسەوە سەرکەوتووبێت بە هەمان شێوەش گرنگە کە لە ڕووی وێنە و دەرهێنانیشەوە سەرکەوتووبێت. ئاشکراشە ئێمەی کورد لەچاو ئەم پێشکەوتنەی ئەمڕۆی جیهاندا لە بواری فیلم و سینەما و وێنەدا زۆر لەژێر سفرەوەین، بە لەبەرچاوگرتنی نەبوونی سەرچاوەیەک بۆ دەسکەوتنی وێنەی گونجاو و شیاو

بۆ ئەو نووسراو و دۆکیومێنتانەی لە مامۆستای کوردا بڵاوکراونەتەوە، جێگای خۆی نییە لێرەدا باس لە چاکی و خراپی، جوانی و ناشرینی، گونجاوی و نەگونجاوی، گەورەیی و بچوکی یا زۆر و کەمیی ئەو وێنانەی لەگەڵیاندا بڵاوکراونەتەوە بکرێت. ئەوەی من دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم تەنیا دەربارەی « تێکستی وێنە » یە کە بە سوێدی پێی دەگوترێت Bild text و بە بەشێکی زۆر گرنگ و پێویستی هەموو وێنەیەکی بڵاوکراوەی ناو ڕۆژنامە و گۆڤار دادەنرێت، کە بەداخەوە لە مامۆستای کورددا هیچ بایەخێکی پێ نەدراوە و پشتگوێ خراوە و بۆتە هۆی زیاتر کەمکردنەوەی ڕۆڵی وێنەکان.

هەرچەندە کە گوتراوە «وێنەیەک لە هەزار وشە زیاتر دەگەیێنێت» بەڵام لە هەمان کاتیشدا بۆ هەموو وێنەیەکی بڵاوکراوە لە هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێکدا نووسینی تێکستێک پێویستییەکی گرنگە، کە لە تەنیشت یا لە ژێر وێنەکەدا بە ڕستەیەک یا زیاتر باس لە کات و شوێن و





چونیەتیی ڕووداوی، یا ناو و بۆچوونی کەسێک یا کەسانێکی ناو وێنەکە دەکات، لە هەمان کاتدا ناوی وێنەگری وێنەکەش لە گۆشەی چەپی خوارووی وێنەکەدا دەنووسرێت. زۆربەی زۆری ئەو وێنانەی کە لە مامۆستای کورددا بڵاوکراوەتەوە بێتێکستن، کە دەبو و دەکرا بۆ هەر یەکێکیان تێکستێک بنووسرایە. لێرەدا لە ژمارە « ٢٢ ـ ٢٧ » لە هەر ژمارەیەکدا چەند نموونەیەک دەخەمە ڕوو، بەو هیوایەی ئەم تێبینییە بچکۆلەیەی کە بۆ پەیڕەویکردنی پرنسیپی ڕۆژنامەگەرییەکی چاک، گرنگە، ببێتە جێگای ڕەزامەندی و لەبەرچاوگرتن لەلای کاربەدەستان و سەرنووسەری گۆڤاری مامۆستای کورد، خۆ گەر چاوی گەشی ئەم نووسینەش لە لاپەڕەیەکی مامۆستای کورددا کرایەوە و بەدیداری خوێنەرانی شاد بوو، ئەوا دەبێتە داواکارییەکیش لەو کەسانەی کە وێنە لەگەڵ نووسینەکانیاندا بۆ مامۆستای کورد دەنێرن، ئەم خاڵە لە بەرچاو بگرن و تێکست بۆ وێنەکان بنووسن.

ژمارە ٢٢، لاپەڕە: ٥، وێنەی بەشێک لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەیەکی تورکییە. دەکرا لە ژێر وێنەکەدا ناو و ڕۆژ و ژمارەکەی لەگەڵ ناونیشانی نووسینەکە بە کوردی بنووسرێت.

لاپەڕەی ٢٢ و ٢٣ دوو وێنەی دوو پەیکەرە بەبێ ئەوەی خوێنەر بزانێ ناویان چییە، شوێنیان کوێیە و چ پەیکەرتاشێک دروستی کردوون. لاپەڕە ١٨ و ١٩ سێ وێنەی پاستێرناک، لە وێنەیەکیاندا پاستێرناک لەگەڵ پێنج کەسدایە و تێکستی وێنەکە بە ئینگلیزی لەژێر وێنەکەدا نووسراوە، وەرگێڕ ئەو هەموو ئەرکی وەرگێڕانەی کێشاوە بەڵام تێکستی ئەم وێنەیەش کە بەشێکە لە نووسینەکە نەیکردۆتە کوردی کە زۆر پێویستە خوێنەر لە وێنەکانیش تێ بگات. وێنەکەی سەرەوەیان پاستێرناک و ئافرەتێکە بەبێ ئەوەی خوێنەر بزانێ ئەو ئافرەتە ناوی چییە یا چیی پاستێرناکە، وێنەیەکی وا بێتێکست بڵاونەکردنەوەی چاکترە. لاپەڕە ٢٧ وێنەیەکە بە ئینگلیزی لە تەنیشتییەوە نووسراوە «پێڤگێنێ پاستێرناک لەگەل پێێڤگێنیی کوڕی ساڵی ١٩٣١». ئەو تێکستی وێنەیەش بەشێکە لە نووسینەکە و لەبەر ئەوەی هەموو خوێنەرێکی مامۆستای کورد ڕەنگە زمانی ئینگلیزی نەتوانێ بخوێنێتەوە و تێ بگات، بۆیە کردنی ئەم تێکستەش بە کوردی پێویست بوو.

ناسری ڕەزازی، یادێک لە مامۆستا هێمن ل: ٧٠، ڕەنگە خوێنەر بە سەلیقەی خۆی بزانێ ئەوە ناسر و هێمنی شاعیرە. دەکرا ناو و کات و شوێنی وێنەکە بنووسرایە و بکرایەتە تێکست بۆی. ل: ٧٢، وێنەی چوار کەس کە هێمنیان تێدا نییە، یەکێکیان ناسرە، دەبوو ساڵ و شوێن و ناوی کەسانی ناو وێنەکە بنووسرایە یا ئەگەر تیمێکی گۆرانی و مۆسیقان ناوی تیمەکەیان بنووسرایە، هەروەها لە ل: ٧٣ بە هەمان شێوە.

* ژمارە ٢٣ ل: ٥، ٦، دوو وێنەی شاری هەڵەبجە هەن کە دەبوو بۆ هەر یەکەیان تێکستێک بنووسرایە. دەکرا لە وێنەی دووەمدا بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بۆ ئەو تەختاییەی کە خەڵکی لێ نەوەستاوە و مەبەستەکەیە، بازنەیەک یا ڕاست و چەپێک لەسەر وێنەکە دروست بکرایە.

ل: ٤٧ ئارتور لوندکڤیست. حەوت وێنەی بە کات و شوێنی جیاواز، سێیان ئارتور بە تەنیایە و سێیشیان لەگەڵ ئافرەتێکدایە، کە بۆ خوێنەر ئاشکرا نییە کێیە، ئەگەرچی هەر سێ وێنەکە هەمان ئافرەتە. خوێنەرێک سوێدی بزانێ و زۆر ورد بێتەوە لەژێر وێنەی لاپەڕە ٤٩دا تێکستێک بە سوێدێ نووسراوە: «لەگەڵ مارییا ڤینە لە ڤێدەرئوێی هالاند، ١٩٣٧». لەبەر ئەوەی لەم لاپەڕەیەدا ناوی مارییا ڤینە نەهاتووە و بە وێنەکەشدا دیارە کە دوای ئەو وێنەیەی لاپەڕەی ئەودیو گیراوە، چونکە لەم وێنەیەدا بەتەمەنتر دیارن، بۆیە باشتر دەبوو ئەو وێنەیە لە دوای وێنەکەی لاپەڕەی ئەودیو دابنرایە. لە وێنەی حەوتەمدا، لاپەڕە: ٥٣، لوندکڤیست لەگەڵ دوو کەسدایە بێ ئەوەی خوێنەر بزانێ کێن. وەک لە نووسینەکەدا هاتووە ئارتور لوندکڤیست کۆمەڵێ خەڵکی زۆر ناوداری جیهانی بینیوە و پێوەندیی لەگەڵیاندا هەبووە. بۆیە

نەنووسینی تێکست بۆ وێنەیەکی وا کۆمەڵێ پرسیاری بێوەڵام لای خوێنەر دروست دەکات: کە ئاخۆ ئەمانەی لە وێنەکەدان لەگەڵ لوندکڤیستن کێ بن؟

ژمارە ٢٤–٢٥: قازی محەمەد، ل: ٣٢، ٣٥، ٣٧. هیچ لە وێنەکان تێکستیان نییە. خوێنەر دەبێ بە سەلیقەی خۆی بزانێ کە وێنەکان، یەکەمیان قازی محەمەد و دووەم سەیفی قازی و سێیەم سەدری قازییە. کات و شوێنی ئەم وێنانە دیارە، بۆیە دەکرا لەژێر هەر وێنەیەکدا ناو و ساڵ و شوێنەکە، کە گۆڕەپانی چوارچرایە، بنووسرایە.

ل: ٥١، ٥٥ مامۆستا خەزنەدار، کە دەکرا یەکێک لەو وتانەی مامۆستا خەزنەدار، کە بە خەتێکی تۆخ و گەورە نووسراون، بکرایەتە تێکستی وێنەی ل: ٥١ و وێنەکەی تریش، کە دەبێت مووەفەق بێت لەگەڵ مامۆستادا، کات و شوێنی چاوپێکەوتنەکەی بکردایەتە تێکست بۆ وێنەکە، یا باشتر دەبوو گەر هەر وێنەی دەموچاو «پورترێت»ی مووەفەق ببڕایە و بخرایەتە لای ئامادەکردنی: مووەفەق پیرداوود.

ل: ٦٤. ئەم وێنەیەی مامۆستا هەژار زۆر پێویست بوو ناو و کات و شوێنەکەی لەژێردا بنووسرایە. خوێنەر مەگەر هەژاری دیبێ یا تەنیا بەوەدا بزانێ وێنەی هەژارە کە لەژێر ناوی چیرۆکەکەدا ناوی مامۆستا هەژار نووسراوە.

ل: ١٢٨، ١٢٩، ١٣٠، پۆستەری ئاشتی، وێنەی کۆمەڵێ پۆستەرە کە پێویست بوو ناوی پۆستەرەکە و خاوەنەکەی بنووسرێت.

ل: ١٣١... ولیام سارۆیان. وێنەکان هەموو لە کتێبی سارۆیانەوە وەرگیراون کە هەر یەکە ناو و ساڵ و شوێنەکەی لەسەر نووسراوە، بەڵام وەرگێڕ ئەو نووسینانەی وەرنەگێڕاوە و خوێنەری لە ناساندنی کەسانی ناو وێنەکە و نزیک بە سارۆیان بێبەش کردووە.

ژمارە ٢٦، سمایل ئاغای سمکۆ، ل: ١٥، تێکستێک بۆ ئەمە زۆر پێویست بوو. بە پێی قسەی کاک عەلی سمکۆ، کە نەوەی سمایل ئاغای سمکۆیە، ئەو چوار کەسەی لە وێنەکەدا لەگەڵ سمکۆدان هەر چواریان خەڵکی کوردستانی باکوورن و ناویان: قادر، جەعفەر، نۆرۆ و حاجییە. وێنەی دووەم لاپەڕە ١٨، ڕۆژ و شوێنی دیارییە کە دەکرا تێکستێکی بۆ بنووسرێت.

حەزرەتی شێخ عوسمان، ل: ٢٠، ٢٣ دوو وێنەی زۆر جیاوازی شێخ عوسمان، کە دەکرا ناوی شێخ عوسمان و ساڵ و شوێنی لە دایکبوون و کۆچکردنی بۆ بنووسرایە و بۆ بکرایەتە تێکستی وێنەی دووەم، کە تۆزێک لەو بۆشاییە گەورەیەی ژێر وێنەکەشی پڕ دەکردەوە.

نامۆیی، ل: ٢٧، وێنەیەک بێ ئەوەی خوێنەر بزانێ کێیە.

پێشانگای وردەخەمەکانی کوردەواریی خالید ستار، ئامادەکردنی ئیبراهیم ئیسماعیل، ل: ٤٢، ٤٣، چوار تابلۆ، هەرچەندە ئیبراهیم لە نووسینەکەیدا باسی زۆر لە تابلۆکانی کردووە، بەڵام خوێنەر نازانێ ئەو چوار تابلۆیەی بڵاوکراونەتەوە ژمارە چەند و کامانەن. باشتر وا بوو کە باسی ئەو چوار تابلۆیە هەر یەکەیان لە تەنیشت یا لەژێر خۆیدا بنووسرایە، کە ئەو دەم دەبوو بە تێکست بۆی.

ئەم کچە کوردە، ل: ٤٤، باشتر دەبوو گەر ناو و ڕۆژ و ژمارەی ئەو ڕۆژنامانە بنووسرانایە.


هەموو ئەو وێنانەی لە نووسین یا وەرگێڕان دەربارەی شانۆ بڵاوکراونەتەوە بێتێکستن.

لە هەر ژمارەیەکدا باس لە هونەرمەندێک دەکرێت و چەند تابلۆیەک بڵاودەکرێتەوە بێ ئەوەی تێکستیان بۆ بنووسرێت. هەموو هونەرمەندێک بۆ تابلۆکانی خۆی ناو و ساڵی دروستکردنیان دەنووسێت. چاکتر دەبوو هەر ئەو ناوی تابلۆیانە و ساڵی دروستکردنەکانیان، یا گەر هەر تابلۆیەک بە دێڕێک یا چەند دێڕێک باسی لێ بکرێت، ئەوەش ڕوون بکرێتەوە کە تابلۆکە ڕەش و سپی یا ڕەنگاوڕەنگە.

ڤێستەرۆس، سوید ١٩٩٦



# محەمەدسەعید جاف ١٩٢٦-١٩٩٦
## کۆچی ڕووناکبیرێکی مرۆڤدۆست



ڕۆژی ١٦-٣-١٩٩٦ لە بەغدا، نووسەر و ڕووناکبیری ناسراوی کورد محەمەدسەعید بەگی جاف کۆچی دوایی کرد و بەوەش چەمێکی بەخوڕی دنیای کوردەواری و فەرهەنگی کورد وشکی کرد.

محەمەدسەعید بەگ کوڕی حەمە بەگی فەتاح بەگی حەمە پاشای جافە، ساڵی ١٩٢٦ لە دێی کەلار، ناوچەی گەرمیان، کە ئەودەم پێتەختی میرانی جاف بوو، لەدایک بووە. حەمە بەگی باوکی نیشتمانپەروەرێکی ناسراو بوو. لەسەردەمی پاشایەتیدا ئەندامی پارلەمانی عیراقی بوو. خەباتێکی بێوچانی کردووە، چ لە ڕێگای چالاکیی پارلەمانەوە و چ بە دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسیی کوردی، بۆ بەدەستهێنانی مافی سیاسی و فەرهەنگی بۆ کوردستانی باشوور.

حەمەسەعید بەگی جاف، وەک لاوێک، هەر زوو تێکەڵاوی ژیانی فەرهەنگی و سیاسیی کورد بوو. لە چلەکاندا ئەندامێکی چالاکی حیزبی هیوا بوو. هەر لەو دەمانەشەوە دەستی کرد بە نووسین و وەرگێڕان. بەرهەمەکانی لە گەلاوێژ و ژین و هیوا و هەتاو و گەلێ ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکەدا بڵاو دەکردەوە و بریتی بوون لە کورتەچیرۆک، وتاری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و وەرگێڕان لە فارسییەوە. لە سەردەمی پاشایەتیدا حەمەسەعید جاف بە بیروباوەڕی ئازادیخوازانەی ناسراو بوو. ڕێژیمی نووری سەعید گەلێ جار تووشی گێچەڵ و دەردیسەرییان دەکرد.

لە ناوەڕاستی شەستەکاندا یەکێک بوو لەو چوار کەسەی ڕۆژنامەی "برایەتی"یان لە بەغدا بڵاوکردەوە. کە شەڕ لە نێوان پارتی دیمۆکراتی کوردستان و ڕێژیمی بەعسدا دەستی پێ کردەوە، سەعید جاف ڕووی کردە کوردستان و ماوەیەک لەوێ مایەوە. دواتر ئەوێیشی بە جێ هێشت و لە ئێران نیشتەجێ بوو. ساڵی ١٩٧٩، کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دامەزرا، گەڕایەوە بۆ کوردستانی عیراق و سەر لە نوێ دەستی بە نووسین کردەوە و لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بەرهەمەکانی بڵاو دەکردەوە. دوای کۆچ کردنی کتێبێکی لە پاش بە جێ ماوە؛ "ئاوارە"، کە لە چوار بەرگدایە. هەروەها خاوەنی گەورەترین ئەرشیڤی وێنە بوو، کە وێنەی کەسایەتیی فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورد و گەلانی هاوسێی کوردی تێدا کۆکردبووەوە.

لە دڵەوە سەرخۆشی پێشکەش بە کاک خوسرەو جافی هونەرمەند و نووسەری لێهاتوو، هەموو بنەماڵە و خزمانی محەمەدسەعید جاف و هەموو هۆزی جاف دەکەین.

محەمەدسەعید جاف مرۆڤێکی ڕاستگۆ و ڕاستیپەروەر، کوردێکی نیشتمانپەروەر و ڕووناکبیرێکی دڵپاک و مرۆڤدۆست بوو. یادی هەر زیندوو بێت.

# سیاسەتی ڕەسمی لە تورکیا و کاریگەرێتیی لەسەر زانست

**دوکتۆر ئیسماعیل بەشکچی**

هەڵۆ بەرزنجەیی لە ئەڵمانییەوە کردوویە بە کوردی

گرنگترین مەرج بۆ گەشەکردن و دەوڵەمەندبوونی ژیانی فکری لە کۆمەڵگایەکدا بوونی ڕەخنەیە. ڕەخنە بنچینەیە بۆ کاری لێکۆڵینەوەی زانستی و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا.

گەر لە کۆمەڵگایەکدا ڕەخنەگرتن نە لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە بچەوسێتەوە و نە سزادان هەڕەشەی لێ بکات و ئازادانە پیادە بکرێت، ئەوا لەو کۆمەڵگایەدا ژیانی فکریی زانست و هونەر گەشە دەسێنێت و دەوڵەمەند دەبێت، بە پێچەوانەشەوە بە نەبوونی ڕەخنە مێشک توانای بیرکردنەوە دەدۆڕێنێت و دەپووکێتەوە.

ئەگەر ئێمە مەبەستمان بێت پتر لەمەڕ ژیانی فکری، زانست و هونەرەوە بزانین، لێکۆڵینەوە دەکەین تا بزانین ئایا لە کۆمەڵگایەکدا بە ڕاستی ڕەخنە هەیە یان نەء.

بیرۆکەکان، دەکرێت لە ڕێگای شێوە و شێوازی جیاوازەوە ڕابگەیەنرێن، بە هۆی کتێب، وتار، ڕاپۆرت، کۆڕ و وتوێژەوە... هتد. کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن و سینەما، بەکورتی ڕاگەیاندنە گشتییەکان ڕۆڵێکی تەواو گرنگ لەو بوارەدا دەلەیزن، کە چۆن بیرۆکەکان بە کۆمەڵگایەک دەگەن و تێیدا بڵاو دەبنەوە.

بیرۆکەیەک دەکرێت بە هۆی دەستاوێژ و هۆکاری جیاوازەوە ڕابگەیەنرێت. هەر بەو شێوەیەش یان بە هۆکارێکی لەو بابەتەوە لە لایەن خەڵکانی دیکەوە ڕەخنەی لێ بگیرێت و، ئەگەر لە سۆنگەی ئەم ڕەخنەگرتنەوە بڕیاری سزادان و گوشار و گوشار قوت نەبێتەوە، کەواتە ئەو بیرۆکەیە بیرۆکەیەکی دینامیکییە.

بە دەوری هەر بیرۆکەیەکدا دەمەتەقێیەکی چڕ و خەست هەڵدەستێت، ئەمەش دروستکەری ژیانی فکری و دینامیکییە و هەروەها بنچینەیە بۆ گەشەسەندنی زانست، هونەر، بە کورتی شارستانییەت. وەلێ گەر بڕیاری سزادانی ڕەخنەگرتن وەگەڕ خرا، ژیانی هزری کۆمەڵگا ناتوانێ پەرە بسێنێ و بوار نابێت زانست و هونەر بۆ خۆیان بەرەو پێشەوە بچن.

لە زۆر وڵاتاندا تاکە بیرۆکەیەک ڕاستی و ڕەوایی و بێخەوشیی خۆی ڕادەگەیەنێت و بوار نادات پەنجەی بۆ ببرێت و وتووێژی لەسەر بکرێت، هەتا بانگەشەکردنی پێچەوانەکەشی ڕێگە نادرێت، بەم جۆرە ئەقڵیەتێک ساز دەبێت، ئەوانەی ڕەخنە لە دژی ئەم جۆرە بیرۆکانە بڵاو دەکەنەوە بە سزادان هەڕەشەیان لێ بکرێت. ئەمە پێمان نیشان دەدات لە ژیانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیدا نەک هەر بیرۆکەی زانستییانەی ئازاد، بەڵکە بەهاکانیشیان قەدەغەن.

دیارە ڕەخنە لەم بارەدا چەمکێکی بەرفراوانکەرە، بەشێکی جیانەبووەوەی زانستی بیرۆکەکانە و بێ هیچ گومانێک بیرۆکەش ڕەخنەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە خۆ گرتووە. بۆ نموونە لە تورکیا، تا چەندساڵێ لەمەو پێش سەرسەختانە سوور بوون لەسەر ئەوەی کە کورد تورکن، نەتەوەیەک بە نێوی کورد و زمانێک بە نێوی





زمانی کوردی بوونی نییە. لە سەرووی هەمووانەوە دەوڵەت ئەوپەڕی تەقەلا دەدات ئەم دید و بۆچوونە لە ڕێگای ڕاگەیاندنە گشتییەکانەوە، بە هۆی جۆرەها دەستاوێژ و هۆکارەوە پەخش و بڵاو بکاتەوە. ئەمە و زانستگاکان، چاپەمەنییەکان، پارتە ڕامیارییەکان، سەندیکاکان و ئایینییەکان، هەموو لەم کۆشش و تەقەلایەدا پێکەوە گرێدراو و هاوبەشن.

دامودەستگاکان زۆر تێ دەکۆشن بیروباوەڕی دەوڵەت ڕەنگ پێ بدەنەوە و بڵاوی بکەنەوە، ئەوانەشی لەگەڵ ئەم بیروباوەڕەدا ڕەزامەندی نەنوێنن، سزا و گوشار و هەڕەشەیان لێ دەکات و زۆربەی جاریش سزاکە لە شێوەیەکی دڕندانەدا دەدرێت.

ئەم باسە نموونەیەکی زیندووی ئەوەیە لە تورکیادا هەم ڕەخنە بە هیچ جۆرێک بوونی نییە و، هەم هەلومەرجی لێکۆڵینەوەی زانستییانە نییە.

دەوڵەت زۆر چالاکانە دائیرەکان، قوتابخانەکان، چاپەمەنییەکان، ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن و سینەما و ڕاگەیاندنە جەماوەرییەکان بەکار دێنێ بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕای ڕەسمیی خۆی و هەوڵیش دەدات ڕای کۆمەڵ وە دەست بهێنێت. هەڵبەتە ئێمە دەزانین تەلەڤیزیۆن و سینەما قسە بۆ ملیۆنان مرۆڤ دەکەن، چاپەمەنییەکان بە ملیۆنان دانەیان لێ بڵاو دەکرێتەوە، ژمارەی چاپەمەنییەکانی بابەتی فێربوون بۆ دامەزراوە پەروەردەیی‌یەکان وە کار دەبرێن و ئەو گۆڤار و بڵاڤۆکانە دەگەنە دەستی ملیۆنان.

هەرچەندە بارودۆخەکە بەو شێوەیە، ئەو بیرانەی لەگەڵ بیروڕای دەوڵەتدا تووشی دانوستاندنی ڕەخنەیی دەبن، تەگەرە دەخرێنە بەردەم بڵاوبوونەوەیان بۆ ئەوەی ئەم تەگەرانەش بە ڕاست و دروست، بەردەوام ڕابگیرێن و بهێڵرێنەوە، و پەنا بۆ بەکارهێنانی هەموو شێوەیەکی بەرپەرچدانەوە دەبرێت. ئەو کتێبانەی ڕەخنە لە دەوڵەت دەگرن لە چاپخانەکاندا دەستیان بەسەردا دەگیرێت و دەستوبرد دادگاش دژی نووسەرەکانیان دەکەوێتە خۆ و زۆرینەی نووسەرانی حوکم دەدرێن.

کتێبێک بە تیراژێکی کەمەوە، وتارێک لە هەر گۆڤارێکدا بێت، تەنانەت نامەیەکی ئاڵوگۆڕی پەیوەندیی نێوان دوو کەس دەقۆزنەوە و دەکرێت بکرێتە بیانووی سزادانی نووسەرەکانیان، ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە لێکۆڵینەوەی زانستییانە لە تورکیا بنچینەی نییە.

ئەگەر هیپۆتێزێکی زانستییانە دابنرێت، پێویستە هەڵەکانیشی نیشان بدرێن. تێزێک هەڵەکانی نەخرێتە بەرچاو و ڕێگەی نەدرێت ڕەخنەی لێ بگیرێت نابێتە تێزێکی زانستییانە.

بە هەمەحاڵ لە نموونەکانی سەرەوەدا دیارە قەدەغەیە هەڵەکان دەستنیشان بکرێن و ڕەخنەیان لێ بگیرێت. ئەم قەدەغەیەش لەلایەن یاساوە، یاسای سزادان، یاسای چاپەمەنی، یاسای چالاکیی خۆپێشاندان، یاسای بەرگریکردن لە ئەتاتورک و چەندین یاسای ترەوە بەهێز و مەحکەم کراوە. ئەم دیاردانەش بۆ سەردەمی لێکۆڵینەوەی زانستییانە مانای پەککەوتن و وشکبوونەوە و داڕزینە.

دەوڵەت ئارەزوو دەکات تەنیا ئەو زانیارییانەی لەگەڵ سیاسەتی ڕەسمیدا هاوجووت دەبن وەرگرێ و قەبووڵ بکات، دەنا وەکوو دیکە جەختی ئەوە دەکەن کە پێویستیمان بە زانین نییە. لەمەش پتر دەبێ لای هەر کەسێ ڕوون و ئاشکرا بێت، هەر زانیاری و مەعریفەیەک دەوڵەت بیروڕای لەسەر نەبێت، شیاوی سزادانە. هەوڵی دەوڵەت لە لایەکەوە بە هۆی ئامرازەکانی ئایدیۆلۆژییەوە وەک: چاپەمەنی، ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، زانستگاکان، سەندیکاکان، پارتە سیاسییەکان، زانستیی پەروەردەکردن و دەزگا ئایینییەکان و ڕێکخراوەکان و، لە لایەکی دیکەوە بە هۆی دەسەڵاتی داپڵۆسین و زەبروزەنگی وەک: پۆلیس، دەزگا چاودێرییەکان، دادگاکان، زیندانەکان، ئەو بیرۆکەیە لەناو کۆمەڵدا ڕا بکا و ڕیشەکێش بکات، ئەو کەسەیش مل بۆ ئەمە نەدا بەپێی کات و شوێن هەوڵی تێکشکاندن و فەوتانی کاریگەرێتییەکەی دەدەن، جا پێکەوە (کات و شوێن) و یاخود بە جیا ڕەفتاری لەگەڵدا دەکەن. بەکورتی

مەسەلەکە وا دەگەیەنێت ساتێ هۆکاری گوشاری ئایدیۆلۆژی بە کەڵک نەیەت، ئەوا دەوڵەت پەنا بۆ بەکارهێنانی زەبروزەنگ دەبا.

سیاسەتی ڕەسمی لە تورکیادا بە وردی و فراوانی پەلوپۆی هاویشتووە و بە هەموو لایەکدا کشاوە، ئەمەش گەورەترین تەگەرەیە لەسەر ڕێگای لێکۆڵینەوەی زانستییانەدا، باشترین ڕێگەش بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم تەگەرە و کۆسپەدا ئەوەیە کە زانست بتوانێ دانوساندنی ڕەخنەگرانە لەگەڵ سیاسەتی ڕەسمیی دەوڵەتدا بکات، دیارە ناتوانرێت لەم پرۆسێسەش خۆ لابدرێت.

زانست، هیچ بایەخ و بەهایەکی نابێت هەتا ڕەخنە لە سیاسەتی ڕەسمیی دەوڵەت نەگیرێت، ئەوانەی ناتوانن ڕەخنە بگرن و، بەپێچەوانەوە سیاسەتی دەوڵەت وەک مەعریفەیەکی زانستییانە بڵاو دەکەنەوە و پەنای بۆ دەبەن و لە هەڵەکانی پاڵپشتی دەکەن، ئەوانە خراپ مامڵەت لەگەڵ زانستدا دەکەن.

بوونی سیاسەتی ڕەسمی بۆ خۆی گەورەترین تەگەرەیە لە بەردەم دروستبوونی دامودەستگای زانستیدا، ئەمەش تەنیا چەڵەمەیەکی تورکیا نییە، لە ئێران، عیراق، سووریا، سەعوودییە، گانا، خوارووی ئەفریقا، چیللی... سیاسەتی ڕەسمیی دەوڵەت هەیە.

پێوەندی نێوان زانست و سیاسەتی ڕەسمی گیروگرفتێکی گەورە و گرانی وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتیشە. (تا ئەو دەمەی هەرەسیان نەهێنابوو – وەرگێڕ).

لێرەدا مرۆڤ دەتوانێ دەربارەی دوو ڕاستی بدوێ:

١- ڕاستی وەک گوتەیەکی زانستییانە. ئێمە هەوڵ دەدەین بە هۆی مێتۆدی زانستەوە لە ڕاستی بگەڕێین.

٢- گوتەی ڕاستی سیاسەتی ڕەسمیی دەوڵەت. لێرەدا بڕیارەکانی سیاسەتی دەوڵەت بە ڕاست وەردەگرین. بیرۆکەکانی پێچەوانەشیان بە (ئەتککەری ڕاستی) دەنرخێنرێن و سزا دەدرێن.

دادگاکان تەنیا سیاسەتی ڕەسمی بە ڕاست وەردەگرن، لە ڕێگای بڕیارەکانی دادگاوە هەوڵ دەدرێت ڕاستییە بەڵگەنەویستەکان پووچەڵ بکرێنەوە تا سیاسەتی دەسەڵاتدار بەرقەرار بکەن.

لە ڕێگای بڕیاری دادگا و بیروباوەڕی زۆرەملێ و دادگای پێداچوونەوەوە، مرۆڤ وای دادەنێ کە توانیویەتی ڕاستیی بەرچاو حاشاهەڵنەگر نەهێڵێ. بۆ نموونە: لە ڕێگای بڕیار و بیروڕای کەسییەوە بەڵگە دراوە بە دەستەوە کە کورد، تورکن! ئەم مەسەلەیەش هەردەم دووپات دەکرێتەوە و جەختی لەسەر دەکرێت و کەسیش ناتوانێ بیر لەم مەعریفەیە بکاتەوە.

لە زانستگاکان، دامودەستگاکانی لێکۆڵینەوە، چاپەمەنی، نووسەران، کەسایەتییەکان، پارتە سیاسییەکان و سەندیکاکان چاوەڕوان دەکرێت لە چوارچێوەی ئەم بۆچوونەدا بمێننەوە.

لە ساڵی ١٩٨٠وە دەستگای یۆک YÖK ، ئەنجومەنی ئەکادیمیای باڵا لە تورکیا، دامەزراوە. هیچ گومانێ لەوەدا نییە ئەمە گورزێکە لە دژی لێکۆڵینەوەی زانستییانە، کاروباری زانستگاکان دەستەوسان دەکات و پەکی دەخات.

ئایا ئەگەر زانستگایەکی ڕاستەقینە هەبووایە ئاخۆ پێویست دەبوو دەزگایەکی وەک یۆک هەر هەبووایە؟

لێرەدا هەوڵ دەدەین لە ڕێگای جیاوازەوە بچینە نێو کێشەکەوە و زاراوەی بابەتێتی شی بکەینەوە.

هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە دەبێت "زانست کاری بەسەر حیزبایەتییەوە نەبێت"، بێلایەنیی زانست خەسڵەتێکی گرنگە، بەڵام بێلایەنییش مەسەلەیەکی خۆیی‌یانە نییە و لە ڕێگای ڕەوتێکی بابەتییانەوە دەخولقێ و ئەو مەسەلەی بابەتێتییە دێنێتە کایەوە. ئەوە ئەرک و ماندووبوون و زانستییانە نییە کە "چۆن دەبێ ڕەفتار بکەم تاوەکوو ناحیزبی بم!"

بابەتێتی مەسەلەیەکە ئەو کاتە دەست پێ دەکات، کە بیرۆکەی گشتی ڕابگەیەنرێت. بیرۆکەیەک لە ڕێگای کتێب، گوتار، قسەکردن... هتد ڕادەگەیەنرێت، کەسانی دیکە ڕەخنە لەو بیرۆکەیە دەگرن. ئەگەر نووسەر بە پێویستی زانی وەڵامی ڕەخنەکان دەداتەوە، ئەمەش تاکە





پرۆسێسی خولقاندنی بابەتێتییە.

ئێستا وا بیر دەکەینەوە، ئەو بیرۆکەیەی هاتۆتە کایەوە، قەدەغەیە ڕەخنەی لێ بگیرێ. واتە ئەو کەسانەی یا ئەو دامودەستگایانەی بۆ هەر بابەتێک بیرۆکەیەک بەرهەم دێنن، دڵنیان کە هیچ بیرۆکەیەکی دیکە نابێت بێتە کایەوە، واتە مرۆڤ دەزانێ ڕەخنەی لەو چەشنە دەچەوسێتەوە و دەکەوێتە بەر سزادان. ئیدی پاشان دەزانێ جگە لە بانگەشەی خۆیی هیچ شتێکی دیکە ناتوانرێت ڕابگەیەنرێت. ئەمەش ئەم حاڵەتەیە کە بێلایەنی پاڵپشتی دەگرێ و ئەم هەڵسوکەوتەش خۆیەتییەکی بێ غەلوغەشە.

بۆ هەر کەسێک بزانرێ ناتوانرێت ڕەخنەی لێ بگیرێ و پشتئەستوور بێ بە پایەکەی و بجووڵێتەوە کارێکی سانایە، حەز و خواستی بیرکردنەوەی خۆی بە ڕاستییەکی ڕەها بخاتە ڕوو، خۆ بە پێچەوانەشەوە کەسێ ئەوەی لە بەرچاو گرتبێت کە دەکەوێتە بەردەم مشتومڕێکی ڕەخنەیی، ئەوا خۆی لەو پێشهاتە دوور دەخاتەوە.

لە هەر شوێنێ ڕەخنە نەبێت، مەحاڵە بابەتێتیش هەبێت!

ڕەخنە و بێلایەنی، ئەم دوو چەمکە زۆر پێکەوە پەیوەستن، زانستکاران ناتوانن هەرگیز بێلایەن بن.

ئێمە هەوڵ دەدەین لە چەند لایەکەوە شەنوکەوی کێشەکان بکەین، لە کۆمەڵگایەکدا چەندین ڕووداو و مەسەلەی جیاواز پێک هەڵدەپرژێن و دەڕژێنە ناو یەکەوە، فاکتەکان پەیوەندییان لەسەر یان لەگەڵ یەکتردا هەیە، فاکتێک کاریگەریی لەسەر فاکتەکانی دیکە هەیە و بەپێچەوانەشەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتیی ئەوانەوە. ئەو کەسانەی خەریکی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و مێژوون فاکت و ڕووداوەکان و پەیوەندییان لەسەر یەکتر تێ دەگەن.

گریمان لە کۆمەڵگایەکدا فاکتەکان ١-٢-٣-٤ لەسەر یەکتر لە مەسەلەیەکدا پەیوەندیدارن، دەستوور و یاسا بڕیار دەدەن کە نابێت لێکۆڵینەوە لەسەر فاکتی ٣ بکرێت و سیاسەتی ڕەسمیی دەوڵەت دەڵێ: ئەو کەسەی لەسەر فاکتی ٣ لێکۆڵینەوە بکات، نیشتمان و میللەتەکەی خۆی خۆش ناوێت. بە کورتی ئەگەر ئەو کارە بکات دەکرێتە خۆفرۆش و دوژمنی نیشتمان.

ئەگەر یەکێ سەرباری ئەو قەدەغەبوونەش، واتە لێکۆڵینەوە لەسەر فاکتی ٣ لەگەڵ سیاسەتی ڕەسمیی دەوڵەتدا هاوجووت نەبێت، خەریکی گەشەپێدانی بیرۆکەی دیکە بێت و ڕەخنە بگرێت و سزای سەرپێچیکردنەکەی دەدەن و سزاکەش هەمیشە لە شێوەیەکی گران و سەختدا دەبێت.

گریمان ئەو کەسانەی لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵ دەکەن لە باس لادەدەن و لە فاکتی ٣ نکۆڵی دەکەن. بەڕاست ئەمە مانای چییە فاکتی ٣ لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکرێت!؟ دەبێ وا بنرخێنرێت مرۆڤ لە کۆمەڵگا بە نیوەناچڵی دەتۆژێتەوە!؟

ئەو خاڵەی دەمانەوێ لێرەدا جەختی لەسەر بکەینەوە ئەمەیە: ئەگەر مرۆڤ لە فاکتی ٣ نەتۆژێتەوە، لەم بارەدا چۆک لە بەردەم یاسادا دادەدات، ناتوانرێت ئەمە وا بنرخێندرێت کە مرۆڤ بە نیوەناچڵی لە کۆمەڵ گەیشتووە، ئەمە مانای وایە پیاو بە هەڵە لە کۆمەڵ حاڵی بووە! ئەمە مانای وایە مرۆڤ دەربارەی کۆمەڵ و مەسەلەکانی نێو کۆمەڵ خاوەن زانیاریی هەڵەیە، لەبەر ئەوەی فاکتەکانی ١-٢-٣...هتد هەموو لەگەڵ یەکتردا دەکەونە پەیوەندییەوە و کار لە یەکتر دەکەن. بە نموونە فاکتی ٣ کار لە فاکتەکانی ١-٢-٤ دەکات و لە ڕەوتی گەشەکردنی و ناوەکی ئەم فاکتانەدا یاخود هی دیکەدا فاکتی ٣ کاریگەرێتیی گەورەی هەیە. وەک چۆن فاکتی ٣ کاریگەرێتیی لەسەر فاکتەکانی دیکە هەیە، بەم پێیە ئەوانیش لەسەر خۆی کاریگەرییان هەیە. کەواتە فاکتەکان کاریگەرێتییەکی پێچەوانەیان لەسەر یەکتری هەیە و پێکەوە یەکەیەکی چڕ و خەست دروست دەکەن و ئەمەش یەکەیەکی ئۆرگانییە.

ئەگەر ئەندامێک پەیوەندییەکی ئۆرگانی بە کۆمەڵەوەی ببەستێ، بە هۆی سیاسەتی ڕەسمییەوە سەرنجی

نەدرایە، مانای وایە لە تەواوی مەسەلەکان بە هەڵە حاڵی بووە.

ئەگەر فاکتەکان ١-٢-٣-٤ میکانیکییانە لەتەک یەکتردا دابنرێن، با وا بڵێین کە کار لە یەکتر ناکەن، ئایا دەکرێت بەبێ ئەوەی ناهەقییەک بکرێت لێکۆڵینەوە لەسەر یەکێکیان بکرێت!؟ وەلێ ئێمە ناتوانین لە هۆی فاکتەکانی ستروکتور و ڕووداوەکانی کۆمەڵگا هەروا بنۆڕین. ئێمە دەبێت زانیاریمان دەربارەی کارتێکردنی فاکتەکان هەبێت، ئەمەش زانینێکی نەگۆڕە دەربارەی کۆمەڵ. ئەگەر مرۆڤ لە فاکتی ٣ نەکۆڵێتەوە، ئەوا لە فاکتەکانی ١-٢-٤ حاڵی نابێت، لەبەر ئەوەی کاتێ مرۆڤ لەو ڕێگایەوە لە فاکتی ٣ ناکۆڵێتەوە، تەقەڵەکانی کاریگەریتیی بەرانبەری فاکتەکانی لە بەرچاو ون دەبێت.

ساڵانی بیست بە نموونە وەردەگرین، گرووپی ئێتنی و بزووتنەوەی سیاسیی جۆراوجۆر هەن، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، تورک، عەرەب، فارس، ئەرمەن، یۆنانی، جوولەکە، کورد، چەرکەس، ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و فرانسی کە ڕاستەوخۆ لە شەڕەوە هاتبوون، ئەڵمان و ئیتالیی دۆڕاوی شەڕ، شۆڕشی بۆلشەڤی، ئەمریکا کە بە هۆی کێشەی خۆیەوە کشایەوە و... مەسەلەی مافی چارەنووس، تەنیا کاتێ تێ دەگەین، کە لە پەیوەندییەکانی ئەم هەموو گوتە و چەمکانە بکۆڵینەوە. خۆ ئەگەر پیاو ملکەچی بڕیارێک بێت و باسی کورد نەکات ئەوا لە ساڵانی بیست باش حاڵی نابێت، چونکە لە پەیوەندی و گەشەکردنی فاکتەکانی تر ڕۆڵیان لەسەر گەشەکردنی گێڕاوە، بەم پێیە لێنەکۆڵینەوە لە فاکتی کوردی هەر کورد ناگرێتەوە، وا ئەوە دوور نییە، کە ئەو پەیوەندییە لەو نێوەدا هەیە و مەسەلەی کاریگەرێتی-دژەکاریگەرێتیی ئۆرگانی فاکتەکان لە یەکتر بە هەڵە تێ نەگەن.

لە ڕاستیدا ئەو بڕیاری قەدەغەکردنە، کاری توێژەرەوە سانا دەکات. توێژەرەوە دەبێت لە پەیوەندی نێوان فاکتەکانی ١-٢-٣-٤ بتوێژێتەوە. لەم بارەشدا ئەو تەنیا لە فاکتەکانی ١-٢-٣-٤ دەتوێژێتەوە. ئەمەش کارئاسانکردنێکی میکانیکییە. هەڵبەتە ئەم ئاسانکردنە میکانیکییە هۆیەکی گرنگە بۆ بە هەڵە و نیوەناچڵی حاڵیبوون لە پرۆسێسە کۆمەڵایەتییەکان، تەنیا ڕێگاچارەیەک هەیە بۆ خۆڕزگارکردن لەم ناحاڵیبوونە، ئەویش دەبێت باوەڕ بە بڕیارە قەدەغەکانی سیاسەتی ڕەسمی نەدەین و ناهەقێتیی ئەم بڕیارانە ئاشکرا بکەین، بۆ ئەمەش پێویستە ڕەخنە لە سیاسەتی دەوڵەت بگرین، بەبێ ڕەخنەگرتن لەو سیاسەتە و ئاشکرا و دووپاتکردنەوەی ناهەقێتی ئەو بڕیارانە، مرۆڤ ناتوانێ دەربارەی کۆمەڵ و مێژوو زانینێکی ڕاست و ساغڵەم بخاتە بەردەست و پێشکەش بکات.

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە لە تورکیادا زەمینەی لێکۆڵینەوەی زانستییانە نییە. هەلومەرجی کاری زانستییانەش دەکرێت وا بێتە باسکردن، ئەگەر ئەو هەلومەرجە ڕێگە بدا لەسەر دیدێک ڕەخنە بگیرێت و ڕەخنەگریش بە هۆی ڕەخنەکەیەوە سزای بۆ نەیەتە پێشەوە، ئەمەش مانای وایە لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەشێ لێکۆڵینەوەی زانستییانە بکرێ و لە باری پێچەوانەشدا نەء.

ئەگەر زانستکار بە هۆی هەلومەرجی دەوڵەتەوە دەرفەتی هەبێت ڕەزامەندی و پەسەندیی جەماوەر بۆ لای بیرۆکەکەی بە دەست بهێنێت، زیاتر لەمەش بیرۆکەی خۆی کە لەگەڵ باوەڕی ڕەخنەیی دانوساندن دەکات، بە چاوی سزاوە ببینێ بیرۆکەکەی بە هیچ جۆرێک زەمینە و بناغەی متمانەیی نییە و، بێ هیچ گومانێک ئەمە دانوساندنێکی چاک نییە و بەڵکوو ئەمە بەکارهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەتییە لە دژی بیرۆکەکە. ئەمە هەروەک ئەوە وایە وەک لە یاریی تۆپێندا بە کۆت گۆڵچی لەبەردەم گۆڵدا ببەسترێتەوە و پاشان گۆڵێک بکرێت.

ڕەفتار و هەڵسوکەوتی سیاسەتی ڕەسمیی تورکی بەرانبەر بە ڕەخنە هەمیشە وا بووە و لەبەر ئەمەش هیچ بناغەی بڕوا و متمانەیەکی نییە.

سەرباری گشتی ئەمانە دەبێت مێتۆدی بیرکردنەوە و ڕەفتار بەم شێوەیە بێت:






١- وای ڕادەنوێنین زەوی بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە و ئێمە دەتوانین بە فاکتەرەکانەوە بیسەلمێنین.

٢- ئەگەر سیاسەتی ڕەسمیی دەوڵەت هەبێت و بڕیارێک دەر بکات و بڵێ: جیهان خۆی دەسووڕێتەوە بە دەوری خۆیدا بە ناپاکیی نیشتمان دابنرێت، خۆفرۆش بە دوژمنانی دەرەوە. تێزی سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا لە بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی جیا دەکاتەوە، ئەوانەی بانگەشە دەکەن جیهان خۆی دەسووڕێتەوە نایانەوێت میللەت بەختەوەر و خۆشگوزەران بێت، خەڵکان و دامودەستگای ئەوتۆیی بە هەر حاڵێک بووبێت سزای سەخت دراون، سەری ئەوانەی بانگەشە دەکەن زەوی بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە و ڕاستی دەشێوێنن پان کراونەتەوە. سیاسەتێکی ڕەسمیی ئەوتۆیی هەیە.

٣- لەژێر باری هەلومەرجێکی وادا دەبێ زانستکاری مێژوو و کۆمەڵایەتی چ بیر بکەنەوە و دەبێت چۆن هەڵسوکەوت بکەن؟ ئەمەش بۆ خۆی کرۆک و ناوەڕۆکی بیرکردنەوەی زانستییانە و ناوکی مێتۆدی زانستکارانەیە.

ئەڵتەرناتیڤی زۆر لەبەردەم ئەم بابەتەدا نییە، یان دەبێ ملکەچی سیاسەتی ڕەسمی بێت کە بانگەشە دەکات جیهان بۆ خۆی ناسووڕێتەوە، گەواهی سەبارەت بە دەوری خۆدا سووڕانەوەی جیهان دووبارەکردنەوەی قەناعەتێکی ڕوواڵەتکارانەی بەتاڵی سەرسەختانەی کوێرانە نییە، ئەمە مانا و ئەرکی بیرۆکەیەکە، کە هەموو کاتێ بە هۆی فاکتەوە بتوانرێت بسەلمێنرێت.

لێکۆڵینەوەی زانستییانە مەحاڵە گەر پیاو بەپێی ئەڵتەرناتیڤی یەکەم ڕەفتار بکات. زانست دەبێت ڕەخنە لە سیاسەتی ڕەسمی بگرێت. هەتا زانایانی کۆمەڵایەتی نەتوانن ڕەخنە لە سیاسەتی ڕەسمی بگرن ناتوانن بۆ خۆیان ڕێز و بایەخ بە دەست بهێنن.

ڕۆشنگەری بە ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی ڕەسمی دەست پێ دەکات. مەحاڵە پشت بە سیاسەتی ڕەسمی ببەسترێ و لەژێر چەتری دەسەڵاتی ئەودا دەست بە پرۆسێسی ڕۆشنگەری بکرێ، دەکرێت بە لانی هەرە زۆرەوە شەڕێکی داپۆشراو مسۆگەر بێت، ماندووبوونێکی وا لە دواکارگەریدا تەنیا خزمەتی بەرهەمهێنانی ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی تر دەکات، دەنا وەکو دیکە هیچ.

شارستانییەت بەبێ ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی دەوڵەت ناتوانێت گەشە بسێنێ. شارستانییەتیش: واتە مرۆڤ بتوانێ هەر جۆرە سیاسەتێکی ناوەکی و دەرەکیی دەوڵەت، ڕەخنەگرانە، هەڵسەنگێنێت و سزا نەدرێت. ئەم تێگەیشتنەش دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی (شارستانییەتی ڕۆژئاوا) لەبەر ئەم هۆیە دانوستاندنی زیندوو لەگەڵ سیاسەتی ڕەسمیی دەوڵەتدا بریتییە لە پرۆسێسێک کە لەگەڵ ئەم چەمکی شارستانییەتەدا پەرە دەسێنێت.

مافی مرۆڤ و ئازادیی گشتی تەنیا لەم شێوە ژیانەدا دەتوانرێت گەرەنتیی هەبێت، کاری زانستییانە تەنیا لە هەلومەرج و زەمینەیەکی وادا شیاوە، ئەمەش مانای وایە دەبێت لە باری سیاسییەوە ڕوون بێتەوە کە ڕێساکانی ناو کۆمەڵ و دەوڵەت نابێت لە ڕێگای سیاسەتێکی دەوڵەتییەوە بڕیاری لەسەر بدرێت، هەتا زانست ڕەخنە لە سیاسەتی دەوڵەتی نەگرێت هیچ ڕێزێک ناتوانێ بە دەست بهێنێت.

ڕۆشنگەری لەوێوە دەست پێ دەکات کە ڕەخنە لە سیاسەتی ڕەسمی بگیرێت. مەحاڵە بە پشتیوانیی ئایدیۆلۆژی و لەژێر چەتریدا ڕۆشنگەری دەست پێ بکات.

لە ساڵی ١٩٨٠وە ئینستیتوتی یۆک لە تورکیادا هەیە، هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئەمە گورزێکە لە دژی کاری لێکۆڵینەوەی زانستییانە و زانستگاکان دەستەوسان دەکات و پەکیان دەخات. ئەگەر زانستگەیەکی ڕاستەقینە هەبێت، ئایا دەبوو یۆک هەر هەبێت!؟

سەرنج: ئەم وتارە یەکەم جار ساڵی ١٩٨٨ لە ژمارە ١٠ و ١١ی *Yeni Aşama* بڵاوکراوەتەوە.

# کتێبخانەی مامۆستای کورد

هەر بەرهەمێک (کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە) بەتایبەتی بۆ ئەم گۆڤارە نەنێردرابێ، بە ئەرکی خۆمانی نازانین لەم بەشەدا تۆماری بکەین.

## کتێب

* جەمال عەبدول: زیوار: دەستە فەرهەنگێکی زانستییە؛ هەندێک زانستە زاراوەی کیمیا و زیندەزانی و بیرکاری و فیزیای پێویستی قۆناغی زانکۆی گرتۆتە خۆ، ئینگلیزی ـ عەرەبی ـ کوردی، یەکەم چاپ ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٥، ٣٣٦ ل.

* ئەبولحەسەن تەفرەشیان: بارزانییەکان ... چەند لاپەڕەیەک لە خەباتی سەربازە ونبووەکانی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان، وەرگێڕ لە فارسییەوە: بەختیار شەمەیی، لە بڵاوکراوەکانی بزوتنەوەی فەرهەنگیی کورد، چاپی یەکەم، هۆلەندە، جونی ١٩٩٦، ٨٠ ل.

* خەبات لە دژی کۆنەپەرستی ئیسلامی؛ ڕاستییەکان دەدوێن: لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمونیستی کرێکاری عیراق، ئازاری ١٩٩٦، ٧١ ل.

* گێڕانەوە نەمرەکانی گەلی جولەکە، وەرگێڕ: زاگرۆس زەردەشتی، بنکەی چاپی ئاهورا، ستۆکهۆڵم ١٩٩٦، ١١٨ ل.

* کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف: تەئریخی جاف، لێکۆڵینەوەی دۆکتۆر حەسەن جاف، پێشەکیی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم، بەغدا ١٩٩٥، ٢٠٨ ل.

* خوسرەو جاف: گەماڵ (ڕۆمان)، بەغدا ١٩٩٥، ٢٠٨ ل.

* د. حوسێنی خەلیقی: داستانی مافی مرۆڤ، چاپی یەکەم، سوێد ١٩٩٥، ٢٠٨ ل.

* ڕێکخستنی ڕەفتاری مرۆڤایەتی و کەسایەتیی ئیسلامی (تێگەیشتنە ئیسلامییەکان ٩-١٠)، دانانی: لێژنەی نووسەران، بەرهەمی دامەزراوەی ئەلبەلاغ، چاپخانەی: صەدر، چاپی یەکەم ١٤١٦ ک، ١٩٩٥ م، ٨٠+٤٨ ل.

* شێرکۆ بێکەس: مێرگی زام .. مێرگی هەتاو .. (شیعر)، لەسەر ئەرکی ماڵی کورد لە کۆپنهاگن، دانمارک چاپکراوە، چاپخانەی کۆمەڵەی گەلی کوردستان، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٦، ١٨٢ ل.

* الدكتور محمد صالح گابوری: المتشابە فی القران الكریم؛ مفهومە و تاریخە و دعاواه، الطبعة الاولی ١٤١٦ هـ ـ ١٩٩٥ م، ٧٨ ص.

* الدكتور محمد صالح گابوری: سبب نزول القران الكریم؛ مفهومە و تاریخە و دعاواه، الطبعة الاولی ١٤١٦ هـ ـ ١٩٩٥ م، ٤٩ ص.

* الدكتور محمد صالح گابوری: القصة فی القران الكریم؛ مفهومها و انواعها و تاریخها، الطبعة الاولی ١٤١٦ هـ ـ ١٩٩٥ م، ٤٠ ص.

* دڵسۆز حەمە: لە کۆتاییدا بیرم کەوتەوە تەماشای خۆم بکەم (شیعر)، پەخشخانەی نەورۆز، چاپخانەی کتێبی هەرزان، چاپی یەکەم ١٩٩٦، ٦٩ ل (سوێد).

* د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: ئافرەت لە مێژوودا (کورتە باسێکی مێژووی و کۆمەڵایەتی)، چاپی دووەم ١٩٩٦(سوێد)، ٨٦ ل.

* ڕەفیق سابیر: ئاوێنە و سێبەر (کۆمەڵە هۆنراوە)، لە





بڵاوکراوەکانی ڕابوون، چاپی یەکەم، سوێد، مارسی ١٩٩٦، ٨٨ ل.

* حەمە سەعید حەسەن: هاژە (شیعر)، بنکەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاپێک، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٦، ٩٦ ل.

* نەژاد عەزیز سورمێ: چەند کۆتەڵێکی جەنازەیی (شیعر و کۆلاژ)، چاپی دووەم، کوردستان ١٩٩٥، ٩٦ ل.

* هونەری گفتوگۆ (ئامادەکردنی: کۆڕی جیهانی بۆ گەنجی ئیسلامیخواز، یەکەی باس و لێکۆڵینەوە)، وەرگێڕانی: موحسین جوامێر، لە بڵاوکراوەکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کورد ـ سوێد ١٩٩٥، ١٠٧ ل.

* م. ئەمین بۆزئارسلان: مەیرۆ (پرتووکا کورتەچیرۆکان)، چاپا سسییان، وەشانخانا دەنگ، ئوپسالا ١٩٩٥، ٧٤ ڕ.

* م. ئەمین بۆزئارسلان: شەرەفا ڕستەم کەیا(پرتووکا کورتەچیرۆکان)، وەشانخانا دەنگ، ئوپسالا، چرییا پاشین ١٩٩٢، ١٢٢ ڕ.

* کاکی: خەوی بە بەختیارییەوە دەبینی (کارەساتێکی دڵتەزێن)، پاکستان، پاییزی ١٩٩١، ٢٨ ل.

* بهرام ولدبیگی (بە کوشش): حلبچە تکرار هیروشیما (ویژهء هفتمین سالگرد)، انتشارات ن والقلم، سنندج، اسفند ماه ١٣٧٤، ٢٥٨ ص (کوردستانی ڕۆژهەڵات).

* دیوانی مەستوورەی کوردستانی (کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: صدیق بۆرەکەیی ـ صەفیزادە ـ )، انتشارات ناجی، بانە، کردستان، چاپ اول، مرداد ١٣٧٤، ١٩٢ ص.

* ا. د. محمد صالح علی مصطفی: القدر، الطبعة الاولی، ١٤١٥ هـ ـ ١٩٩٥ م، ٣٦ ص.

* چۆمان هەردی: گەڕانەوەی بێ بیرەوەری (شیعر)، هێڵکاری: ڕێبوار سەعید، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کولتووری ئێران، دانمارک، کۆپنهاگن ١٩٩٦، ٩٢ ل.

* کەمال میراودەلی: گۆران، شاعیری جوانی و هونەر (لێکۆڵینەوە)، لە بڵاوکراوەکانی پەخشخانەی نەورۆز، چاپی یەکەم، سوێد ١٩٩٦، ١٧٤ ل.

* فرات جەوەری: کولتور، هونەر ئوو ئەدەبییات، وەشانێن نوودەم، چاپا یەکەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٦، ٤٢٣ ڕ.

* سیما سەمەند: خەزال (چیرۆک)، تیپگوهێزییا ژ کریلی: شەفیک کایا، وەشانێن نوودەم، چاپا دووەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٦، ٧١ ڕ.

* شەرەفخان جزیری: کولتور وو ڕامان، وەشانێن نوودەم، چاپا یەکەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٦، ١٥٠ ڕ.

* مەدەنی فەرهۆ: بانگا هاوارێ (شئیر = شیعر)، وەشانێن نوودەم، چاپا یەکەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٦، ٩٥ ڕ.

* دەروێش م. فەرهۆ: ئەڤینا ڕەبەن (شئیر = شیعر)، وەشانێن نوودەم، چاپا یەکەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٦، ٨٠ ڕ.

* سدیق هرۆری: کوڕێ زنارێ سەربلند (ڕۆمان)، وەشانێن نوودەم، چاپا یەکەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٦، ١٥٦ ڕ.

* ئەحمەدی مەلا: کتێبی شیعر (شیعر ١٩٨٧-١٩٩٥)، فرانسا ١٩٩٦، ٢٥٠ ل.

* باڤێ بارزان (بەرهەڤکار): شاهنەران؛ ژ زەنجیرا چیرۆکێن گەلێری یێن کوردی ـ ١، وەشانێن سارایێ، ستۆکهۆلم [١٩٩٦]، ٤٠ ڕ.

* جەلیل شەریفی: سێبەرە سپییەکان (شیعر)، چاپی یەکەم، چاپخانەی رستم خانی، سنە [کوردستانی ڕۆژهەڵات] ١٣٧٥ی هەتاوی، ٦٣ ل.

* مەناخیم بێگن: ڕاپەڕین (بیرەوەری)، سەرداری صدیق ئەمین کردوویە بە کوردی، لە چاپکراوەکانی پارتی سەربەخۆییی کوردستان (پاسۆک)، چاپی یەکەم، ستۆکهۆلم ١٩٩٦، ١٠٩ ل.

* بەرۆژ ئاکرەیی: لەودیو شەوی پەیڤەکانەوە (شیعر ١٩٩٠-١٩٩٥)، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٦، ٨٨ ل.

* پیرەمێرد: پەندەکانی پیرەمێرد، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: موستەفا ساڵح کەریم، مەحموود ئەحمەد محەمەد، محەمەد نووری تۆفیق، ئەحمەد زرنگ، بەرگی یەکەم، ١٤١٥ ک – ١٩٩٥ ز، ٣٠٤ ل؛ بەرگی دووەم، ١٤١٥ ک – ١٩٩٥ ز، ٣٠٤ ل؛ بەرگی سێیەم

١٤١٦ ک – ١٩٩٦ ز، ٣٠٤ ل، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا، عیراق.

* ناصر حسامی: لەودیوەوەی ڕەنگ و پەردە، چاپی دووهەم، ئینتشاراتی کانوونی یارمەتیی بۆ کوردستان، کوێلن، ئەڵمانیا، ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٧٤ (١٩٩٥)، ٨٦ ل.

* پشکۆ: گەڕان لە دووی سەرابی نیشتمان (شیعر)، چاپ: بنکەی کتێبی هەرزان، ستۆکهۆڵم ١٩٩٦، ١٠٠ ل.

* عەبدولکەریم بیئازار شیرازی: شارەهەنگ، وەرگێڕانی بۆ کو ردی: محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)، چاپی یەکەم، نووسینگەی بەڵاوەی فەرهەنگی ئیسلامی (دفتر نشر فەهنگ اسلامی)، تاران ١٣٧٤، ٥١ ل.

* ئازاد مستەفا: نەتەوە و نەتەوایەتی، چاپی سێیەم، بنکەی پەخش و بڵاوکردنەوەی نەتەوەیی، پارتی سەبەخۆیی‌ی کوردستان ـ پاسۆک، سوێد ١٩٩٦، ٢٨ ل.

* اثران تاریخیان عن الکرد، قام بتحقیق الاول و تعریب الثانی محمد جمیل الروژبیانی [توفیق وهبی: مقدمة "سیر حول الگوران"، من مقدمة کتاب الابحاث الکردیة ـ الفارسیة + توفیق وهبی: دین الکرد القدیم]، مطبوعات المجمع العلمی [العراقی]، مطبعة المجمع العلمی، بچداد ١٤١٦هـ – ١٩٩٥م، ١١٦ ص.

* محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی: خانەقین لە مێژوودا، لەبەرگی هەژدەهەم و نۆزدەهەم [ی] گۆڤاری کۆڕی زانیاری [ی] عێراق ـ دەستەی کورد دەرهێنراوە، بەغدا ١٩٨٨، لاپەڕە: ٣٣١-٣٥٥.

* محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی: خانەقین لە مێژوودا (بەشی دووەم)، لەبەرگی بیست و یەکەم و دووەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری [ی] عێراق ـ دەستەی کورد دەرهێنراوە، بەغدا ١٩٩٠، لاپەڕە: ٣٤٩-٣٧٥.

* محمد جمیل الروژبیانی: عقرة فی التاریخ، مستل من العدد الثالث والعشرین والرابع والعشرین من مجلة المجمع العلمی العراقی ـ هیئة اللغة الکردیة، بغداد ١٩٩٢، صص ٢١٣-٢٢٤.

* محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی: مێژووی حەسەنویهی و عەییاری، کۆماری عیراق، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ژمارە (٣٠٥)، دار الحریة للطباعة، بەغدا ١٩٩٦، ٢٧٦ ل.

* بێزار: خەونە وەنەوشەییەکان (کۆمەڵەشیعر)، چاپی یەکەم، چاپخانەی فراین، ١٣٧٤-١٩٩٥ [کوردستانی ئێران]، ١٩٩ ل.

* Jamil Shakely: Een vlinder aan hetraam, Davidsfonds/ Infodok, Leuven, Belgium 1996, 68 p.

* Fahmi Kakaee: Gelas om våren och andra berättelser från Kurdistan, Illustrationer av Kamal Ali Ridha, Naturia 1995, 39 s.

## گۆڤار و ڕۆژنامە

* ئاگاهداری: وەشانا مەهانە یا ئەنسیتویا کوردی ل بروکسەلێ، نر: ٢، ئادار ١٩٩٦؛ نر: ٣، نیسان ١٩٦٦.

* بینین (خاوەنی ئیمتیاز: ئەردەڵان هەردی): ژمارە: یەک، بەهاری ١٩٩٦ (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا).

* الشیوعیة العمالیة: الجریدة المرکزیة للحزب الشیوعی العمالی العراقی (رئیس التحریر: موعید احمد): العدد: ٨، نیسان ١٩٩٦.

* هەلوەست: کۆڤارا چاند وو ئەدەبیاتا کوردی (خوەدی: لۆکمان پۆلات): هەژمار: ٢، سال: ١٩٩٥، هەژمار: ٣، سال: ئادار ١٩٩٦ (سوێد).

* هەڵەبجە: گۆڤارێکی ڕۆشنبیرییە لە سوێد دەردەچێت (سەرنووسەر موحسین جوامێر)، ژمارە: ٢٦، ساڵی هەشتەم، مای ١٩٩٦ز، ١٤١٧ک.

* سروە: گۆڤاری فەرهەنگی ـ ئەدەبیی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، ئینتیشاراتی سەلاحەددینی ئەییووبی دەریدەکات، ژمارە: ١١٣-١١٤، سەرماوەز ـ بەفرانبار ١٣٧٤؛ ژمارە: ١١٥-١١٦، ڕێبەندان ـ ڕەشەمە ١٣٧٤ ساڵی یانزدەیەم ؛ ژمارە: ١١٧، خاکەلێوە ١٣٧٥ ، ساڵی دوازدەیەم، ورمێ، (کوردستانی ئێران).



* نووبهار: مەهنامەیا چاندی، هونەری، ئەدەبی (خوەدی وو بەرپرسیارێ نقیساران: سولەیمان چەڤیک، بەرپرسیارێ گشتی: سەباح کارا)، هەژمار: ٣٩، چلیا پێشین ١٩٩٥؛ هەژمار: ٤٠، چلیا پاشین ١٩٩٦؛ هەژمار: ٤١/٤٢، سبات ـ ئادار ١٩٩٦ (ئەستەمبووڵ).

* ڕەنگین: گۆڤارێکی مانگانەی سیاسیی گشتییە، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن هەموو (١٥)ی مانگێک دەری دەکات (سەرنووسەر: د. بەدرخان سندی)، ژمارە: ٨٣، ١٥ی ئەیلوول ١٩٩٥؛ ژمارە: ٨٤، مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٥؛ ژمارە: ٨٥، ساڵی ١٩٩٥؛ ژمارە: ٨٦، ساڵی ١٩٩٥؛ ژمارە: ٨٧، ساڵی ١٩٩٦؛ ژمارە: ٨٨، ساڵی ١٩٩٦؛ ژمارە: ٨٩، ساڵی ١٩٩٦ (بەغدا).

* بەیان: گۆڤارێکی ئەدەبییە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دەری دەکات(سەرنووسەر: د. بەدرخان سندی): ژمارە: ١٧٥، ساڵی ١٩٩٥؛ ژمارە: ١٧٦، ساڵی ١٩٩٥ (بەغدا).

* پەڕەسێلکە: گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی منداڵانە (خاوەنی ئیمتیاز: هەڵگورد عەبدولوەهاب، سەرنووسەر: کاکەباس)، ژمارە: ٥-١٩٩٥؛ ژمارە: ٦-١٩٩٥؛ ژمارە: ٧-١٩٩٥ (هەولێر).

* ژینی نوێ: ئاوەڵایە بۆ ڕۆشنبیری کوردی قەڵەم نەترس، میدیای جیهانیی کورد دەری دەکات، دەستەیەک لە ڕۆشنبیرانی کورد لە کوردستان و دەرەوە بە ڕێوەی دەبەن (سەرنووسەر: ڕێبوار فەتاح)، ژمارە: ٧، مارتی ١٩٩٦؛ ژمارە: ٨ و ٩، حوزەیرانی ١٩٩٦ (لەندەن).

* دلانپار: دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیریی نیشتمانیی کوردستان، ژمارە: ١، خولی شەشەم، ٢٥-٣-١٩٩٦ (فینلاند).

* الاستقلال: نشرة دوریة للحزب الاسلامی الکردستانی، العدد: ٧، رمضان ١٤١٦، فبرایر ١٩٩٦، ١٦٠٨ کردی (کولن ـ المانیا).



* پێشڕەو: ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران (کۆمەڵە)، ژمارە: ٦٨، دەورەی دووهەم، ڕێبەندانی ١٣٤٧؛ ژمارە: ٧٠، مەی ١٩٩٦، ئوردیبهشت ١٣٧٥؛ ژمارە: ٧١، ژوئن ١٩٩٦، خورداد ١٣٧٥.

* خوێندکاری کورد: گۆڤاری ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کوردە لە ئەوروپا (سۆکسە)، ژمارە: ٢٢، نەورۆزی ٢٦٠٨-١٩٩٦ (ئەڵمانیا).

* کردستان: سیاسیة، ثقافیة، شهریة،[یصدرها] المکتب الاعلامی الکردی فی النرویج، العدد: ٢٥-٢٦، شباط ـ مارس ١٩٩٦، شوال ـ ذوالقعدة ١٤١٦؛ العدد: ٢٧-٢٨، حزیران ـ تموز ١٩٩٦، صفر ١٤١٧.

* بارزان: ڕۆژنامەیەکی گشتییە لە ئەمریکا دەردەچێت (سەرنووسەر: عەبدولقادر محەمەد ئەمین)، ژمارە: ١٩ و ٢٠، ئۆگوستی ١٩٩٥؛ ژمارە: ٢١، فێبریوەری ١٩٩٦.

* ئاوێنە: ئەدەبی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی (سەرنووسەر: محەمەد عەلی چاووشی، جێگری سەرنووسەر: محەمەدی کەمانگەر)، ژمارە: ٢١ و ٢٢؛ ژمارە: ٢٣، ساڵی ١٣٧٤ (تاران، ئێران).

* ڕابوون: گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە (سەرنووسەر:ڕەفیق سابیر)، ژمارە: ١٢- ١٩٩٥؛ ژمارە: ١٣- ١٩٩٥؛ ژمارە: ١٤-١٩٩٥؛ ژمارە: ١٥ - ١٩٩٥؛ ژمارە: ١٦-١٩٩٦، ژمارە: ١٧- ١٩٩٦ (سوێد).

* پەیام: گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و کولتووریی گشتییە، سەر بە هیچ ڕێباز و ڕێڕەوێکی ڕامیاری و ئایینی نییە، گۆڤاری کۆمەڵەی کولتووریی کوردستانییە لە شاری یۆنشوێپینگ، ژمارە: ٤، بەهاری ١٩٩٦.

* نوودەم: کۆڤارا هونەری، ئەدەبی وو چاندی (خوەدی وو بەرپرسیارێ گشتی: فرات جەوەری)، هەژمار: ١٧، سال: ٥، بهار ١٩٩٦؛ هەژمار: ١٨، هاڤین ١٩٩٦ (سوێد).

* گزینگ: گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی – ئەدەبییە (بەرکار و بەرپرسی نووسین: س. چ. هێرش)، ژمارە: ١١، بەهاری ١٣٧٥ (١٩٩٦)؛ ژمارە: ١٢، هاوینی ١٣٧٥ (١٩٩٦) (سوێد).

* ئالا: ئۆرگانی پارتی سەربەخۆییی کوردستان، ژمارە: ۲۷، ڕەشەمەی ۱۹۹٦ (نۆروێژ).
* هانا: گۆڤاری وەرزی، ئەدەبی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی (سەرنووسەر): کاکە، ژمارەی دوو، مارس ۱۹۹٦ (سوێد).
* جودی: مجلة شهرية تصدرها اللجنة الاعلامية فی پارتیا اسلامیا کردستانی (دورية موقتا)، العدد: ۱، السنة: ۱٦، جمادی الاولی ۱٤۱٦ هـ (امریکا و المانیا).
* برایەتی (چاپی دەرەوە): ڕۆژنامەیەکی سیاسییە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان، مەکتەبی ڕاگەیاندنی دەرەوە، دەرئەچێت (خاوەنی ئیمتیاز: جەوهەر نامیق سالم، سەرنووسەر: فەرهاد عەونی، سەرپەرشتی چاپی دەرەوە: دلشاد میران، بورهان جاف)، ژمارە: ٥ و ٦ و ۷، ئازار و نیسان و ئایاری ۱۹۹٦ (لەندەن).
* ڕەسەن: ڕۆژنامەیەکا گشتییە، نوکە دوو حەفتی یا جارەکێ دەردکەڤیت (خودانێ ئیمتیازێ: ئەحمەد حوسێن ئەحمەد، سەرنڤیسەر: صدیق حامید خالید)، هژمارا: ۱٥، ئەینی ۲٤ی ذی القعدة ۱٤۱٦ مش، ۱۲-٤-۱۹۹٦؛ هژمارا: ۱٦، ئەینی ۹ی ذوالقعدة ۱٤۱٦ مش، ۲٦-٤-۱۹۹٦ز (دهۆک، کوردستان).
* دیدار: گۆڤاری یەکێتیی لاوانی کورد - سوێد، ژمارە: ۱٥، پووشپەڕ "یوولی" ۱۹۹٥؛ ژمارە: ۱٦، خەزەڵوەر "نۆڤەمبەر"ی ۱۹۹٥؛ ژمارە: ۱۷و۱۸، ڕێبەندان "مارس"ی ۱۹۹٦.
* ژیندان: کۆڤارا ئەدەبی، چاندی وو لێکۆلینی (بریڤەبرێ گشتی: مەروان/ماروف یيلماز)، هەژمار: ۱-۱۹۹٦ (سوێد).
* ئازادییا وەلات: ڕۆژنامەیا هەفتەیی، هەژمار: ۳، سال: ۱، ٤-۱۰ ڕەشەمی ۱۹۹٦ (ئیستانبوول - تورکیا).
* یەکگرتوو... ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە کوردی و عەرەبی دەری دەکات (خاوەنی ئیمتیاز: زهێر محەمەدئەمین، سەرنووسەر: عومەر عەبدولعەزیز)، ژمارە: ۹۰، سالی سێیەم، هەینی ۲۹ی ذی الحجة ۱٤۱٦ک، ۱۷-٥-۱۹۹٦ز؛ ژمارە: ۹٤، سالی سێیەم، هەینی ۲۸ی موحەڕڕەم ۱٤۱۷ ک، ۱٤-٦-۱۹۹٦ (کوردستان).
* ڕۆژ: مجلة ثقافية عامة تصدرها جمعية الاكراد الفيليين، العدد: ۹، تموز ۱۹۹٦ (السويد).
* سیمرغ: گۆڤارێکی فەرهەنگیی وەرزییە، یانەی هاوکار لە بەلژیک دەری دەکات (خاوەنی ئیمتیاز: فوئاد عەبدولڕەحمان)، ژمارە: ٥، سالی ۱۹۹٦.
* کەلەپووری کورد: گۆڤارێکی کەلەپووری و فۆلکلۆری وەرزییە کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد لە سلێمانی دەری دەکات، ژمارە (۷)، ئەیلوولی ۱۹۹٥؛ ژمارە (۸)، کانوونی دووەمی ۱۹۹٦.

* Kurdish Life: A Publication of the Kurdish Library, Number 16, Fall 1995, Number 17, Winter 1996, Number 18, spring 1996 (USA).

* Kurdish Review: A publication of the Kurdish National Congress, Volume VIII, Issue: 1, January 1996 (USA).

* The Georgetown COMPASS: A journal of innternational affairs, Volume V, Number 1, Winter 1995/1996 (USA).

* Yedidut: News and Views of the Israeli Kurdish Friendship League (published biannually), Volume 1, Issue 1, spring 1996.
* The International Journal of Kurdish Studies, The Kurdish Library, Volume 9, Number 1 & 2, 1996 (USA).

### ... و بەڵگەنامە

* الشيخ عمر غريب : الحرب الاهلية؛ الاسباب والنتائج والحل، ٤-٦-۱۹۹٦.
* الشيخ عمر غريب: هل الحكومات المحتلة لاجزاء كردستان دول استعمارية؟ ۷-٦-۱۹۹٦
* الشيخ عمر غريب : المثقفون العرب و القضية الكردية، اسلام اباد، ۱۲-٦-۱۹۹٦.
* مذكرة الشيخ عمر غريب الامين العام السابق للحزب






الاسلامی الکردستانی الی کافة العلماء والمفکرین المسلمین والحرکات والاحزاب الاسلامیة فی العالم، اسلام اباد، پاکستان ۱٥-٦-۱۹۹٦.
* پارتی سەربەخۆییی کوردستان (پاسۆک)، پەیوەندییەکانی دەرەوە: نامەیەک لەمەڕ هێرشی ئێران بۆ سەر بارەگای حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، ۲۸-۷-۱۹۹٦.
* کۆمەڵێک لە ڕووناکبیرانی کورد لە دەرەوەی وڵات: سەرانی یەکێتی بۆ جارێکی تریش پەڵەیەکی ڕەش بە تەوێڵی خیانەتکارییانەوە دەنێن، ۳۰-۷-۱۹۹٦.

### کاسێت

* خالید ڕەشید: کاسێتی یەکەم، ئەم گۆرانییانەی تێدان: هاوار بە مالم، ئای ئای لە من، نالین، بەهاری ڕووزەرد، هەناری، فەلەک، دووری، دانە دانە، بێجگە لە چەند پارچە مۆسیقایەکیش، ۱۹۹٦.


## Gelas om våren
### och andra berättelser från Kurdistan




Gelas bor i en liten by i Kurdistan. Gelas älskar den här lilla byn. Hon älskar våren med alla blommor och fåglar. Hon älskar månen och stjärnorna men mest av allt älskar hon sina föräldrar. Varije vår går Gelas till en blomsteräng nära byn. Då brukar hon ha en ny klänning på sig. Men den här våren har inte pappa råd att ge henne en ny klänning. Hur ska Gelas kunna få en ny klänning? Det får du veta i *Gelas om våren*. Där får du lära känna en flicka i Kurdistan - hur hon lever, vad hon fantiserar och funderar om. Gelas om våren är en barnbok, skriven av Fahmi Kakaee, med många vackra färgillustrationer av Kamil Ali Ridha. Den är på 40 sidor, inbunden, i stort format.

Jag beställer
........ ex av ***Gelas om Våren***, ISBN 91-604-0247-4, **pris 99:-** (ord bokhandelspris 131:-)

Namn:..............................................................................

Adress:........................................ Postadress:..........................................

Skicka beställningen till Naturia Förlag, Box 42053, 126 13 Stockholm
Eller faxa på nr 08-709 05 30. Telefon 08-709 04 13.

# پێداچوونەوەی چەند کتێبێک

**خالید نازدارزادە**

* David McDowall: A Modern History of The Kurds, I. B. Tauris., London 1996, 472pp.

* Genocide in Iraq, The Anfal Capaign against Kurds, issued by "Middle East Watch", New York, July 1993.

* Edgar O`Ballance: Kurdish struggle, 1920-1994, London 1995, 251pp.

دوابەدوای جەنگی کەنداو، دەرچوونی کتێب و وتار دەربارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خێراییەکی دیاری بە خۆیەوە بینیوە. لەم بوارەدا کوردیش کەوتۆتە بەر ناوی کتێب و لێکۆڵینەوە. خواستی زانیاری دەربارەی کورد لە پاش کۆڕەوی بەهاری ١٩٩١ لە لایەکەوە بازاڕی کتێب و نووسراوی دەربارەی کورد کردەوە، لە لایەکی دیکەوە کەسانێ کە خەریکی لێکۆڵینەوەن، گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە تێگەیشتنی مێژوو و سیاسەت و کولتووری کوردی لەوانەیە هەل بڕەخسێنێ بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی و هێورکردنەوەی بار و دۆخی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. سەرباری ئەمانە هەمووی زیادبوونی ژمارەی کوردی پەنابەر لە ڕۆژئاوا بە گشتی و لە ئەوروپا بە تایبەتی دۆزی کوردی لە چوارچێوەی تەسکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بردۆتە دەرەوە. هاودەم لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا ژمارەی خوێندکار و ئەکادیمیی کوردی لە زانکۆکاندا تا دێت زیاد دەکات و کاری کردۆتە سەر پتربوونی نووسین و لێکۆڵینەوە لەسەر کورد.


لێرەدا من پێداچوونەوەی چەند کتێبێک پێشکەش دەکەم، بەو هیوایەی بوار هەبێت بۆ بەردەوامبوون.

١– نووسینی کتێبێک لەژێر سەرناوی (مێژوویەکی نوێی کورد) پرۆژەیەکی مەزنە و پێدەچێت ڕووبەڕووی چەندین گرفت بێتەوە. یەکەم: سەبارەت بەوەی کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی نییە، لە جیهانێکدا دەوڵەت بنگەی هەرە گرنگی دەسەڵاتە، توێژەرەوە چ ئەرشیڤێکی کوردی ناتوانێ بەسەر بکاتەوە. لەبری ئەوە توێژەرەوە دەبێت تەواو خۆی ماندوو بکات بۆ پەیداکردنی زانیاری لە گەلێک سەرچاوەی جیاوازەوە. دووەم: لە پاش دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئاڵوگۆڕی نێو ئێران لە سەرەتای ئەمە سەدەیەدا کورد کەوتە ژێر دەسەڵاتی چەندین دەوڵەتی جوداوە، چ لە بارەی عادات و ڕابردووی سیاسی، دەستگای دەوڵەتی، گوشاری دەرەکی و چ لە بارەی پرۆژەی پاشەڕۆژیانەوە. سێیەم: مەسەلەی زمان گرنگییەکی تایبەتی هەیە: جگە لە تورکیی عوسمانی، فارسی، زمانی ئەوروپایی (پێش هەموویان ئینگلیزی، فرانسی و ڕووسی) توێژەرەوە دەبێت سەرچاوە بە زمانی تورکی، عەرەبی و کوردیش پەیدا بکات (ئەگەر لەبەر دەستدا بن). چوارەم: سەردانی





کوردستان بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و زانیاری یا ئەوەتا مەترسیی هەیە بۆ سەر ژیانی توێژەرەوە، یا بە هەموو شێوەیەک لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتانەوە کە کوردستانیان لەژێر چەپۆکدایە ڕێگەی لێ دەبەسترێت .




پێدەچێت، مەکدۆوەڵ ، هۆشیار بێت بەرانبەر ئەو گیروگرفتانە. هەر لە سەرەتادا دان بەوەدا دەنێت کە نووسینی کتێبەکەی گەلێک لەوە سەختتر بوو کە خۆی پێشبینیی دەکرد. ئەوە ناچاری کرد بەنێو ژمارەیەکی زۆری سەرچاوەی ئینگلیزیدا بچێت و کاتێکی زۆری بۆ تەرخان بکات (ل viii). پاشان پێ لەوە دائەگرێت کە کتێبەکەی دەبێت وەک هەنگاوێک سەیر بکرێت، چونکە ئەو سەرچاوانەی مەکدۆوەڵ بەکاریان دێنێت (ئینگلیزی، فرانسی و عەرەبی) تەنیا چەند لایەنێکی مێژووی کورد ئاشکرا دەکەن (لxi). لە لایەکی دیکەشەوە سروشتی ئەو سەرچاوە ئینگلیزییانەی کە مەکدۆوەڵ تا ڕادەیەکی زۆر پشتیان پێ دەبەستێت لە دید و بۆچوون و بەرژەوەندی بەریتانیاوە گەلێک نزیکن. لەبەر ئەوە مەکدۆوەڵ دەڵێت ئەگەر پرۆسەی گۆڕانکاریی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرنجی کاربەدەستە بریتانییەکانی پتر ڕابکێشایە، ئەوا ئێمەش بەڵگەنامەمان لەبەر دەست دەبوو، تێگەیشتمان دەربارەی ئەو ڕووداوانەی ئێمە دەربارەی کوردستان دەزانین جودا دەبوو و دەکەوتە ژێر پرۆسەی ڕەخنەگرانەترەوە (ل–xii).

لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا مەکدۆوەڵ ڕاپۆرتێکی دەربارەی کورد بۆ Minority Rights Group لە لەندەن نووسی. پاشان چەند جارێک ڕاپۆرتەکەی دەستکاری و نوێ کردەوە. ئەم کتێبەی ئێستای دەکرێت وەک بەردەوامێکی ئەو کارە چاوی لێ بکرێت، بەڵام لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا کە تیایدا سەرچاوەی نوێ و چاوپێکەوتن لەگەڵ سیاسەتمەداران و شارەزایانی کوردی و سەرچاوەی بڵاوکراوەی بەکارهێنراوە. شایانی باسە کە مەکدۆوەڵ شارەزایانە سیاسەت و مێژووی کورد هەڵدەسەنگێنێ و هەڵوێستی زانستییانەی نابێتە ڕێگر بۆ خستنە پێش چاوی ئێش و ئازاری خەڵکی کورد، ئاڵۆزیی دۆزی کوردی و سەختیی هەلومەرجی ژیان لە کوردستاندا. لەوەش زیاتر مەکدۆوەڵ سەرکەوتووانە هێزی دەرەکی و ناوەکی پێکەوە دەبەستێتەوە و شارەزایانە بڕیار و پرۆسەی گرنگ دەستنیشان دەکات کە کاریگەر بوون لەسەر هەلومەرجی سیاسەت و مێژووی کورد. هەروەها لێهاتووانە پیشانی دەدات کە چۆن کارلێکی ئەو هێزانە چارەسەری سیاسەتی کوردیان بە جۆرێک دارشتووە کە گۆڕینی توانایەکی

سیاسیی بێپایانی دەوێت، ئەگەر کەسێک بخوازێت ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو پاشەڕۆژێکی ڕوونتر بگۆڕێت.

کتێبی مەکدۆوەڵ، جگە لە پێشەکی کە تێیدا ژمارەی کورد، وڵاتی کوردان، گەل، زمان و ئایین و کۆمەڵ پێشکەش دەکرێت، دابەشکراوە بەسەر پێنج (کتێب)دا کە دوابەدوا لە ڕووداوە مێژوویییەکان دەدوێن.

لە کتێبی I دا باس لە کورد لە سەردەمی عەشایر و ئیمپراتۆرییەتدا دەکرێت. سەدەی نۆزدە کرۆکی باسەکە دەگرێتەوە و تیایدا چۆنێتی بەکارهێنانی کورد لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و قاجارەکاندا گرنگیی پێ دەدرێت. سەرباری لێدوان لە میکانیزمی کۆمەڵی کوردی و گرفتەکانی، ئەم بەشە بە هەڵسەنگاندێکی وردی ڕووداوە گرنگەکانی نێوان ١٩٠٨-١٩١٨ کۆتاییی پێ دێت کە تیایدا شۆڕش، ناسیۆنالیزم و جەنگی جیهانیی یەکەم بە جۆرێک باری سیاسییان لە کوردستاندا گۆڕی کە لەوەوبەر هیچ وێنەی نەبوو.

کتێبی II لە بڕیار و پرۆسەی لکاندنی کورد و وڵاتە نوێیەکانی کوردستانیان بەسەردا دابەش کرا دەدوێ. ئەو وڵاتانە، بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتەکانی پێش خۆیان، لەسەر دید و بۆچوون، ڕێکخراو و بناغەی تەواو جیا دامەزران: دەوڵەتی بە نێو نەتەوەییی ئێران، عیراق و تورکیا (مەکدۆوەڵ زۆر لەسەر سووریا نادوێ.) بە گشتی ئەمەیان باشترین بەشی کتێبەکەیە لە ڕووی بەکارهێنانی سەرچاوەی نوێی بریتانییەوە بۆ ڕۆشنایی خستنە سەر لایەنی جودای مێژووی گرنگی کورد لە نێوان سالانی ١٩١٨-١٩٣٠دا. لە چاپتەرێکدا مەکدۆوەڵ زۆر سەرنجڕاکێشانە باس لەوە دەکات کە چۆن بریتانییەکان یارمەتیی دەسەڵاتدارە نوێیەکانی عیراقیان دا بۆ لکاندنی کوردستان بەو وڵاتەوە. لێرەدا دەوری هێزی ئاسمانیی بەریتانیایی زۆر ئاشکرایە بۆ چۆکدادان بە کورد لە عیراقدا، بەتایبەت ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموود و بارزان. پاشان مەکدۆوەڵ دەچێتە سەر باسکردنی هەوڵی دەوڵەتی نوێی تورکی بۆ لکاندنی کوردستان بە تورکیاوە، ئەویش لەڕێی سەرکوتکردنی گشت هێمایەکی کورد، بەرهەڵستی و هۆشیاری و چالاکیی سیاسی.

"لەڕاستیدا" مەکدۆوەڵ دەنووسێت "ڕووداوەکانی ١٩٢٥-١٩٢٦ تەواو بیری قڕکردنی لە ئەنقەرە هێنابووە بەرهەم. لە مایسی ١٩٢٥دا گۆڤاری Vakit ئاشکرای کرد کە (لە جێیەکی بایۆنێتی تورکی دەربکەوێت لەوێ موشکیلەی کوردی نییە)"ل:٢٠٠ لەوەیش پتر، تۆفیق ڕەشید لە ساڵی ١٩٢٧دا لە دیوانی وەزارەتدا ڕایگەیاند کە کولتوور و مێنتالێتیتی کورد، بە بەراورد لەگەڵ توركدا، هێندە نزمە ناتوانن ببنە بەشێک لە سیاسەتی تورکی. جگە لەوەیش لەبەر ئەوەی توانای پێشبڕکێیان نییە تووشی پرۆسەی لەناوچوون دەبن. چاپتەری پاش ئەو لەسەر کورد لەژێر دەسەڵاتی ڕەزاشادایە. ئەویش بە دەستووری کۆن ڕاپەڕینی کوردی سەرکوت کرد و هەوڵی دا عەشایرە کوردییەکانی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

کتێبی III لە ئاڵوگۆڕی هۆشیاربوونەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێراندا دەکۆڵێتەوە. باسەکەی لەسەر کۆماری مەهاباد، پاش لێدوان لەسەر چۆنێتیی پێکهاتنی، بەوە کۆتاییی پێ دێنێ کە ئەگەرچی ئەو کۆمارە ئیلهامی دا بە ژمارەیەکی زۆری ناسیۆنالیستی کورد، لە بناغەدا کەم و کورتیی زۆر هەبوو. کۆمارەکە ڕووبەڕووی گیروگرفتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەرە سەخت بووەوە. لەپاڵ ئەوەیشدا ئەو کۆمارە چ هیوای ژیانی نەبوو بەبێ کۆمەکی سۆڤیەت. سەرۆکەکانی کۆماری مەهاباد تەواو ئاگاداری ئەو ڕاستییە بوون و لە ناخی دڵیاندا ئەوەیان باش دەزانی کە تا چ ڕادەیەک پابەندی ئەو یارمەتییەن (ل٢٤٦). هەر لەو ساتەدا کە ڕێکخراوی پاڵپشتی کۆمارەکە هەڵوەشایەوە، یەکێتیی نەتەوەیی شیرازەی پچڕا و سیاسەتی ناکۆکیی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییە جیاکانی کورد جارێکی دیکە سەر ئاو کەوتەوە. چاپتەری پاش ئەو، بە دووی ئەو گۆڕانکارییانەدا دەگەڕێت کە کۆمەڵی کوردیان لە ئێران سەرلەنوێ دروست کردەوە. گۆڕانکارییەکان: کارپەیداکردن لە دەرەوەی کوردستان، زێدبوونی ژمارەی دانیشتوان، ڕێفۆرمی کشتوکاڵی و هتد، نەک ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان هەلومەرجی نوێیان بۆ هۆشیارکردنەوەی نەتەوەی کوردی ڕەخساند. ئەو جۆرە هەستە هێزی سەرەکی بوو بۆ لێکنزیکخستنەوەی کوردەکان پاش ڕووخاندنی شا لە ساڵی ١٩٧٩دا و بەهێزکردنی بەرە و هەڵوێستی کورد لە یەک دوو ساڵی ژیانی جەمهووریی ئیسلامیدا.

لە چەند ساڵی یەکەمی جەمهووریی ئیسلامیدا ئاراستەی ئایدیۆلۆژی تەواو ئاشکرا و جێگیر نەبوو. لەو بوارەدا کورد لە ئێران سنووری سیاسیی خۆیان بەرفراوان کرد لەڕێی دەستەڵاتگرتن بەسەر ناوچە کوردییەکاندا، گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی سەبارەت بە داڕشتنی ڕێککەوتننامەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و لە دواییشدا ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ هێزی ئەرتەش و پاسداران کە لە ئەنجامیدا هێزە کوردییەکان بنکەی دەسەڵاتیان لە کوردستان لە دەست دا. جگە لە پارسەنگی هێزی سەبازی، کە بە لای حکوومەتی ئیسلامیدا شکایەوە، ناکۆکیی ئایدیۆلۆژی (بەتایبەت لە نێوان حزبی دیموکرات و کۆمەڵە) بەرەی کوردی تەواو لاواز کرد. وێڕای میلیتاریزەکردنی کوردستان. حکوومەتی جەمهووریی ئیسلامی ئەوەی خستە ڕوو کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئیسلامیدا ئوممەی ئیسلام ڕێ نادات بە سازش و بیرکردنەوە دەربارەی گیروگرفتی نەتەوایەتی. سەرەنجام هێزە کوردییەکان لە شار و شاخەکانی کوردستان گوشارێکی ئەوتۆیان هێنرایە سەر، کە ناچار بوون ڕوو بکەنە شەڕی پارتیزانی و سەرلەنوێ تێوەگلانیان لە وازیی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەو ڕاستییە لە کاتی جەنگی عیراق و ئێراندا تەواو کەوتە ڕوو. هێزی سیاسیی کورد لە ئێران تا دەهات پتر پابەندی خواست و ستراتیژی عیراق دەبوون. لە کۆتاییی هەشتاکانەوە سیاسەتی حکوومەتی ئیسلامی لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گوێزرایەوە بۆ ئەورووپا. ئەوە بوو لە کاتی وتووێژ لەگەڵ سکرتێری گشتیی حزبی دیموکرات د. قاسملۆ تێرۆر کرا. ئەوەش سەرەتایەک بوو بۆ سیاسەتی لەنێوبردنی سەرکردەکانی کورد لە دەرەوەی ئێران.

کتێبی IV دەربارەی خەباتی نەتەوایەتیی کوردە لە عیراق. مەکدۆوەڵ بە وردی لەسەر لەدایکبوونی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد لە سەردەمی پاشایەتیدا دەنووسێت، هەر لە دروستبوونی ڕێکخراوە کولتوورییەکانەوە، کە تیایاندا ژمارەیەکی دیاریکراوی سەر بە چینی نێوەند دەوری سەرەکییان بینی، تا دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان. پەیوەندی نێوان حکوومەتی مەرکەزی لە بەغدا و هێزی سیاسیی کورد بە تێروتەسەلی باسی لێ دەکرێت، بێ ئەوەی دینامیکی کرژی و ناکۆکیی نێوان هێزە کوردییەکان پشتگوێ بخرێت. سەبارەت بە سیاسەتی بەعس بەرانبەر کورد، مەکدۆوەڵ، لە شێوەی بیرکردنەوە و مامەڵەکردن لەنێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٧٠ دەدوێت، ئەو قۆناغە پڕ بوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی، گفتوگۆ، دیسان شەڕ و هێرش تا لە ساڵی ١٩٧٠دا بۆ ماوەی چوار ساڵ بە ڕێککەوتننامەی ئازار کۆتایی هات. لە لایەنی تیۆرییەوە ئەو پرۆگرامەی ئۆتۆنۆمی دەستکەوتێکی زۆر گرنگی بۆ کورد تیا بوو، بەڵام پاش چوار ساڵ ئاگربەست، هێرشی هێزی سەربازیی عیراق بۆ سەر کوردستان دووپات کرایەوە. بەردەوامبوونی شەڕی نێوان عیراق و کورد بە هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد لەژێر سەرکردایەتیی پارتیدا کۆتاییی هات.

لەئەنجامدا کورد لاواز و بێ سەرکردایەتیی سیاسی مایەوە. ساڵانی پاش ١٩٧٥ ساڵانی ڕاگواستن، بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی بەعس لە کوردستاندا و گۆڕینی شانۆی سیاسیی نێوان کورد و بەعس بوو.

لە پاش ١٩٧٥ سیاسەتی بەعس بەرانبەر بە کورد ڕێخۆشکەر بوو بۆ قڕکردنی کورد و پیادەکردنی کەمپانیای ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨دا. ڕێزاڵەبوون و لاوازیی هێزی سیاسیی کورد و کۆمەڵی کوردی، هاوڕێ لەگەڵ هۆکاری دەرەکی، وەک جەنگی نێوان عیراق و

ئێران، لەبارترین هەلی دایە دەست فەرمانڕەوایانی بەعس بۆ بەئەنجامگەیاندنی سیاسەتی وێرانکردنی گوند و شارۆچکەی کوردی و پاککردنەوەی لە هەموو جۆرە ژیانێک؛ مرۆڤ، ئاژەڵ، باڵندە، دار و درەخت و هتد. کەمپانیای ئەنفال ۱۵۰ تا ۲۰۰ هەزار کوردی لەناوبرد. ژاربارانکردن و هێرشکردنەسەر و گەمارۆدان و تۆقاندن بووە هۆی هەڵهاتنی پتر لە ۱۰۰ هەزار کورد بەرەو سنووری تورکیا لە ئابی ۱۹۸۸دا.

ئا لەو کاتەدا هەڵوێستی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی نادیار و نەرم بوو. سەرزەنشتی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە چوارچێوەی شەڕی عیراق و ئێراندا ئەوەند گشتی داڕێژرا کە نە ناوی عیراق بردرا و نە کورد وەک قوربانی باسی لێ کرا، ئەگەرچی بریتانیا هاندەری داڕشتنی ئەو بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، بەڵام، هەروەک مەکدۆوەڵ بەڕاشکاوی دەڵێت، ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان توندکردنی پەیوەندیی ئابووری خۆیان بەلاوە گرنگتر بوو. کڕین و فرۆشتن لەگەڵ عیراقێکی کە هەشت ساڵ لە شەڕدا بوو بەڵێنی بازاڕێکی گەرم و پڕسوودی دەدا. ئەو جۆرە مامەڵەیەش لەگەڵ وڵاتێکی وەک عیراقدا بەوە پاساو دەدرایەوە کە ئەو وڵاتانە هەوڵی کارپەیداکردن لە وڵاتی خۆیان و هاوسەنگیی هێزی ناوچەیی دەدەن. بێگومان ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بە حوکمی پێناسەکە ژیانی هەزران کوردی لە چوارچێوەی خۆی بەدەر دەنا (ل٣٦٣).

پاش ئەوە، مەکدۆوەڵ دەچێتە سەر باسی ڕاپەڕینی بەهاری ۱۹۹۱ و ئەو گۆڕانکارییانەی بە دوایدا هاتن. هەڵبژاردنی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دوو ساڵ کاری ئاشتی لە کوردستاندا هیوای بێوێنەی دەبەخشی، چ بە کوردی ناوچەکە و چ بەو کەسانەی چەندین ساڵە هەوڵی پاراستنی کورد دەدەن. هەتا مایسی ۱۹۹٤ سیاسەتی تەبایی، هاوکاری و لێبووردن و چاوپۆشین لە ناکۆکیی ڕابردووی نێوان ڕێکخراوە کوردییەکان زۆر کەسی گەیاندە ئەو باوەڕەی کە ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی نێوان هێزە کوردییەکان سەر بە قۆناغی پێش ئەنفال و کۆڕەو و هەڵبژاردن بوون. بەڵام مەخابن ئەو ئەزموونە تووشی هەمان هەڵە و شێوەی کارکردنی لەوەبەر بووەوە. شەڕی نێوان یەکێتیی نیشتمانی و پارتی دیموکرات نەک هەر ئەزموونەکەی بەرەو لەدەستچوون برد، بەڵکە سەرەنجامی گەلێک ترسناکی لێ دەرکەوتووە: دابەشکردنی کوردستان لە نێوان ئەو دوو ڕێکخراوەدا، سەرهەڵدانی ناکۆکیی نێوان سۆرانی و کرمانجی، بێکاری، نائومێدی، تاوسەندنی دیاردەی چەکداری، وێرانکردنی بنەمای ڕێکخراو و دەزگای مەدەنی لە کوردستان و ئامادەکردنی زەمینەی هەرە گونجاو بۆ خۆتێهەڵقورتاندنی وڵاتانی دراوسێ و هتد.

کتێبی ۷ لە خەباتی نەتەوایەتیی کورد لە تورکیا دەدوێت لە پاش ۱۹٤٦ەوە تا ئێستا. لەو ساڵەدا ڕۆژنامەیەکی تورکی ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی دەوڵەتی تورکیای دووبارە کردەوە کاتێک کە نووسیی "لە تورکیادا هیچ کات کەمایەتیی کوردی نەبووە چ لە شێوەی کۆچەری یا نیشتەجێی، بە بوون یا نەبوونی هۆشیاری نەتەوایەتییەوە (ل٣٩٥). بەڵام هەروەک مەکدۆوەڵ دەنووسێت، ئەو جۆرە نکۆڵیکردنە پتر پەرێشانیی دەسەڵاتدارە تورکەکانی دەخستە ڕوو نەک دڵنیابوونیان پاش ئەوەی دڕندانە کوردستانیان تەواو خستە ژێر دەستی خۆیانەوە (ل٣٩٥). سەرەڕای خۆدڵنیاکردنەوە بە دووپاتەکردنەوەی نەبوونی گیروگرفتی کوردی لە تورکیادا، چەند هۆکارێک پێکەوە زەمینەی سەرهەڵدانەوەی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کوردیان لە تورکیا لە دەیان ساڵی دوای جەنگی جیهانی دووەم خۆش کرد: ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەلایەتی، بارکردن بۆ دەرەوەی کوردستان، زێدەبوونی ژمارەی کورد، گۆڕانکاریی لەسەرخۆی سیستەمی سیاسیی تورکیا لە ئیستیبدادیەوە بەرەو نیمچە دیموکراتی، هتد. لە سەرەتای حەفتاکاندا ڕێکخراوی کوردی و چەپی تورکی پەیتا پەیتا بۆچوونی ڕەسمیی دەوڵەتی تورکیایان





دەخستە بەر پرسیار لەڕێی باسکردن و دانپێدانان بە بوونی کورد لە تورکیادا لە بواری جیاوازی سەرانسەری تورکیادا.

لە نیوەی دووەمی حەفتاکاندا، ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوی چەپ، پێکدادانی نێوان هێزی چەپڕەو و ڕاستڕەوی تورکی، گرژی و ناکۆکیی نێوان شارنشینان و گوندییەکان لە شارە گەورەکاندا، هێرشی ئیسلامیی ئاشکرا بۆ سەر بناغەی دەوڵەتی ئەتاتورک، هتد، گشت پێکەوە هەڕەشەی مانەوەی سیستەمی تورکیایان دەکرد. بۆ (ڕزگارکردنی) دەوڵەت، ئەفسەرە تورکەکان هاتنە سەر شانۆی سیاسی بۆ ڕێگرتن لە پەرەوازەبوونی هەندێک بیر و بۆچوونی بنچینەیی کە ئەتاتورک دەوڵەتی تورکی لەسەر دامەزراندبوو: "یەکێتیی نەتەوەیی، ئێتنیکی تورکی، پۆپۆلیزم، عیلمانی، کە هەموو پێکەوە کەوتبوونە بەر هێرش لە لایەن شەڕی نێوان گرۆ چەپ و ڕاستەکاندا، لەلایەن نەتەوەپەروەرانی کوردی، مارکسیستەکان و سەرهەڵداوانی ئیسلامی (ل٤١٣).

پ.ک.ک یەکێک بوو لەو گرووپە چەپانەی لە ساڵی ۱۹۷٤دا دامەزرا. مەکدۆوەڵ دەربارەی دیاردەی پ.ک.ک دەدوێت و باس لەوە دەکات چۆن لە ڕێکخراوێکی نهێنیی گچکەوە پەرەی سەند و لە ساڵی ۱۹۸٤دا لەڕێی شەڕی پارتیزانییەوە ڕووبەڕووی لەشکری تورکی وەستا. لەژێر سێبەری پێکدادانی لەشکری تورکی و (پ.ک.ک.)دا کورد لە تورکیادا وردە وردە ڕادیکالتر بوو (ل٤٢٦)، کارێکی کە دەوڵەتی تورکی بەرەو سیاسەتێکی نائاهەنگ بەرێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ دۆزی کورد. لە لایەکەوە یارمەتی و پشتگیریی بێپایان بۆ لەشکری تورکی ئامادە کرا تا سەر بکەوێت بەسەر پ.ک.ک.دا و، لە لایەکی دیکەشەوە باس لە دۆزینەوەی چارەسەری سیاسیی مەسەلەکە دەکرا بێ ئەوەی چ ئەنجامێکی ئیجابیی دیاری بە دەستەوە دابێت. لەم بوارەدا مردنی لەناکاوی تورگوت ئۆێزال زیانێکی زۆری گەیاند بە هەوڵدانی دۆزینەوەی چارەی سیاسی بۆ مەسەلەی کورد. لە ئەنجامی بێتوانایی‌ی سیاسەتمەدارانی تورک و کورد بۆ دۆزینەوەی چارەی ئاشتی بۆ مەسەلەی کورد (پرسی کوردی لە تورکیا) شەقاوێکی گەورەی نا: لەوەی لە ساڵانی ۷۰دا لە چوارچێوەی ململانێی چەپ - ڕاستدا خۆی دەدیتەوە. لە سەرەتای ساڵانی ۹۰دا بووە ناکۆکییەکی ئێتنیکیی نێوان تورک و کورد. زیادبوونی ژمارەی کورد لە نێوجەرگەی شارە تورکییەکاندا، هەنگاوی شەرمنانەی دەسەڵاتدات لە ئەنقەرە بەرەو دان بە کورددا نان وای لە زۆربەی تورک کرد، کورد بە هەڕەشەیەکی مەزن ببینێت. هەندێک لە تورکەکان دەستیان کردە دوان لەسەر (چارەسەری دەرسیم) کە لە ڕاستیدا دەنگدانەوەی سیاسەتی قڕکردن بوو لە ساڵانی ۳۰دا (ل٤٤٠).

پاش مردنی ئۆزال چارەی بەردەستی تورکیا تەواو دیاریکراو مایەوە. لە سەردەمی ئۆزالدا تراویلکەی چارەی ئاشتی بۆ مەسەلەی کورد و داننان بە بوونی کورد لە تورکیادا هیوای بە زۆر کەس بەخشی، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کورتیش بوو. لە ساڵی ۱۹۹٤ بەدواوە و، لەژێر دەسەڵاتی سەرەکوەزیران تانسو چیللەر، ئەو تراویلەکەیە لەژێر هێرشی سەربازی و زوڵم و زۆر لە کوردستاندا سەرەونگون بوو (ل٤٤١).

هەرچەند مەکدۆوەڵ هەوڵی کورتکردنەوەی کتێبەکەی نادات، لە (پاشەکی afterword)دا بە چەند لاپەڕەیەک بەراوردی هەر بیست چاپتەری کتێبەکە زۆر بەسەرکەوتووانە دەکات.

ئەم کتێبەی مەکدۆوەڵ لە ماوەیەکی کورتدا دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ چ لە زانکۆ و مەڵبەندە ئەکادیمییەکاندا و چ لە قوتابخانە و فێرگەکاندا، کە خەڵکی بیەوێت کەمێک لە پرسی ئاڵۆزی کورد تێ بگات. من چ گومانم لەوەشدا نییە کە ئەم کتێبە وەک سەرچاوەیەکی بەنرخ لە بواری دیراساتی بەراورددا جێی خۆی دەکاتەوە، هەروەها لەسەر باسی گۆڕانکاری لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتەوە بۆ دەوڵەتی نوێ، گۆڕانی ناکاوی نێو دەوڵەتانی فرەنەتەوە، هەروەها بۆ لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی ستراتیژی کەمایەتی بۆ بەردەوامبوون

لەسەر ژیان، گەیشتنە قۆناغی دانپێدانان و خەباتکردن بۆ زاڵبوون بەسەر ناکۆکییە ناوخۆیی‌یەکاندا لەسەر ڕێ بۆ دروستکردن و بنیادنانی نەتەوە لەژێر هەلومەرجی تا بڵێی نەگونجاودا.

سەرەڕای ئەوانە هەمووی مەکدۆوەڵ لاپەڕە لە دوای لاپەڕە جەخت لەسەر سیاسەتی عەشایری کورد و کۆمەڵی عەشایری کورد دەکات. بێگومان ئەم پێداگرتنەی مەکدۆوەڵ لەسەر توخمی عەشایر لە سیاسەتی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێناسەی دەوڵەتەیٔ خۆی لە سەرەتای کتێبەکەدا پێوە دەبەستێتەوە. بە گوێرەی ئەو پێناسە (ڤێبەری)یە دەوڵەت گەشەکردنێکی ئۆرگانیی بە خۆیەوە دەبینێت. کۆمەڵێکی کە نەگەیشتبێتە ئەو قۆناغە زۆر بە زەحمەت دەتوانێت دەوڵەت دروست بکات، بەڵام پیاو لێرەدا دەبێت ئەو ڕاستییە لە بیر نەکات کە ئەو پێناسەیە تەنانەت ژمارەیەکی کەمی وڵاتانی ئەوروپاییش دەگرێتەوە. لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەو گەشە ئۆرگانییە (لە ئاستی عەشایر بۆ کۆنفیدراڵی عەشایری و پاشان دەوڵەت) هیچ مانایەکی نییە. ئەو دەوڵەتانە دروستکراوی هەلومەرجی تایبەتی کات و شوێنی دیاریکراون: لەبەریەکهەڵوەشاندنی ئیمپراتۆریەت، خواست و بەرژەوەندی وڵاتانی ئەوروپایی و ڕێکەوت وەک هۆکارێکی ئاماژەبۆنەکراو. دەوڵەتی ئوردون، کوێت، عیراق، سوریا یاخود لیبیا چ گەشەیەکی ئۆرگانیی مێژوویی بووە هۆی پێکهێنانیان؟ هەر لە چوارچێوەی ئەو لۆژیکەشدا هەر نەتەوەیەکی تا ئێستا نەبووبێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی مانای وا نییە ئەو گەشە ئۆرگانییەی تێدا ڕوو نەداوە، بەڵکە هەلومەرجی تایبەت لە کات و شوێنی دیاریکراودا لەوانەیە بووبێتنە ڕێگر لەو بازە مێژوویی‌یە.

جگە لەوەش بەشی هەرەزۆری دەوڵەتەکانی جیهانی سێ ئەوەیان سەلماندووە کە سیاسەتی عەشایر لە هەندێک ناوچە و کۆمەڵدا وا بەئاسانی سەرەونگون نابێت هەر لەبەر ئەوەی دەوڵەتیان بەسەردا سەپاوە. ئەوەی لە عیراق و سوریا و ئوردون لەم چەند ساڵانەی دواییدا ڕووی داوە ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکات کە سیاسەتی عەشایرگەری چ ناکۆکیی لەگەڵ بوونی دەوڵەتێکی دروستکراودا نییە.

٢- ڕێکخراوی (Human Rights Watch (HRW ی ئەمریکایی (چاودێریی مافی مرۆڤ) ڕێکخراوێکی بەناوبانگ و ڕێزلێگیراوە. بۆ هەر کیشوەر و ناوچەیەک بەشێکی تایبەتی هەیە. لقی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەو ڕێکخراوە چەند ڕاپۆرت و کتێبی لەسەر عیراق، ئێران و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرکردووە. لەسەر کوردی عیراق و کامپانیای ئەنفالی حکومەتی عیراق دژ بە کورد چەند ڕاپۆرت و کتێب و ڕاگەیاندنیان دەرکردووە. ئەم ڕێکخراوە هەوڵ دەدات لەڕێی لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتن و هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ بۆ کورد هەڵکەنراو حکوومەتی عیراق بداتە بەر دادگای جیهانی بۆ تاوان بەرانبەر بە مرۆڤایەتی.

لقێکی دیکەی HRW ناسراوە بە هێلسنکی کە چاودێریی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی ئەوروپا دەکات. ئەم لقەیش چەند ڕاپۆرت و کتێبی لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە تورکیا دەرکردووە.

ئەو کتێبەی لێرەدا بۆ پێداچوونەوە لەبەر دەستدایە سەر بە لقی (پرۆژەی چەک)ە. ڕاپۆرتەکە لەسەر فرۆشتنی چەک لە لایەن وڵاتانی (ناتۆ)وە دەدوێت و پەنجەی تاوان بۆ دەوڵەت و حکوومەتی تورکی ڕادەکێشێت لە بواری پێشێلکردنی قانوونی نێونەتەوەیی‌ی سەر بە چۆنیەتیی شەڕکردن، کە تورکیا ئیمزای کردووە.

ڕاپۆرتەکە، هەر بە شێوەی باو، بە کورتەیەکی باسەکە دەست پێ دەکات و پاشان دێتە سەر ڕاسپاردەی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی پرۆسە و پراکتیکی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە تورکیا، بە تایبەت هەڵسوکەوتی لەشکر و هێزی پاراستنی تورکی لە کوردستاندا.

بەشی دووەمی ڕاپۆرتەکە دەربارەی ڕەگوڕیشەی ناکۆکیی نێوان تورکیا و ڕێکخراوی پ.ک.ک.یە. لێرەدا شارەزایانە باس لەوە دەکرێت کە چۆن ستراتیژی کامپانیای دژڕاپەڕین Counterinsurgency کاری ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر خەڵکی مەدەنیی کورد لە شێوەی ڕاگواستنی گوندنشینەکان و وێرانکردنی گوندەکانیان و سیستەمی گوندپارێزان (جاش!).

لەژێر سێبەری هێرشی سەربازی بۆ لەناوبردنی پ.ک.ک.، کە تا ئێستا پێ ناچێت هیچ سەرکەوتنی بە دەست هێنابێت، حکومەتی تورکی تاوان دەکات دژی ئەو ڕێکەوتننامە نێونەتەوەییانەی کە دەوڵەتی تورکی ئیمزای کردووە.

لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو جۆرە شێوە کارکردنە لە شەڕی حکومەتی تورکیا دژی پ.ک.ک. پتر لە ١٩٠٠٠ کەس کوژراون، لەوانە ٢٠٠٠ یان لەڕێی کوشتنی ڕاستەوخۆوە لە لایەن هێزی تایبەتییەوە بە گومانی لایەنگیرییان بۆ پ.ک.ک.، پتر لە ٢٢٠٠ گوند وێران کراون، دوو ملیۆن کورد لە زێدی خۆیان ڕاگوێزراون. ئەم جۆرە ستراتیژە ژمارەیەکی مەزنی کوردی کردۆتە بێکار، پەنابەر و بێجێوڕێ، کە لەئەنجامدا بە بۆچوونی HRW دەبنە بناغەیەکی گرنگ بۆ ڕێکخستن و بڵاوبوونەوەی ڕێکخراوی پ.ک.ک. کە پێکەوە قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ دەوڵەتی تورکی دروست دەکەن.

بەشی سێیەمی ڕاپۆرتەکە لە چۆنێتی و چەندێتیی چەک ناردن و فرۆشتن بۆ تورکیا دەدوێت لە لایەن وڵاتانی ناتۆ و چەند وڵاتێکی دیکەوە. تورکیا، کە لە ساڵی ١٩٥٢دا بووە ئەندامی ناتۆ، سوودی یەکجار زۆری وەرگرتووە لە پرۆگرامی دان و ناردنی چەک لە چوارچێوەی ناتۆدا. لێرەدا وردکارانە باس لە چۆنێتیی بەخشین و فرۆشتنی ئەو چەک و تەقەمەنییانە دەکرێت کە ناتۆ دەیداتە تورکیا. لەو وڵاتانەی لەم بوارەدا چالاکن دەوڵەتانی ئەمریکا، ئەڵمانیا، فرانسا، ئیتالیا و هۆڵەندایە. وڵاتانی دیکەی وەک ڕووسیا، بەریتانیا، ئیسپانیا و کەنەداش ناو دەبرێت.

پاش ئاشکرابوونی ڕەخنەی هەندێک وڵاتانی ئەوروپایی بەرانبەر بە تورکیا وێڕای چۆنێتیی شەڕکردن لە کوردستاندا، تورکیا هەوڵ دەدات چەک و تەقەمەنی لە وڵاتانی دیکە بکڕێت. ڕووسیا، ئیسرائیل و پاکستان لەم ساڵانەی دواییدا بوونەتە سەرچاوەی گرنگی چەک بۆ تورکیا.

هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکەم یارمەتیدەری تورکیایە سەبارەت بە کۆمەک بۆ کڕینی چەک. لە دە ساڵی ڕابردوودا کۆنگرێسی ئەمریکایی ٥,٣ بلیۆن دۆلار کۆمەکی (قەرز و بەخشین) داوە بە تورکیا بۆ کڕینی چەک. لە پاش ئیسرائیل و میسر، تورکیا سێیەمین وڵاتە لە وەرگرتنی کۆمەکی سەربازی لە هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

بەشی چوارەمی ڕاپۆرتەکە باس لە هێزی ئاسایشی تورکیا دەکات. HRW یەکە یەکەی ئەو هێزانە ناو دەبات کە لە شەڕدا بەشدارن، هەروەها شێوەی ڕێکخستن و زەخیرە و توانای تەقەمەنییان، دەوری هەر یەکێک لەو هێزانە لە بواری پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا دیار دەکرێت و دەنرخێنرێت. لەو هێزانەی کە بە تەواوی پەنجەی تاوانیان بۆ ڕادەکێشرێت هێزی (جەندرمە)، پۆلیسی گوندەکان و هەروەها یەکەی تایبەت بەو دوو هێزە کە بەرپرسیاری تایبەتی هەیە لە بواری دژڕاپەڕیندا. ئەندامی ئەو یەکە تایبەتانە، کە یەکەم فەرمانیان کاری دژ بە پ.ک.ک.یە، کەسانێکن کە سەر بە گرووپی ڕاستڕەوی تورکین و زۆر بە ڕک و کینەن بەرانبەر ناسیونالیزمی کوردی.

بەشی پێنجەم تەرخان کراوە بۆ بیستونۆ حاڵەتی تایبەت کە ڕێکخراوی HRW بە وردی لەسەری کۆڵیوەتەوە. بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەم بەشە HRW چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر خەڵک، چ لە تورکیا و چ لە کوردستانی عیراق، کردووە و هەروەها سەرچاوەی ڕێکخراوی تورکی و نێونەتەوەیی کە لە پاراستنی مافی مرۆڤ دەکۆڵنەوە.

لەو ڕووداوە گرنگانەی کە HRW بە تایبەت لێیان دەکۆڵێتەوە برتین لە بەزۆرڕاگواستنی گوندنشینەکان و وێرانکردنی گوندەکان. بە هیوای زاڵبوون بەسەر پ.ک.ک.دا لەشکری تورکی ستراتیژی خاکی سووتاو لە کوردستاندا بەکار دەهێنێ. خەڵکی مەدەنیی بێگوناه بوونەتە قوربانیی یەکەم لەم ستراتیژەدا.

ڕووداوی دیکەی کە بەتایبەت لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە ئاگربارانی بێ جیاکردنەوەیە. لەم جۆرە تەکتیکەی لەشکری تورکیدا خەڵکی بێگوناهی مەدەنی یا بریندار دەبن یا دەکوژرێن، هێزی هەوایی‌ی تورکی لەم کارانەدا گەلێک زیان دەگەیەنێ، چونکە لە کاتی هێرشی ئاسمانیدا بۆ سەر هەندێک گوند و ناوچە ڕەش و سپی لێک جیا ناکاتەوە.

ڕووداوی دیکەی تایبەت بریتین لە ئەشکەنجە و سووکایەتیپێکردنی خەڵکی مەدەنی لە بەندیخانەکانی تورکیدا. لە دوای ئەوە کوشتن بەکۆمەڵ و سەرەونگونکردنی ئەو کەسانەی گومانیان لێ دەکرێت کە سەر بە (پ.ک.ک.) بن.

شەشەم بەشی ڕاپۆرت لەسەر کار و ستراتیژی پ.ک.ک.یە بەرانبەر خەڵکی مەدەنی. لێرەدا باس لە کوشتن و ئاگرباران و هێرشکردنە سەر خەڵکی مەدەنی لە لایەن پ.ک.ک.وە دەکرێت. پاشان HRW لەسەر چۆنێتی پەیداکردنی چەک و تەقەمەنی لە لایەن پ.ک.ک.ەوە دەدوێت.

دوایەمین بەش کە دەربارەی دەوری حکوومەتی ئەمریکایە لەو شەڕەدا ئەوە دیاری دەکات کە حکوومەتی وڵاتە یەککگرتووەکان ئەگەرچی لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا گرنگی تایبەت دەدات بە پاراستنی مافی مرۆڤ لە زۆر وڵاتدا، هە رهەمان حکومەت چ گوشارێکی تایبەت ناخاتە سەر حکوومەتی تورکی لەو بارەیەوە. لەڕێی چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوە و بەرگری، HRW دەگاتە ئەو سەرەنجامەی کە حکوومەتی ئەمریکایی تەواو بەشداری شەڕی حکوومەتی تورکی بەرانبەر کورد دەکات لەڕێی ناردنی کۆمەکی سەربازی و سیاسی بۆ حکوومەتی تورکی و کەمکردنەوەی ڕەخنە بەرانبەر بە هەڵسوکەوتی لەشکر و حکومەتی تورکی لە شەڕەکەیاندا بەرانبەر بە کورد. هۆی ئەو جۆرە هەڵوێستەی ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ستراتیژی و دەوری تورکیا لەو بوارەدا.

ئەم ڕاپۆرتە، هەروەک ڕاپۆرتی دیکەی ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ (بۆ نموونە ئەمنستی و ڕێکخراوی تورکی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ) کە حکوومەتی تورکی تاوانبار دەکەن بە پێشێلکردن و پشتگوێخستنی مافی مرۆڤ، لە لایەن دەوڵەتی تورکی و نوێنەری حکوومەتەوە نەک هەر نکۆڵیی لێ دەکرێت بەڵکوو سووکایەتی بە ڕێکخراوەکانیش دەکەن و تاوانباریان دەکەن بەوەی پروپاگەندەی پ.ک.ک. لە چوارچێوەی جیاوازدا بڵاو دەکەنەوە.

ئەگەر بە وردی چاو بەو ڕاپۆرتەدا بخشێنین زۆر لایەنی گرنگی ستراتیژی دەوڵەتی تورکی بەرانبەر بە کورد ئاشکرا دەکات. لە لایەکی دیکەشەوە ئەو جۆرە ڕاپۆرتانە پشتگوێخستنیان هێندە ئاسان نابێت، بە تایبەت لە وڵاتانی دیموکراتدا کە حکوومەت و دەستگا دەوڵەتییەکان بەرپرسیارن لە بەرانبەر پەرلەمان و هەندێ مەحکەمەی تایبەت سەبارەت بە کاروباری خۆیان. ئاشکرابوونی ئەو جۆرە زانیاری و هەلومەرجانە دەکرێ سوودی لێ وەر بگیرێت بۆ هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ئازار و ئەشکەنجەی خەڵکی بێتاوان و مەدەنیی کورد. بەڵام مەرج لێرەدا زۆرن. لە لایەک دەبێت هاودەنگی هەبێت لە کارکردندا و لە لایەکی دیکەشەوە دەبێت مێتۆد و کەناڵی گونجاو و شێوەی کارکردنی شیاو بەکار بهێنرێت کە بەردەوامییەکی تایبەت بە خۆیەوە بگرێت، نەک هێرشکردنە سەر پۆلیسی ئەو وڵاتانە و هەڕەشەکردن لە سەرۆک و سیاسەتمەداران، ئەو جۆرە کارکردنانەی دوایی هەمیشە بە سوودی حکوومەتی تورکی دەگەڕێتەوە.







۳- ئێدگار ئۆبەلانس ئەفسەرێکی بەناوبانگی بەتەمەنی بریتانیایی‌یە. لە لەشکری بریتانیا لە هندستان، لە جەنگی دووەمی جیهان، لە شەڕ لە ئەفریقا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گەلێک جێی دیکە بەشداری کردووە. لە ساڵی ۱۹٤۸ بەدواوە وەک ڕۆژنامەنووس کار دەکات. بە جۆرێکی سەرەکی دەربارەی جەنگ، ڕاپەڕین، شۆڕش، پەیوەندی نێونەتەوەیی و دیراساتی ستراتیژی دەنووسێت.

یەکەم کتێبی ئۆبەلانس لەسەر کورد لە ساڵی ۱۹۷۳ چاپ کرا بە ناوی The Kurdish Revolt, 1961-1970.

کتێبی ئەمجارەی ئۆبەلانس کەمێک جیاوازیی هەیە. جگە لەوەی کە بە دوورودرێژی باس لە قۆناغی خەباتی کورد لە دوای ساڵی ۱۹۷۰ەوە دەکات، ئەمجارەیان بابەتەکەی تەرخان کردووە بۆ هەموو کورد، نەک تەنیا کوردی عیراق.

کتێبەکە لە چواردە بەش (چاپتەر) پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا بە گشتی باس لە کورد دەکات. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا و ڕووداوی گرنگی دیکەی کوردی و ئێرانی و تورکی و جەنگی یەکەمی جیهانی بە کورتی بەسەر دەکاتەوە. پاشان دەچێتە سەر دابەشکردن و دابەشبوونی کوردستان لە بەشی دووەمدا. شۆڕشەکانی شێخ سەعید، دەرسیم و سمکۆ بە تایبەت دەکاتە بابەتی گرنگ، هەروەها دەوری خۆیبوون، سۆڤیەت، سووریا و عیراق لەو قۆناغەدا.

بەشی سێیەمی کتێبەکەی ئۆبەلانس لەسەر کۆماری مەهابادە. لێرەدا باس لە دەوری کۆمەڵەی (ژ. ک)، تودە، هیوا، بارزانی و دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد دەکات. داوای سەربەخۆیی، دەوری لەشکر لەو ئەزموونەدا، شەڕ لە مامەش، تێکشکانی کۆمارەکە و پاشەکشێی بارزانی لەم بوارەدا کەم یا زۆر باس دەکرێن.

بەشی چوارەم لەسەر سەرکوتکردنی کورد دەدوێت لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی. ئەو بابەتانەی لەم بەشەدا سەرنجی نووسەر ڕادەکێشن بریتین لە: دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە عیراق، شۆڕشی ۱۹٥۸، گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت، ڕووداوەکانی مووسڵ و کەرکووک، هەڵوێستی پارتی لەو ساڵانەدا، گیروگرفتی ناوخۆیی‌ی کورد و گەڕانەوەی بارزانی بۆ شاخ. لەوەش بەولاوە بە کورتی باس لە کوردی ئێران و تورکیا دەکرێت.

لە بەشی پێنجەمدا ئۆبەلانس دەچێتە سەر شۆڕشی کورد لە عیراقدا، لەنێوان ساڵانی ۱۹٦۱ تا ۱۹۷٥. باسی ئەو ڕووداوانە زۆر لە کتێبە کۆنەکەی نزیکە و تا بەشی حەوتەمی ئەم کتێبە نوێیەی پێ دەگرێتەوە. لێرەدا باس لە هێرشە جیاکانی حکوومەتی عیراقی بۆ سەر کورد دەکات. تا بەهاری ۱۹۷٥ ئۆبەلانس حەوت هێرشی لەشکری عیراق دیاری دەکات، کە بە ڕێکەوتننامەی جەزائیر کۆتایی‌ی دێت. لەم سێ بەشەدا (پێنج تا حەوت) باسیش لە گیروگرفتی پارتی، دەوری جاش، هەوڵی عیراق بۆ کوشتنی بارزانی، دەوری ئێران و ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوانە لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی دەکات. لەوەیش بەولاوە باسی ڕێکەوتنەکانی نێوان پارتی و حکوومەت، مەرجەکانی ڕێکەوتن، گۆڕانکارییەکان و کارکردنیان لەسەر دەستووری کاتیی عیراق، هەڵوێستی تورکیا، گەلێک ڕووداوی دیکەش دەکرێت.

بەشی هەشتەمی The Kurdish Struggle دەربارەی ڕووداوە ناوچەیی‌یەکانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی ۱۹۷٦-۱۹۸۰ و کارتێکردن و ڕەنگدانەوەیان بۆ سەر کورد. بابەتی گرنگ لێرەدا شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و ئەو گۆڕانکارییانەن کە ئەو ڕووداوە هێنانیە ئاراوە و کارکردنیانە لەسەر مەسەلەی کورد لە ئێراندا. پاش کەمێک باسکردن لە کۆچکردنی بارزانی، ئۆبەلانس دەچێتە سەر هەلومەرجی سیاسیی کورد لە تورکیادا.

بەشی نۆیەم دەربارەی کوردی عیراق و ئێرانە لە ژێر سێبەری شەڕی نێوان ئەو دوو وڵاتەدا. بەشی دە تەرخان کراوە بۆ بزووتنەوەی بەرهەڵستیی کورد لە تورکیادا و بەردەوام دەبێت. بەشی یانزەیەم بۆ لێدوانی دوورودرێژ

دەربارەی ساڵی ١٩٨٨–١٩٩٠. بەشی دوانزەیەم باس لە ڕووداوەکانی کوردستانی عیراق و گەڕانەوەی کورد دەکات لە نێوان ١٩٩١–١٩٩٢دا. پێش کۆتاییهێنان بە کتێبەکەی، ئۆبەلانس، دەگەڕێتەوە سەر ناکۆکی نێوان کورد و دەوڵەتی تورکی لە ساڵانی ١٩٩٠ تا ١٩٩٤دا لە بەشی سیانزەیەمدا. پاشان لە بەشی چواردەیەمدا لەو هەلە دەدوێت کە ساڵی ١٩٩٤ دای بە دەستەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ گرفتی کورد.

وەک لەم پێداچوونەوەیە و چۆنێتیی نووسین دەربارەی ئەو کتێبە دەردەکەوێت، ئۆبەلانس، چ شتێکی نوێ دەربارەی کورد ناخاتە ڕوو. شێوەی نووسینەکەی ڕۆژنامەنووسانەیە و شێوەی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی گەلێک موشکیلە بۆ خوێنەری ڕەخنەگر دروست دەکەن.

بەڵام ئەوەی شایانی باس بێت ئەوەیە کە ئەم کتێبە بە شێوەیەکی زۆر تایبەت نووسراوە. کەسێکی کە شارەزایی لەسەر مێژوو و سیاسەتی کوردیش نەبێت دەتوانێت خێرا لە ناکۆکیی کورد و حکوومەتە مەرکەزییەکان بگات. خوێنەر زوو دەزانێت کە چ هێز و بزووتنەوەیەک لەو پرۆسەیەدا بەشدارن. پاشان خوێنەر لەوەش دەگات کە بزووتنەوەی کوردی، لەبەر هۆی تایبەتی مێژوویی و سیاسی و ئایدیۆلۆژی، گەلێک گرفتی تووش بووە، لەوانەش هەندێکیان ناوخۆیین.

دواسەرنج کە خوێنەر دەبێت لە بەرچاوی بگرێت ئەوەیە کە نووسەر ئەم کتێبە کۆنەئەفسەرە. بۆچوونەکانی زۆر تایبەتن بەو جۆرە بیرکردنەوەیە کە ئەو پێی پەروەردەکراوە. زۆربەی هێرش و شەڕی کورد بە کاری تیرۆریستانە لە قەڵەم دەدات، بێ ئەوەی چ پێناسەیەکی تایبەت بدات. لە هەمان کاتدا کە دێتە سەر هێرشی لەشکری حکوومەتەکان بۆ سەر کورد، بە هیچ شێوەیەک، ئەو جۆرە وشانە بەکار ناهێنێ. بەپێچەوانەوە هۆباڵی ئەو کارانەی لەشکری حکوومەتە مەرکەزییەکان بە ناڕاستەوخۆ دەخاتە ملی کوردی یاخیبوو!

خالید نازدارزادە، زانستگەی یۆتەبۆری

## ڕوونکردنەوەیەک

### (بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامولکی)

لە پێشەکیی بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یامولکیدا، کە لە هەردوو ژمارەی ٢٧ و ٢٨ی گۆڤاری مامۆستای کورددا بڵاوبۆتەوە، گوتبووم بۆم ساغ نەبۆتەوە کە کێ ئەم بیرەوەرییانەی بە کوردی کردوون.

پاش بڵاوکردنەوەیان سەرلەنوێ کەوتمەوە بەیجۆری ئەو مەسەلەیە و، چاوم بە کاک جەمالی حەمەسەعیدی خەیات کەوت کە کاتی خۆی دانە تورکییەکەی تایپ کردووە. کاک جەمال گوتی ئەم دانەیەم لە کاتی خۆیدا دا بە کاک ع. ع. شەونمی شاعیر تا بیداتە یۆرکیزانێک و بیکاتە کوردی. ئەوە بوو ڕۆژی ١٦–٧–١٩٩٦ سەرم لە کاک ع. ع. شەونمی شاعیر دا لە ماڵەوەیان و ئەویش جەختی کردەوە کە وەرگێڕەکەی بۆ کوردی کاک شێرزاد عەبدولکەریم مەحموودە.

ڕۆژی ٢٣–٧–١٩٩٦ سەرم لە کاک شێرزادیش دا کە ڕاستیی وەرگێڕانەکەی دووپات کردەوە. وەک لە قسەکانیدا دەرکەوت، ئەو بەڕێزە لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٨ـە لە بەغدا و پاش ساڵێک ماڵیان بۆ سلێمانی گەڕاوەتەوە. ساڵی ١٩٤٧ خوێندنی سانەویی تەواوکردووە و، هەر ئەو ساڵە لە دائیرەی مەعاریفی سلێمانی دامەزراوە تا ساڵی ١٩٨٢، بە داوای خۆی خانەنشین کراوە. ئێستا لە سلێمانی دەژی. جێی بیرهێنانەوەیە کە کاک شێرزاد کوڕی عەبدولکەریم ئەفەندییە کە خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری "ڕۆژی کورد" بوو، ساڵی ١٩١٣.

ڕەفیق ساڵەح ئەحمەد



# ئیسلامییەکان و کێشەی کورد

### بەشی چوارەم

## شێخ عومەر غەریب

هەڵوێست و بۆچوونەکانی ئەنستیتووتی لێکۆڵینەوەی ڕامیاری:

ئەنستیتووتی لێکۆڵینەوەی ڕامیاری، ئەنستیتووتێکی ئیسلامی و سەر بە (اخوان المسلمین)ە و مەڵبەندەکەی لە ئیسلامابادی پێتەختی پاکستانە و لە ساڵی ١٩٧٩دا دامەزراوە و بەشە عەرەبییەکەشی لە ساڵی ١٩٨٩وە دامەزراوە.

بۆ زانیاریی زیاتر ئەو ئەنستیتووتە بە ڕۆڵی سەرۆکی کۆمەڵەی ئیسلامیی پاکستان دامەزراوە. ئەم کۆمەڵەیە بە ئیخوانی پاکستان ناسراون، لە زۆر ڕووی ئایدیۆلۆژی و ڕامیاری و کۆمەلایەتی و شێوەی خەبات و تێکۆشین، لەیەکەوە نزیکن و تەنانەت کۆمەڵەی ناوبراو بەهێزترین و بە جەماوەرترین پارتی و بزاڤی ئیسلامییە لە پاکستان و چەندین لقیشی لە هیندستان و بەنگلادیشدا هەیە. سەرۆکی ئەنجومەنی ئومەنای ئەنستیتووتی ڕامیاری پرۆفیسۆر خورشید ئەحمەدە، کە یەکێکە لە ڕێبەران و یاریدەدەری سەرۆکی کۆمەڵەی ئیسلامیی پاکستان و هەروەها ئەندامی پارلەمانی پاکستانە. ئەنستیتووتی ناوبراو بڵاوکراوە و گۆڤارێکی هەفتانەی هەیە بە زمانی عەرەبی بە ناوی (قضايا دولية)، هەروەها کتێب و چاپکراوی دیکەش بڵاودەکاتەوە و سێمیناریش لەسەر کێشەکانی عارەب ومیللەتە موسوڵمانەکانی تریش دەگێڕێ و بە توندی بەرگری لە ئازادی و سەربەخۆیی ئەوان و ڕزگاربوونیان لە داگیرکەران دەکات، تەنیا میللەتی کورد و نیشتمانەکەی کوردستان نەبێت!.

لە سەروتارێک بە ناوی "العراق بين خمسة خطوط عرض" بە پێنووسی تەوفیق غانم کە باسی پیلانەکانی ڕۆژاوا دەکات بە تایبەت ئەمەریکا بۆ دابەشکردنی عیراقی عارەب و لاوازکردنی باری ئابووری و نەهێشتنی چەکی قورسی سەربازییەکەی، بە مەبەستی ئەوەی ئیسرائیل بە هێمنی بحەسێتەوە و مەترسیی لەسەر نەمێنێ و لە دواییدا دەڵێ: "لەبەر نەبوونی بەرەیەکی ئیسلامی یا عارەبی هێزدار و لە سایەی ململانێی نێوان وڵاتانی سەر بەم دوو بەرەیە و دەسەڵاتی ئەمەریکا و پیلانەکانی ڕۆژاوا، ئەمڕۆ بەرەو پێشەوە دژ بە عیراق دەڕوا و سبەینێ دژ بە دەوڵەتانی تریش و تەنانەت دوور نییە هێزە جەماوەرییەکانیش بگرێتەوە، بە ناوی خزمەت گەیاندنی مرۆڤانە بە مەبەستی خۆسەپاندن بەسەر هەموو بارودۆخ و تەنانەت بەسەر هێڵی پان و درێژی جوگرافیای فەلەکیشدا.[1]

گیروگرفتی ئێمەی کورد لەگەڵ ئەوانەدا ئەوەیە کە چۆن و بە چ شێوەیەک حاڵی دەبن و بە چ زمانێک لەگەڵیان بدوێین، تا تێبگەن کە کوردستان و میللەتی کورد بەشێک نین لە ئوممەی عارەبی و نیشتمانی عارەب، کە ئەوان دەڵێن سنوورەکەی لە کەنداوەوە تاکوو ئۆقیانووسە!. دەبێ ئەوان چاک بزانن کە کوردستانی

بندەست و کۆلۆنیکراو، نیشتمانی دێرینی نەتەوایەتیی میللەتی کوردە و میللەتانی موسوڵمانی عارەب و تورک و فارس خاوەنی نین. بە زمانی ئیسلام و بە یاسای قورئان و حەدیس و برایەتیی ئیسلامی لەگەڵیان دەدوێین هەر قەبووڵ ناکەن، بە زمانی مرۆڤایەتی و دادگەری و ویژدان لەگەڵیان دەئاخڤین دیسان هەر سوودی نییە. لەگەڵ ئەو هەموو باری بەڵگە و یاسا و قەراراتی ئایین و مرۆڤایەتی و عورف و باوونەریتە و یاساکانی ئەمڕۆی جیهان سەبارەت بە مافی میللەتان و مافی ڕەوای چارەنووس، دیسان هەر قەبووڵ ناکەن و دەڵێن هەر قسەی خۆمان ڕاستە و کورد گوتەنی "بشفرێ هەر بزنە".

هەمدیس لە هەمان ڕاپۆرت و لە هەمان ژمارەدا، بە نێوی هەموو بزاڤە ئیسلامییەکانەوە، پەنجەی تاوان ئاراستەی ئەمەریکا و ڕۆژاوا دەکات سەبارەت بە دابەشکردنی عیراق و دەڵێ: بزاڤ و هەموو کۆمەڵە ئیسلامییەکان لە جیهاندا نارەزاییی خۆیان ڕادەگەیەنن سەبارەت بە قەراری ڕۆژاوا دەربارەی دابەشکردنی خاکی عیراق. هەروەها (حركة المقاومة الاسلامية فی فلسطين ـ حماس ) لە ڕاگەیاندنێکدا نارەزاییی خۆی سەبارەت بە هەنگاوهەڵهێنان بۆ دابەشکردنی عیراق لەلایەن ئەمەریکا و ڕۆژاواوە مەحکووم دەکات. هەروەها یەکێتیی بزاڤی ئیسلامی لە پارلەمانی ئوردون، لە ڕاگەیاندنێکیدا لە ڕۆژی ٢٦-٨-١٩٩٢ دەڵێ: "بێگومان پارلەمانتەرەکانی بزاڤی ئیسلامی، اخوان المسلين، بەو چاوەوە تەماشای ئەم ئابلۆقە داسەپاوەی سەر عیراق دەکەن کە ڕاگەیاندنی جەنگە لەلایەن ئەمەریکا و ئەوروپاوە دژ بە میللەتی عارەبی موسوڵمانی عیراق بە مەبەستی لەناوبردن و پچرپچڕکردنی." [٢]

نووسەرێکی سەربازیی ئیسلامی دیکە بەناوی (لواء ا. ج/ طلعت مسلم) لە ڕاپۆرتێکی (قضايا دولية)دا وتارێکی نووسیوە لەژێر سەردێڕی "النظام الدولی و الامن القومی العربی"، تێیدا دەڵێ: "داسەپاندنی ناوچەیەکی ئارام لە عیراقی عارەبدا، بۆ هاندانی کەمەنەتەوایەتییەکانە بۆ سەرپێچی کردن لە ڕێژیمی ناوەندیی عارەب، بە بیانووی دابینکردنی مافی چارەنووس بۆ ئەو کەمایەتییانە".[٣] لەلایەکی دیکەوە سەرنووسەری گۆڤاری (قضايا دولية) لە ژمارەیەکی پاشتردا، سەروتاری خۆی لەژێر ئەم ناونیشانەدا دەنووسێ: (العراق و سيناريو اللانظام) دەڵێ: "مقۆمقۆیەک لە ئارادایە دربارەی پیلانێکی ڕۆژاوا بە ڕێبەرایەتیی واشنتۆن، بۆ دابەشکردنی عیراق بە مەبەستی لاوازکردن و گەمارۆدانی وەکوو هێزێکی ئیقلیمی، لە چوارچێوەی پیلانێکدا بۆ دووبارەکێشانی نەخشەی ناوچەکە، بۆ ئەوەی لە سەرەنجامدا دەوڵەتێکی کوردی لەسەر حیسابی خاکی عیراق و تورکیا و ئێران و سووریا بێتە ئاراوە، بە مەبەستی بێهێزکردنی ئەم دەوڵەتانە بەرانبەر ئەمەریکا"[٤]

ئەو نووسینانەی سەرەوە پڕن لە سووکایەتی و دژایەتی نواندن بەرانبەر بە میللەتی کورد و دژ بە دادگەری و ئیسلامەتی و تەنانەت دژی یەکسانی و مرۆڤایەتییە، لەلایەکی تریشەوە چەواشەکردنی ڕاستییە مێژووییەکانە، چونکە ئەگەر دەوڵەتێکی ئەوتۆی کوردی دابمەزرێ، ئەو دەوڵەتە لەسەر حسێبی مافی میللەتان و خاکی عیراق و تورکیا و ئێران و سووریا نابێ، بەڵکە مەسەلەکە تەواو بە پێچەوانەوەیە، چونکە ئەو دەوڵەتانە لە بنەڕەتدا لەسەر حیساب و ماف و خوێن و نەوت و ئاو و کانزا و زێدی وڵاتی کوردان دامەزراون. بەڵگە مێژووییەکان و پەیمانە نارەواکانی ساڵانی ١٢٨٦ و ١٥٥٤ و ١٦٣٩ و ١٨٢٣ و ١٥١٤ و ١٨٤٧، لە نێوان هەردوو دەوڵەتی تورکە عوسمانییەکان و فارسە سەفەوییەکاندا، باشترین بەڵگەیەکی مێژوویی سەلمێندراون، کە لە ئەنجامی ئەو پەیمانە نارەوایانەدا بۆ یەکەمین جار خاک و زێدی کوردان بەسەر ئەو دوو ئیمپراتۆرییەتەدا دابەش کراوە، پاشتریش پەیمانە ئیمپریالیستییەکانی ساڵی ١٩١٦، پەیمانی سایکس-پیکۆ، و ١٩١٩ی سانرێمۆ و ١٩٢٠ی سیڤەر و ١٩٢٣ی لۆزان و ئەوانی تریش، بە گشتی ئەو ڕاستییانە دەسەلمێنن و شایەتی مەزلوومییەتی کوردن، لەلایەکی





دیکەشەوە بێویژدانی و بوختان و چەواشەکردنی ڕاستییە مێژووییەکان لەلایەن ئەو پارتی و ڕێکخراو وبزاڤە ئیسلامییانەوە دەسەلمێنێ لە گشت تۆژینەوە و بیر و بۆچوونەکانیاندا.

ئەگەر یەکێکی ناشارەزا ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوانەی سەر بە ئیخوان ئەلموسلمین بخوێنێتەوە، وا تێدەگات کە میللەتی کورد وڵاتانی عیراق و ئێران و تورکیا و سووریای کۆلۆنی و داگیرکردووە، قەت بە لای ئەوەدا ناچێ کە ئەوان کوردستانیان داگیر و پارچەپارچە کردبێت. بەوەشەوە ناوەستن هەرچی خێروبێری کوردستان هەیە تاڵانی دەکەن و بە زەبری ئاگر و ئاسن و تەنانەت بە چەکی کیمیاوییش لەگەڵ دانیشتووانیدا ڕەفتار و مامەڵە دەکەن.

باشە ئەوە چ جۆرە ئیسلامێکە ئێوە دەیناسن؟ ئایا ئێوە بە چ شێوەیەک تەفسیری مرۆڤ و مرۆڤایەتی و یەکسانی و دادگەری و برایەتی دەکەن؟ ئایا ئێوە بە چ شێوەیەک تەفسیری مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان و میللەتان و ئازادی دەکەن؟. من دڵنیام لەوەی کە دەبێ میللەتی کورد دووبارە ئیسلام بە عارەب و تورک و فارس بناسێنێتەوە، چونکە بەڕاستی لە ئیسلام لایان داوە و ئیسلامیان کردووە بە پێکارێک بۆ زەوتکردنی مافی میللەتان و داگیرکردنی نیشتمانەکەیان و لەناوبردنی ئاسەوار و فەرهەنگ و مێژوو و ڕۆشنبیری و فۆلکلۆر و کەلەپووریان. ئەو ئیسلامەی ئەوان دەیناسن نەک هەر دوورە لە ئیسلام و یاسای ئیسلامەتی، بەڵکە دژی ئەو و دژی هەموو عورف و دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی و دادگەری و شارستانییەتە. ئەو ئیسلامەی ئەوان دەیناسن ئیسلامێکە تەنها بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە نەتەوایەتی و ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکانی خۆیان.

ئەوان هاواری ئەوەیان لێ هەڵساوە کە دەوڵەتانی ئەوروپا پیلان دەگێڕن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچەکەدا. باشە بۆچی ئەوەی کە بۆ خۆیانی بە ڕەوا دەبینن بۆ میللەتی کورد نارەوا بێت؟ ئایا میللەتی کوردیش وەک ئەوان مرۆڤ و ئیسلام نییە؟. میللەتی کورد مافی ڕەوای خۆیەتی، نەک هەر ڕوو لە ڕۆژهەڵات یا ڕۆژاوا بکات، بەڵکە هەموو شتێکیش بە کار بهێنێ بۆ دابینکردنی مافی ڕەوای خۆی و بۆ ڕزگاربوونی لە داو و بەندی کۆیلایەتی و داگیرکردن و ژێردەستەیی و بۆ دامەزراندنی کیانێک و دەوڵەتێک بۆ خۆی و لەسەر خاکی نیشتمان و زێدە دێرینەکەی، کوردستان.

ڕاپۆرتی (قضايا دولية) لە ژمارەیەکی دیکەیدا بە کورتی باسی کتێبێک دەکات بەناوی "الاقليات فی الواقع العربی ـ الاندماج و التجزئة" لە نووسینی (عبدالله الحسن)، کە نووسەرێکی عارەبی ئیسلامیی خەڵکی سووریایە، کتێبەکە لە ساڵی ١٩٩٥ لە دیمەشق چاپ و بڵاوکراوەتەوە. هەر بە ناونیشانی کتێبەکەدا دەردەکەوێت کە نووسەری ناوبراو چ بیروبۆچوونێکی هەیە سەبارەت بە کورد و میللەتانی دیکەی غەیری عارەب و ڕێگاخۆشکردن بۆ تواندنەوەیان لەناو کۆمەڵگای عارەبدا. بە ڕای ئەو نووسەرە دەبێ هەموو کەمە نەتەوایەتییەکان لە واقیعی کۆمەڵگای عارەبدا بتوێتەوە، ئەگەر وا نەبێت ئەوا دژ بە عارەب و ئوممەی ئیسلام و جوداخوازن و لەگەڵ ئیسرائیل و ڕۆژاوادا هاوبەشن لە پیلانگێڕان بۆ دابەشکردن و پچرپچڕکردنی ئوممەی عارەبی و نیشتمانی عارەب، هەر وەک ڕاپۆرت و کتێبەکە بە ڕاشکاوی باسیان لێوە دەکات. هەروەها لەبارەی کێشەی کوردەوە ڕاپۆرتەکە درێژەی هەیە و دەڵێ: "ئەوەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی عارەبیدا ڕوودەدات، هەر لە جەنگی کوردەکانەوە دژ بە عیراق بیگرە، هەمووی لەژێر سایە و چەتری ڕۆژاوادا ئامادە دەکرێ".[٥]

لە شوێنێکی دیکەدا لەژێر ناونیشانی "سایکسپیکۆیەکی نوێ"دا دەڵێ: "پیلانگێڕانی ئەمەریکا بە مەبەستی پچرپچڕکردنی نیشتمانی عارەب، بۆ چەند کیانێکی کارتۆنی، وا نەبێ حاڵەتێکی نوێ بێ لە سیاسەتی ئەمەریکا و ڕۆژاوادا، بەڵکە سیاسەتێکی کۆن و داڕێژراوە".[٦] پاشان ڕاپۆرتەکە باسی مێژووی کێشەی کورد دەکات لە باشووری کوردستان، یا وەک

ئەو ناوی لێ ناوە "گیروگرفتی کوردی" و دەڵێ: "ئەوەی بەڵگەنەویستە، لە ڕابوردوودا و لە پێش دەست تێوەردان و خۆتێهەڵقورتاندنی ئەوروپاوە لە کاروباری نیشتمانی عارەبدا، بە تایبەتیش لە پێش داگیرکردنی "بەسرە"وە لە ساڵی ١٩١٤دا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، هیچ زەمینەیەکی ماددی نەدەڕەخسا بۆ پچڕپچڕکردنی کۆمەڵگای عارەبی و هیچ کێشەیەک نەبوو بە ناوی کێشەی کوردەوە".(٧)

کێشەی کورد، کێشەیەکی مێژینەیە و چەند سەدەیەکە پەیدا بووە، نەک وەک ئەو نووسەرە باسی لێوە دەکات، کە گوایە لە دوای کەوتنی بەسرەوە پەیدا بووبێ. مێژووی کێشەی کورد هاوتا لەگەڵ کێشەی دوو ئیمپراتۆرییەتەکەی عوسمانی و سەفەویدا، دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەک. کێشەی کورد کێشەیەکە لە چوارچێوەی کوردستانی گەورەدا و پچڕپچڕ ناکرێ، چونکە کێشەی یەک میللەت و یەک وڵاتە، هەر وەک ئەوان دەڵێن عارەب یەک میللەتە و یەک نیشتمانی هەیە. ئەوەی سەیرە ئەوان ئەم مەبەستە بۆ خۆیان بە ڕەوا و حەڵاڵ و زوڵاڵ دەزانن، بەڵام ئەگەر میللەتی کورد باسی لێوە بکات، ئەوە بڤە و حەرام و ناشەرعی و یاساغە!.

ڕاپۆرتی (قضايا دولية) و کتێبی ناوبراو بە دووقۆڵی نووسینێکیان هەیە بە ناونیشانی "الاقتداء الاقلوى باسرائيل" تێیدا دەڵێن: "ئیسرائیل ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ بۆ ئاژاوەنانەوە و هاندانی کەمایەتییەکان بۆ سەرپێچی کردن و جیابوونەوە لە کۆمەڵگای عارەبیی خۆیان".(٨)

ئەوانە هەر بزاڤ یان جموجووڵێکیان بەدڵ نەبوو، یان بە پێچەوانەی ئارەزوو و ویستی خۆیان بوو، یەکسەر مارکی بەکرێگیراویی ئیسرائیل و ڕۆژاوای پێوە دەنێن، سەرباری دەیان درۆ هەڵبەستن و بوختانی ناڕەوا و تەنانەت شێواندنی ڕاستییە مێژووییەکانیش. ئەوان بزاڤی ئازادیخوازانەی ڕەوای میللەتی کورد، بۆ ڕزگاربوون لە چەوسانەوە و ستەم و کوشتن و بڕین و ژێردەستەیی و کۆیلایەتی، بە هاندانی ئیسرائیل دەدەنە قەڵەم و زۆر بێشەرمانە دەڵێن ئەو کەمایەتییە (واتە کورد) لە کۆمەڵگای ڕەسەنی عارەبی خۆی دادەبڕێ، بە زۆریش بێ دەیانەوێ کورد بە عارەب بدەنە قەڵەم و لەنێو کۆمەڵگای عارەبیدا بیتوێننەوە. جێگای سەرسووڕمانە کە ئەوان خۆیان بە جێگری شەرعیی ڕەوای گشت پارتی و بزاڤ و ڕێژیمە عیلمانییەکان دەزانن!. ئەوان بە گوێرەی کردەوە و بەپێی بیروبۆچوون و پرۆژەکانی خۆیان بێ، نەک هەر جێگر نین، بەڵکە زۆریش لەوەوە دوورن کە تەنانەت بتوانن لە یەک ناوچەیەکی بچووکیش بێ، دادگەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و بەرابەری و ئازادی بەرقەرار بکەن، باشترین بەڵگەیەکیش بۆ ڕاستی و دروستیی قسەکانمان، پرۆژە ڕامیارییەکەیانە سەبارەت بە میللەتان و بە تایبەت میللەتی کورد.

دوابەدوای ڕاپۆرتی (قضايا دولية) نووسەری کتێبەکە، عەبدوڵڵا ئەلحەسەن، دەڵێ: "بێگومان وا نەبێ ئیسرائیل تەنیا بێ لە پیلانگێڕان بۆ پارچەپارچەکردنی نیشتمانی عارەب، پێوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و کوردەکانی عیراق و جوداخوازەکانی باشووری سوودان، لەلای هەموو کەس ڕوون و ئاشکرایە، تەنانەت دامودەستگا ئیستیعمارییەکانیش، بەتایبەتی ئەمەریکا دەستیان لەو پیلانەدا هەیە".(٩)

عارەبەکان بە ئیسلامی و ئەوانی تریانەوە، تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەمیان نەبێت، سەبارەت بە کێشەی کورد، بە شێوەیەکی نامرۆڤانە و نادادگەرانە و بێویژدانانە دەنووسن و دەئاخڤن. ئەوان بۆ دانانی کۆسپ و تەگەرە لە ڕێی ئازادی و سەربەخۆییی میللەتی کورددا، سوود لە هەموو شتێک وەردەگرن، ئەوان پشت بە ئیسلامێکی سەقەت و چەواشە و دروستکراوی دەستی خۆیان و پشت بە فەتوای نامرۆڤانەی (وعاظ السلاطين) و پشت بە ئاگر و ئاسن و چەکی کیمیاوی و تەنانەت بە دەستگا جیهانییەکانی ئیمپریالیزمیش دەبەستن و دەکۆشن بۆ ئەوەی کورد و کوردستان هەر بە دیلی و ژێردەستەیی و دابەشکراوی بمێنێتەوە، ئەگەریش داوای کەمترین مافی ڕەوای خۆی کرد، ئیتر دەیکەنە ڕۆژی خۆیان و بە پەلە فەرمان و فەتوای چەواشە و دوور لە ڕاستی و ئایینەوە دەردەکەن، بۆ خنکاندنی دەنگی





ڕەوا و زوڵاڵی کورد. هەر لەبەر ئەوەشە کە نووسینەکانی ئەم لایەنانە، ئەوەندە بێهێز و بێپێز و لاواز و بێمانا و دژ بە یەکن، تەنانەت پێویست بە بەڵگەهێنانەوەش ناکا، بۆنموونە:

١. ئیسلامییەکان وەک دەڵێن دژ بە سایکس ـ پیکۆن و زۆر خۆشحاڵ بوون کە هەردوو یەمەنی عارەبی وەک جاران بوونەوە بە یەک، هەروەها ئەوان خەبات دەکەن بۆ یەکێتیی نەتەوەی عارەب و نیشتمانی عارەبی، بەڵام بە پێچەوانەوە دژی یەکبوونی کورد و کوردستانن و دەڵێن کوردستان دەبێ هەر دابەشکراو بێت. لە هەمووی سەیرتریش ئەوەیە ئەوان ناوی کوردستان ناهێنن، وەک ئیمپریالیستییەکی ڕۆژاوا دەڵێن باکووری عیراق و ڕۆژهەڵاتی تورکیا و ڕۆژاوای ئێران، لەولاشەوە کە میللەتی کورد داوای یەکێتیی نیشتمانەکەی دەکا، دەیان بوختان و تۆمەتی بۆ هەڵدەبەستن.

٢. ئیسلامییەکان وەک دەڵێن خەبات دژی ئیمپریالیزمی جیهانی دەکەن لەپێناو سەربەخۆییی میللەتی عارەب و میللەتانی موسوڵمان و ڕزگارکردنیان لە داووبەندی داگیرکردن، بەڵام سەبارەت بە کورد و کوردستان هەڵوێستیان سەد لە سەد بە پێچەوانەوەیە.

٣. ئیسلامییەکان ئەو مافە بە ڕەوا دەزانن بۆ گشت میللەتان، کە هەر میللەتێک حوکوومەت و ویلایەتی خۆی هەبێ و سەر بە دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی بێت، بەڵام ئەو مافە بۆ میللەتی کورد بە ڕەوا نازانن.

٤. ئیسلامییەکان دەڵێن ئێمە دژی سایکس ـ پیکۆین، بەڵام لە ڕاستیدا بە کردەوە دیواری ناپیرۆزی سایکس ـ پیکۆ قایم و قایمتر دەکەن، کە مەسەلە هاتە سەر میللەتی کورد.

٥. ئیسلامییەکان دەڵێن ئیمپریالیزمی جیهانی پیلان دەگێڕێ بۆ لەتلەتکردنی نیشتمانی عارەبی و کورد وەک نموونە دێننەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئیمپریالیزمی جیهانی دژ بە سەربەخۆییی کورد و کوردستانە، ئەوان خۆشیان لە ئێمە چاکتر دەزانن کە کوردستان بە دەستی ئینگلیز و فەرانسا دابەش و لەتلەت کراوە.

٦. دەڵێن ئیسرائیل پیلان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەگێڕێ، بەڵام خۆیان لە هەموو کەسێک باشتر دەزانن کە ئیسرائیل، لە هەموو ئەو لایەنانە زیاتر دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییە. ئەوان دەڵێن ئیسلام و ئایینی ئیسلام، یاسایەکی جیهانی و ئینتەرناسیۆنالیستییە و بۆ گشت میللەتانی سەرزەوییە، بەڵام ئەوان تەنانەت بە پێچەوانەی قسەکانی خۆیشیانەوە ڕەفتار دەکەن، بۆ نموونە:

یەکەم: ئەوان میللەتانی ناعارەب بە کەمایەتی دادەنێن.

دووەم: داسەپاندنی زمانی عارەبی بەسەر میللەتانی ناعارەبدا، نەک هەر ئەمە و بەڵکە دابونەریت و کەلەپووری نەتەوایەتیشیان بەزۆر فەرز دەکەن.

سێیەم: دانانی زمانی عارەبی بە باشترین زمانی سەر ڕووی زەمین.

چوارەم: ناساندن و برەوپێدانی شارستانییەتی ئیسلامی بە شارستانییەتی ئوممەی عارەبی، لە کاتێکدا میللەتانی کورد و فارس و تورک، گەورەترین ڕۆڵیان بینیوە لە پێشکەوتن و بەهێزکردنی شارستانییەتی ئیسلامی لە هەموو بوارەکاندا.

پێنجەم: دەڵێن: دەبێ سەرۆکی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی عارەب بێ و نابێ لە نەتەوەیەکی دیکە بێت، ئەو بیروبۆچوونانە لە زۆرینەی کتێبە کۆن و نوێیەکانی ئەو لایەنانەدا دووپات کراوەتەوە. شایانی باسە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٤دا لێکۆڵینەوەیەکم سەبارەت بە سیستەمی ڕامیاری لە ئیسلامدا بۆ گۆڤاری (الجهاد) لە پیشاوەر نووسی کە پێشتر لەگەڵ سەرنووسەری گۆڤارەکەدا وا ڕێک کەوتبووین، کە بە شێوەی زنجیرەوتارێک بڵاو بکرێتەوە. دوای چەند ڕۆژێک ناوبراو پێی ڕاگەیاندم کە ناتوانێ باسەکە بەو شێوەیەی ئێستای بڵاوبکاتەوە، لەبەر ئەوەی نووسیومە کە مەرج نییە سەرۆکی دەوڵەتی خیلافەت عارەب بێت. وتی ئەمەش بە پێچەوانەی بیروڕای ئێمەیە کە دەبێ عارەب و لە خێڵی قورەیشیش بێت. ئەگەر ڕەچاوی ئەو لایەنە بکەیت، ئەوا باسەکەت بە زنجیرە بڵاودەکەینەوە. وتم زۆر بەڵگە هەن لە قورئان و

حەدیس کە بۆچوونەکانتان ئیسلامی نین، ئەوەی ئێوە دەیڵێن مەسەلەیەکی نەتەوایەتی و دەمارگیری و داسەپاندنی عارەبە بەسەر میللەتانی تردا، کە ئەمە لە خۆیدا دژ بە یاسای پیرۆزی ئیسلامە. هەروەها پێم ڕاگەیاندن کە تورک لە تورکیا و فارسیش لە ئێران هەر بەم شێوەیەی ئێستای ئێوە بیر دەکەنەوە، کە دەبێ خەلیفە و ئیمامی ئیسلام لەوان بێت. مێژووی دێرینی ئەو دوو وڵاتە باشترین بەڵگەن بۆ قسەکانم.

بزاڤە ئیسلامییەکان و ئەوانی تریش بە چاوێکی فراوان و کراوە تەماشای میللەتان ناکەن، بە تایبەت بیروبۆچوونیان سەبارەت بە میللەتی کورد، کە نەک هەر وەک میللەتێکی سەربەخۆ و خاوەن فەرهەنگ و مێژوو تەماشای ناکەن، بەڵکە وەک کەمایەتییەکی نەتەوەیی نێو کۆمەڵگای عارەبی دادەنێن، بۆیە هیچ ڕێزێکیان بۆ هیوا و ئاواتی میللەتی کورد نییە و بە چاوێکی سووک و کەم تەماشای دەکەن و مافە سەرەکییەکانی داگیر و پێشێل دەکەن، چونکە کەمایەتیی نەتەوایەتی بەو کۆمەڵ و تاقمانە دەوترێ کە لە بنەچەکدا خاوەنی ئەو خاکە نەبن، یان لە سەرەتادا لە شوێن و ناوچەیەکی دیکەوە هاتبن، وەک ئاسووری و کلدانی و سوبییەکان.

لە ڕاپۆرتێکی دیکەی ئیخوان ئەلموسلیمینەکاندا، کەمال ئەلهەلباوی موستەشاری ئەنستیتووتی لێکۆڵینەوەی ڕامیاری دەڵێ: "بوش - ی سەرۆکی ئەمەریکا زۆر کۆششی دەکرد، کە هەموو عیراق وێران بکات، تەنانەت دەیویست ڕێبەری عیراقیش دەستگیر و دادگایی بکات، وەک تاوانبارێکی جەنگ، یان هەر نەبێ بیکوژێ و لە ناوی بەرێ، بەڵام لە ڕێگای دەرکەوتنی پیلان و تاوانەکانیەوە (مەبەستی سەرۆک بوشە) خوا ئابڕووی برد و پاشان هەر بە دەمی خۆی پاشگەز بووەوە و ڕایگەیاند کە ئەو نایەوێ سەددام دادگایی بکات، بەڵام پاشتر لە داخاندا کەمەنەتەوایەتییەکانی لە دژی سەرۆک سەددام هان دا.(١٠)

کەمال ئەلهەلباوی بەوەشەوە نەوەستا و وتارێکی هەر لەو گۆڤارەدا لە سەرەتای جەنگی کوێتدا بە ناونیشانی "ترقبوا ام المعارک" نووسی و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەرگریی لە ڕێژیمی فاشیست و خوێنڕێژ و دژ بە مرۆڤایەتیی سەددام حوسەین دەکرد. هەر ناوبراو و هاوەڵحیزبییەکانی کۆمیتەیەکیان لە ئیسلامابادی پاکستان دامەزراند بۆ پشتیوانیکردن لە ڕێژیمی بەعسی سۆسیالیستی عارەبی عیراق لەژێر ناوی "کۆمیتەی ئیسلامی بۆ پشتگیریی میللەتی عیراق"، هەروەها ژمارەحیسابێکی بانکیشیان بۆ کردەوە و هەر لە ئیسلاماباد، پارە و دەرمان و تەنانەت خوێنیشیان بۆ سەربازەکانی سەددام کۆدەکردەوە. هەر هەمان پارتی ئیسلامی لە شوێنانی دیکەی وەک جەزائیر و ئوردون و توونس و فەلەستین هەر ئەو کارەیان ئەنجام دا، تا گەیشتە ڕادەیەک بزاڤە ئیسلامییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا بوون بە دوو بەشەوە، بەشی یەکەمیان ئەوانە بوون کە باسمان کردن، کە لە بلۆکی (دایکی جەنگان) بەرگرییان دەکرد، بەشی دووەمیش بەرگرییان لە بلۆکی کوێت و سەعوودییە دەکرد. گاڵتەجاڕەکە هەر بەمەشەوە نەوەستا و هاوکات لەگەڵ یەکدا کۆنگرەیەکی ئیسلامیی جەماوەری لە (ڕیاض)ی پێتەختی سەعوودییە دژ بە عیراق و کۆنگرەیەکی دیکەی ئیسلامیی جەماوەری لە بەغدا دژ بە کوێت و سەعوودییە بەستران. لەم بەینەدا هاوپەیمانەکانی ئوممەی عارەبی لە موسوڵمانی ناعارەب مات و سەرگەردان ودۆش دامابوون، نەیاندەزانی کام کۆنگرەی ئیسلامییان ڕەوا و شەرعییە و کامیان ناڕەوا و ناشەرعییە.

لەبەر ئەو هۆیانە و لەبەر زۆر هۆی دیکەش، بزاڤە ئیسلامییەکانی عارەب و تورک و فارس ناتوانن بەدیل و جێگری ڕێژیمە سێکولاریستەکان (دنیایی) بن، لەبەر ئەوەی ئەوان بە تێڕوانینێکی فراوان و گەورە بە قەد گەورەیی‌ی دنیا تەماشای جیهان و میللەتانی جیهان و مافی میللەتان و مافی مرۆڤ و ئازادی و فرەحیزبایەتی و گیروگرفتەکانی دیکەی مرۆڤایەتی ناکەن، تا گەیشتە سنوورێک کە زانا و نووسەرە ئیسلامییەکان خۆیان دان بەو ڕاستییانەدا بنێن، هەر وەک دۆکتۆر سەلاح نەگدەلی دەڵێ: "ڕووداوەکانی دووەمی کەنداو ئاشکرای کرد کە گشت لایەن و بزاڤە ئیسلامییەکان، هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاست و پلەیەی کە ببنە سەرچاوەیەک بۆ نەتەوەی ئیسلام و بۆ داهێنانەوەی هەڵوێستی ئیسلامی بە تایبەت لە کاتی تەنگوچەڵەمەدا".(١١)

پسپۆڕێکی دیکەی ئیسلامی بە ناوی دۆکتۆر (عبدالله فهد النفیسی) دەڵێت: "ئێستا لەنێو ئیسلامییەکاندا وا باوە کە جیهان لە حاڵەتێکی بێسەروبەری و سەردەرگومیی ئایدیۆلۆژی و ڕۆشنبیری و ئەخلاقیدا دەژی. ئەرکی سەرشانی ئێستای بزاڤە ئیسلامییەکانە بۆ چاککردنەوەی ئەو بارە ناهەموارە و دانانی مەسەلەکان لە شوێن و ئاستی خۆی، کە ئەمەش پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتیی هەموو مەسەلەکان هەیە".(١٢)

دیار و ئاشکرایە کە ئەم هەڵوێستە سەرزارەکییە نوێیە لە ئەنجامی تێشکاندا سەرچاوەی گرتووە و هەر قسەی ڕووتە، چونکە ئێستاش هەر وەکوو جاری جاران کورد بە دەسکەلای ئیمپریالیزمی ڕۆژاوا دادەنێن و بەوەی تاوانبار دەکەن کە پیلان بۆ پارچەپارچەکردنی کۆمەڵگای عارەبی دەگێڕێ. ئەم کردەوەیە ئەگەر ناوێکی لێ بنرێ ئەوا دەقاودەق دەمارگیریی نەتەوایەتیی عارەبییە و مێژووی ئەم دەمارگیرییەش لەنێو عارەبدا زۆر کۆنە و ڕەگوڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزار ساڵ زیاتر لە پێش ئێستادا. باشە خۆ لەو کاتەشدا ئیمپریالیزمی ڕۆژاوا و ئەمەریکا نەبوو کە عارەب خۆی بە ڕەگەزێکی پاراو و بە باشترین ڕەگەزی سەرزەوی دەژمارد و بە چاوێکی سووک تەماشای موسوڵمانانی غەیرەعارەبیان دەکرد و بە (شعوبی) و (مەوالی) ناوزەدیان دەکردن. ئەوەتا زانایەکی ئیسلامی عارەبی بەناوبانگی وەک دۆکتۆر (محمد عمارة)، دەربارەی سەرداری بەناوبانگی کورد ئەبوو موسلیمی خۆراسانی و میللەتی کورد و فارس دەڵێ: "بەرە و هێزێکی (شعوبی) و کینە لە دڵن بە ڕابەرایەتیی ئەبوو موسلیمی خۆراسانی (١٣٧ی کۆچی/٧٥٤ی زایین) کە ڕق و کینەیەکی شاراوەی لە دڵدایە بەرانبەر بە عارەب، لە بیروبۆچووندا میراتگری فەلسەفەی سیاسیی شاهنشاهی و کیسرەوییە و دژی ڕاوێژ و هەڵبژاردن (دێمۆکراسی)یە، بەو ڕق و کینەیەیان دەیانویست تۆڵەی خۆیان لە عارەب بکەنەوە، کە وڵاتەکەیانی بە زەبری شمشێری ئومەوییەکان داگیر کرد و دانیشتووانیشی بە دەمارگیریی ئومەوییەکان زەلیل و یەخسیر و ژێردەستە کرد".(١٣)

بەو شێوەیە ڕاستییە مێژوویی‌یەکان و مێژوو خۆیشی تەحریف و چەواشە و تەزویر دەکەن. ئەوان بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان تەفسیری ئایین و مێژوو دەکەن و بە لای ئەوەدا ناچن کە ڕێژیمی پادشاهیی ئومەوی ڕێژیمێکی ڕەگەزپەرست و ستەمگەر و دژی دادگەری و شووراکراسی (شوورا + دیموکراسی) و دژی یەکسانی و برایەتیی میللەتان بوو. دۆکتۆر موحەممەد عەممارە دەڵێ شعووبییەکان دژی شوورا و دێمۆکراسی بوون و ڕێژیمی ئومەوی لەگەڵ دێموکراسی و هەڵبژاردندا بووە. ئەوەی بڕۆکەیەک شارەزای مێژووی ئیسلام بێت، زۆر چاک دەزانێ کە ئومەوییەکان ڕێژیمێکی پادشایی و ستەمگەر بوون و فریان بەسەر ئازادی و شووراکراسییەوە نەبووە و بناغەکەی لەسەر زوڵم و تێرۆرکردن و خوێنڕشتن دامەزرابوو. بۆ بەڵگە مەعاوییە خۆی بۆ لەناوبردنی یاوەرەکانی پەیامبەر (د. خ.) تەنانەت پەنای دەبردە بەر ژەهراویکردنی خۆراکەکانیشیان وەکوو کوشتنی ئیمام حەسەنی کوڕی ئیمام عەلی و مالیکی کوڕی ئەشتەر و عەبدولڕەحمانی کوڕی خالیدی کوڕی وەلید و سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس و چەندانی تر لە سالار و سەردار و کەڵەیاوەرانی پەیامبەر (د. خ.).

بزووتنەوەکەی مەعاوییە خۆی لە خۆیدا کوودەتایەک بوو دژی ڕێژیمی شووراکراسیی پەیامبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدی، کە لە سەرەنجامدا ڕێژیمی پادشایی‌ی بنەماڵەی ئومەوییەکانی لێ ئیجاد بوو، کە فەلسەفە ڕامیارییەکەی دەقاودەق لە فەلسەفەی ڕێژیمی پاشاکانی

فارس و ڕۆم دەچوو. کتێبە ئیسلامییەکان زۆر بە ڕاشکاوی باسی ئەم مەسەلانە دەکەن، وەک ئەوەی کە جارێکیان چەند شاعیرێک لە حزووری مەعاوییەدا دەبن و مەعاوییە پەنجە بۆ خۆی درێژ دە کات و دەڵێ ئەمە ڕێبەرتانە، ئەگەر نەما ئەوەیە (پەنجە بۆ یەزیدی کوڕی درێژدەکا)، ئەگەر کەسێکیش سەرپێچیی کرد ئەمەیە (دەست دەداتە شمشێرەکەی). شاعیرەکان لە ئەنجامدا پێیان وت: "بەڕاستی تۆ سەروەری هەموو شاعیر و قسەبێژانی!. هەروەها مەعاوییە دەربارەی شێوەی ڕێبەرایەتییەکەی وتوویەتی: من یەکەم پاشایەکم".(١٤) مەبەستی یەکەم پاشایە لە ڕێژیمی ڕامیاریی ئیسلامدا، چونکە ڕێژیمی ڕامیاریی ئیسلام شووراکراسی و هەڵبژاردنە نەک پاشایەتی. قورئان دەفەرموێ: "و امرهم شوری بینهم ٣٨/٤٢." شۆڕشی ئەبوو موسلیمی خۆراسانی و گشت شۆڕشەکانی پێش و دوای ئەو، کە دژ بە ئومەوی و عەبباسییەکان بوون، هەموویان لەبەر بێدادی و ڕەگەزپەرستی و دەمارگیری و خوێنڕێژی و ستەمگەریی ئەوان پەیدا بوون، سەبارەت بە موخالیفینی خۆیان لە میللەتانی ناعارەب. وتە بەنرخەکەی ئەبوو موسلیمی خۆراسانی، ئێستاش لە گوێی حەقپەرستاندا دەنگ دەداتەوە کە وتبووی "ئێمە لەژێر جەور و ستەمی ئاگرپەرستان ڕزگار بووین و کەوتینە ژێر جەور و ستەمی دونیاپەرستانەوە." تەنانەت عەبباسییەکان خۆیان دەڵێن کە ئەبوو موسلیمی خۆراسانی دامەزرێنەری دەوڵەتی عەبباسییە، بەڵام دوایی چاکە و پیاوەتی و پاداشتی عەبباسییەکان بۆ ئەبوو موسلیمی خۆراسانی چی بوو؟. پاداشتەکەیان تۆمەت و بوختان و سووکایەتی و کوشتنی بوو لە مەجلیسی ئەبوو جەعفەری مەنسووردا، هەر لە هەمان موناسەبەتدا شاعیرێکی کۆشکی ئەبوو جەعفەر بە ئەبوو موسلیم دەڵێ:

ابا مجرم ما غیر الله نعمة

علی عبده حتی یغیرها العبد

افی دولة المهدی حاولت غدره

الا ان اهل الغدر اباؤک الکرد.(١٥)

دەبینین شاعیرە عارەبەکە ناوی ئەباموسلیم دەگۆڕێ بە ئەبا موجریم، واتە تاوانکار، کە مانای سەرجەمی شیعرەکە وا دەگەیەنێ: "باوان تاوانکار، خوا هیچ ناز و نیعمەتێک لە کەسێک ناسێنێتەوە، ئەگەر خۆی شایانی بێ، لە دەوڵەتی مەهدیدا - لە برێ سەرچاوەی دیکەدا دەڵێ دەوڵەتی مەنسوور، مەبەست هەر دەوڵەتی عەبباسییە - ویستت پیلان و تاوان بگێری، پیلان و تاوان هەمیشە پیشەی باوباپیرە کوردەکانیشت بووە".

شیعری ناوبراو پڕە لە کینە و دڵڕەشی و دەمارگیری بەرانبەر بە کورد و میللەتانی ناعارەب، کە بە شعووبی و مەوالی ناسرابوون لەلایەن عارەبەکانەوە. واژەی شعووبی لە (شعب)ەوە وەرگیراوە، واتە میللەت، گەل، بەڵام بە مانای ڕەگەزپەرست و شۆڤێنی بە کار دەهات و دژ بەو میللەتە ناعارەبانە بە کار دەهێنرا کە داوای برایەتیی ڕاستەقینە و یەکسانییان لەگەڵ عارەبدا دەکرد و ئەوانیان لە خۆیان بە زیاتر و خۆیانیان لەوان بە کەمتر نەدەزانی. واژەی (موالی)ش بەو سەربازە موسوڵمانە ناعارەبانە دەوترا، کە لە سوپای ئومەوی و عەبباسییەکاندا بوون و بە هیچ شێوەیەک مافی ئەوەیان نەبوو (سوارە) بن و دەبووایە هەمیشە و لە کاتی جەنگیشدا (پیادە) و لەپێش سوپاوە بوونایە.

با بزانین خۆیان لەبارەی واژەی (شعووبی)یەوە چی دەڵێن: "بیروبۆچوونێکە لە سەردەمی عەبباسییەکاندا پەیدا بووە، ئینکاری ئەوەیان دەکرد کە عارەب باشترن لەوانی دیکەی ناعارەب و هەوڵیان دەدا کە بە چاوی ڕێزەوە تەماشای عارەب نەکەن".(١٦)

شاعیری بەناوبانگی عارەب (ابو الطیب المتنبی) لە شیعرێکدا دەڵێ:

وانما الناس بالملوک وما

تفلح عرب ملوکها عجم

لا ادب عندهم ولا حسب

ولا عهود لهم و لا ذمم.(١٧)

واتە: خەڵکی لەسەر ڕێباز و یاسای پاشاکانی خۆیانن، عارەب سەرکەوتوو نابێ ئەگەر پاشاکانیان ناعارەب بن، ناعارەبەکان نە ئەدەب و نە ڕەسەن و نە پەیمان و نە ویژدانیان هەیە.

ئەوەی شایانی باسە لە نیوەی دووەمی حوکمڕانیی دەوڵەتی عەبباسیدا، میللەتی کورد شۆڕشێکی بەرپا کرد و توانییان دەستەڵات بەسەر شاری مووسڵ و دەوروبەریدا بگرنە دەست و ئەو ناوچەیەی کوردستان لە جەور و زوڵم و ستەمی عەبباسییەکان ڕزگار بکەن. شاعیرێکی عارەب لەسەر ئەو ڕووداوە دەڵێ:

ما اری الناس لهذا الدهر مذ کانوا شبیها

ذلت الموصل حتی امر الاکراد فیها.(١٨)

واتە: تا ئێستا کەس سەردەمێکی ئەوتۆ ناهەمواری نەدیوە، شاری مووسڵ ئاوها زەلیل بووە تەنانەت کوردیش حوکمڕانیی تێدا دەکات.

ئەوجا خوێنەری کوردی خۆشەویستم، ئەوانەی سەرەوە، بیروڕای ڕۆشنبیری عارەبی پێش هەزار ساڵەیە، کە بە ناهەق و دوور لە یاساکانی ئایینی ئیسلام و مرۆڤایەتی بیریان کردۆتەوە، بێ ئەوەی نە ئەورووپا لە ئارادا هەبووبێت و نە ئەمەریکا. ئەو نموونانەشمان بۆیە لە مێژووی کۆنی عارەب هێنایەوە، بۆ ئەوەی سوود و کەڵک لە مێژووی ڕابوردوومان وەرگرین و بزانین لە داهاتوودا چۆن لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا ڕەفتار بکەین و بە قسەی پڕوپووچ و چەواشە و بوختان، فریو نەخۆین و هەڵنەخەڵەتێین، چونکە ئەوان ئایین دەکەنە سپەرێک بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکانی خۆیان.

## کۆنگرەی جەماوەریی عارەبی "و" ئیسلامی

لە پاش جەنگی دووەمی کەنداو، بزوتنەوە ئیسلامییەکانی عارەب کۆنگرەیەکیان پێکهێنا بەناوی "کۆنگرەی جەماوەریی عارەبی ئیسلامی". هەندێک لە بزوتنەوە ئیسلامییە ناعارەبەکان ڕەخنەیان لە ناوی کۆنگرەکە هەبوو، ئەمجار بە ناچاری هەستان پیتێکی (واو)یان خستە نێوان عارەب و ئیسلامەوە و بوو بە "کۆنگرەی جەماوەریی عارەبی "و" ئیسلامی" بۆ ئەوەی لایەنە ناعارەبە موسوڵمانەکانیش بگرێتەوە. بۆ پینەکردنی ئەو مەسەلەیە وتیان لەڕاستیدا ناوەکە هەر لە سەرەتاوە هەر وا بوو، بەڵام بە هەڵە ئەو (واو)ە قرتابوو!.

دەربارەی ئەو کۆنگرەیە کەمال ئەلهەلباوی دەڵێ: "کۆنگرەی یەکەم لەپاش کارەساتی دووەمی کەنداو لە خەرتووم بەسترا، لە نێوان ٢٢ و ٢٤ی ئۆگوستی ١٩٩١، خولی یەکەمی بە ناونیشانی "خولی قودس" بوو، ئەو بابەتانەی لەسەری دوان ئەمانە بوون: کۆنگرەی ئاشتی و کێشەی فەلەستین، ئابلۆقەی ستەمگەرانەی داسەپاو بەسەر عیراقدا، ئەفغانستان، کێشەکانی شاخی ئەفریقا، کێشەی موسوڵمانان لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، وەزعی موسوڵمانان لە ڕۆژاوای ئەورووپا و ئەمریکا، شاڵاوەکانی ئەورووپا لەسەر موسوڵمانان، هێرشەکانی سەر ئیسلام و بزوتنەوە ئیسلامییەکان لە جیهانی ئیسلامی و جیهانی سێیەمدا، گفتوگۆی نیشتمانیی نەتەوایەتیی ئیسلامی، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە جیهانی ئیسلامی و عارەبیدا".(١٩)

لەو کۆنگرەیەدا نوێنەرانی بزاڤە ئیسلامی و نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانی عارەب و میللەتانی دیکەی ئاسیا و ئەورووپا و ئەمەریکا دەعوەت کرابوون. لەسەر گشت کێشە و نەتەوەکان گفتوگۆ و قسەیان کرد، تەنیا کێشەی کورد نەبێ و تەنانەت نوێنەری کوردیش میوانداری نەکرابوو. ئەوەی شایانی باس بێت نوێنەری زۆر فاشیست و خوێنڕێژ و دژ بە مرۆڤایەتی بانگ کرابوون وەک نوێنەری ڕێژیمی فاشیستی عیراق، کە نوێنەری تایبەتی سەددام حوسەین لەگەڵ وەزیری ئەوقافەکەی دەعوەت کرابوون، هەروەها ڕەگەزپەرستانی وەک (علی عقلة عرسان)ی سووریایی و سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی عارەب و زۆری تری لەم بابەتانەش کە نەک هەر بڕوایان بە ئیسلام نییە بەڵکە گەورەترین دوژمنیشین !.

کۆنگرەی جەماوەریی عارەبی و ئیسلامیی خەرتووم،

هەر وەک وتمان بەرگریی خۆی لە گشت کێشەکانی میللەتانی ئاسیا و ئەفریقا و موسوڵمانانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا و کەمایەتییە موسوڵمانەکانی ئەمریکاش ڕاگەیاند، تەنیا کێشەی کورد نەبێ، کە خۆی دەدا لە ٣٥ ملیۆن مرۆڤی بێناوونیشان لە نێو موسوڵماناندا. ئەمە ئەگەر مانایەکی هەبێ، ئەوەیە کە ئیسلامییەکان بچووکترین مافی مرۆڤایەتی بە کورد ڕەوا نابینن، سەرەڕای ئەوەی کە دژایەتییەکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرایە لەگەڵ خودی ئیسلام و مافی مرۆڤ و دادگەری و یەکسانی و برایەتیی ئادەمیزاد، کە دەستووری ئیسلامی لەسەر بنیات نراوە. هیچ دوور نییە لە کۆنگرەی داهاتوودا کوردێک لە پارتەکانی خۆیان بە ناوی نوێنەری کوردەوە دەعوەت بکەن، بۆ ئەوەی لە دواییدا هەڵوێست بە کورد بفرۆشن.

خولی دووەمی کۆنگرەی ناوبراو لە ٢ تا ٤ی دێسەمبەری ١٩٩٣ هەر لە خەرتووم و خولی سێیەمیش لە ٣٠ی مارت تا ٢ی ئاپریلی ١٩٩٥ هەر لەو پێتەختە بەسترا. ئەوەی جێگای سەرنجڕاکێشان بێت، خولی سێیەمی کۆنگرەکەیە، کە بۆ یەکەن جار قەراراتی نوێی دەرکرد سەبارەت بە کێشەی میللەتان و مافی سەربەخۆیی و مافی چارەنووس بۆ هەموو میللەتان تەنیا میللەتی کورد نەبێ، وەک لە ماددەی چوارەمدا دەڵێ: "پەژارە و کێشەی موسوڵمانان: کۆنگرە داوای لە ڕێژیمە عارەبی و ئیسلامییەکان کرد کە هێرشەکانی ڕووسیا لە چەچانستان تاوانبار بکەن و هاوکاری لەگەڵ شۆڕشگێڕەکاندا ببەستن. کۆنگرە سەبارەت بە سیادەتی عیراق لەسەر ئاو و خاکی خۆی جەخت دەکات و دژ بە هەموو دابەشکردنێک دەوەستێ و بانگەوازی کۆمەڵگای نێودەوڵەتانی کرد، کە ئابڵۆقە داسەپێنراوەکەی سەر عیراق و لیبیا مەحکووم و تاوانبار بکەن. کۆنگرە پشتیوانیی تەواوی خۆی لە میللەتی کەشمیر دەربڕی بۆ وەدەسهێنانی مافی چارەنووسی خۆی. کۆنگرە داوای لە برایانی بەگژیەکداچووی ئەفغانستان و سۆماڵ و جەزائیر کرد بۆ ڕاوەستاندنی خوێنڕێژی و دروستکردنەوەی باری ئاسایی. کۆنگرە هاوکاریی خۆی دەربڕی لە کەمایەتییە چەوساوەکانی ئیسلامی و کۆمەڵە ستەم لێکراوەکانی توونس و ئەریتیریا و تاجیکستان و ئازربایجان و کۆسۆڤا وسەنجەق و بورما".[٢٠]

با بزاڤە ئیسلامی و نەتەوایەتییە عارەبەکان و ئەوانی تر چاک بزانن، کە مرۆڤایەتیی ئەوان ئەو کاتە جێگیر دەبێ، کە بەرگری لە یەکێتیی کورد و کوردستان بکەن، بەڕاستی کێشەی کورد سەنگی مەحەکە بۆ تاقیکردنەوەی ویژدان و مرۆڤایەتی و دادپەروەریی ئەوانە.

زانا و ڕۆژنامەنووسێکی ئیسلامی و عارەبی توونسی بەناوی (عبدالحمید تراب زمزمی) لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی "جەنگی ئێران و عیراق ـ ئیسلام و نەتەوەکان" دەڵێ: "پێش هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر کوردستانی عیراق، سوپای ئێران هێرشێکی گەورەی کردە سەر ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران. سەربازانی ئیسلام سەرکەوتنێکی گەورەیان بە دەست هێنا و چەندین دێهاتی ستراتیژییان ئازاد کرد و توانییان ڕێگای سنووری نێوان عیراق و ئێران داگیر بکەن و بەمەش ڕێگای پێوەندی لە نێوان ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران و هێزەکانی بەغدادا ببڕن".[٢١] پاشان دەڵێ: "دوژمنەکانی شۆڕشی ئیسلامی زۆر دەمێک بوو حیسابیان بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران دەکرد و پیلانیان دەگێڕا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچەکەدا."

کابرایەکی تریان بەناوی (مصطفى الطحان) کە یەکێکە لە نووسەرانی ئیخوان ئەلموسلیمین، تا ئێستا چەندین جار دەربارەی میللەتی کورد وتاری نووسیوە، بەڵام تاکە جارێکیش چییە نووسینێکی بابەتانە و مەوزووعییانەی لەمەڕ کێشەی کوردەوە بڵاونەکردۆتەوە. نووسەری ناوبراو بە بێ ئەوەی کێشەی میللەتی بەشخوراوی کورد، لەڕووی مێژوو و کۆمەڵناسی و جوگرافیایی و ڕامیارییەوە شی بکاتەوە، یەکسەر باسی توندڕەوی و ڕەگەزپەرستی دەهێنێتە ئاراوە و دەڵێ: "ئاقڵمەندانی پێشووی کورد هەر ناوی ئیسلامیان لەسەر






زار بوو، قەت باسی نەتەوەی کورد و ئەم جۆرە دەمارگیرییەیان نەدەکرد کە ئێستا باوە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، زمانی ڕەگەزپەرستی و دەمارگیریی کوردەکان لە سەرووی هەموو زمانێکەوەیە".[٢٢] بە بیروڕای ئەو نووسەرە ئەگەر کورد خەبات بۆ بەدیهێنانی مافە داگیرکراوەکانی خۆی بکات و باسی لێقەوماوی و چەوسانەوە و ستەمی داگیرکەران بکات، داوای یەکسانیی ڕامیاری و مرۆڤایەتی و ئازادی بکات، ئەوا ئیسلامەتی نییە و توندڕەوی و ڕەگەزپەرستی و دەمارگیرییە و دوورە لە ژیرییەوە، بەڵام ئەگەر بە دیلی و کۆیلایەتی و ژێردەستەیی قایل بێ، تەنیا و تەنیا بە تەسبیح و هارووت و مارووت و ڕیش چەند درێژ بێت یا نەبێت، بەرسمێڵ چۆن بێ و چ لاقێک لە پێش چ لاقێ دابنرێ، جنۆکە چەند جۆری هەیە و باسی ئەوە بکات کە لە ئاسمانی چوارەمدا فریشتەیەک هەیە، نیوەی بەفرە و نیوەکەی دیکەی ئاگرە، نە ئەمیان ئەو دەکوژێنێتەوە و نە ئەویان ئەم دەتوتنێتەوە، زەوی لەسەر پشتی گایە و ئەو لەسەر پشتی ئەژدیهایە و ئەوی تر لەسەر پشتی حووتە و ... هتد. ئەگر بەو جۆرە شتانەوە مەشغووڵ بێت و حەوت قسناخی لێ بنێن، نقەی لێوە نەیەت، ئەوا کوردێکی موسوڵمان و باش و ئیماندارە و بەرژەوەندیی ئیسلام و موسوڵمانانی دەوێ. ئەگەر باسی ئەوە بکات کە خۆی توانای ئیسلامناسینی هەیە و پێویستی بەوە نییە کە ئیسلامی لە کارتۆندا بۆ (تصدیر) بکەن. ئەگەر باسی ئەوەی کرد کە داگیرکەر و ستەمکار و خوێنڕێژ، هیچ جیاوازییەکی نییە ئەگەر موسوڵمان بێ یا ڕۆژاوایی، ئەگەر باسی مافی ڕەوای خۆی کرد و داوای یەکسانیی کرد، ئەگەر باسی زمانی زگماکی خۆی و مێژووی خۆی و قوتابخانە و زانستگە و تەکنەلۆژیای کرد، ئەوا بە ئاگر و ئاسن لەگەڵیدا ڕەفتار دەکەن و، نەک هەر لە ئیسلام بێبەریی دەکەن بەڵکە لە مرۆڤایەتییش. مستەفا تەححان لە شوێنێکی تردا تۆمەت بە کورد دەکات، کە گوایە لەسەر حیساب و نیشتمانی میللەتانی تر دەیەوێ دەوڵەت پێک بێنێ، کە دەڵێ: "سەبارەت بە پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەوە پارتێکی چەپگەر و نەتەوەیی‌یە و داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە تورکیا دەکات".[٢٣]

باشە کەی پارتی کرێکاران یا کام پارت و بزوتنەوەی دیکەی کورد، داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوریان لەسەر خاکی تورکیا، عیراق، ئێران یا سووریا کردووە؟. ئەگەر ئاوها پارتێک دەناسن ئەوا بە ئێمەشی بناسێنن، بەڵکە ئێمەش لەلای خۆمانەوە پەنجەی تاوانی بۆ درێژ بکەین و پێیان بڵێین ئێوە بە چ شێوەیەک و بە چ یاسایەک دەتانەوێ لەسەر حیسابی خاک و نیشتمانی میللەتانی تر دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنن و نیشتمانەکانیان داگیر و کۆڵۆنی بکەن ؟.

ئەو شێوە قسانە وا نەبێ لە نەزانینەوە بێ، بەڵکە خۆیان لەوپەڕیەوە دێنەوە. بەو شێوە بوختانانە دەیانەوێ گوێی میللەتانی خۆیان بئاخنن، کە کورد دەیەوێ لەسەر حیسابی خاک و نیشتمانی ئەوان، دەوڵەتێکی کوردی بۆ خۆیان دابمەزرێنن. بۆ ئەوەی وێنەیەکی شێواو لە مێشک و بیری میللەتی نەخوێندەواری عارەب و موسوڵمانانی دیکە سەبارەت بە کورد بکێشن و کێشەی ڕەوای کوردیان لا ناشیرین بکەن. ئەوەی لە هەمووی سەیرترە ئەوەیە، ئەوان گوایە خۆیان بە دڵسۆز و دۆستی کورد دەدەنە قەڵەم، بۆ ئەوەی لەژێر پەردەی دۆستایەتی و ئیسلامەتیدا، گەورەترین جەزرەبە بە کورد بگەیەنن و بە خراپترین شێوە کێشەکەی بە جیهان بناسێنن. ڕاستە کورد دەڵێ ئەگەر دۆستایەتی وا بێ، ئەی دەبێ دوژمنایەتی چۆن بێ. میللەتی کورد هەمیشە باوەشی ئاوەڵا بووە بۆ عارەب و تورک و فارس، بە مەبەستی برایەتی و دۆستایەتیی ڕاستەقینەی دوور لە فڕوفێڵ و تەفرەدان، لەسەر بنچینەیەکی ڕاست و ڕەوا و ئاشتیخوازانە لەگەڵ دراوسێکانیدا.

دیسان دۆستێکی ترمان بەناوی (احمد العمیر) کە ئەویش نووسەرێکی ئیسلامی و عارەبە، وتارێکی نووسیوە لەژێر سەردێڕی "نەوەکانی سەلاحەددین لە نێوان پلانی دوژمنان و پشتگیریکردنی دۆستاندا". ئەم

دۆستە خەمخۆرەی کورد سەرەتا لە وتارەکەیدا بە شێوەیەکی زیرەکانە و بابەتییانە، باسی کێشەی کورد دەکات و لایەنی ستەم لێکراوی و چەوساوەیی دەخاتە ڕوو، پاشان دێتە سەر ئەسڵی مەبەست و خۆیمان بە تەواوەتی لێ ئاشکرا دەکات، بە هاوارکردن کە ڕۆژاوا پیلان دەگێڕێ و کوردی کردووەتە دەسکەلای خۆی، پاشان هەتا هێزی تێدا بووە، قسووری نەکردووە لە ناشیرین کردنی کێشەی کورد. ئەو دۆستە خەمخۆرەمان دەفەرموێ: "کێشەی کورد وەرەقەیەکی پڕسوودە بە دەستی ڕۆژاواوە، تەنانەت دەستنیشان کردنی ناوچەیەک لە باکووری عیراق بەناوی ناوچەی ئارامەوە، هەنگاوی یەکەمە بۆ بەرپاکردنی پیلان و ئاژاوەیەکی گەورەتر لە ناوچەکەدا".(٢٤)

لە شوێنێکی تر باسی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکات و خۆی کردۆتە دەمڕاستی کورد و لە جیاتی ئەو بەرنامە دادەڕێژێ و دەڵێ: "چارەسەرکردنی کێشەی کورد: ئایا کوردەکان دەوڵەتێکی سەربەخۆیان دەوێ؟ ئایا ئەوان جوداخوازن؟ "هەر خۆیشی وەرام دەداتەوە و دەڵێ": لە ڕاستیدا کورد جوداخواز نین و دەیانەوێ بە سەربڵندی و سەرفرازی و برایەتی بژین، وەک میللەتانی تر "مەبەست کەمایەتییەکانی نێو وڵاتە عەرەبییەکانە". ئەیانەوێ دان بە بوون و زمان و مافیاندا بنرێ، تەنانەت ئەو پرۆژەیەی کە خۆیان پێشکەشیان کردووە، لایەنگری جوداخوازی نییە و تەنیا داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن و بەس".(٢٥)

ئەو کابرایە جارێک لە پێش هەموو شتێکدا دوو پرسیاری نارەوای ئاراستە کردووە کە دەڵێ: "ئایا کوردەکان دەوڵەتێکی سەربەخۆیان دەوێ، یان کە ئەڵێ: ئایا ئەوان جوداخوازن؟.

بە ئاراستەکردنی ئەو پرسیارە، دەیەوێ مافی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەت، لە میللەتی ستەمدیدەی کورد حەرام و قەدەغە بکات. دوو جار بە دەستی ئانقەست وشەی (جیابوونەوە)ی بە کار هێناوە، ئەویش بە مەبەستی عەیبدارکردن و لەکەدارکردنی میللەتی کورد لە بەرچاوی میلەتانی تر. ئەو دەیەوێ بڵێ: ئەگەر کوردان داوای شتێکی وەک ئۆتۆنۆمی بکەن، یا لە سنووری ئۆتۆنۆمیدا بپەیڤن، ئەوا قەبووڵ و ڕەوا و پەسەندە، بەڵام لەوە بترازێ، یان خوانەخواستە داوای دەوڵەت بکەن، ئەوا میللەتێکی جوداخواز و دزدەسەکی ڕۆژاوا و پیلانەکانی ڕۆژاوان. پاشتر خۆی وەڵامی هەردوو پرسیارەکەی خۆی دەداتەوە، خۆی بە براگەورەی کوردان دادەنێ و دەڵێ: "نە بابە، شتی وا نییە، کورد نە دەوڵەتی دەوێ و نە سەربەخۆیی و نە جوداخوازن. هەبێ و نەبێ ئۆتۆنۆمییەکی دەوێ و دەیەوێ وەک برا پێکەوە بژین!.

لە کۆتاییی وتارەکەیدا، خۆی دەکاتە ڕیشسپی و براگەورەی کوردان و بەناوی ئەوەوە دەپەیڤێ، بەشێوەیەکی نابەجێ و چەواشە باسی هەلومەرجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەکات و دەڵێت: دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەم هەلومەرجەی ئێستادا، لە بەرژەوەندیی میللەتی کورد نییە، چونکە ئەگەر دەوڵەتێکی ئەوتۆی کوردی لە دایک بێ، دەبێ ئەو دەوڵەتە پێوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەبێ، ئەو کاتە دەبێ دژ بە عارەب و ئیسلامەکان بوەستنەوە، پاشان لەگەڵ تورکیادا یەک دەگرنەوە و هاوئاهەنگییەک لەسەر ئاوی دیجلە و فورات پێکەوە دەگێڕن لە دژی عارەب و ئیسلام.

ئەوەی سەرەوە بۆچوون و بیروڕای نووسەری ناوبراو بوو، دەربارەی هەلومەرجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی. ئەو برا خەمخۆرەمان ئەوەی لە یاد چووە، یان دەیەوێ لە یادی خۆی بباتەوە، کە ئێستا زۆرینەی ڕێژیمە عارەب و ئیسلامییەکان، لەگەڵ ئیسرائیلدا موویان بە بەیندا ناچێ و ئاشت و تەبا و بران و پێوەندییان زۆر بەتینە. ڕۆژانی داهاتوو پەردە لە سەر زۆر لایەنی دیکەی ئەو پێوەندییانە هەڵدەماڵێ و بە تەواوەتی دەستەکەیان لای هەموو کەس ئاشکرا دەبێ.





**پەراوێز:**

١. ڕاپۆرتی "قضایا دولیة"، ژمارە: ١٣٩، ساڵی سێیەم، ٢٤ی ئاگوستی ١٩٩٢، ل: ٧.

٢. ڕاپۆرتی "قضایا دولیة"، ژمارە: ١٤٠، ساڵی سێیەم، ٣١ی ئاگوستی ١٩٩٢، ل: ٧.

٣. ڕاپۆرتی "قضایا دولیة"، ژمارە: ٢٤٣، ساڵی پێنجەم، ٢٩ی ئاگوست ـ ٤ی سێپتەمبەری ١٩٩٤، ل: ٣٠.

٤. ڕاپۆرتی "قضایا دولیة"، ژمارە: ٢٩٦، ساڵی شەشەم، ٤–١٠ی سێپتەمبەری ١٩٩٥، ل: ٥.

٥. ڕاپۆرتی "قضایا دولیة"، ژمارە: ٣٠٢، ساڵی شەشەم، ١٦–٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٥، ل: ٢٦.

٦. ڕاپۆرتی "قضایا دولیة"، ژمارە: ٣٠٢، ساڵی شەشەم، ١٦ر٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٥، ل: ٢٧.

٧. ڕاپۆرتی "قضایا دولیة"، ژمارە: ٣٠٢، ساڵی شەشەم، ١٦–٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٥، ل: ٢٧.

٨. هەر ئەو سەرچاوەیە.

٩. هەر ئەو سەرچاوەیە.

١٠. کمال الهلباوی: السیاسة الامریکیة فی الشرق الاوسط، ص. ٤٥.

١١. متولی موسی: حرب الخلیج، مقدمات و نتائج، ص. ١١٠.

١٢. ئاڵای ئیسلام، ساڵی نۆیەم، ژمارە: ٢ و ٣، نۆڤەمبەری ١٩٩٥، ل: ٤١.

١٣. ادکتور محمد عمارة: مسلمون ثوار، ص. ١٨٥.

١٤. احمد بن ابی یعقوب: تاریخ الیعقوبی، الجزء الثانی، ص. ٢٧٦.

١٥. ابو محمد عبدالله بن قتیبة الدنوری: المعارف، ص. ٢٣٠.

١٦. دکتور ابراهیم مدکور (اشراف): المعجم الوسیط، الطبعة الثانیة ١٩٧٢، الجزء الاول، ص. ٤٨٤.

١٧. دیوان المتنبی، ص. ٣٢٣.

١٨. ابن الاثیر الجزری: الکامل فی التاریخ، الجزء السادس، ص. ٧٣.

١٩. ڕاپۆرتی قضایا دولیة، ژمارە: ٢٠٧، ساڵی چوارەم، ٢٠ی سێپتەمبەر ١٩٩٣، سەروتاری ڕاپۆرتەکە بە ناوی "سوودان و بزوتنەوەیجەماوەری نوێ"، نووسینی کەمال هەلباوی، ل: ٤.

٢٠. ڕاپۆرتی قضایا دولیة، ژمارە: ٢٧٦، ساڵی شەشەم، ١٧ی ئاپریلی ١٩٩٥؛ قرارات و توصیات المؤتمر، ص. ١٧.

٢١. عبدالحمید تراب الزمزمی: الحرب العراقیة الایرانیة، الاسلام و القومیات، ص. ٣٠٣.

٢٢. گۆڤاری (المجتمع)، بەداخەوە لاپەڕەی یەکەم و دووەمی وتارەکە لە ئەرشیڤەکەمدا نەماوە، بەڵام لاپەڕەی سێیەم و چوارەم کە قسەکانی موستەفا تەححانم لێوە گواستۆتەوە ماوە!.

٢٣. هەر ئەو سەرچاوەیە.

٢٤. گۆڤاری (البیان)، ژمارە: ٧٦، مایو- یونیو ١٩٩٤، ل: ٧٥.

٢٥. هەر ئەو سەرچاوەیەی پێشوو، ل: ٨٢.

بەرهەمێکی تازەی کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد ـ کوردستان

## مەسعوود محەمەد: پەرژینی بێدەنگی

مامۆستا مەسعوود محەمەد لە "پەرژینی بێدەنگی"دا بیروباوەڕی خۆی بە دەوری چەند تەوەرەیەکی گرنگی باسەکانی ئەمڕۆی کوردەواریدا پەخش دەکات و وەرامی کۆمەڵێ پرسیار دەداتەوە کە لە مێشک و زەینی زۆربەی ڕووناکبیرانی کورددا دەخولێنەوە. لە شیکردنەوەی مەسەلەکانی بیر و فەلسەفە، سیاسەت و ئیدیۆلۆگی، کوردایەتی و نێونەتەوایەتیدا دەچێتە بنج و بناوانی یەک بە یەکیانەوە و لە گۆشەنیگایەکی فەلسەفییەوە سەرنجیان دەداتێ. لەم بەرهەمەشدا، مامۆستا مەسعوود هەر ئەو بیریارە ڕاستگۆ و مرۆڤپەروەرەیە کە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا لە پلەیەکی بەرزی بیرکردنەوە و دەربڕیندا ڕووبەڕووی کێشە فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵات بۆتەوە و بە تیشکی بیر و لێکدانەوەی خۆی بۆ خوێنەری کورد ڕووناکی کردوونەتەوە.

ناونیشانی داواکردن:

Kulturföreningen Sverige-Kurdistan,
P. O. Box 615, 191 26 Sollentuna, SWEDEN

# تیۆریی "له ڕۆخەوە بۆ چەق" و مەسەلەی ڕزگاریی کوردستان

محەمەد گۆمەیی

له کۆڕێکی ڕۆژی ٢٦/٥/١٩٩٦یدا لەسوندسڤاڵ، دۆکتۆر بورهان یاسین هاتە سەر باسی پووچەڵکردنی شۆڕشی چەکداری قۆناغی ئەمڕۆی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، و له بری هەڵوێستی وتووێژی ڕامیارانه بەکار بهێنرێت یان جەنگ له ناو ماڵی خۆوە (لەڕۆخەوە) بگوێزرێتەوە بۆ بەر دەزگاکانی دوژمن (بۆ چەق). پاش کۆڕ، کۆپیەکی(چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداری جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد له کوردستانی باشوور"، بڵاوکراوە له گۆڤاری یەکگرتنی ژمارە،١٥ی ڕۆژی ١٩٩٢) م به دەستی لێ وەرگرت. لێرەدا دەمەوێت وەک لەنێو ڕوداوەکاندا ژیاوێک ڕووناکی بخەمە سەر هەندێک لەو تێبینییانەی بەر باس کەوتوون.

وەنەبێت من نەیار بم به تیۆریی پووچەڵکردنی خەباتی چەکداری، بەڵکە لەویش تینووترم بۆ وەدەستهاتنی مافی نەتەوایەتیمان بێ خوێنڕشتن و زەبروزەنگ. هەرگیز پێم خۆش نییە وێنەی لاوێک ببینم لەژێریدا نووسرابێت "قارەمانی شەهید..." بەڵکە خۆش ئەوەیە له ژیاندا به قارەمانی ببینم له بوارێکی ڕۆشنبیری یان زانستیدا سوود به نەتەوەکەی و به مرۆڤایەتی بگەیەنێت.

هەر وەک له کۆڕەکەدا بۆ دۆکتۆرم دەربڕی، ئەو تیۆرییەی ئێمە لەهەندەران (ئەوروپا)وە لێی دەڕوانین، له پراکتیکدا ستەمە له کوردستانی ژێر دانەچیرەی گورگە(دیکتاتۆرە ڕەگەزپەرستە) دڕندەکاندا بەکاربێت.

منیش وەک گشت کەسێکی نێو کلافە دڕکاوییەکانی کوردستان ژیاو، زۆرم باوەڕ بەو وتە کوردییە بوو کە دەڵێت: "بەرخی نێر بۆ سەربڕین چاکە"، بەڵام ئەمڕۆ کە چاوم به شێوە ژیان و چارەنووسی هەندێک لاوی نەتەوە خۆشبەختەکان کەوتووە دەڵێم نەخێر، بەرخی نێر بۆ ئەوە چاکە پوختە و ئاسوودە بەخێوکرێت و ببێت به تەگە و بەران و بەرخی تری وەک خۆی بنێتەوە. واتە ئاواتمە کە پێناسەی نەتەوەییم بێ خوێنڕشتن وەدەستبێت، بەڵام ئەو گەلەگورگەی کورد کەوتووەتە نێوانیان نە قۆچەقانی سەرفرازی دەکات ونە دەمبەستی مەلا. ئەوە سوێد و ڕژێمەکەی نییە کەپێش له دووسەد ساڵە جەنگیان نەدیوە.

من پێم وایە ئاڵتەرناتیڤی دووهەمی سەرنجنامەکەی کاک بورهان و لێکۆڵەرەوە بەڕێزەکانی تر بەوەی شەڕ له ماڵی خۆوە (له ڕۆخەوە) بگوێزرێتەوە بۆ ناو ماڵی دوژمن (بۆ چەق) گۆمەکە بۆ کورد زۆر قووڵتر دەکات و ناوی کورد بەپێی بەرژەوەندی تایبەت، به تیرۆریست دەئاخنێتە ناو فەرهەنگی ڕامیاریی نێونەتەوەیی. بەڵگەی زیندوویش ئەوەیە کە سی ساڵی ڕەبەق (هەرچەندە هیچ به هیچ نەکراوە) له کوردستانی باشووردا جەنگ بوو لەگەڵ ڕژێم، له هیچ لایەکەوە تاوانی تێرۆریستیی نەخرایە پاڵ، جارجارەیش ڕێکخراوێکی مرۆڤدۆست یان پیاوچاکێکی بیانی (تا پێش شەڕی براکوژی) دانی خێری پێدا دەناین





و له ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بۆ مەسەلەکەمان دەکرد. بەڵام بەوەی P.K.K لەم ساڵانەی دواییدا ویستی جەنگ بباتە چەق، و به مەبەستی زیان گەیاندن به ئابووریی تورکیا هەڕەشەی له بنکە گەشتگوزاری (تۆریستی)یەکان کرد، له گشت لایەکەوە ناوی به تێرۆریست دەرکەوت و تەنانەت چالاکیی ڕامیاریی ئەندامانی له چەند وڵاتێکی بیروهۆش ئازاددا قەدەغەکرا.

له ڕاستیدا هۆی نەگەیشتنی کورد به ئامانجی ڕەوا، گەندەڵیی خەباتە چەکدارییەکەی نییە، بەڵکە گەر بهاتبا لەشکری ڕێکوپێیک به تاکتیک و هاوزانستی پۆلیتیکی سەرکردە ببوایە، زۆر دەمێک بوو کوردستانی باشوور گەیشتبوو به ئامانج و دەوبو به نموونەی خەبات بۆ پارچەکانی تر. تاوان دەکەوێتە ئەستۆی پێشەوا ڕامیارنەزان و بەرژەوەندی تایبەت پەرستەکانمان، قارەمانانی دوو بەرەکی و براکوژی، کە خوێنی دەیان هەزار شەهیدی ماوەی سی ساڵیان به فیڕۆ دا و ئەنجامەکەیشی بوو بەبرا کوژی لەپێناو تەختی دەسەڵاتی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیی ژێر سێبەری ئاڵای عیراق، ئەوانەی هەر یەکە و به نۆرە و یەک به دوای یەکتریدا سەر بۆ (وەک له سەرنجنامەکەدا هاتووە) چەقە دوژمنەکانی دراوسێ شۆڕدەکەن. کاتێک، یەکێک یان لایەنێکیان له چەقێک دووردەکەوێتەوە، تانووت و ناووناتۆرە لەوی دی دەنێت، بەڵام پاش زیزبوون یان دوورکەوتنەوەی ئەو، ئەوی دیکەیان به هەڵەداوێن خۆی پێ دەگەیێنێ وکڕنووشیان بۆ دەبات. ئەو ڕژێمانەیش بێگومان له سوود و بەرژەوەندی خۆیان وەک قەرەقۆز ئەو پێشەوا نارامیارانەی ئێمە هەڵدەپەڕێنن و ئەو وڵاتەی (به بەشی کوردستانیەوە) پێ کاول دەکەن کە ئەمان لەبری خاوەنەکانی دروشمی ئاوەدانکردنەوەیان خستووەتە ئەستۆ (چەسپاندنی دیمۆکراسی بۆ عیراق بەگشتی و ئۆتۆنۆمی بۆکورد بەتایبەتی). واتە لاوی کورد لەبری برا عەرەبەکانیان خۆ به کوشت دەدەن، بەڵام کە کار دەگاتە ئاستی مێزی دەسەڵات، بۆیان نییە تەنانەت لەناو چوارچێوەی عیراقیشدا ببنە خاوەن کۆمارێکی فیدرالی) .

به تەنیا هیچ تاکتیکێکی سیاسی کار ناکاتە سەر ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرانەی کوردستانیان داگیر کردووە، بەڵگەی زیندوویش بۆ ئەوە باری کوردستانی باکوورە. هەر له شکانی شۆڕشەکەی دەرسیمەوە (ئۆکتۆبری ١٩٣٨) تا بزوتنەوە چەکدارییەکەی P.K.K ی ساڵی ١٩٨٢هیچ بزوتنەوەیەکی چەکداری لەو پارچەیەدا نەبووە. ڕامیار و ڕۆشنبیرانی کورد له ڕێکخراوی ڕامیاریی نهێنیدا (به زۆری سەرکردایەتییەکانیان له هەندەرانن)، یان تاک تاکە له ڕیزی پارتە تورکییە ماوەدراوەکاندا چالاکی دەنوێنن. واتە ٤٦ ساڵ کورد دەستی له چەک بەر دا و شان به شانی تورکە پێشکەوتنخوازەکان کۆشان بۆ وەدیهێنانی کەمترین ماف کە تەنها دانانە به پێناسەی کوردییاندا. بێهوودە، ئەنجام زیندانی و تێهەڵدان و ئەشکەنجە بووە. بۆ نموونە، گشت کۆششەکانی ڕۆشنبیرانی وەک یاساناس محەمەد عەلی ئەسلانی ئاراراتی و مووسا عەنتەری نووسەر و پرۆفیسۆری کۆمەڵناسی تورک ئیسماعیل بێشکچی و سەدەهای تر چیی به چی کرد؟!

پاش هەڵوەشانەوەی کابینە دەوڵەتییەکەی ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٦٢ دۆکتۆر یووسف عەزیزئۆغڵوی نوێنەری شاری دیاربەکر و ڕێبەری پارتی تورکیای نوێ، له کابینە نوێیەکەی عیسمەت ئینۆنۆدا بوو به وەزیری تەندروستی. له کۆبوونەوەیەکی گشتییاندا هـ. و. بێگئاتای (وەزیری ناوخۆ و یەکە پیاوی ئینۆنۆ) لەسەر کردنەوەی چەند نەخۆشخانە و دەرمانگە له هەرێمی ڕۆژهەڵات (کوردستان) دۆکتۆری به ناوچەگەر و سۆشیالیست تاوانبار کرد و ناچاری کرد دەست له کار هەڵگرێت.(١)

تاکە بەهرەی له ئەنجامی ئەو کۆششانە دەستی کورد کەوتبێت، قسەکردن بەزمانی کوردییە، بەڵام ئەوەی کە نەتەوەیەکی جیاواز بن له تورک، ئەوا هێشتا ساغیان نەکردۆتەوە و هەر لەسەر تیۆرییە پڕوپووچەکەی

ئەتاتورک دەڕۆن کە دەڵێت""ئەوانە توخمێکن لە تورکەکانی نەوەی گورگەبۆری ئەنادۆڵ".

پێم وایە ئەوەی هەندێک باری ناهەمواری کوردستانی لە ئەندێشەی گشتیی جیهانی گەیاندبێت، ئەم دوا قۆناغەی بزووتنەوە چەکدارییەکەیانە، چونکە کۆششەکانی پێشوو (گەر توانای گەیشتنی بووبێت) تەنها لەسەر مێز وناو هۆڵە داخراوەکانی ڕژێمی فاشیست بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی (دیسان بەداخەوە دەڵێم) تراجیدیای جەنگ کەرەستەی پوختە و بەسوودە بۆ دەزگاکانا ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان کە لەم چەرخەدا بە یەک چرکە، وێنەی ڕووداو بە گشت لایەکی جیهاندا بڵاودەبێتەوە؛ واتە کە دەنگ دەگاتە ڕێکخراو و کەسانی مرۆڤدۆست جارجارە هەڵوێست و دەنگی بەرپەرچ دەکرێنەوە بۆ ڕژێمی تورکی. مەرج لێرەدا ئەوەیە بە تاکتیکی ڕامیاری و دیپلۆماسیی خۆیی ئەو چەشنە بزووتنەوەیە لە دەزگا نێونەتەوەیی‌یەکانی دەرەوەی وڵات ڕوون بکرێتەوە.

بێگومان لەنێو ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا ڕژێمی تورکی پەرلەمانیترینیانە وئەندامی پەرلەمان تێیدا پارێزراون. ئەوجا بۆ دوو ساڵ دەچێت یەک پۆل پەرلەمەنتاری کوردیان لە قوژبنی زیندان توند کردووە، یەکێک لەوانە لەیلا زانایە کە لەلایەن کۆڕ وکۆمەڵی ڕۆشنبیری ومرۆڤدۆستەوە لە ئەرمینیا و نەرویج بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی هەڵبژێدراوە. تەنها تاوانی ئەو پەرلەمانتارانە خواستی پێناسەی نەتەوەیی بوو بۆ نەتەوە چەوساوەکەیان لەچوارچێوەی تورکیادا.

ئەی خۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا بۆ پانزدە ساڵ دەچێت جەنگی ئەوتۆ قورس بەرانبەر بە ڕژێمی ئاخوندی ڕووی نەداوە، ئەوجا چەند هەزار خێزانی کورد ئاوارەی دوورەوڵات بوون. لەوێیش پیاوکوژانی ڕژێم لێ ناگەڕێن و کادیری پێشکەوتوو و کەسانی مافویستیان تێرۆر دەکەن. ئایا بەرپشتوێنی دۆکتۆر قاسملوو و دوو هاوەڵەکەی چەکی پێوە بوو کە ڕۆژی ١٣/٧/ ١٩٨٩ لە ڤییەننا لە چوونیدا بۆ وتوویژ لەگەڵ نوێنەری ڕژێمی ئێران، تێرۆر کران؟ یان دۆکتۆر شەرەفکەندی لە گەرمەی جەنگی ڕۆخ یان چەقدا کوژرا؟ یان لە ناوجەرگەی ئەڵمانیادا ڕۆژی ١٩٩٢/٩/١٧ بە دەستی چەپەڵی ئاخوندان لەگەڵ دوو هاوەڵیدا تێرۆر کران؟ ئەی تێرۆر کردنی خوشکە عیففەتی کچی پێشەوا قازی لە سوێد، فرەیدوونی کشاوەرز لە قوبرس، دۆکتۆر کازمی ڕەجەوی لەجنێڤ و عەلی کاشیفپوور لەتورکیا؟ و کێ وکێی تر.(٢)

دۆکتۆر دەڵێت: ئایا کورد بەر لە دوژمن دەستی بە شەڕ کردووە یان دوژمن خۆی دەستی پێ کردووە؟ دەبێت گومان چی بێت کە دوژمن نەبوو. ئەوەی لە یادمە، لاو بووم، لە کۆتاییی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا لە کەرکووک دەژیام، ئاگام لێ بوو چۆن پیاوکوژانی تورکمانە تۆرانییەکان، لە تۆڵەی کوژراوەکانی شەڕی ڕۆژی ١٤/٧/١٩٥٩یان لەگەڵ چەکدارەکانی" المقاومة الشعبية" و سەربازانی سەر بە پارتی کۆمۆنیستی عێراقی لە کەرکووک (کە بەسەر کورددا شکایەوە)، بە فیت و لەژێر چاودێریی دەزگای پۆلیسی ئاسایش (امن)دا بە ناوی کۆمونیستییەوە کوردە ڕۆشنبیرەکانیان دەکوشت.

بەیانییەکی هاوینی ساڵی ١٩٦١، سەعات شەش و نیوی بەیانی لە سەربانی ماڵەوە لە دەنگی تەقەی دەمانچە ڕاچڵەکیم، چونکە هەندە نەبوو کاکم لە ماڵ دەرچووبوو بۆ چوونە سەر کار. کاتێک گەیشتمە سەر شەقامەکەی گاورباخی ڕوانیم پاسکیلسوارێک کەوتووە و قاچی لە لاشەی پاسکیلەکەی خۆیەوە ئاڵاوە و کەفی سپیی لە دەم دەێت. باڵیم بەرز کردەوە، ڕوانیم گوللە سنگی کوناودەر کردووە و خوێن لە هەردوو بنباڵیەوە دەتکێت. پاش ئەوەی خەڵکی کۆبوونەوە، تەلەفۆن کرا بۆ پۆلیس، بەڵام تا سەعات حەوتونیو نە پۆلیسمان دی و نەئەمبولانس فریای کەوت، و گیانی سپارد. لەگەڵ کەسانی تردا شوێنی ڕووداوەکەمان بەجێ هێشت. هەتا چەند ڕۆژێکیش لەو باوەڕەدا بووم پۆلیس (منی یەکەم کەس گەیشتووە سەر ڕووداو) بۆ لێکۆڵینەوە بانگ بکەن






(ئەرێ کەی دێن؟!). ئەو زەبوونەم نەناسی، بەڵام پاشان دەرکەوت کە کرێکارێک بوو لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک و دەچوو بۆ سەر کار. ئەوە چەند مانگێک پاش کوشتنی حاجی حەمەلاوی میرناسری بوو، کە سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ لە ناوەڕاستی بازاڕە قەڵەباڵغەکەی بن قەڵای کەرکووکدا، پاسکیلسوارێک تەقەی لێ دەکات. هەر لەو ڕۆژانەدا بوو کە لەسەر شەقامی تەنیشت قوتابخانەی ئامادەیی‌ی کچان (نزیکەی دووسەد مەتر دوور لە"سریەی إنضباط فق٢"وە) پاسکیلسوارێک تەقەی لە پیاوێکی ئەرمەنی کرد و کوشتی. من لە نزیکەوە ئاگام لەو سێ کارەساتە بوو. زۆری تریش دەبیسترا، بەڵام نەمانبیست کەسیان لەسەر بگیرێت (لە دەزگاکانی پۆلیسدا بەناوی "القاتل مجهول" فایلیان بۆ دەکرایەوە). هەر وەک زۆر دوکانداری کوردیان دەخستە داوی ئەوتۆوە، گەر سزای مردن نەبوایە ئەوا چەند ساڵ لە کونجی زیندان قایم دەکرا. سیخوڕێکی ڕژێم بە بۆنەیەکەوە دەچووە ناو دوکان و لە هەلێکدا هەندێک تەقەمەنی یان چاپەمەنیی قەدەغەی هەڵدەدایە قوژبنێکەوە و پاش تاوێک تاقمێک بە ناوی پشکنینەوە خۆیان دەکرد بە ژووردا و کابرایان بە شتە قەدەغەکەوە دەگرت. ئەو هەڵوێستانە کوتوموت لە هەڵوێستی پیاوکوژەکانی "میللی هەرەکەت پارتیسی"ی ساڵانی ١٩٦٧ و بەملاوە دەچێت لە تورکیا؛ پتر لە دووسەد خویندکاری کورد و تورکیان کوشت و تاکە یەک تاوانبار نەدرا بە دادگا.(٣)

## ڕەخنەی نابەجێ

ئێستایش دەمەوێ وەک کوردێکی بێلایەن ولەناو گێژاوەکەدا ژیاو، هەندێک تێبینی لەسەر ئەوخاڵانەی کشاونەتە ناو باسەوە ڕوون بکەمەوە، چونکە لەوە دەچێت دۆکتۆر ئەو تێبینییانەی لە دەم کەسانی سەر بە ڕژێمەوە بیستبێت، یانیش لە کاتی ناکۆکیدا لە چاپەمەنیی لایەنەکانی نەیاردا خۆێندبێتیەوە.

پێشدەستییش دەکەم و دەڵێم، نە شۆڕشی ئەیلوول ئەڵماسی بێگەرد بوو، نە کاربەدەست و سەرکردەکانیشی فریشتە. بەڵام ئەوی من بیزانم، هۆی هەرەسی ئەو قۆناغە زۆر لەو خاڵی ڕەخنانە گرینگتربوون. ئەو هەرەسە وهەرەسی بزووتنەوە هاوچەرخەکانی بوونە قوربانیی مەرج وگرەوەکەی نێوان سۆڤیەت وئەمەریکا بۆ ڕاگرتنی تای تەرازووی نێونەتەوەیی لە نێوانیاندا. گەر مەبەستیش تانووت بێت لە کەموکوڕییەکانی ئەو قۆناغە، ئەوا لەچاو ئەوانەی کاربەدەست وسەرکردەی لایەنەکانی بزووتنەوەی کوردی کوردستانی باشووری پاش هەرەس (تەنانەت ئەو پارتییەیش کە هەر پاشەڕۆکی ئەوی پێشووە) بە حەوت ئاو شۆراونەتەوە.

دیسان دەڵێت: "لە کاتێکدا بارزانی دەستی کرد بە نەبەردی سەربازی دژی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم، مەکتەبی سیاسی (پدک) هێشتا لە بەغدا بوو، هەوڵی ئەوەی دەدا کە خەباتی سیاسی بەردەوام بێت ودەست نەدرێتە چەک".

پێم خۆشە دۆکتۆر جارێکی تر بە لێکۆڵینەوەکەی باری ڕامیاریی عیراقدا بچێتەوە و لەو خاڵە ورد ببێتەوە، کە بارزانی چەند پێش شەڕی بازیان لە بەغدا دەربازبوو (لە کاتێکدا، نە مەکتەبی سیاسی و نە بارزانیی سەرکردەیان هەتا ڕۆژی شەڕهەڵگیرسان لێی بێئاگابوون)، ئەوجا لە ئەندامە زیندووەکانی ئەو مەکتەبە سیاسییە بپرسێت، ئایا بە هەڵگیرسانی شەڕ لە بەغدادا بە ئاشکرا دەژیان یان لە بارەگای نهێنیدا کە لەو ڕۆژانەدا پێی گوتراوە وەکر (واتە حەشارگە). ئەوجا با ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە چۆن ئەوانە ئاگایان لە بزووتنەوەکە نەبوو.

لە کاتی خۆیدا لە عادیل عیززەتم بیست (هەتا ڕۆژی برینداربوونی لە ١٩٦٣، یەکەمین لێپرسراوی لقی دووی پێشمەرگە بوو، لە بنکەی جەباری و دۆستی زۆر نزیکی مام جەلال بوو). پاش ئەوەی لە ١٩٦١/٩/٦دا هێزی لە دەربەند بازیان سەنگەرگرتووی ئاغاکانی پشدەر و

دەوروبەری سلێمانی (هەباسی مەمەند ئاغا و حاجی برایمی چەرمەگا و هتد ...) لە دژی یاسای دابەشکردنی زەویوزار، لە وکاروانەی تیپی دووی لەشکر (فق٢)ی کەرکووکیان دا کە دەچوو بۆ شاری سلێمانی و زیانی گیانی وماددیی زۆریان لێ دا، سەرکردایەتیی (پدک) شکانی لەشکری ئاغاکانیان بە چاوترسێنی میللەت دەزانی، کە ببێت بە زیانێکی نەتەوەییی مەزن بۆ قۆناغی داهاتوویەکی نزیکیان کە هەڵگیرسانی شۆڕش بوو. مام جەلالیان بۆ پەشیمان کردنەوەی ئاغاکان ناردە ناوچەی جەنگ، پاش وتووێژی زۆر دەیویست تێیان بگەیێنێت کە کاتی بزووتنەوە نەهاتووە و دەبێت لە پێشدا میللەتی بۆ هوشیاربکرێتەوە و هتد...، ئەوان قایل نەبوون و لەسەر ئەوە سوور بوون کە بەو هێزە کەم وبێچەکەوە هێرش ببەنە سەر بارەگای فیرقەی ٢ی لەشکر، فڕۆکەخانەی جەنگی و کۆمپانیای نەوتی کەرکووک و شوێنە گرنگەکانی تر. ئەوە بوو بە گەڕانەوەی مام جەلال بۆ مەکتەبی سیاسی و ڕوونکردنەوەی باری شەڕکەرەکان. لەبەر هۆی سەرەوە، بە کاڵوکرچی و لە پێش کاتی خۆیدا بڕیاری هەڵگیرسانی شۆڕشیان دا و بروسکەیان بۆ سەرۆکی پارتی کرد لە بارزان. هەفتەیەک پاش جەنگی بازیان شەڕ لە قۆڵی بارزانەوە هەڵگیرسا.

ئەگەر مەکتەبی سیاسی، وەک دۆکتۆر دەڵێت، هەوڵی ئەوەی دەدا کە خەباتی سیاسی بەردەوام بێت و دەست نەدرێتە چەک، ئەی بۆچی کاتێک لە پارتی جودا بوونەوە و پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانیان پێکەوە نا، چەکی ڕژێمیان هەڵگرت و ویستیان هەڤاڵەکانی پێشوویان لە ناوچە شاخاوییەکان ڕاماڵن و خۆیان شوێنیان بگرنەوە؟ ئەگەر ئەوتۆ بووایە (ئەوانی ڕامیارزان) دەبوو بە هەڵوێستی ڕامیارانەی گونجاو بکەوتنایەتە خەبات، ئەوسا میللەت دوای بەهرە ودەستکەوتی بێخوێن دەکەوت کە هی ئەوان بێت و تاقمەکەی بارزانیش نابووت دەکران. بەڵام هەست و هەڵوێست بە پێچەوانەوە بوو، نیشانە و ئەنجامیشی ئەوە بوو پارتی شۆڕشگێڕ هەر پێنج ساڵی تەمەن بوو.

لەو باوەڕەدا نیم دۆکتۆر تراجیدیای سەرەتای ناکۆکی و دووبەرەکی بەڕاستی تێگەیشتبێت، ئەگەرنا بۆچوونی ئەوە نەدەبوو.

ڕۆژی ١٩٦٤/٤/١٠ بەیاننامەی بەرزانی، سەرۆکی "پدک" بە وەستانی شەڕ لەنێوان بزووتنەوە و لەشکری عیراقدا لە ئێستگەی ڕادیۆی بەغداوە دوابەدوای بەیاننامەکەی میریی عیراق کە خاڵی یەکەمی دەڵێت (إقرار الحقوق القومية لإخواننا الاكراد ضمن الشعب العراقى فى وحدة وطنية واحدة متاخية و تثبيت ذلك فى الدستور المؤقت). بەڵێ لە ڕووی دیسپلینی ڕێکخستنەوە ئەو جۆرە هەڵوێستە ناجۆرە، بەڵام پاشان ڕۆژگار نارێکیی ئەو دوو لایەنەی دەرخست کە هەر یەکە و کەوتبوونە داو و ژێر فشاری ئایدیۆلۆجی یان بارە دەرەکییەکەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. لەو ڕۆژەدا بارزانی بەبێ پرسی مەکتەبی سیاسی بڕیاری شەڕڕاگرتنی دا و ئەوان بە پێچەوانەوە دەیانویست درێژە بە جەنگ بدرێت، تا لە ١٩٦٤/٤/٤دا بێ ئاگاداریی سەرۆکی پارتی و ئامادە نەبوونی پێنج لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە ماوەت کۆنفرانس بەسترا و بڕیاری پەشیمانکردنەوەی بەرزانی لە ڕاگرتنی شەڕ دەرچوو،(٤) و لەوێوە دووبەرەکی دەستی پێ کرد. دوو هەفتە بوو لە بەندیخانە دەرچووبووم، کە بڵاوکراوەی مەکتەبی سیاسیم خوێندەوە، تێیدا بارزانیی سەرۆکی پارتییان تاوانبار کردبوو بەوەی بزووتنەوەکەیانی بە سێو و پرتەقاڵ فرۆشتووە و هتد....

یان لە باسی خەباتی دوورلە چەکدا دەڵێت: ... ئەگەرنا باشتر وا بوولە قۆناغی دوای هەرسهێنانی ١٩٧٥دا جارێکی دی دەست بەخەباتی چەکداری نەکرێتەوە. بەڵکوو ... .... خۆ بەشێکی زۆری ئەو سەرکردانەی پاش هەرەسی ١٩٧٥بزووتنەوەیان خستەوە گەڕ (ئەوانی پارتیی لێ بخەینە ئەولاوە) ئەندام بوون لە مەکتەبی سیاسیی ناوبراودا، یان ئەندامی پێشکەوتووی ئەو پارتییە بوون کە ئەوان پاش جودابوونەوەیان پێکیان هێنا. ئەی چۆنە پاش ئەوەندە





ساڵ تاقیکردنەوە لەو تیۆرییە چاکەیان هەڵگەڕانەوە؟

دەڵێت: هەوڵدان ...... بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی پارتی لە کاتی ئاشتیدا زۆر شێوەی هەبوو: ١ـ نەبوونی ویستێکی ڕاستەقینە بۆ قەبوولکردنی ئەندامانی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان (ئەندام و لایەنگرانی مەکتەبی سیاسیی کۆن)، چونکە ....... من هەرچەندە یەکێکم لە ناحەزانی "کای کۆن بە با کردن"، پێیشم خۆش نییە کەسێک تفەنگ بە تاریکییەوە بنێت و خوتەوبۆڵە بکات و تانووت لە لایەنێک بدات، برینی کۆن نوێ بکاتەوە، بە تایبەتی لە کاتێکدا پێنج شەش ساڵ بوو (کاتی نووسینی ئەو سەرنجنامەیە) کورد لەژێر سایەی بەرەی کوردستانیدا چاوەڕوانی برین سارێژکردن بوون.

ئەوانە تێبینیگەلێکن لە ڕاستیەوە دوور، چونکە ساڵ بەسەر بەیاننامەی ئاداری١٩٧٠دا تێنەپەڕیبوو، کە پارتی و سەرکردایەتییەکەی بڕیاری لێخۆشبوونیان دەرکرد بۆ گشت یەکێکی دژ، چ ڕێکخراوی سیاسی، یان تاکە کەس. پێم وایە ئەمە لە ڕۆژی خۆیدا خزمەتی قۆناغی کرد، چونکە لە مێشکی سەرکردایەتیی بەعسدا ئەوە هەبوو کە پارتی بە دەستکەوتەکەی بایی بێت و لەگەڵ نەیارەکانیاندا یەکدی قڕ بکەن و ئەوانیش گرەوی پێ ببەنەوە.

سەرکردایەتیی "پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان" بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتیی خۆیان و تێکەڵبوونەوە بە"پدک"یان دەرکرد. پاش ئەو هەڵوێستە لەخۆبووردووانەیە لیستەی ئەندامان درا بە پارتی (پێی دەگوترا قائیمەی ئیستیعاب). هەچ کەس بە پلە و سنووری کاری خۆی لە دەزگا و لیژنە و شانەکاندا شان بە شانی هەڤاڵانی تریان کەوتنەوە خەبات، ئەوانە نەبێ کە براکوژییەکەی ساڵانی پێشوو کارێکی ئەوتۆی تێ کردبوون، چاویان بەرایی نەدەدا بێنەوە ڕیز. هەندێکیان پیاوەتییان کرد، بێ ئاژاوە، لە چالاکی دوور کەوتنەوە. بەڵام تاقمێکی زۆر لەژێر هەمان ناوی "پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان" لە پارتیی کارتۆنیی سەر بە ڕژێمدا کۆبوونەوە...... . گومانی تێدا نییە کە خاوەنی

ئەوتۆ ڕەخنەیە کەسانێک بوون لە ڕۆژی خۆیدا بە سووکە چەقەنەیەک سووریان دەدا، یان گشت سوێنخواردنێکیان "بە سەری بارزانی" بوو. بەڵام پاش هەرەس، تاوانی پێفەرییەکەی خۆیشیان خستە ئەستۆی بارزانی.

وەک ئەندامی کارگێڕی ڕێکخراوێک، لەو ڕۆژەدا هەستم بە هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەندامانی دوولایەنی یەکگرتوودا نەکرد. زەقترین نموونەیش سپاردنی سەرپەرشتکاری گرنگترین و تاکە ڕێکخراوی پیشەییی نائاشکرا (ڕێکخراوی سەربازگەی سلێمانی) بوو بە مامۆستا جەمال تاهیر، کە بوو بە ئەندام لە لیژنەی ناوچەی سلێمانیی "پدک" (پاش ١٩٧٦یەکێک بوو لە ئەندامانی سەرکردایەتیی یەکێتی)، هەروەها هەڤاڵێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناسناوەکەی کاک ئازاد بوو (بەداخەوە ناوی خۆیم لەیاد نەماوە) هەڵبژێردرا بە ئەندامی کارگێڕ وکلیلەی ڕێکخستن بە ناوی گشت ئەندام و پاڵێوراو و لایەنگرانەوە خرایە بەردەستیان، لە کاتێکدا هیچ یەکێک لەوان نە سەرباز بوون و نە پەیوەندییان بەو پیشەیەوە هەبوو.

٢ـ ڕێگاگرتن لە هەموو ڕیفۆرمێک یان جێبەجێکردنی هەر یاسایەک لەکوردستاندا.

دەبێت کامانە بن ئەو ڕیفۆرمانەی شۆڕش لەو ماوەیەدا ڕێگەی لێ گرتبێ؟ قوتابخانە و نەخۆشخانەکانی لادێ کە ڕژێم لەبەر ڕێگەنەدان بە کاربەدەست و بەڕێوەبەری ئەوان (کادری بەعسی)، پارەی بۆ تەرخان نەدەکردن و شۆڕش بێهوودە مشتومڕی بوو لەسەریان؟ یان بەتالیۆنەکانی هێزە چەکدارییەکەی پێکهاتبوو لە پێشمەرگە و ڕەشوڕووتی لادێ و یەک لە دوای یەک بەو بۆنەیەوە کە شۆڕش قایل نەبوو ئەفسەری بەعسیی میری سەروکاریان بکەن (سەرکردەکانیان لەو پێشمەرگانە بوون کە پێشتر ئەفسەر و کاربەدەست بوون لە لەشکری عیراقدا) بڕیاری هەڵوەشانەوەیان دەردەچوو؟ یان جادە و ڕێگەوبانێ کە دەبوو (وزار إعمار الشمال)ی بێ بودجە بیانکاتەوە؟ یان چیی تر وچیی تر و ... . بە سەیری دەزانم کە ئەوتۆ تێبینییەک لە پێنووسی ڕۆشنبیرێکی کوردەوە

بتکێت. دەبوو دۆکتۆر ئاواز وقەوانی لایەنێکی نەیار لێ نەداتەوە، بەڵکوو بڕوانێتە چاک و خراپی بڵاوکراوەکانی گشت لایەک و بۆ لێکۆڵینەوە و سەرنجەکانی ڕاستییان لێ هەڵێنجێت، وەک بێلایەنێک لە نووسیندا هەستی یەکگرتن بنوێنێت، نەک تێبینیگەلێک بڵاوکاتەوە سەرچاوەکەی، بێگومان، پارتییە کارتۆنییەکانی سەر بە ڕژێمی نەتەوەکوژمان بێت.

ئەوەی لە ماوەیەکی کەمی پاش بەیاننامەی ئادار لە نووسینگە و دەزگاکانی سازکردنی زەویوزار (الاصلاح الزراعی)دا کاری کردبێت، دەتوانێت ڕاستیی ئەو بارە ڕوون بکاتەوە کە بەپێی توانا چی کراوە.

ساڵی١٩٧٣ لیژنەیەکی دابەشکردنی زەوی بە سەرۆکایەتیی "سالەی عەبۆل" لە سلێمانییەوە بە فەرمانی (لێپرسراوی لقی ٤ی پدک و پارێزگاری سلێمانی) عەلی عەبدوڵڵا، هات بۆ پێنجوێن و هاوشان لەگەڵ جێگری لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی پێنجوێن و لێپرسراوی بەتالیۆنی٧ و منیش لەگەڵ بووم، چووین بۆ دابەشکردنی زەوییەکانی سابیری ئەحەی مینە ڕەنان (ژنبرای سابیری کوڕی سەرۆک بارزانی) و بنەماڵەکەی لە گوندی گۆخڵان. ئەوەی پێویست بوو بەپێی یاسا ئەنجام دراوە. ئەم تێبینییەم پاش کۆڕەکە بەهۆی باسێکەوە گێڕایەوە، لە دۆکتۆر وەڵامی پێچەوانەم نەبیست.

٣ـ گرنگی نەدان بە بەیاننامەی ١١ی ئادار و خولْقاندنی کۆسپ و تەگەرە لە بەردەمی جێبەجێکردنیدا.

گەر دۆکتۆر بۆ خۆی ئاگای لەو کوسپ و تەگەرانە نییە، با لەو دۆکتۆر مەحمووده بپرسێت کە لە سەرنجنامەکەدا دەڵێت جێمس کینسەم بە گەشبینی دەزانێت. چەند مانگ بەسەر بەیاننامەکەدا تێپەڕ بووبوو کە لە ناوجەرگەی بەغدای پایتەختدا دەستڕێژی تەقە لە نۆێنەرانی شۆڕش کرا کە بۆ ڕاوێژ لەسەر جێبەجێکردنی بەیاننامەکە لەوێ بوون (یەکێک لە کوڕەکانی بەرزانیشیان لەگەڵ بوو). یان لە عەریف حەمید بەرواری بپرسن کە گوللەی ئەو تەقانە لە بڕبڕەی پشتی گیر بوو و شەلی کرد (ئێستا لە هەندەرانە و دەنگی دەگاتێ). ئایا ڕژێم کەسی لەسەر گرتن؟ ئەی وەزیری کشتوکاڵی عیراقی (نافز جەلال حەوێزی کە لە لایەن شۆڕشەوە دامەزرابوو) چۆن لە ڕێگەی گەڕانەوەدا بۆ بەغدا لۆرییەک لە ئاڵتوونکۆپری لێی دا و کوشتی، کێی لەسەر گیرا؟ ئەی پلانەکانی ساڵی ١٩٧٢بۆ لەناوبردنی سەرۆک بارزانی لە لایەن کێوە بوو؟ پلانی یەکەم بە تەقینەوەی مەلاکانی ڕژێم ناردبوونی بۆ ڕاوێژ و دووهەم بە دینامیتی ناو جانتا دیپلۆماسییەکەی (بە ناو) ڕۆژنامەنووسی سووریایی برایم گاباری (تا دوارۆژی هەرەسیش لەناو شۆڕشدا مایەوە) کە ماوەیەکی زۆر لە "سەربازگەی ڕەشید"ی بەغدا لەسەر چۆنێتیی تەقینەوە ڕاهێنرابوو. ئەی (نائیب عەریف) محەمەدی ڕەواندزی کە ئەندامێکی چالاکی پارتی بوو لە بەهاری ساڵی ١٩٧٢دا (مخابرات) لە ڕومادی کوشتیان و لەشەکەیان بە لەتوپەتکراوی بۆ کەسوکاری ناردەوە. بە پێویستی نازانم من بچمە ناو باسی بە عەرەب و بە بەعسیکردنەکەی ئەو ماوەیەوە کە لە ناوچە ستراتیجی و گرنگەکانی شەنگار بۆ خانەقی و مەندەلی دەکرا، و پێشنیازی ڕژێم بۆ کردنی چەمچەماڵ و کەلار بە پارێزگا لەجێی کەرکووک و خانەقی، چونکە گشت کوردێکی نەتەوەپەروەر ئاگاداریەتی. گشت ئەوانە و سەدەها، بەڵکە هەزارەها ناجۆریی ورد و درشت، هێشتا شۆڕش بوو کە نەیدەویست ببێتە هۆی لێڵبوونی ئاسۆی ڕێککەوتن و تەبایی. پێم وایە ئەوەیش کە بەسەر مندا هات یەکێک بوو لە ناجۆرییە بچووکەکان.

١٩٧٢/٦/٢٢ لەگەڵ پێنج هەڤاڵی ئەندام لە ڕێکخراوی سەربازگەی سلێمانیدا لە لقی چوارەوە ئاگادار کراین کە سووسەیان کردووە بەوەی لەسەر ڕاپۆرتی نهێنگەی سپا(مخابرات) فەرمان دەرچووە بۆ گواستنەوەمان بە دەستبەسەری بۆ گەنجینەی سپایی(مخازن العینة) لە ڕومادی. دیارە ئەگەر بچووینایە ئەوا بە دەردی محەمەد ڕەواندزییان دەبردین. سێ ڕۆژ لەناو سلێمانیدا خۆمان شاردەوە و پاش ئاشکرابوونی ڕاستیی هەواڵەکە هەڵهاتین و لە ناوچەی



شارباژێڕ کار و خەباتمان پێ سپێردرا. دوو حەفتە پاش ئەوە ڕۆژنامەی "الجمهوریة" بڵاوی کردەوە کە تاقمێک بەکرێگیراوی C.I.A هەڵهاتوون بۆ ناو هێزەکانی پدک و داوایان دەکردینەوە هتد... با بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان.

هەروەها دەڵێت: کەمکردنەوەی ڕۆڵی پارتی و بەهێزکردنی ڕۆڵی دەزگای پاراستن لەسەر حیسابی ئەو.

من خۆم کە لە ١٩٧٢وە هەتا هەرەس لێپرسراوی بەشێکی پاراستن بووم، شانازیم بە ئەندامەتیمەوە لە پارتیدا دەکرد، و ئێمە وەک گشت فەرمانبەری دەزگا ئاسایییەکانی تر فەرمانبەر و مووچەخۆر بووین لەو بەشەدا و کار و پیشەیشمان پاراستنی شۆڕش و جەماوەری سەر بەو بووە. ئەگەر ڕۆڵی دەزگای پاراستن لەسەر حیسابی پارتی بووایە چۆن ئەو فرمانەیان دەدا بەسەر کادیرە هەرە دڵسۆز و چالاکەکانی ئەو ڕێکخستنەدا، لە سەرووی هەموانیشەوە دۆکتۆر مەحموود عوسمان (ئەندامی کارای مەکتەبی سیاسی) کە بەڕێوەبەری بەشی پاراستنی ڕیزەکانی ڕێکخستن بوو؟ کەسمان دەسەڵاتی گرتن و سزادانی ئەندامانی پارتی یان پێشمەرگەمان نەدرابوویێ، چونکە ئەوە دەگەڕایەوە بۆ دەسەڵاتی لیژنە تایبەتەکانی پارتی یان لەشکر. ئەوەی لەسەر ئێمە بوو ڕاپۆرت نووسین بوو لەسەر کەسانی ناپاک و لە گشت بوارێکدا. ئەنجامی ئەوەیش دەگەیشتە لێکۆڵینەوە و دادگا تایبەتەکانی شۆڕش. ئەوەی مافی گرتنیمان پێ درابووبێت، تاوانبارانی مەودای سیخوڕی بووە. ئەگەر کەسانێکی لێپرسراویش لەو ڕیزەدا بە هەڵکەوت نارەوایییان کردبێت، ئەوا بەبێ لێکۆڵینەوە و سزا بۆیان نەچووەتە سەر. من لەو باوەڕەدا نیم دۆکتۆر ئەو ڕاستییە نەزانێت کە گشت بزوتنەوەیەکی دەسەڵاتدار لە ناوچەیەکی فراوانی ڕزگارکراودا بێ دەزگای پاراستن یان ئاسایش یان هەرچییەکی دیکەی ناو دەنێیت، هەبێت چونکە، لە کۆمەڵی چەند سەدهەزار کەسیدا بێگومان دڵسۆز و دژ، پاک و پیس هەڵدەکەون. جا ئەگەر ئەو کۆمەڵە پارتی بێت یان لەشکر یا هی دیکە....

نامەوێت پتر لەسەر ئەوباسە بڕۆم وخۆ لەوەڵامی هەندێک خاڵ دەگێڕمەوە چونکە پەیوەندییان بە هەڵوێست و بۆچوونی لایەنێکەوە هەیە کە ئەمڕۆ (بەداخەوە) لە کوردستانی باشووردا لە گێژاوی دووبەرەکیدا دەژی و من هیچ پێوەندییەکم پێوە نییە و نامەوێت ڕەنگی هیچ لایەک لەخۆم بدەم.

١٩٩٦/٦/٧سوێد

سەرچاوە

١- ژیرار شالیانگ: کورد و کوردستان؛ گەلێکی بێوڵات، بەشی کوردستانی تورکیا، کە کەندال نەزان نووسیویەتی. ئێستا خەریکم ئەم کتێبە دەکەمە کوردی.
٢- بەربانگ: ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکانی سوید، ژمارەکانی ٥٩ و٦٦ و٨٤ ـ٨٥.
٣- هەمان سەرچاوەی یەکەم.
٤- داڤید ئادامسۆن: الحرب الكردية و إنشقاق ١٩٦٤، جەرجیس فەتحوڵڵا کردوویەتی بە عەرەبی، ستۆکهۆڵم ١٩٩٠، لاپەڕەکانی ٤١ و ٣٥٠ ـ ٣٥١.

# مردنی دێوەرەیەک

## تراژیدیای مرۆڤی ئەم سەردەمە

دانا ڕەووف

### شانۆی پلازا Teater Plaza

پلازا یەکێکە لە گرۆ سەربەستە چالاکەکانی ستۆکهۆڵم و شانۆیەکی بچووکی ئەزموونگەرییە. لە ساڵی ١٩٩٢ەوە کۆمەڵێک هونەرمەندی بەتوانای گەنج گرۆیەکی شانۆییان بە نێوی (گرۆی ٩٨)ەوە تیا دامەزراندووە. لە ڕوانگەی ئەو تەمەنە کورتەی دروستبوونی ئەو گرۆیەوە، لە چەندین وەرزی شانۆییدا، کۆمەڵە پرۆژەیەکیان بە شێوازێکی بەرز و لە ئاستێکی سەرکەوتوودا پێشکەش کردووە. هەر لە سەرەتاوە ڕەوتی پرۆژەکانیان چەمکێکی پڕ لە بیر و شێوازێکی ئەزموونگەریی لە خۆ گرتووە. چەندە بیری نوێخواز و مرۆڤایەتی پانتایی پرۆژەکانیان دەگرێتەوە، هێندەش وەک شێوازی هونەری پەنا دەبەنە بەر ڕاڤەکردنی وێنەیی و دروستکردنی دارشتەیەکی ئەزموونگەری بۆ بەرجەستەکردنی هەموو بارە جیاوازەکان و دوورکەوتنەوە لە چارەسەرکردن و وەدووکەوتنی هەموو بۆچوونێکی ڕاستەوخۆ و ڕیالیزمئامێز.

ئەمڕۆ گرۆی ٩٨ وەک پانتایییەکی گرنگی ڕەوتی شانۆی سوێدی ئاماژەی بۆ دەکرێ و لەگەڵ هەر پرۆژەیەکی نوێیاندا گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لە ڕۆژنامەکاندا دەوروژێنێ. شانۆیی (سێ خوشک)ی ئەنتوان چیخۆف لە وەرزی ساڵی پاریاندا لە دارشتەیەکی زۆر ڕەنگین و پانتایییەکی هونەری بەرزدا، وەک ڕووداوێکی هونەری، پێشوازیی لێ کرا. ئەمساڵیش (مردنی دێوەرەیەک)ی ئارتور میللەریان پێشکەش کرد.

| | |
|---|---|
| شانۆیی: مردنی دێوەرەیەک | En handelsresandes död |
| نووسینی: ئارتور میللەر | Arthur Miller |
| وەرگێڕانی: سڤێن بارتێل | Sven Barthel |
| سینۆگرافی: سوێرن برونێس | Sören Brunes |
| ڕێژیسۆر: تۆشتن فلینک | Thorsten Flinck |
| گرۆی شانۆیی: شانۆی پلازا، گرۆی ٩٨ | Teater Plaza, Grupp 98 |

### ئارتور میللەر

ئارتور میللەر لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٥ لە نیوویۆرک لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٢٩دا باوکی کە بە کاروباری بازرگانییەوە خەریک بووە، زەرەر و زیانێکی زۆری کردووە. بێگومان ئەمەش کارێکی زۆری کردۆتە سەر ژیانی ئارتور میللەر.

میللەر لێرەوە ڕەوتی ژیانی بەتەواوی تێک دەچێ و ژیانی لە ڕووی ئابوورییەوە زۆر سەخت و دژوار دەبێ. هەر لەبەر ئەوە ناچار دەبێ چەندین پیشە و کاری



سەخت و جیاواز بکا. ئارتور لەگەڵ خۆبەخێوکردن و ژیانی کولەمەرگیدا توانیویەتی هەندێ پارە پاشەکەوت بکا بۆ ئەوەی بتوانێ لە یەکێک لە زانکۆکاندا بخوێنێ. ئەو خەونەشی دێتە دی و دەتوانێ بچێتە زانکۆی میشیگان Michigan، ١٩٣٤-١٩٣٨. هەر لەو زانکۆیەشەوە بۆ یەکەم جار دەستی کردووە بە نووسینی دراما.

سەرەتای ناوبانگی ئارتور میللەر وەک نووسەرێکی شانۆیی لە شانۆنامەی (هەموو کوڕەکانم)ی ساڵی ١٩٤٧ەوە دەست پێ دەکات. (هەموو کوڕەکانم) سەرەتایەکی گرنگی درامای ئارتور میللەرە و هەنگاوێکی فراوانیشە لە ڕەوتی شانۆی ئەمریکایی و جیهانیدا. هەر بەم شانۆگەرییەشی بۆ یەکەم جار خەڵاتی کۆمەڵەی ڕەخنەگرانی وەرگرتووە. دوای ئەوە لە ١٩٤٩دا شانۆنامەی (مردنی دێوەرەیەک)ی نووسیوە. ئەم شانۆنامەیەشی خەڵاتی پۆلیتزەر Pulitzer Price ی پێ بەخشراوە.

مردنی دێوەرەیەک ڕێژیسۆری بەناوبانگی ئەمریکایی ئێلیا کازان Elia Kazan بۆ یەکەم جار بۆ شانۆی دەرهێناوە. هەروەها ئارتور میللەر خۆی لە ١٩٨٣دا لە پەکین و ١٩٩٢ لە ستۆکهۆڵم مردنی دێوەرەیەکی دەرهێناوە.

ساڵی ١٩٥٥ شانۆی (دیمەنێکی سەرپرد)ی نووسیوە و ١٩٥٦ بۆ یەکەم جار لە لەندەن ڕێژیسۆری جیهانی پیتەر برۆک Peter Brook پێشکەشی کردووە. ئارتور میللەر جگە لە شانۆنامە چەندین ڕۆمانیشی نووسیوە. لەوانە ڕۆمانی De missanpassade ساڵی ١٩٦٠. دواجار ئەم ڕۆمانەی کراوەتە فیلم و شۆخە کیژی سینەمای ئەمریکایی مارلین مۆنرۆ ڕۆلی سەرەکیی تیادا بینیوە. مارلین مۆنرۆی شۆخ لە نێوان ١٩٥٦-١٩٦١دا هاوسەری ئارتور میللەر خۆی بووە.

### مردنی دێوەرەیەک

مردنی دیوەرەیەک ڕەنگدانەوەیەکی هونەری و قووڵی کۆمەڵگای ئەمریکایە. میللەر لەم ڕەووەوە وەک ڕەخنەگرێکی کۆمەڵگای چینایەتیی ئەمریکا ناسراوە.

بەڵام ئەو شێوازە بارێکی هونەریی ناڕاستەوخۆ لە خۆ دەگرێ و زیاتر بە ڕیالیزمی سایکۆلۆژی ناسراوە. لەم ڕووەشەوە کاریگەریی نووسەری ناسراوی سوێدی ستریندبێری و ئیپسنی نەرویجی و یۆژین ئۆنێلی ئەمریکایی‌ی پێوە دیارە.

لەم ڕووەوە و لەسەر ئەو ئاستە مردنی دێوەرەیەک بە یەکێک لە گرنگترین و ئاڵۆزترین بەرهەمە دراماییەکانی ئارتور میللەر دەژمێردرێ. ڕیالیزمی سایکۆلۆژی و شیکردنەوەی دەروونی و خستنەڕووی ناوەوەی مێشکی مرۆڤێکی تێکشکاو لە لایەک و، لە لایەکی دیکەشەوە ئاوێتەکردنی واقیع و جیهانی پڕ لە خەون و ئەندێشە، بەشێکی گرنگ لە هێڵە سەرەکییەکانی ئەم درامایە پێک دەهێنن.

ئارتور میللەر لە ساڵی ١٩٤٨دا دەستی کردووە بە نووسینی مردنی دێوەرەیەک. بە تەنیا شەو و ڕۆژێک بەشی یەکەمی شانۆنامەکەی نووسیوە. بەشی دووەمی شەش هەفتەی خایاندووە.

"ئێمە لەناو کۆمەڵگادا دەژیین، هەروەها کۆمەڵگاش لەناو ئێمەدا دەژی." لەم دەروازەیەوە میللەر لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز، ڕیالیزم و سیمبۆڵ، هەست و بیری تێکەڵ کردووە. ڕووداوەکان لەڕابردووەوە بۆ ئێستا و لەئێستاوە بۆ ڕابردوو ئاوێتە دەبن و بە چەند ئاراستەیەکی زەمەنیی چڕ ڕووداوەکان ئەنەخشێنن.

ویلی لۆمان، پاڵەوانی سەرەکیی شانۆییەکەیە. نموونەیەکی قوربانییەکانی کۆمەڵگایەکی پڕ لە چەوساندنەوە و بەکارهێنانی خەڵکی و شێواندنی ڕاستییەکانە. ویلی لۆمان، لەنێو ئەم گێژاوەدا هەست بە ڕاستیی باری ژیانی و سەرلێشێوان و ونبوونی خۆی دەکا. ئەم هەستکردنەش دەیخاتە بەردەم دووڕێیانێکی پڕ لە ژان و ژیانێکی تراژیدییەوە. لۆمان بە پاڵەوانێکی نوێی تراژیدیای ئەم سەردەمە ئاڵۆزە دادەنرێت. نموونەیەکی هاوچەرخی داستانە گریکییەکانە. ویلی لۆمان لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا، دوای ٣٥ ساڵ کارکردن لە یەکێک لە کۆمپانیاکاندا زۆر بە ساکاری دەردەکرێ. ئەم

دەرکردنەش کارێکی زۆری تێ دەکا و بەتەواوی هەست و نەستی دەوروژێنێ.

میللەر لە بونیادی ئەم هاوکێشەیەوە گەرەکیەتی وێنەیەکی چڕ و ڕوونی ڕژێمێک دیاری بکا کە لەسەر خوێنمژینی خەڵکی و چەوساندنەوەی هەژار و بێهێز و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بونیاد نراوە. بەرئەنجامیش ویلی دوای گەشتێکی دوورودرێژی ٣٥ساڵی کۆتایی‌ی بە ژیانی خۆی دەهێنێ. مردنی ویلی ئاماژەیە بۆ ئەو ژیانە پڕ لە تەنیایی و هەستکردنە بەهێزە بە نامۆیی‌ی ژیان و دابڕان لە کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی.

"ویلی لۆمان لە تەمەنی شەست ساڵیدا بە هۆی ڕووخان و بێمانایی‌ی ژیانی، تووشی سەرلێشێوان و پەشێوی دەبێ. ویلی بە هۆی خەونە درۆکانیەوە دەربارەی خێزان و پیشەکەی، دەستی بە ڕووی ڕاستییەوە ناوە. گەرچی خۆی فریوداوە، هێشتا هەر ئازایانە ڕوو دەکاتە مەرگ. ئەو گێژەن و سەرلێشێوانەی کە ویلی تێیدایە مۆرک و وێنەی پاڵەوانێتییە لە تراژیدیای ئەمڕۆدا." مردنی دێوەرەیەک ل٨، وەرگێڕانی ئازاد حەمەد شەریف.

## دیدی ڕێژیسۆر لە بەرجەستەکردنی مردنی دێوەرەیەکدا

سینۆگرافیا، زەوییەکە، دیوار و پەردەکان، کەلوپەل، لم، تۆپ، سەراپای شانۆکە ڕەنگی سپیی لە خۆ گرتبوو. سیمایەکی ترسناک یان دەروازەی یەکێک لە نەخۆشخانەکان، کۆشکی سپیی ئەمریکا. ڕێژیسۆر ڕەنگی سپیی کردبووە زەمینەی ڕاڤە و بەرجەستەکردنی دیدی خۆی. وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان بۆ کرد ڕووداوەکانی دەقە شانۆیی‌یەکە لەسەر دوو ئاستی جیاواز، ڕابردوو و ئێستا، لە پرۆسەیەکی چڕی پێکداچوودا خراوەتە ڕوو. ڕێژیسۆر لە سەرەتاوە هەوڵی ئەوەی دابوو ئەو بارە جیاوازانە بەرجەستە بکا. نەک هەر ئەوە بەڵکە ڕابردووی کردبووە دەروازەیەکی سیمبۆلی.

لەگەڵ هاتنەژوورەوەی بینەران کیژۆڵەیەکی منداڵ بە جلوبەرگێکی سپییەوە لەنێو لمێکی ڕەنگ سپیدا، هێدی هێدی، گەمەی سەر کەنارەکانی دەکرد. بە هەمان شێوە پەردەیەکی سپیی زۆر گەورە هەموو ڕووکاری شانۆکەی داپۆشیبوو. ئەو کیژۆڵە منداڵە وەک ڕابردوو، بە شێوازێکی جوان ویلی لۆمان ئەهێنێتە سەر شانۆی ڕووداوەکان. دوای ئەو سەرەتایە پێکەوە و هەر یەکە لە لایەکی شانۆکەوە پەردە گەورەکەیان لادا و شانۆکەیان بەتەواوەتی بۆ بینەران و ڕووداوەکان کردەوە.

لە لایەکی دیکەوە سینۆگرافیایەکی گەورە لە شێوەی چەندین ئاستی جیاواز لە دوو لاوە، لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەرز بووبووەوە و ئەکتەرەکانی تر وەک بینەر لەسەر ئەو ئاستە جیاوازانە و بەرامبەر بە بینەران دانیشتبوون.

لە نێوەندی بەردەمی پێشەوەی شانۆکەشدا بە هێڵێکی ڕەش بازنەیەک دروست کرابوو. نێوەند و چەقی ئەو بازنە ڕەشەش، بووبووە دارشتەی شانۆیەکی بچووک و تێکڕای ڕووداوەکانی ماڵی ویلی.

بیف و هەپی، هەردوو کوڕەکەی ویلی بەشێکی گرنگی ڕووداوەکانی ڕابردووی شانۆیی‌یەکە پێک دەهێنن. ڕێژیسۆر بە گەمەیەکی هونەری ئەو ڕابردووەی بەرجەستە کردبوو. بیف و هەپی، وەک دوو مێردمنداڵ، لە سینۆگرافیاکەوە هاتنە خوارەوە. چوونە ناو لمە سپییەکەوە. گەمەیان بە تۆپ و ئۆتۆمۆبیلی منداڵان دەکرد. دیالۆگەکانیان دووبارە دەکردەوە. بەرجەستەیەکی وردی بارە دەروونییەکانی خۆیان لە منداڵییەوە دەستنیشان دەکرد. لە لایەکی دیکەوە ویلی لە نێوەندی بازنەکەدا بووە بینەر و ئەیڕوانیە گەمەی کوڕەکانی. هەروەها ڕێژیسۆر هەموو پەیوەندییەکانی ویلیی بە کوڕەکانیەوە بە شێوەیەکی زۆر ناڕاستەوخۆ بەرجەستە کردبوو. ئەم ناڕاستەوخۆیی‌یەش پانتایی‌ی هەموو بەشی یەکەمی شانۆیی‌یەکەی گرتبووەوە. بەکارهێنانی ئەو کیژە منداڵەی لە سەرەتادا لەلای ڕێژیسۆر بووبووە سمبۆلێک و زۆرجار دووبارە دەبووەوە. دەهاتەوە سەر شانۆ. کۆتایی هێنان بە هەندێ لە ڕووداوەکان. لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بە ویلییەوە هەبوو.

ڕێژیسۆر سەرەتای بەشی دووەمی کردبووە جەنگەڵستانێکی ترسناک لە مێشک و دەروونی ویلیدا. ئەم بارەشی بە شێوازێکی پراکتیکیی وێنەئامێز بەرجەستە کردبوو. لەکاتێکدا ویلی دانیشتووە و ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە، تێکڕای کاراکتەرەکانی تر بە جلوبەرگی ئاهەنگئامێزەوە لە پشت چەندین دیواری شووشەوە لەسەر چۆک دانیشتبوون. دەموچاویان شێوازێکی پێکەنیناویی لە خۆ گرتبوو. بە دەنگێکی ناساز پێدەکەنین. مایۆرینێت ئاسا دەجووڵانەوە. سەمای مەرگیان دەکرد. یان پەیکەرئاسا جووڵەیان لە خۆیان دەبڕی.

ڕێژیسۆر وەک هاوکێشەیەکی هونەری و بەرجەستەکردنی زەمەنە جیاوازەکان کیژێکی لاویشی بە هەمان شێوە و جلوبەرگی سپییەوە بەکارهێنابوو. کیژە منداڵەکە لە نێوەندی بەردەمی شانۆکە، لە لمەکەدا یاریی دەکرد. لە قووڵایی‌ی چەپی شانۆکەش کیژە لاوەکە پشت لە بینەران دانیشتووە. ڕێژیسۆر لە دیدی تایبەتی خۆیەوە مەبەستی بووە دوو نەوەی جیاواز لە ڕوانگەی ژیان و ڕابردوو و ئێستای ویلی لۆمان و کوڕەکانیەوە دیار بکات.

ڕێژیسۆر لە ڕوانگەی داڕشتەی هێڵ و پانتایی‌ی دیمەن و بۆچوونەکانیەوە زیاتر زەمینەی خۆش دەکرد بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانی ویلی. لەو ڕوانگەیەوە سینۆگرافیاکە لە دوو ئاراستەی جیاوازەوە کرایەوە، بووە یەک بارستایی‌ی گەورە و دوو جەمسەری. ویلی لە لایەکیانەوە و یەکێک لە کوڕەکانی لە لایەکەی تریەوە وەک دوو نەوە بەرەنگاری یەکتر بوونەوە.

ڕێژیسۆر بە وێنەیەکی فکری کۆتایی‌ی بە ژیانی ویلی لۆمان هێنا. لۆمان زۆر بەتەنیایی هێدی هێدی جلەکانی داکەند. بە هەمان شێوە دەستێ جلی سپیی تری لە لمە سپییەکە دەرهێنا و لەبەری کرد. بێ جووڵە، بەرانبەر بە بینەران وەستا. کتوپڕ وەک بارێکی چاوەڕواننەکراو بە بارستایی، گۆڕێک نێوەندی بەردەمی شانۆکە گۆڕئاسا کرایەوە و جلوبەرگە کۆنەکانی کەوتنە خوارەوە بۆ نێو چاڵەکە.

لیندای خێزانی و کوڕەکانی لە دوو لاوە بە جلوبەرگی ڕەشەوە هاتنە ژوورەوە. چاکەتێکی سپییان لە لمەکە دەرهێنا و کردیانە بەر ویلی. کیژە لاوەکە لە سەرەوە هاتە خوارەوە. ویلیش بەرەو ڕووی ئەو سەرکەوت. دوو نەوەی جیاواز لە دووڕێیانێکدا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. ویلی لە سەرەوە بە بێدەنگی ژمارەیەکی دەرهێنا و کردی بە پەنجەی قاچیەوە و بۆ دواجار پاڵ کەوت. لە خواریشەوە کاراکتەرەکانی تر بە جلوبەرگی ڕەشەوە لە هەموو لایەکەوە هاتنە سەر شانۆ و چاودێریی دوامالئاوایی‌ی مەرگی ویلی لۆمانیان دەکرد.

بۆ نووسینی ئەم باسە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:


١- مردنی دێوەرەیەک، ئارثەر میللەر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، ئازاد حەمەد شەریف، بەغدا ١٩٨٤.

2- Teaterhistoria, Carl-Gustav Petterson, Theres Smids. Natur och Kultur, Stockholm, Andra upplagan, Orebro 1995.

٣- پرۆگرامی شانۆیی‌یەکە En handelsresandes död.

٤- پرۆگرامی دواشانۆیی‌ی میللەر Den siste yankeen, Dramaten 1996.


Dana Marouf

# بلند حەیدەری

١٩٢٦-١٩٩٦

شاعیری عیراقی بلند حەیدەری رۆژی ٦-٨-١٩٩٦ لە لەندەن کۆچی دوایی کرد.

بلند حەیدەری یەکێک بوو لەو چەند شاعیرە لاوەی کە لە چلەکاندا بزووتنەوەیەکی گەورەی نوێخوازییان لە شیعری عەرەبیدا بەرپا کرد و توانییان شیعری عەرەبی نوێ بکەنەوە و بگۆڕن. ئەو گۆڕینەوەی ئەوان بەسەر شیعری عەرەبییاندا هێنا، شێوە و ناوەرۆکیشی گرتەوە. دیارترین سیمای گۆڕینەکە ئەوە بوو کە سیستەمی (تەفعیلە)ی عەرووزی عەرەبییان تێکشکاند و لەباتی ئەو بنەما سەخت و گرانانەی عەرووز کە دەبوونە هۆی بەندکردنی ناوەڕۆک و ئازادیی شاعیریان بەربەست دەکرد، ئەمان شیعریان بە شێوەیەکی ئازاد نووسی و سیستەمی عەرووزەکەیان بە جۆرێک گەردان کرد کە نەبێتە ڕێگر لەبەردەم شاعیردا.

ئەو شاعیرانەی کە بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری عەرەبییان بەرپا کرد بێجگە لە بلند، بەدر شاکر سەییاب، عەبدولوەهاب بەیاتی و نازک ئەلەلائکە بوون.

بلند حەیدەری سالی ١٩٢٦ لە دایک بووە، لە بەغدا خوێندوویەتی و گەورە بووە. پاشان ماوەی سیانزدە سال لە لوبنان ژیاوە و لە ١٩٨٠ بەدواوە تا کۆچکردنەکەی لە لەندەن دەژیا.

بلندە بەڕێوەبەر و سەرنووسەری گەلێ گۆڤاری فەرهەنگی و زانستی و سیاسی بووە و لە بەشێکی زۆری گۆڤار و ڕۆژنامە عەرەبییەکاندا شیعر و وتاری بلاو دەکردەوە. بلند حەیدەری کۆمەلێ دیوانی شیعر و لێکۆلینەوەی وەک کتێب بلاو کردۆتەوە.

یەکەم دیوانی بلند (خفقة الطین) بوو کە سالی ١٩٤٦ بلاوی کردەوە و بەدوایدا، تا ١٩٩٦، دە دیوانی دیکەی چاپ کرد، هەروەها کۆمەلێ لێکۆلینەوەی ئەدەبیی لەبارەی شیعر و هونەرەوە بلاو کردەوە. دوادیوانی (دروب فی المنفی) بوو.

بلند حەیدەری کورد بوو، بەلام زمانی کوردیی باش نەدەزانی و هەر بە عەرەبی شیعری دەنووسی تا ئەو ڕادەیەی بوو بە یەکێک لە ڕێبەرانی شیعری ئەم سەردەمەی عەرەب. بلند پێوەندییەکی باشی لەگەل نووسەر و ڕووناکبیرانی کورددا هەبوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە لە لەندەن نیشتەجێ بوو.

یادی بلند هەر زیندووە.